# بەیان

ژمارە « ٥٢ » ئاداری ١٩٧٩

ـ ئەمرۆژی ســاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە



chalakmuhamad@gmail.com

# لەم ژمارەیەدا


● کورتەی ئۆدیسە . . . . . . . هێمن کردوویە بە کوردی ٣

لێکۆڵینەوە

● دەربارەی گیروگرفتی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا . . . عبداللە عباس ٧

رەخنە

● بۆ خویندنەوەیەکی دروستی . . . . . احمد سید علی بەرزنجی ٨
«وردو خاش بوون».
● وەرگێران لە نێوان دەستپاکیو بژرکانندا . . . محمد عبد الخالق ١٣
● دوو سەرنجی ئەدەبی . . . . . . ئومێد کاکەڕەش ١٥

بیروڕا

● چەند رایەك . . . . . . . موعتەسەم ساڵەیی ١٧

گفتوگۆ

● لۆركا لە خۆی ئەدوێ . . . . . . . شێرزاد عبدالرحمن ١٩

شیعری نوێ

● ئۆپەرێتی خۆشەویستی . . . . . . . سلام محمد ٢٠
● پاییزی ئیسپانیا . . . . . گوشاد حمە سەعید ٢١
● بەی . . . . . . . . ئەژی گۆران ٢٢
● سەرەتای ئەوینێکی سەوز. . . . . .جەباری حاجی کریم ٢٢
● هێرۆ . . . . . . عبدالكریم دەشتی ٢٣
● ئەمجارەش . . . . . . حسیب قەرەداغی ٢٤
● مارشی تەنیایی . . . . . . . جوهر کرمانج ٢٥
● نەزانم رۆژێ ئەبی بە گۆرانی خەمەکانم . . . . . .فوزیە عبداللە ٢٥
● مەرگ لە کۆشی یادگاریدا . . . . . .عبداللە قەرەداغی ٢٦
● ئەو شەوەی ئەستێرەی خەم لە جریوەجریو ناکەوێت. . . .مکرم رشید ٢٧
● تەزووێك . . . . . . . جەمزا علی امین ٢٨

چیرۆك

● گەڕان بەدوای . . . . . . . عبداللە سراج ٢٩
● مێخ . . . . . . محمد رشید فتاح ٣٢
● پرشنگ . . . . . . حمە کریم عارف ٣٤
● شەونخونی . . . . . . غفور صالح عبداللە ٣٥
● گەڕنکی زیرەك . . . . . . عبدالكریم شێخانی ٣٧
● پاسارییەکان . . . . . عبدالوهاب تاڵەبانی ٣٩
● شاعیر . . . . . نەژاد عزیز سورمی ٤٣

هونەر

● لیۆناردۆ دافینشی . . . . . . محمد عارف ٤٥
● زنجیرەی «گێلە پیاو»ی ئیستگەی کوردی . . . . . .فهمی کاکەیی ٤٦
● گۆرانیو هەڵپەرکێو مۆسیقا . . . عثمان شارباژێری ٤٩
● مەبەستی چەند نەریتێکی زەماوەند . . . . نیازی احمد عزیز ٥٣
● رەسەنایەتی مۆسیقاو گۆرانیی کوردیو مەقامەکانی . . . انور صالح ٥٤
● ساتێك لەگەڵ هونەرمەند محمد عباس بارام. . . . . احلام منصور ٥٨
● لاوکی گوڵاڵە ناڵەکە . . . . . احمد سالار عبدالواحد ٦٠
● چەند بەسەر بەردەیەك . . . . . . .کریم کابان ٦١

منداڵان

● مەتەڵۆچی منداڵانە . . . . . .صەبر عبدالرحمن ٦٢
● پەپولەو گوڵ . . . . . . نجاة رفیق حلمی ٦٢
● دوو چیرۆکی منداڵانە . . . . . .شلێر کریم ٦٣
● دوو چیرۆکی منداڵانە . . . . . . كمال کریم ٦٤
● دەرفەت بە منداڵەکەت بدە تا . . . یعقوب قصاب ٦٦
● ترسانی منداڵ . . . . . . . کاکل حسن ٦٧

دەروون

● فرۆیدو شیکردنەوەی دەروونی . . . . ..ئارام ٦٩

شوێنەوار

● کتێبەکەی مامۆستا جمال بابان . . . . كمال نوری معروف ٧٠
● ریپۆرتاجێکی تایبەتی . . . . . . محمود زامدار ٨٣



بەیان

گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی مانگی جارێك بڵاوی دەکاتەوە
ناونیشان: دار الثقافة والنشر الكردية - ساحة الخلاني - بغداد
تەلەفۆن: ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ هێڵ

سەرپەرشتکاری گشتی
صلاح مصطفی جەلالی
سکرتێری نووسین
صلاح احمد شوان

هۆمیرۆس — هێمن کردوویە بەکوردی

# کورتەی ئۆدیسە

**« شاری ئەستەمو شووورەداری ( تراودا ) پاش گەلێ قەلاداریو دەستەوەگەریو بەرگری وشەڕو خوێنڕێژیو قاتو قڕی بەدەس یۆنانیان دەگیرێو بەجارێکی خاپوورو تەخت دەکرێ . پاڵەوانانی گەمارۆدەر ، هێرش بەرانی کوڵنەدەرو دلێرانی نەبەزیو سەرخۆش لە بادەی ئازایەتی وزاڵبوون دەگەڕێنەوە بۆ نێو ماڵو منداڵو کەسو کارو خاوو خێزانی خۆیان . لەو نێوە دا تەنیا « ئۆلیس »ی سەربزێوی چاو نەترسی ئازای پاتشای دلێری « ئاتاک » لە ترسی هەرەشەی « نپتون » خودای دەریاکان هەڵوەدا دەبێ .**

**« پنلۆپ » ژنی جوانو چەلەنگو رۆڵە تاقانەکەی تلماک چاوەنۆڕنی بەلام چ سەرو سوراغی نیە . ساڵو مانگ تێپەڕین کەچی ئەو هەر بێ سەر و شوێنە . دژمنانی « ئۆلیس » و گیرۆدەکانی « پنلۆپ » دەرفەتیان هێناوەو مرخیان لەو نازدارە شۆخو شەنگە خۆش کردەوەو هەر یەکە خەریکن بەجۆرێک ئەم ژنە جوانە بەدەس بگرن . بەلام « پنلۆپ » ژیرانە هەرکامە بەجەشنێ تەفرەدەداو بۆ گەڕانەوەی شۆکەی رۆژ ئەژمێری دەکا . لەلایەکی دیکەوە بەیارمەتی « منیرڤا » خودای ئاقل کوڕەکەی وەدوای مێردەکەی خستوە » .**

گێژاوی توندو تیژو بێبەزەیی دەریا جارێکی دیکەش پەلاماری شێتانەی بردەسەر کەشتی سەرگەردانو بێ پەنای « ئولیس » و پێش ئەوەی کەشتیەوانەکان وەخۆ کەونو چارەیەك بدۆزنەوە . کەشتیەکەیان لە بەستێنی « ئۆژیژی » لە قوڕدەنیشێو لەبەر یەك دەچێ . ئەم دوڕگە بنکەی ژنە جادووگەرێکی زۆر جوان بوو کە ناوی « کالیسپو » بوو . هەر لەیەکەم نیگادا دلی چوە سەر « ئولیس »و ویستی دەستی دەگەل تێکەل بکاو دەگەلی بمێنێتەوە . بەلام سەرداری مەزن دلی لەجێگایەکی تر بووو ئاواتی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆشەویستو دیتنەوەی ژنە و فادارەکەیو رۆڵە تاقانەکەی وەك ئاگرێکی بەتین دەیتواندەوە . بۆیە رووی نەدایەو خۆی تێنەگەیاند جادووگەریش بەرق داچوو وسوێندی خوارد تادەمرێ لەم دوڕگەدا زینداانیو دەسبەسەری بکا .

**ئولیس ماوەی هەشت ساڵ لەم دوڕگەدا دەسبەسەر بوو رۆژانە لەکەنار دەریا لەسەر گاشەیەك دادەنیشت و فرمێسکیدەرشتو بەخەمناکی لە ئاسۆ رادەما .**

**پەریشانیو داماوی گەیبوە رادەیەك کە خودایان هەموویان بەزەییان پێدادەهات . بەلام « نپتون » خودای دلڕەق ورق ئەستووری دەریا بلێسەی قینیدا نەدەمرکا . ئاخر ئەو چۆن لە کەسێکی سەربزێوو یاخیو نەترس دەبوورا کە خۆی لە ئەو بەکەمترو نزم تر نەدەزانی .**

رۆژێك « منیرڤا » خودای ئاقلو ئاگادار بوو « نپتون » سەفەرێکی دوورو درێژی لەپێشدایەو وا زوو ناگەڕێتەوە بەهەلیزانیو « ئولیس »ی سواری تەختەیەك کردو ناردیەوە بۆ ولاتی خۆی . بەلام بۆ بەدبەختی « نپتون » ئەوەندەی پێنەچوو و گەڕایەوە کە ئەوەی بینی لە داخان چاوی چۆە پشتەسەر یەك بەخۆی نەڕاندیو فەرمانی بەگەواڵە هەورەکاندا پاڵویکبدەنو شۆرانە بەربدەنەوەو یارمەتی لە گژەبا و گێژ لووکە وەربگرنو بەم جۆرە فەرتەنەیەکی نایەوە کە بەچاو تروکانێك تەختەی « ئولیس »ی لێ قەوماوی وردو خاش کرد . «ئولیس»ی کوێندەبەر کەوتە نێو نێرینەی دەریای بێ ئەمانو وە پەلەقاژە کەوت بەلام لەو کاتەدا « ئینو » پەری دەریایی بەچاوی نەنگاوتو زگی پێسووتاو بزگوڕێکی لە روو پۆشەکەی خۆی دڕاندو گوتی : « لە نێو قەدی ببەستە دەتگەیەنمە وشکایی « ئولیس » کە لەسەرەمەرگ دا بوو بەقسەی کردو بووڕرایەو و ئاگای لەخۆینەما . کاتێ وەهوشهاتەوە خۆی لەبەستێنی دوڕگە هۆزی « فیناس » بینی .

**ئەمشەوە « نازیکا » کچی فەرمانڕەوای فیناس خودای خودایانی خۆیانی لەو خەوبینیو کە فەرمانی پێدا بەیانی زوو هەستێ جلیباوکو براکانی بەرێ لە دەریا بشوا. بەیانی دایکی چێشتیکی باشی بۆ دروستکردو گۆزەیەکی شـــەرابی کۆن و دەفریکی پڕ زەیتوونی دایەو خزمەتکاری دەگەڵ ناردن بۆ کەناری دەریا .**

کچەکان تازە لەسەر لێی کەناری دەریا دەستیان کـــرد بوو بەیاریو گەمەو گاڵتەو گەپ کە لە پەنا گابەردیك پیاوێکی شپرزەو بریندار ، بەڵام کەڵە پیاوو بەشانو باهۆو بەدارو بار وەدەرکەوت کچەکان هەموویان زیڕاندیانو رایانکردو خۆیان شاردەوە . بەڵام (نازیکا) بە پیریەوە چوو ماندوونەبوونی لێ کرد. « ئولیس » بە کورتی بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاوە ( نازیکا ) نانو شەرابو چێشتی بۆدانا تاتێرو پڕی خواردو ئـــاهێکی هاتەوە بەر پاشان دەستی گرتو بردی بۆکن باوکی « ئالینوس» فەرمانڕەوای پیرو دنیادیدە زۆر بەخێرهاتنی کردو گەلێکی حورمەتگرتو پێشوازیکی پیاوانەی لێ کردو بەوردی لەحاڵی پرسی .

**رۆژێك پاش حەسانەوە « ئولیس » لەلای فەرمانڕەوای زور هانو نیزیکانی دانیشتو سەرگورشتەی خۆی لە هەولەوە تادوایی بۆ گێڕانەوە و گوتی : « من ناوم « ئولیسە » و کوڕی « لائرتس » وپاتشای ئاتاکم . لە سەرانسەری یۆنان کـــەس نیە من نەناسێو ناوبانگی ئازایەتی منی نەبیستبێ . و لە هێزی باسکی من نەترسێ ناوبانگی نەترسی من لەهەردی دەرچووو گەیشتە ئاسمانانو بۆیەش خودایان لێم تووڕە بوونو رقیـــان لێهەلگرتم .**

کاتیك گەرماوی « تراوا » تەواو بوو من لەشکرەکەی خۆم گیڕاوەو رووم لەزێدەکەی خۆم کردەوە . بـــەڵام هەر لە یەکەم رۆژدا دەریا بەگژماندا هـــات . چوار شەوو رۆژ ئێمەی وەك زلەکایەك خستە بەر شەپۆلە بێ ئامانەکـــەی خۆی . رۆژی پێنجەم شەپۆلەکان هێور بوونەوە . خۆمـــان گەیاندە دوڕگەیەك کە ئیهۆزی « سیکون » بوو . لەپێشدا ئێمە هێرشمان بردە سەر ئەو هۆزە وەحشیـیـــە و تاڵانێکی باشمان وەگیر کەوت . بەڵام بەیانی کوڕە کوڕەی هۆزەکـــە لێمان وەخۆکەوتنو پێش ئەوەی خۆمان رزگار بکـــەین . کوشتاریکی زۆریان لێ کردین .

**کاتیك کەشتی مەزنی ئێمە کەوتەرێ هەوا ئارام بوو . هەتاوی بەتینو گەرم تیشکی زێڕینەو جوانی خۆی بەســـەر دەریای هێمنو شین دا بلاودەکردەوەو چاو لە دیتنی تێـــر نەدەبوو . بەڵام هێندە پێنەچوو هەوا تووش بوو ، باو توفان گێژەنیان نایەوە . پاش نۆرۆژ بەرەنگار بوون دەگەڵ مەرگ و خەباتی ئازایانە لە بەستێنی دوڕگەی « کنـــار خۆران » لەنگەرمان گرت . لەم دوڕگەدا هۆزی « کنار خۆران » دەژین.**

**بەشێکی ئێمە دابەزینو چوونە ئاوەدانی بەلکو نانو ئاوێك پەیدا بکەن . ئەوان لە وێنەرێ بە خواردنی میوەیەکی شیرین کەپێی دەڵێن « کنار » سەرخۆشو گێژبوون و لـــەبیرەخەو راچوونو هێزی ئەوەیان نەما لەجێگا خۆیـــان بیزوون . بەزۆرەملێ و پاڵە پەستۆ بردمانەوە نێو کەشتی . بەپەلە دوور کەوتینەوە نەوەکوو لەو میوە خەو هێنە بخۆینو هەتا هەتایە لەوێ دایکوتین .**

سەفەری ئێمە لە دەریای توفانی دا هـــەروا درێژەی هەبوو . تا گەیشتینە وڵاتی « سکلوپ » یا سەرزەمینی غوولانی یەکچاو لەوی لەنگەرمان گرتو دەگەڵ دوازدە هاورێ بۆ پەیدا کردنی تێشووی رێگا بە هەورازەکانی دوڕگە هەڵگەڕاین لەوێ تووشی ئەشکەوتێکی زۆر گەورە بووین کەبەریز مەشکەشیر ، پێستە پەنیر ، خیگە کەرەو هیزە رۆنی لێ‌داندرا بوون . لـــە خۆشیان شاگەشکە بووینو جێژنمان کردو چاوەنۆری خانـــە خوێی مەزن بووین تابگەڕێتەوەو ئازووخەیەکەی زۆری لێ بستێنین .

کە رۆژئاوابوو پیاوێکێ زەبەلاحو یەکجار دزێو کە تەنیا چاوێکی لە نێو چاوان بوو دەگەڵ رانیلکەمەڕ هاتنەوە ئەشکەوت. پەزەکان هەموویان لە خۆی قەڵەو بوون کە چاوی بە ئێمـــە کەوت . بە دەنگیکی وەك هەورە تریشقە ئێمەی لەرزانـــد پرسی : ئەی بێگانە کێن ؟ لە کوێەوە هاتوون ؟ لیرە چ‌دەکەن ؟ ئێمە هێمنانە جوابمان داوە :

ــ ئەی خانە خوێی مەزن ئێمە پۆلێك لەشەرکەرەکانی یۆنانین لە شەڕی « تراوآ » دەگەڕێینەوە چـــەند حـــەوتوە رێگامان لێ گۆڕاەو ئێستاش بەناوی ( زئوس ) پەنامان بۆتۆ هێناوە کە ئەمشەو پەنامان بدەیو بەیانی کەمێکمان ئازووخە پێ ببەخشیو بەرێمان بفەرمووی .

بەڵام وەڵامی بەرەقەوەی ئەو ئەمە بوو :

ــ چارەرەشینە ئێوە بەهەڵە چوون کە پێتان وایە ئێمـــە بەندەی زئوسین خوای ئێمە نپتونە . ئەو جار دەستی بردو بەردیکی یەکجار گەورەی بەدەرکی ئەشکەوتەکەوە نا پاشان دوو کەسی لە ئێمە هەڵبژاردنو بەهاسانی پچڕپچڕی کردن و لەپێش چاوی ئێمە بەئیشتیاوە خواردنیو پێ‌کەنیو گوتی : شێوی ئەمشەو ناخۆش نەبوو ، بەپێخور ئەوانی دیکەشتان دەخۆم. دوایە لەسەر لودەگایەك کە لە قوژبنێکی ئەشکەوتەکە هەڵدرا بۆوە لەسەر گارزای پشتێ راکشـــاو خـــرپ خەوی لێ کەوت لەپێشدا ئارەقەیەکی ساردم رێ‌نیشت . بەڵام دوایە غیرەتم بزووتو ئاگری تووڕەیی هەموو لەشی داگرتمو مووم لێ‌بوونە نەشتەر . بڕیارمدا شیرەکەم هەڵکێشمو بەهەموو هێزی خۆم لەسەر دڵی کوتم . بەڵام پاشان بیرم کردەوە ئەگەر ئەو بکوژم دەبێ هەتا هەتایە لـــەم ئەشـــکەوتەدا بنێژرێین بڕزێین . چونکە دەمزانی جگە لە ئەو کەس ناتوانێ ئەو بەردە لە زارکی ئەشکەوت بکاتەوە .

**بەیانی زوو هەستا ئاگری کردەوە . پەزەکانی دۆشین و دیسان دووکەسی ئێمەی برژاندن . دەم و لەوسی لستەوەو مەڕەکانی بردەلەوەڕو بەردەکە بەزاری ئەشکەوتەوە نا . ئەو ڕۆژی هەر ئەوندەمان پێ کرا شینی دۆستانمان بگێرین . پاش زۆر لێکدانەوە بیرێکم بەمێشکدا هات . لــە قوژبنێکی ئەشکەوتەکەدا چۆخمــایەکی زۆر گەورەی دار زەیتــون هەڵپەسێردرا بوو . دەگەڵ دۆستان بەزەحمەت نووکمــان تیژکردو لە ئاگرمان ناتاباش داگیرسا . شەوێ کــە غوولی یەکچاو هاتەوە چوومەلای و گۆزەیەکی شـــەرابی کۆنو توندم پێ مابوو بۆم برد و گوتم : « قوربان ئــەو دیاری یەت پێشکەش دەکەم بەو مەرجە بەرم بدەی » غوول وەریگرت و یەک بێن بەسەریەوەناو گوتی : « شەرابێکی زۆر باش بوو . ئێستا ئەی بێگانە ناوت چی یە ؟ تا من لە بیرم بمێنێ . » گوتم : « قوربان ناوم هیچکەسە هەموو دۆستان هــەر پێم دەڵێن هیچکەس .**

گوتی : « ئافەرین هیچکەس ! بــەڵێنت پێ دەدەم تاهەموویان نەخۆم ئەتۆ نەخۆم .

شەراب کاری خۆی کرد ، خاوی کردەوەو گێژبووو بــە پشتەوەداکەوت و لە غورابی خەوێ ڕاچوو . ئیتر خۆ گنخاندن پێویست نەبوو بەیارمەتی شەش کەس لە دۆستان چۆمــاخی زەیتوونمان لە ئاگردا سوورکردەوە و بەهەموو هێزی خۆمان لە تاقەچاوەکەمان ڕۆکرد . چاوی سووتاو یــەک بەخۆی نەڕاندی کێوو چیا دەنگی دایەوەو ئەشکەوت لەرزی . تاوێ پێ نەچوو ئەو غوولانەی لەم دەورو بەرەبوون پەیدابوون ئێمە هەموو خۆمان شاردەوەو چاوە نۆری چارەنووسی خۆمــان بووین . غوولەکان لێیان پرسی : « چبووە ؟ کێ وای لێ کردی . ئەو کەلەبەرئێش و ژان وەک ماری سەر ئاگرپێچی دەدا لــە وەلامدا دەیگوت : « هیچکەس » ، « هیچکەس » دۆستەکانی وا تێ گەیشتن ئەوە بەلایەکە ( نپتون ) بەسەری هێناو و کارێک لەدەس ئەوان نایەو ڕێگای خۆیان گرت و ڕۆیشتن .

غوولی بریندارو کولەوار زارکی ئەشکەوتی کــردەوە تامەڕەکانی بڕۆن و دەستی بەپشتی هەموویاندا دەکیشا تابزانی خۆمان لەســەر پشتیان قــایم نەکردوە تابمانگرێ و **تۆڵەمان لێ بکاتەوە** . بەلام ئێمە خۆمان بەبەرزگی بەرانەکاندا هەلاوەسی بوو رزگارمان بوو . مەرەکانیشمان وەپێش خۆداو خۆمان گەیاندەوە کەشتی . من گاڵتەم پێ کــردو گوتم من « ئودیسە »م پاتشای « ئاتاك » غوولی نیوەمردوو بەردێکــی هەڵکەند و پێ ی دادا ین چا بوو دوورتر لەناو کەوت دەنـــا لەوانە بوو کەشتیەکەمان نوقم بکا .

لەوێوە بەرەومال گەڕاینەوە بەلام سەفەرەکەمان چەند ڕۆژ لەبەر تۆفان وگێژنە وەدواکەوت . ڕۆژێک گەیشتینە دوڕگەیەکی پان و پۆڕ کە زانیمان بنکەی « ئایولوس » پاسەوانی بایەکانە . کە بەسەرهاتی سەیری خــۆمان بــۆ گێــڕاوە هەمبانەیەکی پڕ لەبای بە من ئەسپارد . گوتی : « بەهێزی خۆم باپێچەوانەکانم تێدا زیندانی کردوون تا تۆ بە ئاسوودەیی بگەڕێیتەوە مالی خۆت . بەلام بەهیچ بارێک نەکەی زاربێنــە زیرنەکەی بکەیتەوە . کە بایەکان بــەرەڵلا دەبــن و ڕەنگبێ باپۆرەکەت دەس بەجێ تیک بشکێنن .

**زۆرمان سوپاس کردو بە تێشووی زۆرەوە بەرەو «ئاتاك» کەوتینە ڕێگا ، بەلام دوو ڕۆژ لە سەفەری ئێمە نەگوزرا بوو کە هاوڕێ کانم بیریان کرد بۆوە کە ( ئایولوس ) بێ گومان گەنج و گەواهیراتی زۆری داوە بەمن و دەبێ بەشی وانیشی لێ بدەم . خۆیان پێ ڕانەگیرابوو و زاربێنەکەیان کرد بۆووە . لــەپــڕ هەواگۆڕابا هەڵیکرد و تۆفان پەیدا بۆوە . دیســــان کەشتیەکەمان کەوتە فرتەنەو هەڵتۆی مــەرگ بــەدەوری سەرمان دا گەڕا بەهەزار ( ناری عەلی ) تووشی دوڕگــەی ( سیرسە )ی جادووگەری بەدفڕ هاتین لەوێش گۆلــەزی وامان بەسەرهات لە گێڕانەوە نایە . هەر چونێک بوو لــەو مۆلەکەش ڕزگارمان بوو دوایی گەیشتینە دوڕگە « ترزیاس » شوانی مێرخاس زۆر بەروو خۆشی دەگەڵمان جووڵایەوە . بەلام هاوڕێیەکانم ئەوەندە تامەزرۆبوون چەند مەڕی ئەویان کوشتبوەو خوارد بوویان . « هیلوس » خودای هەتاو ئــەو ناسوپاسییەی پێ خۆش نەبووو گازندەی لە ( زئوس ) کرد بوو . خودای خودایان بەڵێنی دابوو تۆڵەیان لێ بکاتەوە . بۆیــە کاتێک ئەو دوڕگەمان بەجێ هیشت تۆفــان کەشتیەکەماتی تێک شکاندو جگە لەمن کەس دەرنەچوو .**

ماوەیەک لە نێو شەپۆلەکاندا پەلەقاژەم کرد تا گەیشتمە دوڕگەی ( ئۆژیژی ) ماوەی هەشت ساڵ لەوێ زیندانی بووم تابەتەختەیێک نەجاتم بووو ئێستە لێرەم .

کاتێک سەرگورشتەی « ئولیس » تەواو بوو هــەموو زگیان پێ سووتا . پاتشای « فیئاس » کەشتی بۆ ئامادەکردو پیاوی دەگەڵ خستن و ناردیەوە .

کەگەیشتە بەستێن خودای ئەقل خۆی گــەیاندی و ئاگاداری کرد کە دژمنانی ئەو ئێستا هەموویان لە کۆشکی ئەون و ئەگەر بەئاشکرایی بچێتەوە لەوانەیە سواری سەری بن و بەخێرایی بیکوژن . واچاکە جلکی هەژاران لە بەربکاو لــە پێشدا بچێتە کۆخی کۆنە دۆستەکەی « ئومائوس » «ئولیس» بەقسەی کردو لەوی لاوێکی جوانچاک و ورێک و پێکی دی وزانی « تلماکی » کۆڕیەتی باوک و کوڕ پاش نیزیکەی بیست ساڵ یەکتریان لە ئامێز گرت و ماچ کرد .

**شەوێ بەجلی شڕەوە چووە کۆشکی خۆی کە لە دەرکێ چوە ژوور سەگەپیرو نەخۆشەکەی ئارکوس کلکە سووتەی لەبەر کرد . سوالکەرێکی خوێری تێ گەیشت کە ئەو ڕێبوارە هەژارە جگە لە « ئولیس » کەسی دیکە نیە . دەس بەجێ**

**هەواڵەکەی بە « ئانیتنووس » یەکێک لە ئازایانو داخوازان ڕاگەیاند . ئەو ئەگەرچی بڕوای بەسواڵکەرەکە نەکردبوو ، هەستاو چوارپایەکی بەکەیفی خۆی لە تۆقی سەری ڕاکێشا. « ئولیس » تێك هەڵگلاو بەتوورەیی هەستاوەو خەریك بوو ئاتۆڵەی لێبکاتەوە . بەڵام خودای ئاقل تێی ڕاخوڕی . ناچار لە قوژبنێك خزاو « ئانیتوس » دڵنیابوو کە کابرا بەهەڵــە چووە .**

لە ژووری تالار هەرابوو « پنلوپ » کەوانە گەورەکەی « ئولیسی » بەدەستەوە بووو دەیگوت : « دواهەڵتانە ئەوەی توانی کەوانی مێردەکەم بکێشێو تیرێکی پێ باوێ دەس بەجێ شووی پێ دەکەم . ! »

هەموو بەو پێشنیارە دڵخۆش بوونو بە فیزەوە ئامادە بوون. بەڵام هەرچی تێ کۆشان هیچ کام نەیانتوانی کەوان بکێشن . تا لە دوایی دا « ئولیس » هــاتەپێش . هــەموو پێکەنــین کەپیریکێ هەژارو زورهان ، خەریکە خۆی لەگەل ژمارەیەك لاوی بەهێز تاقی بکاتەوە . بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوان کەوانی تا ئاخر کێشاو تیرێکی بەهێزی هاوێشت .

**ئەمجار جلەشەڕەکەی لەبەرخۆی دارنی و نەراندی : « ئەی خۆپەرستانو زۆرداران ئەوەی لە بەرامبەری ئێوە داوێستاوە . کەس نیە « ئولیس » نەبێ کە پاش گەلێ ساڵ دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیو دەبینێ دۆستانی لە دژی ئــەو هەستاون .! » تلماکیش بەبەرگی زێرکفتو ئەندامی ڕێکو پێك هاتو لەتەنیشت باوکی ڕاوەستا . « ئولیس »کەوانەکەی دیسان ڕاکێشاو تیرێکی لە ئەوکی « ئانیتوس »داو لە حاڵێکدا جامی زێڕینی بەدەستەوە بوو لە خوێن گەوزی .**

کە ئەو کوژرا ئەوانی دیکە وەخۆ هــاتنەوە . بەڵام هەرچی لە نێزەو شیرو مەتاڵی خۆیان گەڕان نەیاندۆزینەوە. چونکە « تلماکی » ژیرلێی شارد بوونەوە مێزیان شــکاندو کورسیان دەس دایەو ڕاماڵیان بۆ ئولیس برد بەڵام لە بەرامبەر هێزی باهۆو تیری گورچوو بری ئەو دا توانایان نەبوو هێندە بێ نەچوو هەموو لەخاکو خوێن داتلانەوە . پاڵەوانی مەزن ژنە خۆشەویستەکەی لەئامێز گرتەوەو پاش بیست ســاڵ ئاوارەیی بەختەوەری ڕووی تێ کردنەوە .

**خەستەخانەی یبنی روشد ـ بەغدا**

**هیمن**

**١٩٧٨-١٢-٤**

---

**پاتشای « ئاتاك » لە هەموو داستانەکەدا ناوی ئولیسە کەچی لێرە دەڵێ ( ئودیسەم ) ؟**

**※ بەشێکە لە باسێکی دوورو درێژ بە هەمان ناونیشــــان ، دەربــارەی ڕەخنــەو گیروگرفتەکانیو لەکۆڕێکی فراواندا لەلایەن نووسەرەوە لە بەڕێوەبەریتی ڕۆشنبیری جەمــاوەر لــە سلیمانی پێشکەش کراو لە هەڵێکی تردا بەشەکانی تری بڵاودەکرێتەوە .**

**ـ ١ ـ**

## ● ڕەخنە .. چۆنو بۆچی ؟

ڕەخنە ، تەنیا خولقاندنی رووت نیە ، ڕێو شــوێنی ئامادەکراوی هەبێ ، دیسان ، هونەری تەنیاکاری داهێنانــی خۆویستیو داخراونیە لە سنووری زاتیدا دروســت بێ ، ڕەخنەش هونەرە ، وەك هەموو هونەرێکی تر ، ڕاستەو خۆ ناتوانرێ فێربێو ببیتە ڕەخنەگرو بۆی بێتە مەیدانــەوە ، ڕەخنە ، شێوەیەکە لە شێوەکانی داهێنان ، لە خۆیەوە نایەت ، لەخۆیشیەوە دروست ناکرێ ، خۆ ئەگەر ، بەهوی هــەندێ پێویستی مەنهەجیەوە ، لایەنەکانی تری داهێنانی هونەری لە هونەری ڕەخنە جیابکرێتەوە ، ئەوساش ئەرکی ڕەخنەگر گرانتر دەبێ ، وەك مۆسیقارێك چۆن پێویستە بەرلــەوەی دەستبداتە هەرکارێکی هونەرەکەی ، دەبێ مەشق لەســەر « سلم »ی موسیقا بکاو ، ئینجا شارەزایی لە لێدانی چەنــد ئالەتێکدا هەبێو هەروەها خوێندنی مێژووی ئەو هونەرەی پێویستەو ـ هەتا فیزیاش ـ بۆ ئەوەی زیاتر لەلایــــەنی بەکارهێنانی دەنگەکان بگا ـ و پێویستی بە هەندێ شارەزایی لە لاشیعرو شانۆو لایەنەکانی تری هونەردا هەیە ، ئەوســا بەهوەی خۆی زاڵ دەبێ بەسەر داهێنانی مۆســــیقیدا ، ڕەخنەگریش هەر بەو جۆرە ، شارەزاییەکی چاکی دەوێ لــە رووی زمانو ئەدەبو مێژوو فەلســەفەو مەنطقو ئوســـلوبی لێکولینەوەو زانستەکانی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیدا ، ئەوسا ، چالاکانە دەتوانێ ، دەست بداتە ڕەخنە ، ئەم شارەزاییانــە دەچنە پاڵ شارەزایی لە توێرو بەرنامەی ڕەخنەو پاڵتوانــاو بەهوەی داهێنەرانەی هونەری وا کە بتوانێ چێژ لە هونەری جوان وەربگرێ ، ڕەخنەیەکی ساغ لە مەیدانی ئەدەبیدا دێتــە کایەوەو ئەو ڕەخنەیەش ئەستور دەبێ بەباوەڕی شارەزایانەی وا کە شایانی پەرەپێدانو پەلهاوێشتن دەبێ !

# چەند بیروڕایەك دەربارەی گیروگرفتی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا

عبدالله عباس

● **پیاچوونەوەیەك لەلای ئێمە :**

**ـ ٢ ـ**

ئەو باس‌و نووسراوانەی ، ئەمڕۆ لە چاپکراوە کوردیەکاندا یان لە کۆڕو کۆمەڵە ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌یەکاندا ، بەناوی رەخنەی ئەدەبیەوە بڵاودەبنەوە ، بێ هێزن ، بێ هێزن بەرادەی ئەوەی زۆر کەم نووسراوێك دەبینین لە سەدا دەی پێداویستەکانی رەخنەی ئەدەبی راستەقینەیان پێوەبێ ، بێ هێزن ، چونکە تەنیا بە لایەنێکدا دەنووسین‌و لایەنەکانی تریشت گوێ‌دەخەین ، لەدواییدا ، بێ هێزن چونکە بونەتە دیاردەی بەگژدا چونێك تا رادەی بەگژدا چونێك تارادەی تێکەڵ بوونی « قین »ی تایبەتی « س » لە « ص » پەتایە ، پەتاکە گەیشتۆتە ئەوەی داهێنەرەکان ، خۆیان بگرێتەوەو تا رادەی ئەوەی کاری کردۆتە سەر بەهرەی داهێنەرانەیان‌و « شاعیر » « شاعیر » دەخواو چیرۆك نووس ئەوی تر لەبرژێنێ‌و جەنگی « مەغلوبەیە ! »

**هەرگیز لە رەوشتی رەخنەی هوشیارانەدا نیە بەچەند رستەیەك بەرهەمی داهێنان‌یان چەند بەرهەمێك کە لە ناوەخنیا هیلاکی هونەرمەندانەو تەقەللای فیکری ئینسانێکی خاوەن بەهرەی کەم یان زۆر هەڵگرتوە ، وا هەڵوەشێننەوە ، ئەوە بۆ مێژووی پاشە رۆژ نەهێڵێتەوە ، بەویژدانانە لە واقعی ئەدەبی راستەقینە بدوێ !**

**دیسان ، لە رەوشتی رەخنەی هوشیارانەدا نەبوە ، دەریایەك وشەی رەق‌و توند ریز بکرێ ، هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە لەبەرێ‌یان قەیناکا لە کەلەبەرێ زیاتریش لە کارێکی ئەدەبیدا دۆزراوەتەوە ، چونکە ئەمەیان خۆ مت‌کردنێکی چەقاوەسووانەیە بۆ کەلەبەر دۆزینەوە نەك هەڵسەنگاندنی هوشیارانە .**

**رەخنەی هوشیاریش ، هەرگیز رێگا بەخۆی نادات لەسەر تەپۆلکەیەکی نەرم‌و سل‌رابوەستێ‌و لەوێوە سەیری بنەوە بکا ، تابزانێ ئەدیبێکی هونەرمەند چۆن لە قوڵای ئینسانیەتیەوە دەنووسێ ، چونکە ئەگەر وای‌کرد ، هەر رووکەشی کارە هونەری‌یەکە دەبینێ ، بەبێ گوێ‌دان بەوەی ـ بۆ ئەو وشانە بەرهەمەکە هونەری‌یەکەی دروست کردوەو وشەی تر دروستی نەکردوە ؟ ! یان‌ناچێتە ناو قوڵایی سلوکی ویژدانیەوە تا بزانێ بۆ بەو شێوەیە بەرهەم‌هاتوەو بەشێوەیەکی تر بەرهەم نەهاتوە ؟ !**

هەر نابینین ، یان بە دەگمەن ، نووسراوی رەخنەگرێ دەخوێنینەوە ، بە مەوزوعی ، بەرهەمێکی ئەدەبی شی‌کردبێتەوە ، رەخنەگر لەلای ئێمە تا ئیستا باوەڕ ناکا ، ناگونجێ‌و رووی نەداوە بە ئامۆژگاری ، شاعیرو چیرۆك نووس دروست‌بێ‌و ناگونجێ‌و رووی‌نەداوە بە ئامۆژگاری‌و وەعزو فتوا داهێنانی هونەری‌و ئەدەبی پێ‌بگەیەنرێ ، لێ‌ناگەڕێن بەهرەکان خۆیان پێ بگەن وشی‌کردنەوەی بەرهەمەکانیان بەو رێ‌رەوە هوشیاریەدا بڕوا ، ئەنجام بەسوودی بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەری بشکێتەوە ،

**تاقی‌کردنەوەی رەخنەگرتنی هوشیارانەی ئەو گەلانەی لەم لایەنەوە ، پێشمان کەوتوون ، دەمێکە ئەو راستیەی ساغ‌کردۆتەوە ، پشت بەستن بە باوەڕی کراوەی ، هونەرمەندانە ، زیاتر ماوە دەدا ، بە رەخنەگر سەربەست هەڵسوڕێ ، سەربەست هەڵسوڕێ بە هەردوو لایەنی لێك‌دانەوەو دیاری‌کردنی سەلبی‌و ئیجابیدا ، بێگومان ، جیاوازیش زۆرە لە نێوان باوەڕو بۆ چونێکدا کە بۆ چەسپاندن بەکاربێ ، رەگ دابکوتێ‌و پێ‌بگاتو یەکێکی‌تر ، بۆ سەپاندن‌و گوناهبارکردن بێ ، جیاوازی زۆرە لە نێوان رەخنەی رێ روون‌کەرەوەو رەخنەی بەربەرج دانەوەو بەگژداچون ، جۆری یەکەم ، لای ئێمە نیەو جۆری دووەم ـ ئەگەر ناوی رەخنەی لێ بنرێ ـ لەلای ئێمە بۆتە بنەڕەت !**

# بۆ خوێندنەوەیەکی دروستی "وردو خاش بوون"

احمد سید علی بەرزنجی

**هەمو کارێك ، بە تایبەتی هونەری ، رەخنەی بنیاتنەرو دلسۆزانە یەکە هۆی گەشەکردنو بەرەوپێشەوە چوونێتی ، ئەمە کوتو مت وەك ئەوەی بلێین ( لە پشت هەر پیاوێکــی مەزنەوە ژنێك هەیە ) .**

**رەخنە ، گەر لەجێی خۆیدا بو و دورکـەوتەوە لــە** هەمو هەڵچونو کینەو مەبەستێکی تایبەتیو لە هەمو لانــەدا . . . ئەوا هەمو نوسەرێك ئەو رەخنەیە بۆی دەبێتە چراوگێكو **پەناو قوژبنە تاریکەکانی رێگای پێ روون دەکاتــەوە ، ئــەو** بەنایانەی کە هێشتا پەیی پێ نەبردوونو شارەزایان نەبووە .

کەواتە نوسـەر ، هەرچەندە پلەی تێگەیشتنو خوێندنی بەرزبێ ، ئەوەندەی سوود لە رەخنەیەکی بەبڕشت وەردەگرێ وا بزانم بە سالێ خوێندنەوە نایگاتێ .

بەلام گەر بە پێچەوانەی ئــەمەوە ، دوور بــوو لــە مەوزوعیەتو بە بەرەلاییانە قەلەمەکە تیایدا بجولێ ، ئــەوا دەبێتە هۆی چەواشـەکردنو بەهەلەدابردنی نوسـەرو لەوانەیە ساردکردنەوەشی ، وەیا دروستکردنی جەنگی مەغلوبەیەکیوا کە لە گێژاوەکەیدا مەسـەلەی ئەدەبو بەرەو پێشـەوە چوونیو خزمەتەکەی لە بیر بچێتەوە ، ئەمەشیان لە کاتێکدا کە نوسـەر ئاگای لەخۆی نەبێو جلەوی بیرو هۆشی ئەمەندە بەئاستەم گرتبێ کە رەخنەلۆکێك لــە دەســتی بەربــداو ئیتر دوای کۆلارەیەك بکەوێ کە پەتەکەی پچڕاوە .

**لەم رایانەمەوە دەمەوێ هەندێ دەمەتەقێی هێمنانــەو دور لە هەڵچوونو کەفو کولی پیش خواردنەوە لەگەڵ کاك ( عبدالکریم حمید ) نوسەری ئەو نوسینەدا بکەم کــە لــە ( بەیان )ی ژمارە ( ٥١ )دا بەناوی ( لە پێناوی بەرگری کردن لە ئافرەت )دا نوسرابوو ، گوایە رەخنە بوو لە چیرۆکێکــم بەناوی ( وردو خاش بوون )ەوە کە ئەمیشیان لە ژمارە (٤٨)ی بەیاندا بلاوکرابۆوە .**

بە راستی زۆرم حەزکرد کە خوێنەوارێك ئاوا خــۆی بەیەکێ لە بەرهەمەکانمەوە خەریك بکاو دواجاریش بیــەوێ شتێکی دەربارە بنووسێ .

تائێرە کارەکەی جێگای رەزامەندیمە ، بەلام بەداخەوە هەر لە یەکەم دێرەوە نیشانەی هەڵچوونو داخو رقێکی زۆرم تیا بەدی کرد ، بەجۆرێ کە تەواوم کرد بۆم دەرکەوت خەتێکی راستو چەپی پیاهێناوم

داخم ناچێ لەوەی کە ئەو هــەموو توندو تیژیــە خۆڕاییەی گەلێ لە نرخو پایەی رەخنەکەی کەم کردەوە . ئەمەش تێڕوانینێکی مەوزوعییە بــۆ هــەموو رەخنــەو رەخنەکارییەکی لەم بابەتە .

لەگەڵ ئەمەشدا من هەر لە دووتوێی نوسینەکــەوە بەشیخۆم سوودم لێوەرگرت . . هەر بۆ نمونەش :

- ❋ **لێیەوە فێربووم کە ئەگەر رۆژێ لەرۆژان خۆم بەبەرهەمی برایەکی نوسەرەوە خەریك کرد بەچاکیو وردی تێی رامێنم تا بە ئاوەژوو لە ئەسلی مەسەلەکە نەگەم .**
- ❋ **هەتا بتوانم خۆم لە رقو کینەو پیش خواردنەوە بەرامبەر کەسانیتر دورخەمەوە ، وەك چۆن ئەمەوێ بەرهەمەکانم سەرکەوتوبن ئاواش بۆ بەرهەمی کەسانیتر ، هەرگیز چالێ هەڵ نەکەنم بۆ کەس نەك خۆمی تێبکەوم (بەتایبەتی بۆکەسانێ کە نەدیبێتمو نە بیناسم ) .**
- ❋ **رێبازە راستەقینەکانی رەخنەی زانســتیو بنیاتنــەر رەچاوکەم ، تا بتوانم رێنمایینوسەر بکەم بۆ بەرهەمێکی باشتر نەك هەوڵی روخاندنی بدەم .**
- ❋ **گوێ نەدەمە هەرچی نوسینێکی رقاویو نامافوڵــە ( کە گوایە رەخنەم لێدەگیرێ ) ، ئەوەندەی تۆزێــك نەهێلم کاربکاتە سەر بەردەوامیم لەســەر ئەو**

**ڕێبازەی بۆ خۆمم دەستنیشان کردوەو دەمەوێ بیکەمــــە هۆیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی پیرۆزو مەزنە لــــەلام ... ئامانجی خێرو سەرفرازی کۆمەڵەکەمی تیادا بەدی دەکەم .**

دوای ئەمە بابێمە سەر ڕونکردنەوەی چەند لایەنێکـــی ئەو نوسینە ، تا بزانین کە پێداگرتن‌و هەڵچوون بەبێ هـۆ تا چ ڕادەیە ڕاستی لێون کردووە .

لەسەرەتاو کۆتاییدا وای دەردەخات کـــە ئەم بـاس لەناوەڕۆك دەكاو شێوەكەی دەخاتە لاوە ، كەچی هـــەردوای ئەمە دێتە وێزەی شێوەکەی‌و هەر ( هیچ نی‌یە ) بەلایـــەوەو تەنها وشە ریزکردنە !

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کارێکی زۆر هەڵەیە ( چونکـــە شێوە هەرگیز لە ناوەڕۆك جیا ناکرێتەوەو دوو هێلی تەریبین بەلای یەکداو شان بەشانی یەك دەڕۆن ) دەبوایە هـــەر باسی لێوە نەکردایەو بواری بدایە تا شارەزاترێ لەو لێی دەدوا .

لە کۆتاییشدا باس لە ( هەڵەی ڕێزمانی ! ) دەکا کـــە ئەمەش پاشگەزبوونەوەیە لە بڕیارەکەی خۆی ، من دەپرســم ئایا زمان‌و تەکنیك دوو بەشی هەرە سەرەکی فۆرم نین ؟

باسی شەپۆلی هۆش ( تیار الوعی ) دەکا ، کە ئەم بــە ( تداعی ) ناو دەباو ( فلاش باك )ی ناوبردووە کە من گومان دەکەم ئەگەر شتێ شارەزایی دەربارەی ئەم زاراوانە هەبێ ، دووپرسیار لێرەدا دێتە پێشەوە :(١) ئایا چۆن گەیشتە ئـەو ئەنجامەی کە من (شەپۆلی‌هۆش ــ تداعی ــ و ــ فلاش باك ــ)م بەکار هێناوە ؟ ، خۆ بەڕای ئەو نەمتـــوانیوە شتێ‌بەشـتێ بکـــەم !

**هەروەها ئەی ( زمان‌و دەسەلاتی نوسین )م چ بەشێکن لە چیرۆکەکەدا ؟**

**گەر مەبەستم نەپێکابێ ئەم برایە بۆ وا گری گرتووە ؟**

لەلای سەیرە کە کچێکی قوتابی زانکۆ بە هەڵەدا بچێ و دابخزێتە ناو زەلکاوی تاوانەوە ( کە من لە چیرۆکەکەدا ئەمەم مەبەست نەبووە ) ، بەلام نازانێ پلەو ئاســـتی خـــوێندن‌و ڕۆشنبیری هەرگیز پێوانە نی‌یە بۆ هەڵە کردن‌و لادان ، خۆ بەمە بووایە دەبوو لە وڵاتانی پێشـــکەوتودا کـــە ڕاژەی نەخوێندەوار تیایدا سفرە هیچ کێشەیەکی ئەخلاقی‌و تاوانی‌تر نەبووایە چونکە هەموان ( بە ئافرەتیشەوە ) لەوێ خوێندەوارو تێ‌گەیشتوون .

لەلای من ئەمە بیرێکی هەڵەیەو نەدەبوو وا لێکی بداتەوە چونکە بەستنەوەی پلەی زانیاری بە ئەخلاقەوە هیــچ کات هاوکێشەیەکی بەرامبەری سەرکەوتوو ڕاستمان ناداتێ‌و نابێ لە بیرمان بچێ کە پلەیەکی زانیاری بەرز مـــەرج نی‌یـــە خاوەنەکەی بگەیەنێ بە پلەیەکی ئەخلاقی بەرز ، هـــەروا پێچەوانەکەشی ڕاستە .

سیفاتە ئەخلاقیێکانی ئینسان هەمیشە لە ســروشتی پەروەردە کردن‌و خوو نەریت‌و ئەو بارە ئابوری‌و کۆمەڵایەتـــی ... هند پەیدا دەبن کە ئەو کەسەی تیادا پێ‌دەگات ، جا ئیتر با تاوانبار قوتابی زانکۆ نەبێ لە پلەی خوێندنی بالآدابێ .

من کە ئەو کچەم کردۆتە پاڵەوانی چیرۆکەکەم مـــانای ئەوە نی‌یە ( کە لە هەمان کاتدا وەکو سیفەتێکی گشتی بیدەمە پاڵ هەمو ئافرەتێك ) ... چونکە بـــەلای منەوە پاڵـــەوانی نمونەیی دەبێ لە جێکای نمونەبی‌دا بێ ، زر دور نەڕۆین ، ئەو کچە جوتیارەی لە نزیك ( لاپاز ) پایتەختی ( بۆلیفیا ) گیفاراو هاوەڵەکانی بە شەهید بوون گەیاندو دەستی لەگەڵ دوژمندا تێکەڵ کردبوو ... ئایا ئەو کچە نمونەی هەمو ئافرەتێکی ئەو وڵاتـــەیە ؟

بەقسەی ئەم‌بێ ، نابێ رۆژێ لە ڕۆژان نوسەرێکی سەر ئەم زەمینە باس لەو کچەو دەوری لەو تاوانەدا بکات چونکە ئەمە ( هێرش‌و کەم کردنەوەی نرخی ئافرەتی بۆلیڤی‌یـــە ) .

من دەمەوێ چاوێکیش بە کۆمەڵە چیرۆکەکەی ( عالیە ممدوح )دا بگێڕێ ، بەناوی ( هوامش الی السیدە ــ ب ــ ) کە پەردە هەڵماڵینێکە لە ڕوی ئەو عەیبە گەورانەی ئێمـــە لێی دەترسین و خۆمانی لە ئاستدا گێل دەکەین ، نامانەوێ باسکرێن‌و بە ساختە لە بیرخۆمانی دەبەینەوە ... نازانم بـۆ تا ئێستا ( عالیە ممدوح ) هیچ ڕەخنەیەکی وای لێنەگیرا ؟ ؟ !

**دیسان داوادەکەم بڕوانێتە ( الجبل الابیض ) و ( الثلج ... الثلج )ی ( امجد توفیق ) و نازانم ئاخۆ قەڵەمەکەی لــە ئاستی ئەمانەدا ئاوا بەبڕشت دەبێ ؟ ، خۆ ( د . عمر الطالب ) لە ( الاقلام )دا ئەم دووانەی دوایی‌یان بە ( نمونەی بەرهەمی ریالیزمی نەتەوەیی سۆشیالیستی ) ناودەبا .**

لە ڕاستی‌دا لە مێژەوە ئەو ڕێبـــازە ســــەمەرەیەم خستۆتە پشت گوێ‌و لامداوە لێی ، ئەو ڕێبازەی کە دەیان چیرۆك تیایدا دەربارەی ( پاڵەوانێتی ، قارەمانێتی ، داوێن پاکی ، لاو چاکی ) ئینسانی کورد نوسراوە ، بەلام لایەنـــە تەلخو ناهەموارەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵە هەر دیزە بەدەرخۆنە کـــراوە .

ئەم بیرە چەوتە لەلای من نی‌یەو بەپێچەوانەوە دەمێکـــە کاتی ئەوە هاتووە کە بەخۆمانا بچینەوەو هـــەڵەو تـــاوان‌و چەوتێکانمان بخەینە روو حیسابێکیان بۆ بکەین .

ئێمە نەتەوەیەك نین کە لەسەدا سەدمان پاكو نورانی‌و بێ‌گوناهبێ ، ئێمەش وەك هـــەمو نەتەوەکانی‌دی شـــتە پێچەوانەکانی ژیان‌و هەڵوێستە دژبەیەکـــەکان لەگەڵمانـــدا دەژین ، شاردنەوەو پۆشینی خراپەکارێکانمان زۆر کەوتووە نەسەرمان‌و یەکێ لەو دەردانەی ــ بەلامەوە ــ زەوت‌کردنـــی مافی ئەو بەشەی کۆمەڵەکەمانە کە ئەمەش دەمێکە لای مـــن

کۆتایی پێهێنراوەو بیری خۆمم بەرامبەری یەك لایی کردۆتەوە .

جا بەپێی ئەم بۆچوونەی من : هەمو دیاردەو هەلوێستو بیرکردنەوەیەکی نوێ سێ لایەن بەخۆیەوە دەبینی :

* **لایەنێکی دژ کە جاری وا هەیە شێوەی توندو تیژی بەخۆیەوە دەگرێو دەبێتە گەڕەلاوژە**
* **لایەنێکی پاڵپشتو هاندەر کە ئەمیش زۆر جار شێوەیەکی کوێرانەو بێ تێگەیشتن بەخۆیەوە دەگرێ .**
* **لایەنێك کە مام ناوەندیەو لە نێوان دووانەکەی پێشوودا وەستاوە ، چاوەڕوانی زاڵبوونی لایەك دەکات تا لەگەلیابێ ، ئەمە لە قسەی رۆژانەماندا پێی دەڵێن ( هەلپەرست یا بێ بار ) ، وەیا دەست بەکلاوەکەیەوە دەگرێو دەژی .**

هەروەك وتیشم مەسەلەکە لام لەوە دەرچووە کە پالەوانی وەك خانزادو قەدەم خێرو ... هتد بۆ دروست بکەم ، وەیا باسی زوڵمو زۆری ئاغاو دەرەبەگو شێخی بۆ بکەم ... ئەمانە وەك دەڵێن ( أکل علیها الدهر وشرب ) ، چونکە هەروەك برایەکی نوسەر لە بەیانی ژمارە ( ٤٨ )دا وتبووی : ( ئەمە شتێکە سواوەو باوی نەماوە ، ئێستا لەناو کۆمەلگادا ئەفەندی وا پەیدا بووە هەزار بەردیان داوە بە پشتی ئەو میرزاو حاجیانەدا ، چونکە جۆری دەستبڕینەکەی ئەمان ساکارانە نییە بەلکو وەستایانەش دەیکەن ) .

پەردە هەلمالین لەسەر عەیبو عارەکانی کۆمەڵو روناك کردنەوەی پەناو پەسێرەکانی ژیان زۆرجار کارێکی ئیجابییە واتا ئەم لایەنانەش پالەوانی چیرۆکی دەوێ ، خۆ کە پالەوانەکەش بوو ئەوە مانای ئەوە نییە کە ( تعمیم ) کرا بەسەر هەمواندا .

ئەوەندەی نوسەری ئەو نوسینە تاوانی داوەتە پاڵ ئافرەتو بە خراپە ناوی بردوون من هەرگیز لە چیرۆکەکەمدا بەلایاندا نەچووم و مەبەستیشم نەبووە ، جگە لەوەش ، ئەو بەقسەی ئەو زانایانەی لایخۆی پشتی پێبەستوون ، راکانی چەسپاندووەو مۆری کردوون ، جێگای متمانە نییە ، زۆر بلییە ، بێ دەسەلاتە ، دواجار دەڵێ گوایە من بە ( سادیزم ) یان دەدەمە قەلەم و ئەویش لە وەلامدا بۆ ئەم رایە دەڵێ : نا بەلکو ( ماسۆشیزمو نەرگسیزم )ن !!

**منیش لەمەدا هیچ وەلامێ شك نابەم جگە لەم قسەیەی مامۆستا ( محرم محمد ئەمین ) نەبێ کە جارێکیان پێم وت :**

**ـ فلان نوسەر دەڵێ فلانە چیرۆکت رەمزییە :**

**پێکەنیو وتی :**

**ـ بەخوا نەرەمزییەو نەهیچ ، خەیالێکی رۆمانسیانەبوو ئەو رۆژە بە بیرما هاتو کردمە چیرۆکێكو ناوێنەو دەست بشۆ . وەیا دەڵێ ( زانای سایکۆلۆژی بەناوبانگ « یۆنگ » دەڵێ : ئارەزووی راستەقینەی ئافرەت لەسەر کێشی دلداریو سیکسیدا نیە بەلکو تێکۆشانێکە بۆ مێرد کردن ) ! !**

بەلامەوە ئەم بۆ چوونە لاوازەی « یۆنگ » زیاتر هێرشە بۆ سەر ئافرەت لەوەی دیفاع کردنیبێ لێی ... نوسەر دەبوایە لە هەلبژاردنی سەرچاوەکانیدا وریابووایەو کەمێ زیرەکانە پالپشتی بۆ قسەکانیهەلبژاردایە ، ئەگەر مەسەلەکە وابێ ئەی ئەو هەمو مەدحو ستایشەی ئافرت چیلێهات کە بەر لەو پەرەگرافە نوسیویە ؟ .

ئەم قسەیە ئەوەی دەگەیەنێ کە ( مێردکردن ) بووە مەبەستی هەرە بەرزی ئافرەت ، کە مێردی کرد ئیتر تەواو ، ئەمەش یانی دۆزینەوەی پەنایەك تا خۆی لە سایەیدا بپارێزێ ، چونکە لە بێدەستەلاتیدا لە مێردکردن باشتر بەدی ناکات ، بە کورتی گیاندارێکی گوناحەو بەتەنیا دەرەقەتی ژیان نایەت .

وا بزانم ئەم رایە لەگەڵ ( بەرگری )کردنەکەیدا ناگونجێو عادیلانە نییە .

دەڵێ ( چیرۆکەکە بەگشتی هێرشێکە دژی خۆشەویستی کە گوایە بوونی نییە ئەگەر هەشبێ بەو جۆرەیە ) .

لێرەدا ئەگەر بەرایەکەی پێشوتری بێ راستە خۆشەویستی هەر نییە ، چونکە مەسەلە هەر ( مێردکردنە ).

بەلام من وا نالێم ، هەمو کەسێك ( بە تایبەتی ئافرەت ) لە رێگای سۆزی پاكو جولاندنی تەلی وژدانییەوە کە بکرێتە هۆیەك بۆ داخزاندنی لەوانەیە ئەمەی لێروبدات و ئیتر دەچێتە دۆخێکەوە کە چاکی لە خراپیو رەش لە سپی جیا ناکاتەوە ، سەری لێ دەشێوێو لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا هەمو شتێ دەکاتو زۆرجار پلە بە پلەش دێتە خوارەوە هەتا .... وردو خاش دەبێ .

خۆ ئەگەر بتوانین لەو بارو دۆخەدا بژین وەیا ژیابین ئەوا بڕوا کردنو قایل بوون پێی زۆر ئاسانترە .

خۆشەویستی گەلێ چەشنی هەیە بەگەلێ بارو پلەی جیاوازدا تێدەپەڕێ ، هەیە خۆشەویستەکەی دەکاتە پەنجەرەیەكو لێیەوە دەڕوانێتە ژیانو هەمو خەلکی بەشداری خۆشیو ناخۆشییان دەکات .

هەیە خۆشەویستییەکەی کشانەوەیە لە ژیانو لە خەلکی هەستو هۆشی تەنیا لەو کەسەدایە کە دەیەوێ ، بیرکردنەوەی تەنیا بۆ وردە کێشەکانی نێوان هەردووکیانە .

هەیە خۆشەویستییەکەی نابێتە هۆی ئەوەی کە

کێشەی کەسانی‌تری بیربچێ‌و راستی‌و شتە پیرۆزەکانی ژیانی هەمیشە لەبەردەمدابێ .

هەشە خۆشەویستی‌یەکەی کوێرانەو ساویلکانەیە ، بەگیان‌و لەشەوە تەسلیمی بەرامبەرەکەی دەبێ‌و دەستەو نەزەری خواستەکانێتی ... ئەمەیان جاری وا هەیە نزیک دەبێتەوە لە پلەی ( مطلق )ی ، ئەویش لە ترسی ئەوەی لە دەستی بچێ یا وازی لێ بهێنێ .

ئەم جۆرەی دوایی‌یان زۆر جار لە ئەنجامی هەڵەیەکی بچوکەوە پەیدا دەبێ کە کچەکە کردوویە ، بەهۆی ئەمەوە دەبێتە کۆیلەیەکی ئەڵقە لەگوێ‌ی ، ( هەروەها زۆرجار کوڕی تازە پێگەیشتوش ئەمەی بەسەردێ‌و نمونە لەم بابەتە زۆرە ).

**ترس لێرەدا دەورێکی گەورە دەبینێ ، ترس لە ئابڕوچوون و سزا ، ترس لە یاساو نەریت‌و داب‌و دەزگاو بۆچوونە چەوتەکانی کۆمەڵ ، ترس لەو دەلاقە فراوانەی لە نێوان نێرو مێدا هەیە ... ئەم ترسە زەلیلی دەکاو هەرچی تواناى هەیە بنبڕی دەکات .**

کچەکەی منیش ( پاڵەوانی چیرۆکەکەم ) بەکێکە لەمانەو لەڕێی ئەوەوە ئیدانەکردنێکی راست‌و رەوانە بۆ هەموو داب‌و نەریتە سڕبووەکانی ناو کۆمەڵەکەمان ، بۆ ئەوو بارو زروفەی ئەو کچەی بەو مەرەبە بردووە کە پێش دادگاو یاسا ئەم پێستی دەگرون .

ئیتر نازانم ئەو بە چ دەلیلێ من تاوانبار دەکات بەوەی دژی ئەو کچەم‌و گوایە ئەو کچەش ( نمونەیە بۆ ئافرەت بە گشتی ) ! !

**لە لایەکی تردا دەڵێ با ( ئێمەش هەر لە خودەوە ــ ذات ــ دەست پێ بکەین هەرچەندە بەڕاستیشی نازانین ) .**

**من نامەوێ رێ لەو بگرم کە چۆن‌و لە کوێ‌وە دەست پێ‌دەکات ، بەڵام ئایا دەشێ کەسێ ( شتێك بەڕاست نەزانێ )و لێ‌یەوە دەست پێ‌بکات ؟ ، بە تایبەتی مەسەلەکە قسەی روت نەبێ‌و ( نوسین ) بێ کە ماتە بەسەر خاوەنەکەیەوە .**

خود ــ ذات ــ ی ئینسان بەشێکە لەو شتە مەزنەی کە پێ‌ی دەوترێ کۆمەڵ ، ئەگەر ئەو خودە نەبێ کۆمەڵەکە چ مانایە دەبەخشێ ؟ ، مرۆڤ نابێ پارچەیەکی بچوکی بێ‌نرخی ئەو ئامێرە گەورەیەبێ کە کار نەکاتە وەستان‌و ئیشکردنی .

دەبێ پارچەیەکی گرنگی بێ‌و بە وەستانی ئەم جێگای دیاربێ ، هەست بە زیانی بکرێ لە حاڵەتی نەمانیا .

جا خەباتی مرۆڤێ لە ژیانی‌دا ( بەبارە چاکەکەیدا ) بۆ ئەمەی دواییانەو دەیەوێ‌بوونی خۆی‌بسەلمێنێ نەك لە دەریای ( هەموو )دا ( تاك ) نرخی نەمێنێ و وەك برغویەکی سواو یەکێکی‌دی بخرێتە جێگای .

زۆر جاری وا هەبووە کە ( تاك ) راستبووەو بۆچونەکەی راستی پێکاوە ، بەڵام ( هەموو ) ناڕاست بوون‌و بە چەوتی‌دا رۆیشتوون ، ئالەمەدا نرخ‌و پێویستی بوونی ( تاك ) خۆی دەسەپێنی‌و کۆڵنەدانی گەورەترین قوربانی‌یە کە دەیدات .

سەردەمێ بوو ماموستایە دەچو بۆ دێیەك قوتابخانەیەك بکاتەوەو چرایەك داگیرسێنێ لەو کۆمەڵەدا ، بەڵام ئەوان بەپێی بۆچون‌و لێکدانەوەی چەوتیان بەرهەڵستی‌یان دەکردو هەتا زۆر جار قوتابخانەکەشیان دەسوتاند ... ئایا لێرەدا دەبێ بڵێین کە تاك هەڵەیەو کۆمەڵ راستە ؟

دەڵێ گوایە چیرۆکەکە شتێکی نوێ نی‌یەو وشکە ... کامەیە ئەو راچەنین‌و سڕبوونەی کە دەبێ ئەو توشی بێ لە خوێندنەوەی‌دا ؟

نازانم ئەو چیرۆك‌و هونەری نوسینەکەی بەچی دەزانێ ؟ ئایا رێکخستنی تەل‌و دوگمە ئاڵۆزەکانی کۆمپیوتەرە یان رستنی داوی جاڵجاڵۆکەیە ؟

**ئاخۆ ئەم مەبەستی لە راچەنین‌و سڕبوون چی‌بێ ؟ داوای لێ‌دەکەم بۆ ئەو راچەنین‌و سڕبوونەی با بگەڕێ بەدوای فلیمەکانی « هیتشکوك » و « فرانکشتاین » و چیرۆکەکانی « ئەجاسا کریستی »دا .**

مەسەلەی خاڵ دانان‌و قاڵب‌و قاڵب‌کاری بۆ هونەرمەند کارێکە لە ناخی دەداو دەماری بەهرەو داهێنانی سڕدەکات .. جا ئەمیش دەڵێ ( ئێمە پیویستیمان بە چیرۆکێکی سێکس هەیە بەمەرجێ ئەو خاڵانە رەچاو بکا ) .

یەکەم : نازانم مەبەستی کام خاڵانەیە ( چونکە باسی نەکردوون .

دووەم : ئەگەر دەیەوێ قاڵبێکم بۆ دەست نیشان بکاو من بەپێی ( مواصفات )ەکانی ئەو کار بکەم ئەوا زۆر بە هەڵەدا چووە .

دەبێ ئەو ( کە خۆی بە رەخنەگر دادەنێ ) دوای نووسەر بکەوێ‌و داهێنان‌و بەرهەم بکاتە تەوەری باسەکەی ، ئەی کە من بەپێی قاڵبە دروستکراوەکەی ئەو جولامەوەو پانی‌و درێژی‌و بەرزی‌و رەنگی چیرۆکەکەم وەك ( مواصفات )ەکەی ئەو وابوو ئیتر رەخنە لە چی دەگرێ‌و دەوری رەخنە دەبێ چی‌بێ ؟

سەربەستی‌دان بەنووسەر یەکە هۆی داهێنان‌و گەشەکردنێتی ، ئەو سەربەستی‌یەش کە من دەمەوێ دەبێ نوسەر هۆشمەندانە تەرخانی بکا وەك هۆیەك بۆ خزمەت‌گەیاندن بە کۆمەڵەکەی‌و لە ناخی خۆیەوە هەست بە لێپرسینەوەیەك بکات .

بنوسێ‌و نوسینەکەی لە خزمەتی زوربەدابێ ، ئەمە بکا نەك وەك ( بدعە )و شتێکی باوی سەردەم ، وە نەك لە

ترسی ئەوەی کە بەسەر شەقامەکەدا بڕوا خەڵکی نەفرەتـی لێبکەن ، دەبێ لە قەناعەتی خۆیەوەبێو هەسـتی پێبکات ، چونکە زۆر جار ( بە تایبەتی لەناو ئێمەدا ) وەك وتمان کۆمەڵ هەندێ شتی خراپ لە چاکەکەی جیاناکاتەوە ، کەواتە لێرەدا دەوری ئەدیب بەڕونیو ئاشکرا دەردەکەوێ ، یەکێ بیـەوێ ئەدەبەکەی تەرخانکات بۆ خزمەتی گـەلەکەیو ئـەوی‌دی مەبەستی ئەوەبێ بیکاتە هـۆیەك بۆ گەیشـتن بە ئامانجـە تەسکەکانی خۆی وەیا دڕکێکی ژەهراویو لەناخی خەڵکەکەی بێبـدا .

جا ئەمەیە بۆچوونی من بەرامبەر بەستنەوەی نوسەر بە قالبو قالبکاریەوەو دانی سەربەستی پێی . . . لـە هەردوو حالەتەکەدا نووسەر هەر نووسەرە ، بەڵام ئایا لـە کامیاندا گەشە دەکاو لە برەودا دەبێ ( بە فۆرمو ناوەڕۆکەوە )؟

من داوای هەندێ ناو دەکەم کە ئێستا هەبن بەرامبـەر پۆشکینو گورگیو تولستۆیو دیستوفسکیو دیکنز . وا بزانم ئێستا وەڵامی پرسیارەکەم ئاشکرایە .

کەمێ بەرلەکۆتایی دەڵێ کە جگە لەوەی لـە ناوەڕۆکدا هەر هیچم بەهیچ نەکردووە هەروەها لە فۆرمیشا .

بەرامبەر ئەم حوکمدانە توندەی دەڵێم کە خوێندنەوەی نوسـەرو گەڕان بەدوای چواردە سەرچاوەدا ( وەیا زیاتریش )و نوسینێکی پێنج لاپەڕەییو دواجار ئاخۆ چـەندانی تر دوای رەخنەکەی ئەو گەڕاونەتەوە سەر ئەسـڵی باسـەکەو سەرلەنوێ خوێندویانەتەوە و بۆتە لێکۆلینەوەو باسـکردن لە نێوانیانـدا .

ئەمانە بەلامەوە شتێکە بۆخۆی ، جـا با ئەو هـەر بەهیچی نەزانێ ،، بەرهەمەکەم کاری خۆی کردوو زنجیـرە شەپۆلێکی بازنەیی لە ئاوە مەنگەکەدا پێك هێنا .

من وەك هەموو نووسینەکەی رەت ناکەمەوە ، وەك وتم سوپاسی دەکەمو کەڵکم لێبینی ، بۆ وەڵامـی دوا پرسیاری نوسـەریش لەوە زیاتر کە خۆی وەڵامێکی داوەتەوە من هیچم نییەو لەگەڵی دام .



**هەر چەندە ووشەی وەرگێڕان زۆر جار شیکراوەتەوەو زۆر تاریفی کراوە .. بەڵام دوا ناساندنی زانستیو وردبینانە ئەوەیە کە بریتی‌یە لە : پرۆسێسی گۆڕینی دەقە مادەیەك لـە زمانێکی دیاری کراودا ( زمانە سەرەکی‌یەکە ) بە دەقە مادەیەکی پڕ بەپێستی خۆی لە زمانێکی تردا ( ئـەو زمانـەی کـە مەبەستە )**(١)

هەروا پێش دووسەدساڵ شاعیرو ئەدیبی بەناوبانگـی ئینگلیز درایدن Dryden سێ رێگای بۆ وەرگێڕان دەسـت نیشان کردووە :

**١ ــ وەرگێڕانی وشە بە وشە بێئەوەی دەسکاری دەقەکـە بکـری** Metaphrase

٢ ــ وەرگێڕانی مەعنەوی Paraphrase کـە رێگای دەسکاری کردنی دەقەکە دەدا بە مەرجێك مانای دەقەکـە فەرامۆش نەکرێ .

**محمد عبدالخالق**

**٣ ــ رێگای سێیەم درایدن نـاوی نـاوە Imitation یان رێگای شێواندنو گۆڕینی دەقەکەو پشت گوێ خسـتنی ماناکانی .**(٢)

بەڵام درایدن خۆی رێگەی دووەمی پەسـندکردووەو ئەمڕۆش زۆربەی وەرگێڕەکان هەر ئـەم رێگایەیـان پـێ باشترەو پەیرەوی دەکەن سەرباری ئەم سێ رێگە کۆنانـەی وەرگێڕان ، چەندەها رێگەی تریش هـەیەو پـەیرەوکراون وەك : وەرگێڕانی تەفسیریو Explanatory translation وەرگێڕانی تەواوو Full translation ، وەرگێڕانـی بەش‌بەش Partial translation و هی تریش(٣) .

هەر لەبەر رۆشنایی ئەم رێگایانەی سەرەوە دمانەوێ وەرگێڕانـی چیرۆکـی (The Happy Prince) ی ئۆسکاروایلد (Osscar Wild) کە لەلایـەن کاك ( صـادق حسێن )ەوەو بە ناونیشانی ( میری بەختیـار ) کرابـووە کوردیو لە گۆڤاری ( بەیان )ی ژمارە ( ٥١ )ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە هەڵیبسەنگێنن .

لەبەر ئەم چیرۆکەی ئۆسکار وایلد بە هەستێکی ناسكو زمانێکی رەوانو خەیاڵێکی خەست نووسراوە ، کاری کردۆتە سەر مامۆستا گۆرانو بە ناونیشانی ( شازادەی بەختیـار )

لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی تری ئینگلیزیو عەرەبیدا کردوونیەتی بە کوردیو لە کتێبەکەیدا کە ناوی (هەڵبژاردە )یە بڵاوی کردوونەتەوە . وە نەبێ تەنیا ئەم چیرۆکەی ئۆسکار وایلد کاری کردبێتە سەر مامۆستا گۆران ، بەڵکو چیرۆکێکی کە ناوی ( بولبولو گوڵ )ە بۆتە مایەی ئیلهامی شیعری ( گوڵی خوێناوی )یەکەی گۆران کە مامۆستا عمر مارف بەرزنجی درکی پێ کردووەو دەڵێ :

**« بەڵام ئەم شیعرە بەرزە ــ مەبەستی شیعری ( گوڵی خوێناوی )یەکەی گۆرانە ــ سیماو بۆنو بەرامەی ئەدەبی ئینگلیزی پێوە لکاوەو دوای خوێندنەوەی هەندێ بەرهەمی بێگانە نزیکیو لێکچوونێکی تەواوم بەدیکرد لە نێوان ئەم شیعرەو چیرۆکێکی رەمزی ئۆسکار وایلد بە ناونیشانی ( بولبولو گوڵ ) ... هتد »(٤)**

بەناوی ( میری بەختیار ) وەری گێڕاوەو لە گۆڤاری ( بەیان )ی ژمارە (٥١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە بەراورد بکەم .

با بێینە سەر پەرەگرافی یەکەمی دەقە ئینگلیزیەکە کە بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێ دەکا .

**« لە شوێنێکی بەرزی شارەکەدا ، لە سەر ستونێکی بڵندا ، پەیکەری شازادەی بەختیار قیت راوەستابوو . شازادە سەرتاپای بەگەڵا زێڕی تەنکی بریسکەدار داپۆشرابوو ، لە جیاتی دوو چاوی جووتە یاقوتێکی شین دەدرەوشانەوەو یاقوتێکی سووری گەورەش لەسەر دەسکە شمشێرەکەیدا دەدرەوشایەوە » (٦).**

**کەچی کاک صادق بەم جۆرە وەری گێڕاوە :**

**« کاریتەیەکی بلند وا چاوی لە شەقامو کۆڵانەکانی شارۆچکەیەو پەیکەری میرێکی بەختیاری لەسەر سەر راگرتووە ، میر بەرگێکی قەشەنگی لەبەردایەو لە هەردوو**

# وەرگێڕان
# لە نێوان دەستپاکی و بزرکاندندا

جا لەبەر ئەوەی ( هەڵبژاردە )کەی مامۆستا گۆرانم نیەو ماوەشم نەبوو بە دوایدا بگەڕێم ، ئەمتوانی هەردوو دەقە کوردیەبە وەرگێڕدراوەکەی گۆرانو کاک صابر حسێن بەراورد بکەمو بزانم کامیان سەرکەوتووترن لە وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی . من بەش بە حاڵی خۆم دڵنیام کە مامۆستا گۆران زۆر زاناترو زمانزانتر بووە لە هەردوو زمانەکەدا ئەویش بەهۆی پەرپوتیو بێ سەنگی وەرگێڕانەکەی کاک صادق حسێن .

لێرەدا وای بەباش دەزانم دەقە ئینگلیزیەکەی چیرۆکی ( شازادەی بەختیار )(٥) کە لە کتێبی (Brighter English) ــ برایتر ئینگلیش ــ ی سی . ئی . ئێکرسلی چاپی ١٩٧١ لەگەڵ دەقە کوردیەبە وەرگێڕدراوەکەی کاک صادق حسێن کە

**چاوە پیرۆزەییەکانیەوە دوو یاقووت ئەدرەوشێنەوەو سەرسنگی دەسکی شمشێرەکەش یاقوتێکی سووری گرتۆتە باوەشو لای خەڵکی شارەکە زۆر خۆشەویست بوو »(٧)**

دوای پەرەگرافی یەکەم کاک صادق ( ٢٢ )بیستو دوو دێڕی پەڕاندووە کە لە ( ٦ ) شەش پەرەگراف پێکهاتووەو بریتین لە بیروڕای ( ٣ ) سێ کەسو منداڵەکانی شارەکە بەرامبەر پەیکەرەکەی شازادە کە ئەو سێ کەسانەش لە چیرۆکەکەدا ئەمانەن :

**١ ــ قازی شارەکە .**

**٢ ــ ژنە دانایەکی خەڵکی شارەکە .**

**٣ ــ کابرایەکی لە ژیاندا سەرنەکەوتووی شارەکە .**

**٤ ـ منداڵەکانیش ـ ئەوانەی لە کڵێسەی شارەکەدا دێنەدەرەوە .**

دوابەدوای ئەمە کاك صادق‌هاتۆتە سەر پەرەگرافی هەشتەم‌و نۆیەم کە لە دێڕی (٢٧)ی چیرۆکەکەوە دەست پێ‌دەکا تێکەڵیان دەکاو بەم جۆرەی خوارەوە وەری‌گێڕاوە :

**« پەرەسێلکەیەك لە گوێی رووبارێکەوە بە هۆی پەپولەیەکی گەورەوە کە شوێنی ئەکەوێ بۆ ئەوەی بیگرێ دێی ئەکەوێتە ئەم شارە ، پەرەسێلکەکە ئەم شارە ئەبینێ شەیدای ئەبێت‌و ئەم خۆشەویستی‌یە وای لێ‌ئەکات کە شەش هەفتە لەو هاورێیانەی دواکەوێ‌و نەگەڕێتەوە کوێستان . شەوێك ئەم پەرەسێلکە بچکۆلەیەبەسەر شارۆچکەکەدا ئەسورایەوەو ئەیویست شارەزایی پەیدا کات‌و لە هەموو شتێك بگات ، دوای سورانەوە رووی کردە شارۆچکەکەو وتی : ئایا تۆم خۆش بوێت ؟ شارۆچکە نازدارەکە زۆر لەسەر خۆو بەوپەڕی پێخۆشحاڵی‌یەوە دەستی بۆ بە سنگەوە گرت‌و دەرگای خۆشەویستی خۆی بۆ نایە سەرپشت ، پەرەسێلکە بچکۆلەکە بە دەوری شاردا خولایەوەو تاوە ناتاوێکیش باڵەکانی لە لێوی ئاوەکە ئەخشان‌و شەپۆلەکانی ئەدوان ، شێوەی دەستبازی ئەم پەرەسێلکەیە وابوو ، هەموو وەرزی هاوینی وا بەسەر برد »(٨)**

بەڵام ئەوەی راستی بێ ئەم دوو پەرەگرافە لە دەقە ئینگلیزی‌یەکەدا بەم جۆرەن :

« شەوێکیان پەرەسێلکەیەکی بچکۆلانە بەسەر شارەکەدا هەڵفڕی . هاورێیەکانی شەش هەفتە بوو شاریان جێ‌هێشتبووو بەرەو میسر کۆچیان کردبوو ، بەڵام ئەو لێیان دواکەوتبوو چونکە تووشی داوی خۆشەویستی جوانترین‌و ناسکترین دارقامیش ببوو . لە سەرەتای بەهاردا ، لەکاتێکدا لەسەر رووباردا پەپولەیەکی زەردی گەورەی راونابوو ، چاوی پێ کەوتبوو ، دارقامیشەکە بەناو قەدە باریکەکەیەوە کاری تێ کردبووو وای لێ‌کرد تاوێ بوەستی‌و بیدوێنێ .

پەرەسێلکەکە بە نیازی ئەوەی یەکسەر خۆشەویستی خۆی بۆ دارقامیشەکە بدرکێنێ ، ووتی :

**« ئایا دەتوانم خۆشتم بوێ ؟ » ، دارقامیشەکە تۆزێ خۆی بۆ شل‌کردو سەری بۆ خوار کردەوە . ئنجا پەرەسێلکەکە بەدەوری‌دا سوراو سورایەوەو پەروباڵی بە ئاودا دەخشاندو** بەم جۆرە ووردە شەپۆلێ زیوینی دروست دەکرد ، ئەمە **بوو دڵداری کردنی پەرەسێلکە ، پەرەسێلکە هەروای‌کردو بەردەوام بوو لەسەری تاکو هاوینیش بەسەر چوو »(٩) .**

بەراوردکردنی تەواوی دەقە ئینگلیزی‌یەکە لەگەڵ « هینەکەی » کاك صادق ماوەو ئارامگرتنێکی زۆری دەوێ ، بۆیە تەنیا بەم سەرنجانەم کۆتایی بەراوردکردنەکە دێنم . بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە چۆن ئەم برادەرە توانی هەر ( ١٢ ) دوانزە لاپەڕەکەی ئەم چیرۆکە بکاتە چوار لاپەرە ؟ چۆن ئەم هەموو هەڵە زمانەوانی‌یەی تیا کرد کە بە ژمارە نایەن ! ! نازانم چۆن « ستون » بۆتە « کارێتە » و « هەنار » بۆتە « پرتەقاڵ » و « میسر » بۆتە « کوێستان » ؟ ! کە نیشانەی نەزانینی هەردوو زمانەکەیە .

---

**سەرچاوەکان :**


**J. C. Catford,**

**A Linguistic Theory of Translation, Oxfor University Press. London. Third Edition. 1969. pp. 20.**

**J. W. H. Atkins, English criticism : 17th and 18th centuries, (University Paperbacks, 1960 p. 128.**

**(٣) الترجمه بین النظریه والتطبیق ، عبدالباقی الصافی ، بصره ، ١٩٧٤ ص ١٢ ، ١٣**

**(٤) عمر معروف برزنجی ، گۆڤاری رۆژی کوردستان ، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ ژمارەی (٤٢) لاپەڕە (٤٤)**

**(٥)**

**C. E. Eckersley, Brighter English, Revised Edition, 1971, Hong Kong, p. 53, 65.**

**(٦) هەمان سەرچاوەی پێنجەم .**

**(٧) صادق حسین ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٥١) تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ لاپەڕە (٥٨) .**

**(٨) هەمان سەرچاوەی حەوتەم .**

**(٩) هەمان سەرچاوەی پێنجەم .**




# دوو سەرنجی ئەدەبی

ئومێد کاکەڕەش

**لەم چەندانەدا ژیانەوەی هەندێ لە شیعرو ژیانی شاعرە کۆنەکانمان بەهۆی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە کەوتونەتەوە بەرچاو ... کە دەورێکی کاریگەری تەواویان هەیە لە ئاکاری ئەدەبی نەتەوەکەمانـــدا .**

ئاشکرایە گەڕان بەدوای بەرهەمی ئەدەبیـــداو زانینی بەسەرهاتو کۆکردنەوەی بەرهەمی ئەدیبەکانمان ، کارێکــی ئەوەندە ئاسانو لە بار نییە کە لە خۆیەوە بێتە دەست . بەڵکو کارێکی سەختەو ماندووبوونێکی تەواوی ئەوێت . لەگــەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی گەورەی ئەدەبەو دەبێتە هۆی ژیانەوەی ژیانی ئەو بەهرەدارانەی کە خزمەتی ئەدەبەکـەیان کردووین لەگەڵ بوژانەوەو زیندوو کردنەوەی بەرهەمە بە نرخەکانیان کە لە دەروازەی لەناو چوونو بیرچوونەوەدا بوون .

ئەم کارە بە نرخە ڕاسپاردەیەکی مێژوویەو پێویستــی بە شارەزاییو تواناو خوێندنەوەیەکی هەمیشەیی هەیە ..... تا ئەو باسە بە پوختیو چاکی وەربگیرێتو کەڵکی تــەواوی هەبێت ، لەگەڵ ئەمـــەشدا دەبێت ئاوڕ بدرێتـــەوە بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە کۆنەکان .

**وە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئــەم باســە ... نووسینەکەی مامۆستا « غەفوری میرزا کەریم » بوو کە لــە گۆڤاری ( بەیان )ی ژمارە ( ٤٩ )دا باسی چلەی « شــوکری فەزلی » کردووە ئەڵێت ( بەداخــەوە لــە بــارەی ژیــانو بەســـەرهاتو مێژووی ژیانیــەوە ئەوەندە زانیاریمــان بەدەستەوە نییە کە بتوانین هەموو لایەنەکانی ژیانی پێ ڕوون بکەینەوە ) ئەمە باسێکی ڕاستەو نکوڵی لێ ناکرێت .**

بەڵام هەندێ بەسەرهاتی ئەم شاعرەو شـــاعیرەکانی ترمانو بەرهەمەکانیان لـە ڕۆژنامەو گـۆڤارو نامیلکــەو کەشکۆڵە دەست نووسە کۆنەکاندا بڵاوکراوەتەوە .. ( خوزگە هەرەوەزیەکی بۆ ئەکراو لەبەرگیکی گـــەورەدا ژیـــانو هونراوەکانیان کۆ بکرایەوەو چاپ بکرایە )

جا با بێینەوە سەر باسەکەمان ... ئاشکرایە شـوکری فەزلی بەهۆی ئەو هەڵبەستەوە ناسراو ناوبانگی پەیدا کــرد کە کاتی خۆی پێشکەشی کردووە بە ( شێخ مەحمودی نەمر )

ـ ئیش کە رووی ئێستا لە هەورازە سەرەولێژی ئەکەی
بیری وردیشی ئەوێ هەر بە دوعاو نـوێژی ئەکـەی
ئیتر زۆر کەم بەرهەمی ئەم شاعیرە بیستراوە(١) .

ئەم شاعیرەمان ناوی شوکری فەزلی کوری مەحمــود ئاغایە لە گەڕەکی فەزل لە بەغدا هاتۆتە دنیاوە و نازنـــاوی ( هەممی )یە ... لە تەمەنی شەش حەوت ساڵیدا لـــە بەغدادەوە هاتووە بۆ سلیمانی بۆ لای خاڵەکەی وە نزیکــەی (٣٠) ساڵ زیاتر لە سلەیمانی ماوەتەوە و خــوێندنی تێــدا تەواوکردووە ، زۆر چاك فێری زمانی کوردی بووەو ئاسیاوی لەگەڵ شاعیرەکانی ئەو سەردەمەدا پەیدا کردووە بە تایبەتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و زۆر شەڕە هەڵبەستیان لەگەڵ یەکدا

کردووە .... بە کوردیو عەرەبیو تورکیو فارسی هەڵبەستی وتووە . دیوانی چاپ نەکراوە . لە ساڵی ١٩٢٥ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە(٢) .

وەکو خوالیخۆشبو عەلی کەمال باپیر ئەڵێت .. سەردەمێکی ژیانیان بەیەکەوە بەسەربردووەو زۆر بە شوکری سەرسام‌بووە . لەگەڵ شاعیرانی کوردا بەم جۆرە باسی کردووە

**( زیوەر ) لە کوردی‌دا زۆر تەبعی تەڕو رەوانە**
**( بیخود ) لە فارسیدا سەردەستو نوکتە زانە**
**( نوری ) مقلدە بێ راوکە شیعری نایە**
**( شوکری ) بەراستی ئەڵێم ئوستادی شاعیرانە**

وە لە باسی ژیانەکەیدا ئەڵێت : لە دانیشتوانی خەڵکی کەرکوکە لە ساڵی ١٩٠٠ تا ١٩١٤ لە سلەیمانی دانیشتوە لە ساڵی ١٩٤٦ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووەو ژنی نەهێناوە لە ژیانیدا هیچ کەسی نەبووە(٣)

لەوانەیە ئەو ساڵی ١٩٤٦ هەڵەی چاپ بێت لە جیاتی ساڵی ١٩٢٦ نووسرابێت .. چونکە بە دەمی خوالیخۆشبوو ئەیووت ساڵی ١٩٢٦ کۆچی دوایی کردووە .

وە نووسینەکەی مامۆستا غەفور کە دەڵێت « لێرەدا منیش وا بە کورتی و پوختە وە بە دەستکاریەوە باسی چلەی ئەم شاعیرە ئەنووسم ، زیاتر ئەوە دەدات بە دەستەوە کە شوکری فەزلی ساڵی ١٩٢٥ ماڵ ئاوایی لێکردوین .

**وە سەرنجی دووهەمم لە شیعرە بڵاونەکراوەکەی ( کەیفی )یەکە لە گۆڤاری ( رۆشنبیری نوێ )ی ژمارە ( ٦٨ ) بڵاوکراوەتەوە و کاک ئازاد بابان بۆی ناردون .**

بە کاک ئازادو ئێوەی بەرێزیش ئەڵێم بۆ جاری چوارەمە کە ئەو هەڵبەستە بڵاو ئەکرێتەوە .

یەکەم جار لە رۆژنامەی ( ژین ـ ژمارە ١٢٧٧ ساڵی ١٩٥٥ ) ژیانی کەیفیو دەقی ئەو هەڵبەستە بڵاوکراوەتەوە .

جاری دووەم مامۆستا ( کەریم شارەزا ) لە کتێبی « کۆیەو شاعیرانی » باسی ژیانەکەی‌و چەند هەڵبەستێکی نووسیوەو یەکێکی بریتی‌یە لەو هەڵبەستە وە کاتی خۆی من ژیانو هەڵبەستی ئەم شاعیرانەم لەو کتێبە دەرهێناوەو ژیانەکەیانم بە کورتی نووسیوەتەوە ( کەیفی ـ مەنفی ـ ئەختەر ) مامۆستای خوالیخۆشبو عەلی کەمال باپیر بە شاعیرە ناو ون بووەکانی کوردی داناون (٤) .

وە جاری سێیەم لە کتێبی « شاعیرە ناو ون بووەکانی کوردا » چاپ کراوەتەوە .. وجاری چوارەم کاک ئازاد لە گۆڤاری ناوبراودا بڵاوی کردۆتەوە .

بەڵام هەندی زیادیو کەمی بەدی‌ئەکرێت لە هونراوەکەدا وە ئەتوانین نووسینی هەڵبەستەکە بە دوو جار دابنێین

جاری یەکەم رۆژنامەی ژین بڵاوی کردووتەوە کە لەگەڵ دەقەکەی کاک ئازاد چون یەکن . وە جاری دووەم مامۆستا کەریم شارەزا بڵاوی کردووتەوە کە لەگەڵ دەقەکەی عەلی‌کەمال باپیر چون یەکن وە جیاوازیەکە لەوەدایە کە ئەم چەند هونراوەیە لە کتێبی کۆیەو شاعیرانیدا نییە .

**دیدە هەتا لە دیدەنە مایلی رووتە یەك بەیەك**
**خەتی شوعاعی نەشتەرە نوکی برژانگی‌خەنجەرە(٥)**
**چاوی لە عەینی غەمزەدا تیری موژەی لە من دەدا**
**دڵ دەرفێنی روح دەبا یەکسەرە تیری دووسەرە**
**دەنگی دەفی دڕاوی شێخ وا بە دڕاوی تیدەگا**
**( کەیفی) بڵێ زەڕینی کەر ئەغلەبی دەفعە بۆزەڕە(٦)**

**پەراوێز**

**(١) دوو غەزەلی لە رۆژنامەی ( هاوکاری ) ژمارە ٢٨٤ وە (٣) سێ غەزەلی لە گۆڤاری ( بەیان ) ژمارە ( ٤٧ ) بڵاوکراوەتەوە**

**(٢) بڕوانە رۆژنامەی ژین ژمارە ١٢٤٩ ساڵی ١٩٥٥**

**(٣) کتێبی ( گوڵ دەستەی شعرای هاو عەسرم ) بە پێنووسی خوالیخۆشبو عەلی کەمال باپیر ئاغا .**

**(٤) خوالیخۆشبو عەلی کەمال باپیر ئاغا لە رۆژی ٢٥ـ٥ـ٩٧٠ داوای کەشکۆڵەکەی لێ‌کردم کە ژیانو بەرهەمی زیاتر لە ( ١٠٠ ) شاعیری نەناسراوی کوردی تیدا بوو ، تا ژیانی میرزا غەفوور بنووسێتەوە لە رۆژی ١٨ـ٦ـ٩٧٠ بۆی هێنامەوە . پاش ماوەیەك ( کتێبی شاعیرە ناو ون بووەکانی کورد ) کەوتە بازارەوە کە بریتی بوو لە ( ٤١ ) شاعیر ( ٤٠ ) شاعیری لە کەشکۆڵەکەی من دەرهێناوەو دەقاو دەقی نووسیوەتەوە . وە لەو کاتەدا بۆ رۆژنامەی ( برایەتی )م نووسی .. بەڵام خوالیخۆشبو وەڵامی نەدایەوە ..**

**(٥) ئەم هونراوەیە بە تەنها لەو هەڵبەستەدایە کە کاک ئازاد ناردویەتی بو گۆڤاری ( بیری نوێ )**

**(٦) لای کاک ئازاد ئەم هونراوەیە نەنووسراوە .**

# چەند رایەك

موعتەسەم سالەیی

**سەردەمێك رابوورد بەسەر بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردیدا ، کە پەرتووكو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان لەبازاڕدا بە بێزاریەوە لەژێر زەبرو زەنگی تۆزو گەردی ناو جامخانەی کتێبخانەکان دەیان نالاند رەوڕەوەی ژیان بێ وەستانو چەقین هەردەم لە خل بوونەوەدایە بۆ بەرەو پێشەوە ، مرۆڤو هۆشو ئەندێشەی بە هەزارو یەك پەتك لەگەڵ ئەم رەوڕەوەیەدا بەیەکترەوە بەستراون . ئێستاکێ گۆڕانێکی دیارو ئاشکرا خۆی دەنوێنێت ، مرۆڤی کورد بەتایبەتی گەنجی کورد لە گەڕانو پشکنیندایە بەدوای پەرتووكو پێداویستیەکانی رۆشنبیری .**

پەرتووکی کوردی زۆر جار لەگەڵ کەوتنە بازاڕیەوە بە ماوەیەکی کەمو زوو بەزوویی هەڵئەچنرێنەوە لەلایەن خوێنەرانی کوردەوە . بەهەمان شێوە ئەو گۆڤارانەی کە لەلایەن دەزگای رۆشنبیری کوردیەوە دەردەچن لەنێوان مانگێکدا یاخود هەندێ جار لەنێوان دوو مانگدا کەدوا بکەوێت وەك گۆڤاری ( بەیان )و ( رۆشنبیری نوێ ) سەرەڕای زیاد بوونی ژمارەکانی ، بێتو زوو لەکاتی کەوتنە بازاڕیەوە نەگەیت پیایا ئەوە مەگەر بە زەحمەتێکی زۆر چنگت بکەوێت . یاخود پاشکۆی رۆژنامەی عێراق بە کوردیەکەی کە مانگی جارێك دەکەوێتە بازاڕەوە بە دەگمەن نەبێت ئەوە هەر چاویشت پێی ناکەوێت . بەڵێ خوێندنەوەو راکردن بەدوای رۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەلایەن خوێندەوارەکانەوە ، پاڵ بەو گەنجانەوە دەنێن تەقەلای نووسین بدەنو جڵەوی ئەندێشەی خۆیان شل کەن بەتایبەتی لە مەیدانی شیعر نووسیندا . بەڵام دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین کە لەلایەن چەند نووسەرێکیشەوە دووپات کراوەتەوە دەربارەی ئەم گرفتە ، ئەویش ئەوەیە کە شیعر نووسین بەو ئاسانیە نیە کە ئەو گەنجانە بیری لێ دەکەنەوەو بۆی دەچن کە گوایە رێز کردنی چەند وشەیەكو خۆ گوشینو پیشخواردنەوە شیعرێکی پوختو شیاو بهێنێتە کایەوە . سەرنجێکی سەرپێیی بە پۆستەی خوێنەران لە گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکاندا ئەوە دەسەلمێنێت کە بە سەدەها بەڵکو ئەتوانین بڵێین بە هەزارەها گەنجی کورد بێ رووچان لە تەقەللادان بۆ دانانی شیعر . ئەوە بەس نیە گەر یەکێك بۆ ماوەیەك کۆمەڵە گۆڤارو رۆژنامەو چەند پەرتووکێکی خوێندەوە بتوانێ شیعر بنووسێ . نووسینو بەرهەم هێنان گەلێ لەوە گرانترە کە هەندێك بۆی دەچنو ، وای دادەنێن بە خوێندنەوەی ماوەیەکی کورتی چەند مانگێك یاخود چەند ساڵێکی کەم ئەوەئیتر گەیشتونەتە ئەو پەڕی زانینو تێگەیشتنی رۆشنبیریەوەو پێویست بەوە ناکات دەست بەڕووی بەرهەمەکانیانەوە بنرێتو بڵاو نەکرێتەوە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا . ئەوەش نابێت لە یاد بکرێتو وا دابنرێت کە رۆشنبیرێتی قەڵایەکی تەلیسماویەو چوونە ژوورەوەی ئەم قەڵایە زۆر گرانە . خوێندنو گەڕانی بەردەوام بەدوای پەرتووكو سەرچاوەکان تاقە رێ خۆشکەرێکە بۆ چوونە ژوورەوەی مەیدانی بەرفراوانی رۆشنبیرێتی . نووسەرێك دەربارەی ئەم باسەمان دەڵێت سێ ساڵ سێ مانگ بنووسەو سێ لاپەڕە پڕ بکەرەوە بەڕای ( گاندی )ی سەرکردەی هیندیی بەناو بانگ ، ئەو کەسەی رۆژی لە رۆژنامەیەك زیاتر نەخوێنێتەوە خوێندەوارو رۆشنبیری تەواو نیە . سەرکردەیەکی خاوەن تیۆری کەش هەیە دەڵێت نابێت بە رۆشنبیرو تێگەیشتو گەر بزانیت پەرتووکێکی بایەخدار هەیەو نەت خوێندۆتەوە . ( گۆتە )ی نووسەری ئەڵەمانی



گۆتە — سانت بیف

گەورە شاکارە مەزنەکەی ( فاوست )ی بە نزیکەی نیوە چەرخێك نووسیەوە . نووسەری رووس ( لیڤ تۆلستۆی ) رۆمانی ( شەرو ئاشتی )ی چوار جار نووسیەوە ، دوای ئەوەیچەندین ساڵ خۆی ماندوکرد بە پشکنینو گەرِان بەدوای ئەو ئەرشیفو نامانەی کە پەیوەندیان هەبوو بەشۆرِشی فەرەنگو شەرِو شۆرِەکانی ( ناپلیۆن ) ، لە دوایدا توانی زۆر بە وورد بینیو وەستا کاریەکی بلیمەتانەوە ئەو بەرهەمە نایابە بخاتە بەردەم خوێنەران ( سانت بێڤ )ی رەخنەگری فەرەنسیی بەناوبانگ نامەکانی ( کتێبخانەی نیشتمانی ) لە ( پاریس ) دووپاتی ئەکاتەوە کە لەهەر هەفتەیەکدا جاری وا هەبوە زیاتر لە بیستو پێنج کتێبی بۆ ئامادەکردنی هەریەکێ لە رەخنە هەفتەییەکانی ( باسەکانی دوو شەموان )ی وەرگرتوە . ( والۆ ) دەڵێت « من گەر چوار وشەم نووسیبێت سیانیم سرِیوەتەوە » ئەمە هەموو کۆمەڵە رایەك بوو دەربارەی رۆشنبیرێتیو ئەرکی گرانی نووسینەوە ، لەلایەن چەند ئەدیبو پیاوە هەڵکەوتوەکانی مێژووەوە . بەتێکرِا سەرجەمی ئەم هەموو رایانە گەر سەد لەسەدا مەبەستی تەواوی راستەقینە نەپێکن ئەتوانین بڵێین وێنەیەکی رووناکی بێگەرد لەبەردەمماندا نزیك دەکەنەوەو نهێنیەکانی باری رۆشنبیرێتیو نووسینەوەمان پێشکەش دەکەنو رێگەمان بۆ خۆش دەکەن گەر بەو پەرِی دڵسۆزیەوە بمانەوێ بیگرینە بەر .

مەبەست لەم باسەدا ئەوە نیە رەشبینیەکی کوشندە باڵ بکێشێت بەسەر بیرو هۆشماندا ، بە پێچەوانەوە ئەم هەموو نموونانەی کە باسێ لێ‌کرا دەبێت زیاتر گورِمان بدانێو وورە بخاتە بەرمانو بە هەموو توانایەکمانەوە پەیرِەویان بکەین گەر خزمەتو دڵسۆزی مەبەستمانە ، وەبۆ ئەوەی لەو رێگە سەختە پرِ هەورازو نشێوەدا ئەوە بخاتە بیرمان کە نووسینو شیعر دانان بەکارێکی سووکو ئاسان بێتە پێش چاومان ئەوە زۆر بەهەڵەدا چووینە . ئەم دەردە شیعرە زۆربەی زۆری

گاندی



تولستوی



گەنجە تازە پێگەیشتوەکانی گرتۆتەوە . هەر دوای خوێندنەوەیەکی کەم دەس ئەکەن بەشیعر نووسینو بەبێ سڵەمینەوە بەپەرۆشەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکانی رەوانە دەکەن ، وەگەر بێو بڵاویش نەکرایەوە خوانەخواستە ئەوجا دەست ئەکرێت بە گلەیی ئاراستەکردن بۆ ئەو کاربەدەستانەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە ، گوایە خاوەن بەهرەنو رێیان لێ دەگیرێو ناهێڵرێت گورکانی بەهرەی شیعریان بتەقێتەوە . جا کار بەم شێوەیە هەڵبسورِێو هەموو هەر شیعر بنووسین ئەوجا دەبێت کەس شیعر نەخوێنێتەوەو هەر بە تەنها هەرکەس شیعری خۆی بخوێنێتەوە ...

شیعر نووسین برێتی نیە لە ووشە رێزکردنو بەکارهێنانی چەند کلێشەو قاڵبێكو سۆز دەربرِینی ووشك بەشێوەیەکی راستەو خۆ ، شیعر نووسین لەپێش هەموو شتێکدا بەهرەیە ، بێتو ئێمە ئەو بەهرەیە بەدارێکی بەردار دابنێین دەبێت خوێندنەوەی بەردەوامو شارەزاییو وەستاییو وورد بینی بەئاو دابنێین بۆ بوژاندنەوەو مایەی سەوزیو بەرهەم هێنانی ئەو دارە . گەر مەسەلە برێتی بێت لە ووشە ریزکردنو ناو لێنانی بەشیعر بێگومان هەمو کەس لە توانای دا هەیە پێی هەڵسێت ... !

**( سانت بێڤ ) هەموو کەس ناوی بیستوە وەك رەخنەگرێکی کارامەو لێهاتۆ لە گۆرِەپانی رەخنەگرێتیدا ، نەك لە مێژووی فەرەنسەدا بەڵکو لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا ، ئەم رەخنەگرە گەلێك دیوانی شیعری نووسیەوە بەلام سەرکەوتنی بەچنگ نەهێناو ، هەردەم بەرِەخنەگرێك دەدرێتە قەڵەم نەك بە شاعیرێك .**

باش وایە هەموو هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەرو ئەدەبەکەمان بدەین بە هەموو لایەنەکانیەوەو بەهەموو لایەکمانەوە . با خۆمان لەم دەردە شیعریە رزگار بکەین .

تا ئێستا بیرمان لەوە کردۆتەوە ئایا ئەو رۆمانو شانۆگەریو دیوانو پەرتوکی لێکۆڵینەوە فەلسەفیو مێژوییو زۆر لایەنی تری ژیانمان چەندێکیان لە زمانی بێگانەوە وەرگێرراونەتە سەر زمانی کوردی ؟ ئایا ئەو رۆشنبیرە کوردانەی کە شارەزاییان لە زمانی بێگانەکاندا هەیە چییان پێشکەش کردوین بە وەرگێرِان ؟ ئایا کە پیشانگایەکی هونەری دەکرێتەوە یاخود شانۆگەریەك پێشکەش دەکرێت چەند رەخنەگر روو بە رووی دەبنو دەستی رەخنەی وەستایانەو زانستیانەی لێ هەڵدەماڵن ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەوە دەیەها پرسیاری کە لەم روەوە زۆر جەرگ برِن ... پێویستە ئەوەی لە توانای خۆماندایە درێخی لێ نەکەینو رای پەرِینینو ئەوەیشی لەتوانای خۆماندا نیەو لەژێر رکێفماندا نیە شتێکی کەیە ... هەوڵدانو تەقەلای بێ ووچان دەمان گەیەنێت بە ئامانج بۆ پێشخستنی هونەرو ئەدەبەکەمان . کورد لەم بارەیەوە دەڵێت : « دەوەن بە دار دەبێت » .

# لۆرکا لەخۆی ئەدوێ

**شێرزاد عبدالرحمن**

ـ لۆرکا ـ دەنگــی ئــازادی راستەقینەی ئەم سەردەمە پرکێشەیە ، شیعرەکانی هێندە چرو پرو پڕ لــە داهێنانن کــە مرۆڤ هەرگیز بیر لــە هەڵوەرین‌و داڕزینی ئــەو درەختە سەوزانە ناکاتەوە . ئیسپانیا هــەرگیز بۆنی شیعرەکانی ئەو دەنگەی لێ نابڕێ کە بە گوللە تیر باران کراو خــوێنی رژایە ژێر درەختــە ســەوزەکانی ئیسپانیا ، مردنی ئــەو شــاعیرە هەڵوێستێکی گەورەبوو ، زیاتر لــە مانایەکی بەخشی . لــە نێــو ئــەو باسانەی دەربارەی «لۆرکا» نووسراوە ، ئەم لێدوانە شاعیرانەیەی پێشکەش بەخوێنەرانی « بەیان » ئەکەین .

● من لە هەمو شتێ حــەز لــە سادەیی ئەکەم ... هەروەکو لــە سادەیی ژیاوم‌و پێیم گرتووەو ئــەم سادەیی‌یە لە ناخمدا پێ‌گەیشتووە هەر لەسەر دەمی منداڵیمەوە کاتێ لــە گوندەکەم ئەژیام .. گوندی « فۆنیــە فاکیرۆس » .

**※ لە چ ساڵێ لەدایك بووی ؟**

لۆرکا : لە ساڵی ١٨٩٠ ، منداڵیــم هەمووی لە لادێ‌دا بەسەر بردووە .. لادێ زەوی‌و کێڵگەیە .. ئاسمانە .. یەکگرتن ، بەکورتی لادێ بریتی‌یە لــە سادەیی . ئەوی راستی‌بێ ، مــن سەرم لەوە سوڕدەمێنێ کە هــەندێ کەس پێیم دەڵێن پاڵەوانە هونەری‌یەکانم لە ئەنجامی ئازایەتی شاعیرانەی خۆم‌و توانای داهێنانمەوە لە دایــك بووە ، نەخێر ، من ئەم پاڵەوانانە وەك خۆیان وێنە ئەکێشم ، هەندێ کەس باوەڕی وایە کە ئەو پاڵەوانانە ئاسایی نــین ، چونکە روانین‌و گوێ لێ‌بوون‌و هەڵس‌و کەوتی پڕ لە سادەییان لەم سەردەمەدا جێی گومانە ، بەڵام ئەم هەموو شتانەو سادەیی لە پاڵەوانەکانی منــدا زۆر شتێکی ئاسایی‌یە ، وانیە ؟ !

**※ ئایا چ شتێ زیاتر لەگەڵ تەبیعەتی تۆدا دەگونجێ ، نووسینی شانۆیی ، یان گۆرانی شیعری ؟**

لۆرکا : نووسینی شانۆگەری بەبێ هیچ گومانێك . من بایەخ بــە مرۆڤ ئەدەم من ئەتوانم لە مــاوەی « ١٥ » دەقیقەدا لە هەر دیمەنێ کە لــە بڵندترین چیادابێ سۆز وەربگــرم ، بەڵام من گومانم لەوە نیە کە لە دوای ئەمە خۆم رائەکەم بەدوای ئەو شوانەی کە لە بناری چیاکەدا ئەژی بۆ ئەوەی لە نزیکترەوە لەگەڵیا بدوێم .

کاتێ دائەنیشم بۆ نووســین لە دوای ماوەیەکی تر ، راستەوخۆ ئەو دوانە ساکارانەم بیردێتەوەو بەسەر بیرکردنەوەمدا زاڵ دەبن ، لەو دەمەدا تابلۆیەکی هونەری میللی رەســەن لەدایك ئەبێ . من بۆ خۆم کۆمــەڵێ یادگارم هەیە ، هەتا ئەو شتانەشــم بەبیرە کە لە تافی منداڵکاری‌دا گوێــم لێ‌بوون . تاقە ئەرشیفی هونەری مــن هەستو بیرمەو شتەکانی تریش کــە تیۆری هەمــە چەشــنەو لایــەنی جوانکارین ، ئەمانە هێنــدە گرینگ نین بەلامەوە ، هەتا من بایەخ بەوەش نادەم کە ئایا من نووسەرێکی شارەزام ، یان نووسەرێکی لاسایی کەرەوەم .. چونکە من ئەمەوێ تەنها ، فریدریکو غارسیا لۆرکا بــم

من لەو ماوەیــەدا رووم لــە هونەری شــانۆ کــرد ، چونکــە پەیوەندی‌یەکی تونــدو تــۆڵی بــە جەماوەرەوە هەیە ..

**※ باشە فریدریکۆ تۆ لەو باوەڕەدای کە هونەر پێویستە لەگەڵ گــەلدابێ ، بگری کاتێ گــەل دەگری ، پێ بکەنــێ لەو دەمەدا کە گەل پێ‌دەکەنێ ؟ لۆرکا : ئێستا هیچ بنیادەمێکی راستەقینە مەزەندەی وا نیە کە هونەر لە پێنــاو هونەردابێ .. لــەو ســەردەمە دراماتیکی‌یەدا لەسەر هــونەرمەند پێویستە کە لەگەڵ گــەلدا بگری‌و پێ‌بکەنێ .**



لــۆرکا

من بەلای خۆمەوە پڕ بە دڵ حەز ئەکەم لەگەڵ هەموو چینەکانی گەلــدا تێکەڵ بیم ، من ئارەقە دەرێژم بۆ ئەم مەبەستە ، هەر لە پێناوی ئەمەشدایە لە دەرگای شانۆ ئــەدەم‌و هــەموو هەستێکی خۆمی تێدا کۆئەکەمەوە .

**※ ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە نیشتیمان چمکێکی نادیاری هەیەو ، باوەڕت وا نیە کە سنوور لە نێوان دەوڵەتاندا نەمێنێ ؟**

لۆرکا : من ئیسپانیم لە کەپەکی ئێسك‌و پروسکمەوە ، نا شتوانم ژیان بێنم دوور لە سنووری وڵاتەکەی خۆم ، بەڵام مــن نەفرەت لــەو کەســە دەکەم کەوا تێ بگات ئیسپانی‌یە هەر لەبــەر خاتری ئەوەی لە ئیسپانیادا لەدایــك بووە . من برای هەموو بنیادەمێکم .. خۆم بە شەرمەزار دێتە بەرچاو کاتێ ئەبینم هەندێ کــەس بەشــێوەیەکی کوێرانە قسە ئەکەن .

**سەرچاوە**

**لە ژمارە (١)ی ١٩٧٥ی گۆڤاری ـ ئافاق عربیە ـ دا باسێکی درێــژ بڵاوکراوەتەوەو ، گفتوگۆکەش لــە گــۆڤــاری ـ لافۆنس ـ ەوە وەرگێراوە**

# ئۆپەرێتی خۆشەویستی

سلام محمد

کــۆرس
نە سەرەتا … ، کۆتاییــە
نە کۆتایی … ، سەرەتایــە
سەرەتای گشت کۆتاییەك ، کۆتاییە
کۆتایی گشت سەرەتایەك ، سەرەتایــە ..

دەنگی دەرەوە
دڵــدارەکەم ، برینێکی جێهێڵراو بوو ..
خوێنی هەناسەی شیرینم ، بۆی کردە مەلهەمو دەرمان
دڵۆپ ، دڵۆپ .. رژامە ناو دەمارو سیەکانیەوە
رووناکیم کردە ملوانکەو لە گەردنی شەوە تاڵەکانیم ئاڵاند
لە ورشەی سپیو .. وشەی جــوان
دەیان پەیکەری ناسکۆڵەو رەنگاورەنگم بۆ داتاشی
بەهەشتی خوام ، گواستەوە کوورەی هەناوە غەمبارەکەی
وای لێهات بووە هەتاوێ
چی مانگو ئەستێرە هەیە لە شەپۆلی تیشکی گەرمیا
ئەخولانەوە

● ● ●

کەلاوەیەلابوو ، ناومنا : کۆشکی پیرۆز
دانە دانە ، دەنکە زەنگیانەی ئازارو خەونەکانم
یەکیان گرتو بوون بە پەرژینی کۆشکەکەم
وەفام بە دەرگا ، دڵیشم بە کلیلێکی نهێنی ..

● ● ●

نە رێگای هەبو ، نە هەوار
هەنگاوە شێواوەکانی ..
بە هەوادا ، بەرەو ئاسمانی خەواڵوو کۆچیان ئەکرد
وا چەقی بــوو
نە ئەیتوانی بێتە خوارێ ، نە زیاتر بەرز بێتەوە
تەمەنی خۆم بۆی کردە پرد ..

دەنگی ناوەوە
نەمئەزانی ، ئەگەر برینی جێهێڵراو بکەم بە تیشك
خۆم ئەســـووتێم ..
کەلاوەی کۆن بکەم بە کۆشك
گشت کلیلێك ئەیکاتەوە ..



کۆرسی یەکەم

عەشق ئاگرێکی سەوزە
عەشق ئاگرێکی تووڕەو زۆر بێدەنگ‌و باڵا بەرزە
عەشق گڕی بەفر نییە
هەتا بە دووکەڵی دۆزەخ بتوێتەوە
ئاگرێکی ساوە نییە بە ئاوی خەم بکوژێتەوە ..

کۆرسی دووەم

لە نێوانی من‌و تۆدا ، ئەی کچی لاوازو چاو فووڵ
ژیان زستانێکی رووتە ، سەرمایەتی‌و ..
پەنجەکانی وەکو منالێکی هەتیو ..
وەکو پەنجەی شوانە وێڵەی شمشاڵ ژەنی مەمک نەدیو
ئەلەرزێت‌و .. سەمای ماچێکی دوور لە لێو
بۆ دەمی دەزگیران ئەکەن ..

دەنگی دەرەوە

بیابانێ‌بوو ، فرمێسکم ئاوی خۆڵ‌و قوم‌و بەردەکانی ئەدا
گریام ... گریام ، بیابانیش بووە دەریا

دەنگی ناوەوە

نەمئەزانی ، ئەوەی تەمەنی بکاتە
پردێ ... بۆ کچێك ، بە سەریا بپەڕێتەوە
شەوێکی ئاڵ :
جنۆکەیەك دێتە خەوی ، تەلیسمی رەش ئەشکێنێ‌و
دونیای حەوتەمی دڵداری نیشان ئەدات
دونیای حەوتەمی دڵداری پارچە سەهۆڵێکی زبرە
لەناو مەنجەڵی کولاوی دوا پەرداخی نیوەشەوما مەلــە
ئــەکات

کــۆرس

کە بولبول لە گوڵ یاخی بوو
کە گوڵ لە شیلە یاخی بوو
کە شیلە لە لێو یاخی بوو
کە لێویشی لە ماچ یاخی بوو
لە نێوانی من‌و تۆدا ، ئەی کچی لاوازو چاو فووڵ
دڕکی مەرگ شین ئەبێت ...

● ● ●

# پایزی ئیسپانیا

## گوشاد حەمە سەع

● بۆلۆرکا ●

گەڵا وەری ، دوا مەلی ئەم وولاتە ، لەم ئێوارە ناوەختەدا
سەری هەڵگرت
بۆ ولاتی گریان‌و نان ، رەشەبا دای لە شەقەی باڵ
ملی دێی گرت
پووشی هێلانە رژایە سەر شەقامی مەرگ
شێتانە قژی چناری دەسکەنە کرد
چۆلەکەکان ئاوارە بوون ، بەدوای دڵیاندا دەگەران
پەپولەش لەسەر چڵەکان چاوەڕێی پایزی دەکرد

● ● ●

گەڵا پچڕا لە چڵە دار
فرمێسکیش لە چاوی روبار
بۆنی خەزان ، ژانی وەرین ، رژایە سەر ، تارمایی ئـەم
ئێواریە
کچە قەرەجەکانی کەنار قورتوبە
پاش شەکەت بون لە سەمای ( ترۆبادور ) لـە دەوری
مەشخەڵی ئاگـر
دانیشتبون ، لە چاوەڕوانی ( لورکا )دا گوێیان دەگرت

● ● ●

( لورکا ) ئەی هەوری هەزارە رنگی دوای گریانی ئاسمان
ئەی کۆچی قازو قولینگی نیو شەوان
بەهار بەدوای هەناسەتدا هەنگاودەنێ
هەورەکان لە دەوری سەری تۆ دەبارن
لە کوێی ئەسپەکەت تاودەیەسەر ئەم رەشەبایە
لەم وولاتە بێ‌ڕەتێنی
دوا ئاوازی ( گیتار )ەکەت
بەگوێی کۆچی ئەم ئێوارە نامۆیەمان بچرپێنی

● ● ●

ئاخ .. دەترسم کە ئەو ( با )یە دوا هەناسەی لورکابێ
هەوری ئاڵی ئەم ئێوارە کراسی خوێناوی لورکابێ
وا مەلەکان بۆ ژێر باڵم کشانەوە
فەتار .. فەتار گەواڵە پایزیەکان بەرێ‌کەوتن
تاکو ئێستاش چاوە روانم جۆگەلەکان هەواڵێکی
تۆم بۆ بێنن

# پەری

ئەژی گۆران

کە نەبێ چلێ ، لەبەر تریفەت ...
گەردنی زەردی بەلارەوەخا
ـ تۆ بۆچی هەڵدێی ؟ ! ...
شەوگاری پایز ، بەچی تەی ئەکەی ..
ئەی مانگی چواردە شەوگەی ، هەتاگەی ! ..
کە نەبێ کوانوی کۆشی کرو کاڵ ...
بزسکی چاوی لە کۆشی خەم کا ..
تۆ بۆچی هەڵدێی بە ئاسمانەوە ..
تۆ لە کوێ دێنی ئەم رەنگە زەردە ـ
زەردی هەتاکەی ! ..
ئەوەتا بەهێ لە بن هەنگڵی پەلی درەختا ...
باسی دەستبازی ، جێ ژوان ئەکا ..
قەڵبەزە یەخەی تاوێری دڕی ...
کەنەی‌دی شەوێ ...
پەری خانی جاف ...(۱)
لەبەر پلوسکیا پرچی شانەکا ...
ئای لە پەری خان ...
کە پرچی جوانی ، شەوسو تەرنەکرد
گزنگ لەسەر شان ...
دنیای پڕنەکرد ...
ـ خۆزگـە بەیانێك : ـ
دوای سەفەری شەو ...(۲)
ئەی مانگی وێڵی لێکدانەوەی خەو ...
(( ئەتدا بەگوێما شنەی باسی ئەو ..(۳)
لەهەر بوارێ کە دێتو ، دەچێ ...
بە زمانی کێ شەو ئەکاتە خەو ...

# سەرەتای ئەوینێکی سەوز

شیعری : جەباری حاجی کەریم

دنیایەتر بە نهێنی لە قوڵایی چاوەکانتا دەژی
گڕی هاڵەی قرچە لە گیانی ئەم بارانە سەوزەش دێنێ
لە دڵێکی بچوکا ئەم هەموو نازەت پێیە ..
دڵت بەهاری نازە ..
بە گەلاّمێوی چەمی جوانیتەوە بەرسیلەی خەمی سەرەتای
ئەوینێکی گەورە دیارە ..
ئەو دڵە بچوکەت هێنی کێیە .. ؟
خونچەی گیانی پیرۆزت
بۆچ کورە هەژارێ دەپشکوێ .. دەبێتە چرا .. ؟

● ●

نەتۆرێی لەو هەوا تۆزی پێیە ..
ئەوە خۆتەمێشی لێوی کوشتەی بالاّی تۆیە !

● ●

بینینە گوڵیەکانت
دڵ پەپولەیی دەکاو بەسەر چڵی ئاوازی باخی شـــەدە
زەردەکەتەوە
دەیانمرێنی ..
مردنی بێ زەوی‌و ئاسمانی بۆساتێ بینینتە .. !
مردنی بێ هەتاوو دەریایە بۆ کەمێ پێکەنینتە .. !

● ●



# هێرۆ

عبدالکریم دەشتی

ئەزانم ئیتر ئەمجارە ئەڕۆیتو ناگەڕێیتەوە
ئەزانم ئیتر ئەمجارە وەکو ئاسۆ ،
وەکو خوڕە چەمێکی دوورو ئاوارە
دوا جریوەی ماندووبوونت ئەچرێنێتە دڵی من
چەپکێ خۆڵەمێشی شەوم بۆ جێدێڵیو نایەیتەوە

***

کە زریانی چۆڵی ئەو گوندە دوورانە هەڵئەکاتو
فەریکی دڵم ئەخاتە کەروێشکەی مەرگو کۆتایی
تۆ بێشەلانێکی گەورەی
کێ کەژو چەپەری ڕێگا لە یاد ئەکات ؟

***

تۆ چیـت ؟
خۆ ئەگەر ــ با ــ یت وا من ئەبم
بە پووشی هاموونی کێی ئەم ڕێگایە
تا ئەگەر راشمبماڵێت ، لە ناو لەپی تۆدا ونبم
یا لەگەڵ خۆت بمکەیتە تووی شەپۆلی ئەو دەریایە
بەڵکو تێکەڵی تەمەنی کەنارێ بم
ئەو سانانە لەبەر ئاسـۆی
ئێوارانی کێوو هەردەکانی بنار

هێرۆیێ ئەمگا بە هەوار ،
ئەگەر بروسکەی .. ئاگری
تا منیش وەکو مەلێکی غەریبو تەمەن پەڕیوە
بە سەر ترۆپکی لوتکەیێ هەلبگیرسێم
ئێوارانیش لە سێبەری پەڵە هەورێ
توشی دەنگت بگرمەوە .

***

بۆچی ئەڕۆیت ؟
ئەوەتانێ لە هەوارگەی ماتی ئەوسا
شەو بۆتە پەڵە ئاگرێ ،
بۆ زستانی دووریت ئەگریت
ئەستێرە لە چاڵی کێی ئەو ئاسمانە
بۆتە چڵێ سەرگەرمی خەمو خەمباری
بە سەر قەدی تەنیاییما داڕژاوە
جۆگەلە دوورەکانی ناو ئەم پەڵە شاخو بەردانە
بە دەروونما نایەتە خـوار
تۆ داوای گیانم لێ ئەکەیت
بۆ نازانیت ؟
گیانی منیش خەناوکەیەو بە گەردنی تۆ نووساوە

***

ئەزانم ئیتر ئەمجارە ، ئەڕۆیتو ناگەڕێیتەوە
هەموو ڕۆژێ سەرم ئەکەم بە رووبارێکی غەریبو
شەپۆلت بەدوا ئەنێرم
هەرچی ئەرواو ، هەڵئەچێتو نایەتەوە
بەر لەوەی بڕۆیتو ئاگر لە جوخینی دڵم بەردەیت
وەرە سەرم هەڵگیرسێنە !
با بۆ دواجار دڵم بە خریە لێبدات
بەر لەوەی بڕۆیتو سینەم بسوتێنی
بەڵکو سەرم ، گۆرانیت بۆ بڵێو
دەستم ، قژی هۆنراوەیێ دابهێنێت
قاچم ، شاییت بۆ بکات
چاوم ، پەڵە گەنمی ڕۆژانی منالی ببینێت
لووتم ، بۆنی زەوی بکات

# ئەمجارەش

حبیب قەرەداغی

هەردوو دەستم بۆ هەڵبڕیت
لە هەڵبژاردنی شـارا
ئێستەش لە مۆبەدی تـۆدا
وەکـــو ( حـەلاج )
منەت بارم لەژێربـــارا
من بە کفتیی ئەم ڕێگەیە پشتە سوورم
پاداشتەکەم هەرچییەك بێ
منیش وەکوو سەمەندەرم
خەوەکانم لە ئاگرا ئەدەن لەباڵ
ڕۆژەکانم لە مەنگەنەی شەوی قورسا
ئەبن بەســـاڵ
من داستانی ( فەرهاد )ێکی ئەم سەردەمەم
شیرینەکەم ڕێی ( بیستوون )ی دڵی خۆم
لێ گیـراوە
شیرینەکەم تافەوســانم مۆرکراوە
شیرینەکەم لەناو پەلە گرو دڵا
دەس بۆ هەر شاهیدێ ئەبەم ،
شیرینەکەم لـە داستانی ئازادیدا
ئیتر دنیا چاووراوە
بەفەرمانی ( خەسرەو )ی خرس
ڕێی ئـاواتم لێ تەنراوە شیرینەکەم
ئەوەی بۆ مـن مابێتەوە
جـــووتێ چـاوە
ڕەشماڵێکی خێڵە کـوردە
لە شارەزووری بەهــارا
لەگـوێ ئـاوی ( تانجەرۆ )دا
دوای بارانێ هەڵت داوە
جـــووتێ چـــاوە

ئەمجارەش دوای هەزارجارە
لەناو جەرگەی شاری دڵما ..
ئێستگەکان چوونەتە سەریەك منارە
بەسروودی خۆشم ئەوێبیت ئەگرێنەوە
بە سلاوی خۆشم ئەوێبیت ئەبڕێنەوە
خۆشەویستە چاو جوانەکەم
خۆشەویستە ئینسانەکەم
هەر قەڵایەك وا لە لەشما
خشتەکانی ، لە قالبتن
هەر ڕووبارێك وا لە ناوما
سەرچاوەکەی لە تۆ دایە
ئاوازی گشت بەستەکانم
سۆزی گەرمی ئێوارانی دەروێشێکە
بۆ یەك خـوایە
کە من پەیام ڕووم تێ ئەکات
بە تەرازووی خۆشەویستیی تۆ ئەی کێشم
هەر چەند خەوێکیش ئەبینم
دەرگاکانی بەکلیلی خۆشەویستیت ئەکەمەوە
ئەگەر عەشقیش ڕووی هەر پرسێکم تێ بکات
بە زمانی خۆشەویستیت من وەلامی ئەدەمەوە
کاتێك وەکوو شاعیرێکی ئاگاداری ئەم سەردەمە
کە داخ ئەنرێت بە دڵمەوە هاوار ئەکەم
تف لە خەڵکی دەربار ئەکـەم

نازدارەکەم
شتێك وزەی هەڵسانەوەم
پێ دەبەخشێ ...
دوای گشت نووچێ ...
هەر ئەوەیە ، لە دەربارتا
خۆم شاعیری دەربارەکەم !
لە کۆچەڕێی عەشقی منـا ...
بۆ لای چـاوت ...
ڕێ ئاگـرە ،
لە هەورازی ڕێگەو بانما
دار ئـــاگرە ،
ئەوەتێ تۆ لە دەروونما ئەم ئـاگرەت
ناوەتەوە
هەموو شتێ هەر ئـــاگرە
ئازیزەکەم ، وا چاترە
خۆشەویستە نایابەکەم
ئەگەر ئارام پیرەمەگرون‌و شاهۆبێ
وەکوو عیسا ، بەرەو گردی ( گولگۆسا )ی خۆم
کێشیان ئـــەکەم
من بێ‌مەرج‌و بێ بیانوو

# مارشی تەنیایی

جوهر کرمانج

پەنجەت لەسەر بلوێری عیشقی سەرشێتت هەڵنەگرتبا
هێشتا (( مەیتەرخانیش )) مابوو(١)
لەم وەرزە خەم بارانەدا کۆچ کردنی بەبێ مەیتەر
گرانە ، گرانە .. گران سەرێکی کەت ،
بە هەواری بێ چراخانی ئەم هۆبە ڕەشماڵانە داگرتبا
هەرچیخێڵو خانزادێکی لێ کەوتوەو
دەقنێتەوە ، لەسەر حەسیری بەرەژان
چ باڵدارێکی هێمنو بە ئەمەك بووی
هێلانەشیان بێ جێ هێشتی
تۆ لە فڕین نەبویتەوە هەتا ئاسمان ،
ئاشـنای باڵەکوتەت بوو
دەیزانی لێی نابیتەوە
لە چلەی شەوی زستـانو
لە قرچەی ڕۆژی هاوینـا
دەبووی بە گەردەلوولێ رق
مارشی تەنیایی خۆت بەگوێی
ئەستێرە چاو کزەکانا رادەهێنا
(( شـەو ... هەر تەنیـا
خەو ... هـەر تەنیـا
ڕەو .. هـەر تەنیـا تەنیـا هـاتووم ....
بە تەنیاییش دەڕۆمـەوە
چ بکەم لێم ناگەڕێن جـارێ
ئارەقەی سـینگو مەمانی بخۆمەوە
فرمێسکی سەر ڕووی ئەم زەویە
لە کارێزی چاوانی تۆ قوڵپی ئەدا
لە ژێر هەنگاوی بێ مەودات
تێکەڵ خوێنی دیجلە دەبوو
زەندەی خەیاڵی ئاسکت
جووت بازنیشی تێخرا
هێشتاش بینایت ئەو دیوی
دیواری تەلەسمی دەبڕێ
لەڕێ سەر بەرزی فڕینی هەزاران
باڵنـدەی تـرا
شەوی تارێکت دایە پێش
تا لە ناکاو بووی بە چـرا
چ باڵندەیەکی کڕو بە ئەمەك بوو
لە دارستانی بێ دارو دەوەنا
لە سەر تاشەی بەردی ڕەقو
زۆنگاوەکانی قەراخی زێی دیجلەشـدا
پووشو پەلاشت دادەنا

# ئەزانم ڕۆژێ ئەبێ بەگۆرانی خەمەکانم

نوزیە عبدالله

هەموو ڕۆژێ ئەتبینم ، بە ئاستەم ، بەچرپەوە ، بەبێ دەنگـی
هەناسەی گەرمم ـ هەڵگری نامەی سۆزم ـ بەرەو روت دەنێـرم ..
هەموو ڕۆژێ ئەتبینم وەکو پەپولە بەبێ دەنگـیەوە دەسوتێم
تۆ ئاگریو کەچی لەجێی خۆتا خۆت دەخوێنتەوە
منیش بۆ ئەوەی فرمێسکەکانت بسڕم
لەگڕی کڵپەی خۆشەویستیت نزیك دەبمەوە
کڵپەت هەڵدەمژم ... تویش تاریکی ڕێم دەڕەوێنیتەوە
دەبۆ جارێ ... تۆی ئاگر .. ئاگری خۆ سوتێن
ڕەشیی دەرونم شەقار ناکەیت ....
بـۆ ؟
تۆ ئەزانی روبار لە بێ دەنگی کەناری خۆی تێدەگات
بنار ئاشنای لوتکەیەتی
دڵدار لە داچۆڕانی ئەستێرەکان تێ ئەگات
ئـەزانمو دڵنیـام ...
ڕۆژێ تۆ دەبی بەچولەکەو ...
لە گوێسەبانەی دڵی وێرانەما
ئەی تۆ بۆ بە مـن ناکـەی ؟
خەمەکانم دەکەی بە گۆرانی ..

● ● ●

# مەرگ لە گۆشەی یادگاریدا

عەبدوللا قەرەداغی

شەوگار پرسەی نەمامێکی بۆ هێناوم ، تۆش نەمامی
لە پڕێکا کەلافاوی سەرنجەکەم ،
دەستی بەسەر ئەندێشەما ووردوورد دێنێ
وەکو جاران تۆ ئەبینم
داگیرساوی وەك پەنجەی ئارەزووی خەم
ئەگریو بیانووی رابوردووم لە فرمێسکا بۆ ئەهێنێ
رابوردووشم .. !
خۆت ئەزانی چۆن پێ لەسەر دڵما دانێی
خۆت ئەزانی کام ماسۆلکەم برینی تیا قەتیس ماوەو ..
کەچی هەردێی

● ● ●

ئەمشەو مەرگی خەوم وورێکم لێ ئەگرێتو ..
بەسەر جەستەی بەژین هاتووی دوێ شەوما دێ
مردوو کاتێ بێتە ژیان ،
گوێ لە رازی تەمەن ناگرێو خۆڵەمێشی لێ ئەبارێ
بەلام خەمم بە سنووری مردن ناگاو ..
دێتە خـوارێ
خەمم گەشتەو بای تینوێتیم کەشتییەکەی بەڕێئەخاو .
بۆ تۆی دێنێ
تۆش وا سەرسام لە چوار چێـوەی تەنیـــاییتا بۆی
ئەڕوانیو ..
تێرتێر ئەگریو سروەی تاڵم ئەلاوێنێ
بۆچی ئەگـرێ ؟
بۆ سنووری تاسەکانم بە فرمێسکت ئەنەخشێنی ؟

● ● ●

وا هەست ئەکەم کە سنووری ئەم جیهانەم ،
بووکەشووشەی منالێکەو دەستی تاوان ئەیبزوێنێ
وا هەست ئەکەم دیدەی حەزی ئەم ساتانەم ،
وەکو دڵی رەشەبای شێت ، ..
مەرگی ووزە راچەنینی یادەکانی من ئەبینێ
کچێ گەرچی لە هێلانەی یادەکانما هەر ئەبینرێی
بەلام ئێستا من ئەمەوێ ،
داری هیوای چاوەڕوانیت بنبڕکەمو ..
هاوارکەم : ــ کێی ؟
کەچی کۆرپەت لە باوەشما سەر هەڵدێنێ
دەستی بزەی لەناو جەرگەی رابوردووما ئەجووڵێنێ
رابوردووشـم .. !
ئای کە حەزت کانیاوێکەو ئاوی ئازار ئەگرێتە کۆش
لە هەورازی ئەندێشەما ،
وەکو مەرگێ بۆ خەندەکەم هاتەتووشم

● ● ●

منێ ئێستای چاوەڕوانیم گێژەڵووکەو خواستی ووڕ بێ
منێ کە شەو لەسەر هێلی خواستەکانما لانە بکاو ..
پێکەنینم ئێجگار سڕ بێ
منێ ئێستاش خەو نەناسـم ،
بۆچی چاوی پڕ گلەییت لێم هەڵدێنی ، ..
گەر لە دڵما وێنەی بزەی خونکی گەرت هەڵبواسم

● ● ●

# ئەو شەوەی ئەستێرەی خەم لە جریوە جریو ناکەوێت

مکرم رشید تالەبانی

[ سەر بەردەبازی ڕێتە ، تەن تەختە بەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە ، ڕوح ماڵی خۆتە بیبە ]
« نالی »

ـ بۆ نازانیت
ئەو کانیاوەی .. لە دامێنی
چیاکانی سەوداو ئەوینەوە
هێدی هەڵدەقوڵێ‌و
وای نیـازە
ینووی دڵی خەفەتبارە ڕەنگ زەردەکان
تێر ئـاو کاتو ..
ەناو توو لە ڕێگاکاندا
دەستی ئارەزووی ئەم شـەوە
لە گەردنی مەمك خڕە بێ ئوقرەکان
بئاڵێنێت ؟ ! ...
خـۆی بە تیری
ئەو چاو ڕەشە پێکراوە
کە جارێك لە جاران بۆ کەیف
دەمی ئاوەتە ئەو ئاوە !
کە پەیامی شۆخ‌و شـەنگی ..
لەبەر چاوی خـۆری دڵدا ..
دادڕانـدو
دڵی گەشی ئەو ئاسکۆڵە تاس بردووەی
تێك لەرزانـدو
هەواڵەی نێو دوورگەی غەم‌و
پەژارەی کـرد
[ گەر دەتەوێت گوێم بۆ شل کەیت ..
وەرە گوێی ئەو دڵەت بنێ
بەسەر سنگی ئەم دڵەوە .. !
سابزانە ، دەنگ‌و بانگ‌و هاواروداد ..
هەتا وەکوو کوێ بڕ دەکات ؟ ! ]
ـ ئەرێ دیـوتە ..
رووبارێك .. لە کەناری خۆی یاخی‌بێ‌و
پەنا بباتە بەر شەوی هەڵدێرە پڕ زەردە سیری‌و

پەیکـوڵەکان ؟ !
[ ئەی تۆ دیـوتە ..
رووبارەکان ، کە هەڵدەچن
ئەم کەند ، ئەو کەند ، دادەپۆشن ..
قژی کاڵی کەنارەکان
شـانە دەکەن ...
پەیتا پەیتا ماچی سەوزیش
لەسەر گۆنای لێوارەکان
دەڕوێنن‌و
دەستی سۆزیش بەسەر قژی
خەفەتبارییاندا دەهێنن !
کە لافاوی هەڵچوونیانیش دادەمرکێت ..
ڕێی دێرینی خۆیان دەگرن ..
لە هیچ شـارو شارۆچکەیەك ..
لەنگـەر ناگـرن ..
هەردەڕۆن‌و
هەر دەڕۆن‌و ..
دەست‌و پەنجە ..
لە گەردنی بووکی کەنار ناکەنەوە ! ]
ـ دە پێم بڵـێ ..
بۆ بە عابای نەزانین‌و بیرچوونەوە
لەشی خـۆدی
هیواکانت دادەپۆشی‌و
بیر لەو ڕۆژە ناکەیتەوە
دوو دڵـی سەوز
لە سێبەری گەڵای گەشی دڵداریدا
نوێنی نەرمی خەونەکانیان ..
ڕادەخست‌و
پەردەی ڕەشی گشت ڕقێکیان
دادەدڕاند ! !
ـ ئەی من نەم ووت ..
ئەو خەنجەرەی لە قاوغی
ترس‌و لەرزا
نووکی تیژی خۆی کول بکات ..
خەنجەر نی‌یەو
زۆر پێویستە ، ڕەنگ‌و شێوەی
بسڕێتەوە ..
بسڕێتەوە !

## پەخشانە شیعر

# تــەزوویــێـك

جەزا عەلی ئەمین

دەرووەکان توندتر پێوەدە
تا ژێوان دەبیتەوە
ئەو دڕکانەی لە رایەتی شەوەکانا داتدەچاندن
چاوم لێیە بژۆلیان لێدەگیرێ !

● ● ●

رێحانەکان لە خورێنی دەدوێنی
منیش کاکۆلم راگرتووە
قامکیان بە سەردا بێنی
دەترسی بتگەزێ
تولێی جوانیت بگرێ
لە شاباشی ووشە بەولاوە چیکەم پێیە ؟
رەوە پەپوولەی سپی
لەبەر پێمەوە هەلدەبەزنەوە
پێم وتوون هەلێت گرن
وەك با
چۆن هەورەکان پێش خۆ دەدا
بە بووكت بەرن !
– کچێ ! ووشکە زیخی دەروونمی
بۆ تەڕنابی .. بۆ تەڕنابی

● ● ●

شەو تاوێ تەنك دەبێتەوە
وەك خــۆم
جار هەیە پەنجەکانم نامگەنێ
تیشکەکانی ناو هۆدەکەم بەستبووی
خۆی بۆ لەشی پڕ تینی تۆ داناوە
وەك جوانیت ، بووکێنیت ، بیکەیتەوە

● ● ●

لە پەنجەرەیەکی بەرزەوە
گلێنەکانم دەبنە هەورو
بەسەر رێگای هاتنتا دێن
پاڵ بە دیواری شەوەوە دەنێم
زۆر شووشەی شکاو لە دووی خۆی جێدەهێلێ
لە چاوانتا رادەکشێم

دەبمە ( کانی کەنێرو ) بە ناوگیانتا خوڕە دەکەم
باڵت لێ دەڕوێ
تارایەك ئاودامان دامان دەپۆشێ
باڵەکان پەڕی ئەوین دەردەکەن
بەرت نادەن !
بەرم نــادەن !



کورتە چیرۆکێکی سایکۆلۆجییە

# گەڕان بێ دوای..

عەبدوڵا سەراج

## ١ ـ من و ئەو

[ دەنگدانەوەکەیە. ژان ئێشکگرەو لەخەو راتـدەپەڕێنێ : پەچەکـەت داماڵە . زەنگ .. لەگـەنی مس .] هەزارپێو کولاژدەو حەزیا سەرینمن . [ چەرباو .. بادەی رەوشـتکاریت نۆشکە] پیتەکانیش رەنگیان هەیە ، (ز) مۆرە . ( ۆ ) بۆرە [ ـ ڵ ـ قەترانی رەشە .. زۆڵ .. زۆڵ .. مژت لـە جگەرەیەکی چەور داوە ؟ ] هێلنجم دەداتەوە [ زەوی خڕەو دەبـێ بـە پێچەوانەی سورەکان بێت . ] سەرم دەخولێتەوە [ خاوێنیت لە رەهێلەیەکی ئالدایە ] لە کەنداوێکی چوار گۆشەیدا باسکە مەلە دەکەم . [ جـولانەوەکان گشت بازنەیین ] سێگۆشەیەکی تووکن دیدەکانم دەپۆشێ . [ دەی .. بیکە بە نۆبـەرەی هـەنگاوەکانت ] ژان .. [ سترانبێژێکی ، ووشەکانت زالـوون ... بزنمژەکـن ] خـوێنبەرەکانم دەچۆڕن [ ئەنیمیا ] لە نهێنیی شـەو دەگەڕێم [ یانیش بتوێرەوە رەبەنێکـی بووزی ] تەمەنم کاسێتێکی هـەڕاج کراوە [ بیدە بە تیرۆك ] قوله پامی بێ فەلاقە دەکەم [ کەرەنایە .. مارشـە ، مارسیلیزە .. مەوەستە ] ئەسپێکی بال قاچراووم [ بەڵکو راستو چەپێکی کەنار دەریای ] دەبێ هەبێ .. هەبێ .. هەبێ .. ]

**دەڵێم : خەڵکی ئەوێم ..**

**ئێستێك دەکات .**

**... دەبوایە بە درۆشـمە بمناسیتەوە .**

رەنگی هەڵـدەبزڕکێت . دوو برۆی دەگەنە یـەك . تۆمارگـەی یاداشتەکانی دەبێتە بانۆراماو بیستو چوار ساڵی هەرزەکاریی دەنوێنێ .

دەڵێمەوە : کوڕی تۆم .

دەپەشۆکێت . دەیەوێ لە ئامێزم بگرێت . دەست بۆ باخەڵ دەبەم . یەك .. دوو .. چوار .. حەوت .. دە .. خوێن بازرەقە دەکاتو لە ژوور سەری دەبمە پەیکـەرێکی بێدەنگـی . دەبلیکێتـەوە . پرخـە دەکات . دادمرکێتەوە . دەمەوێ بزانم مردنـی راستەقینە چۆنە .. دایکم چۆن سارد کراوەتەوە . گەرەکمە جارێکی دیکـە لەدایك ببمەوە .

## ٢ ـ بڕیـار

تانەی بەرچاووم وشەیەکـە ، لەبەر دەرگا ، لە دیوارەکان ، لەبن میچی ژوورەکەم ، تەنانەت لەسـەر لاجانگی کلیلەکانیش هەڵکەنـدراوە . سێ پیت ژیانم بکاتە دۆزەخ ! ؟ لـە شێوەی سێ ستووندەی تەڵدڕێـك سنووری بوونو نەبوونە بکێشن ؟ !

ئـەو رۆژە ، لەسـەر ئەنجامی پاڵەپەستۆی ناوەوەمو تەوسو دەمە لاقرتێی خەڵکی ، بڕیارەکە بۆ یەکجاری لەو دیوی مێشکمدا چەسپا . دەبـێ

بیکوژم . بەڵام لە کوێیە ؟ چۆن بیدۆزمەوە ؟ مەگەر بەڕەنگو ڕوواڵەت ئەگینا ، نە ناوی دەزانمو نە جێگای . . ئەی دەشێ مۆری خۆی بە ئاولەمەی ناو منداڵدانەکەدا نەنابێت ! کەوابوو ، با لە خۆم بگەڕێم . هیچ نەبێ کەرتێکی خۆم بدۆزمەوە . بڕیارێکەو داومە ، لە سێدارەشم بدەن پاشگەز نابمەوە . ئای هەر ساتێکم مردنو ڕیسواییە ، هەر چاو تروکاندنێکم سەدەیەکە . .

## ٣ ـ چۆن دۆزیمەوە

لە پاشماوەی بەر مەمکەکان پەروەردە کرام . بە هەموویانم دەووت : دایە . خاڵوانم بێدەنگییان قووت دابوو باوکم دەبێ کێ بێت ؟ پرسیارەکە لەگەڵ ڕۆژگاردا ئاووس دەبوو . خروشتی دەخستە کەوڵمەوە . دەمیخواردەوە . لێشاوی توڕەییم کەروێشکەی دەبەست چاویان لە عاستما ئەبڵەق دەبوو منیش دەمم سەر کڵۆم دەکرد . کە بۆ یەکەم جار وشەی زۆڵ بەر بای گوێم کەوت ، چڕنووکم لە ڕووی قوتابییەکەدا تابلۆیەکی سووری سیریالیم لە پیشانگای پۆلەکەدا هەڵواسی . جارێکی تر . . لە پۆلێکی دیکە . . لە قوتابخانەی ناوەندی . . لە . . تابلۆکان گەشترو ئاڵتر دەبوون . لەهەر مرۆڤێك سڵم دەکردەوە . ڕاداری گوێچکەم بۆ هەر چرپەیەك هەڵخستبوو . دەبێ ڕێنمایەکم چنگ کەوێت . هەر وەکو میکرۆبی تولاریمیا بم ، ئەمو ئەو خۆیان لێم لادەدا . ڕووم لە گەڕەکی دوور دەنا بەو نیازەی سەری گرۆڵەکەم دەسگیربێت ، بەڵکو تروسکایەك ئاستانەی بەر چاووم ڕۆشن بکاتەوە .

**ـ پەلە . . چوار نانی برژاو .**

**ـ شەیتانیش پەلەی کردو چاوی خۆی دەرهێنا .**

**ـ تۆش .**

**ـ کابرا دەڵێی . . .**

نانەواکە ناوێکی بە زارا هات . نەیزانی من کێم . پرسیارم لە ناوەکە کردەوە . لای وابوو سەرگوزەشتەی کۆن شەنوکەو دەکات . کۆشێ پرسیارم بۆ ڕۆ کرد . باڵای ؟ ڕەنگی ؟ پیشەی ؟ جێگای ؟ .

**ووتی : ئافرەتەکەش بێگوناه سەرنگوم کراو ئەو ناپەسەندەش بەرەو خوار هەڵات**

تەنیا جێگاکەی نەووت . دەی ڕێگاکەم کورت بووەوە بەرەو خوار . . بەرەو خوار خۆپرسین پەشم نییە ! ڕوو لە قوڵلەی قاف دەکەم . کەوشی پۆڵایین لەپا دەکەم ، خۆت بگرە قەڵای گەوهەرنگین . شوێن پای هەڵدەگرم ، گوایە دەگێڕنەوە کە برزۆ ناوێك بەستاوبەست شوێن پای دزێکی گەیاندۆتە گەرمیانو لەبەر دەرگایدا چەقیوە ! ! هەر دەیدۆزمەوە . با لە ئێستاوەش خۆی بە مردوو بزانێ . ئای کە بیری لێدەکەمەوە ، سەراپا سێڵەکانم ، دەمارەکانم گرژ دەبنەوە هەر وەك جاڵجاڵۆکەیەکی نەگریس لە ژوورەوەمدا تەونکاری بکاتو بەلیکاو مێشکم بئاخنێ . وێنەیەکم لە مێشکمدا بۆی کێشاوە . خۆ خوێنیش بۆ لای خوێن دەکشێت . لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا ڕێگاکە بووە شورەی چین . کاتیش مستێ جیوە بوو کە بەهەر لایەکدا پەخش دەبووەوە .

## ٤ ـ بەراوردی دوو وێنەکە

دەرگا دەکاتەوە . سەرنجی چاوو بڕۆی دەدەم و لەگەڵ وێنەکەی مێشکمدا بەراوردی دەکەم . خۆمو ئەو دەهاومە دوو تای ترازوویەکی زیڕەنگەرانەوە . گومانم نامێنێ . دەرگای ژوورەکە دادەخەم . پێشەکی نازانی من کێم . هەستێکی باوکانە بە دێوجامەی ڕوویەوە بەدی ناکەم . خۆمی زیاتر لێ ئاشکرا دەکەم . چەند ناوێکی لا دەدرکێنم . هەناسە هەڵدەکێشێ . دەیەوێ باوەشم بۆ بکاتەوە . دەرفەتی لێدەبڕمو دەم کوتی دەکەم . لە سنگی . . لە تەختەی شانی . . لە قوڕقوڕاگەی لە . . خەنجەرە دەبانەکەم لە خەرمانگەی لەشیدا گیرە دەکاتو دووا جار تابلۆکە هەڵدەواسمەوە . دەبم بە پەیکەری قوڕقۆشمین . چۆك دادەدات سارد دەبێتە . دیارە دایکیشم بە هەمان ئەزموونا تێپەڕیوە .

## ٥ ـ ئاوڕێك لە رابردوو

ناوی شارەکەم زانی . ئۆتۆمبیلەکە دڕی بە ڕێگاکە دەدا . خێوێکی ئەفسانەیی بوو کە ڕیخۆڵە ـ قیرتاوەکەی دەقۆزتەوە . دار تەلەکان لە سۆمای چاوما تەتەڵەیان دەکرد . پەلەم بوو . کچێنەی چاووم لە کالانەکەیدا گینگلی دەخواردەوە . تەکانم دەدا ، لام وابوو خێرایی ئۆتۆمبیلەکە پتر دەکەم ! ئای چەند تامەزرۆی ناوچەوانییم ، لە جیاتی سڵاو شەقلی ـ تفێك بەنێو جووتە بڕۆیا دەنێم ، وەك چۆن ئەویش مۆری تووڕەکەی لکاندە جامەکی تەمەنم . خۆزگە تەمەنی ئادەمیزاد پەرتووکێك دەبوو ئەوسا بیستو چوار پەڕەم هەڵدەدایەوە : ( چاپتەری تەفرەدان ) ڕێگاو بانی بە مێخەكو نازناز بۆی ڕازاندەوە . وشەی باڵداری بە نەرمە گوێیدا چرپاند . نەخشەی بۆ دوا ڕۆژ کێشا . ئەنجام : لە شەوێکی بێ ئەستێرەدا کەوڵەکەی داماڵیو بوو بە گورگ . . عەودالی سیوحەوت پلەو نیووەکە بوو ، کە لە منداڵدانەکەدا ، فێی لێهاتو تۆوی خۆی وەشاندو منی بەخشی بەسەر ژمێری شارەکە . ترمۆمیتری چێژەکەی دابەزی . . بۆیە دەبێ لەسەر مەرگیشا فێی لێ بێو ترمۆمیتری ژیانی بکاتە سەر سفرێکی لاڵ .

قرچەی نیوەڕۆ ڕوباری خوێنە . جارێکی تر لای چەپەوە دانانیشم . بەمن بێ پەل بهاوومو ئەو خۆرە لاسارە هەڵدەمە ئەو دیوی نیمچە بازنەی ئاسۆوە . بڕژام . ئەو دووانەش بەچاو دەدوێن ! جووتێ تافگەی قژی ڕەش دەڕژێتە چیمەنی کراسێکی سەوزەوە ، نا ، دیارە دەبم بە شاعیر . سێ چاوەکەی تر خەواڵوون . گوێ بۆ بێدەنگی شل دەکەم . گرژ بوونو ڕاکیشانی کاتە



chalakmuhamad@gmail.com

یوەیەکەیە . ئەوان .. مـن .. ئەم
روانـــە . بێدەنگـــی ژانـــە . ژان
دەنگییە . والێوی خوارەوەی دەخاتە
وتۆی بەرداشی ددانەکانی . لووتێکی
زمانیی سپی . ئـــەویش وەڵامـــی
ەداتەوەو تاڵـــە قژە بزێوەکـــەی
ەگێڕێتەوە مۆڵگەی خۆی . سێبەری
و دزە خەنە بەلێویانەوە دەڕوێت .
ـەر دادەنەوێنم . ئـــا .. لێرەوە
ـەرەتاکە دەست پێدەکات ( کاتێکـــی
ۆشمان بردە ســـەر ) دەس بـۆ
انتاکەی دەبات ( من ناووم ... منیش
ووم .. ئێوارەی ... چـاوەڕوانت
ەبم ) ڕۆژێکی دیکە ، مۆسیقاو نیگارو
ەرزش دەکاتە پێپلیکانەی ژووانەکەی .
مۆمیترەکان دەگەنە چلەپۆپـــە .
ەئاسەیان سوار دەبێتو تۆوی خۆیان
ەچێنن‌و منێك قوت دەکـــــەنەوە
ـەرنجی ئاوێنەکەی شوفێرەکە دەدەم .
ەشێکی رووی دیـارە . لێوێکـــی
ەستکرد . دیارە ئـــەویش تۆزێـــك
وخسارم دەبینێ . پەڵەیەکی شینکار
ێبەر بۆ سیـــــرکی چـاوەکانی
اوەکانی دەکات . وا شانیان تێکـەڵ
وە بە پەیکەرێکی ــ هـەنری مۆر ــ
ەکـەن ! ئەم چـولو قرفـــەیەش
ابڕێتەوە . گەشـەیەك لە تۆی چاویانـا
ەدرەوشێتەوە . کـەی ئـاوی زێ
ەگاتـــە ئێرە ، ــ ئەنجیلـــۆ ــ ش
ـەرکێشییەکەی بە هەشتی کێشاوە
سەرسامیی ئـادەم ــ مارەکـــــە
اوقەدی درەختەکە دەڕازێنێتـــەوە ــ
ەواش بێزووی سێوێکی لاســـوورە
ەکات ) بۆ دەرەوە .. بۆ دەرەوە ..
ووگەڵا دەکەن بە پۆشاك . شوفێرەکە
ێزاریی خۆی دەهاوێتە ناو دوکەڵی
ۆسمانەکەیەوە . دیارە خۆیان بە تەنیا
ەزانن ! سیەیە ! !

ا بە پەنجـەی لـــەرزۆك ئێســـکی
پەراسووی دەخورێنێت . تورەییـــم
ەپەنگێتەوە . ئاوێنەکە دەریای چێژەو
ەمخنکێنێ . دەڵێی هاوار بکـــەم :
اوەستە . خۆ زیاتر دەخزێنە یەکتر !
اوەستە ، ئـــەم دوو حەیشـــۆ

هەڵگێراوانە دابگرە . ئەوسا ئەوچاو
باشقاڵە سەمەندۆك دەکەم و پاساری
دڵم دەدەمەوە . چاوەکان بکرێنـــەوە
کاتی نوستنی نییە . وەرن یۆسفەکان
ئێوەش پەنجە تووتەی خۆتان لە رەنگاڵی
سمتی ئەم زولەیخایە وەردەن . خـۆ
ئۆتۆمبیلەکە کیسەڵێکی ئیسـقادارە !
کراسە سەوزەکەی دادەماڵم ، هێڵێکی
چاڵ بە گازەرەی پشتیا شۆڕ دەبێتەوەو
لە هەورازی پاشەڵیا وون دەبێت . ئێوە
قەرسیل‌و گردی بەفرتان پێکەوە دیوە ؟
چاویان دەپەڕێتە تەوقی سەریـان .
کوڕگەل نۆرەی ئێوەیە . بێدەنگـــی ..
کەی دەگەین ؟ وا زیاتر دەس دەبات !
دڵنیابە لە پەراسووی تۆی نەدزیوە ،
باوەڕ ناکەیت ! لە ژوورە ــ ژووانەکەدا
بۆت هەیە بە پەنجەی چێژ یەکە بـــە
یەکیان ژمارە بکەیت . دەست بـــۆ
لووتم دەبەم . باشـــە خـــاڵۆزا ــ
خاڵخاڵۆکە ، کێ تۆی هەڵـدایە ئێرە ؟
سەرنجی دەدەم ، خاڵە رەشەکانی سەر
ئەو تۆێکڵە جەلاتینە سوورەی چەندە ؟
یەك ، دوو ، سێ ، چوار ، ئەمیش پێنج
ئەرێ کێ ناوی نایت ؟ باشە خاڵۆزای
کێی ؟

لووتی من دادت نادات ، هەڵفڕە
بۆ لای ئاوێنەکەوە ، لەوێ ... بەسەر
لەیما دەکشێت ، وا گەیشتە ســەر
هێڵی چارە نووس . دوکەڵی ڕۆسمان
.. تورەیی .. چاوەبڕکێ .. مێژووی
هەڵبزرکاو .. بوومەلەرزە .. هەردوو
لەپم دەکەمە قەفەزو ددانەکانـــم جیڕ
دەکەمەوە . ماسولکەکانم گرژ دەبنەوە .
هەستم لە خۆم نامێنـێ‌و دیـــواری
قەفەزەکە هەرەس دەبات . سەرنجی
لینجییەکەی ناو لەپم دەدەم .. ئا ئەم
دوو بێ ئابرووانە چـوونە خـــوێنی
تۆوە . سەرم کاسە . هەر دەگـــەم‌و
تۆڵەی بەرو دوواشی لێدەکەمەوە .

**٦ ــ دوو بارە کردنەوەیەکی لەسەرخۆ**

فێی لێدێت . لـــە چەقی خـۆیدا
وەکو تەشییەکی لار دەخولێتەوە . پەل
دەهاوێت . دەم دادەچەقێنێ‌و چرۆی
ووشەکان لە مەلاشوویا دەتاسێن .
گوڵبێنەی هەردوو چـــاوی دەمی
پرسیارێکم لێـــدەنێن . کـــەفێکی
خوێناویش لالفاوەی سوور دەکات . من
دەبمە بتێکی بێدەنگ‌و چاو لە پانتۆمیمی
مردن دەبڕم . چۆك رادەوەشـــێنێ
دەگەوزێتەوە . نوخان لـــە قالییـــە
رەنگینەکە گیر دەکات . لێو دەکرۆژێ .
کپ‌دەبێتەوە . ئەوساش هاوار دەکەم :
مـــن کوشـــتم .
کۆدەبنەوە . ( ئەمـــە باوکـــم
بوو ... ) نا .. نا .. نامەوێ بمرم .
دەستەکانم دەسڕم‌و ســـووك دەرباز
دەبـــم .

**٧ ــ تێبینی**

ئەوی راست بێت ، نەمکوشت .
بۆ ؟ کە باوەشی بـــۆم کـــردەوە ،
بڕیارەکەی ئەو دیوی هۆشم ئاڵەو گێڕ
بووەوە . باوەشی لێم تـــوند کـــردو
دەستم بە مشتەی خەنجەرەکەوە مەیی
تێرتێر یەکترمان گوشی . ووشـــەی
( بابە ) بووە تافگەیەکی زیوین « بابـــە
تۆم خۆش دەوێ » تابلۆ خوێنینەکەی
بەرچاویشم بووە کەوانەی پەلکـــــە
زێڕینەیەکی چواردە رەنگی‌و خۆم بـــە
کۆرپەیەك زانی کە قەنداوی لـــە دەم
نرابێت . لەبەر دەرگاکەش کچۆلەیەکی
خرپن بووکە پەڕۆینەکەی هەڵدەپەڕاند
« تۆشـــم خـــۆش دەوێ ...
بووکۆکەکەتیش » هەنگاووم نا . هەموو
شتێك ئاسایی بوو .. نم‌نم بـــاران
پرشەی دەکرد . « بارانیشم خـــۆش
دەوێ » دیمەنی ڕێگاوبان بە جۆرێکـــی
تر بوو . ئـاوڕم دایـــە . رەنگـــەکان
گەشترو هێڵـــەکان روونتربـــوون .
« ئەمانیشم خۆش دەوێ » جێگاو کاتیش
دایك‌و باوکێکی جگەر ســـۆزەبوون‌و
ناوەوەمیان دەلاواندەوە « ئەم خاکەشم
خۆش دەوێ » وام هەست کرد کە تازە
لە دایك بووم . جا نازانم مرۆڤێکـــی
ئاساییم یان لـــە کـــۆمەڵگایەکی
نائاساییدا دەژیم ؟ هەر چۆنێك بێت وا
روو لە شاری تۆڵە دەکەم‌و یاسایەکی
تری بەسەردا دەسەپێنم .

**کەرکووك**

- ئەو بوو ، بۆ دواجار بڕیاری ئەوەم دا منیش بەلای خۆمەوە جۆگەی ڕایەك تێکەڵ بە ڕووباری بیروراکانی ئەوان بکەم . لە ماڵ هاتمە دەرەوە ، بەرەو ماڵی‌ی کاکەبرا هەنگاوم هەڵگرت. ئەوا ئێستا منیش دەچم . بێگومان ئەویان لێم دەپرسن : ـ ئەی تۆ چی دەڵێیت ؟ ! .

منیش لە وەڵامدا پێی دەڵێم : ـ کاکە منیش رای تایبەتی خۆم هەیە . ئەمجا یەکێکی تریان خۆی دەهاوێژێتە نێو مشتو مڕەکەمانەوە .

**ـ دیارە تۆش وەك ئێمە بە دەست ئەم مەسەلەیەوە گیرت خواردووە ؟ .**

**ـ بەڵێ .. هەروایە .. ئەی منیش لەم گەڕەکەدا ناژیم ؟ .**

**ـ ئێ .. دەکەواتە هەموو ڕێگەیەك هەر بۆ ( بانە ) دەچێت .**

**ـ نەخێر قوربان هەموو ڕێگەیەك بۆ بانە ناچێت ! .**

**ـ ئەی کەواتە بەرای تۆ چی‌بکەین چاکە ؟ !**

ها .. کەواتە بۆ چارەسەرێکی ئەو چی‌بکەینە ناردوویانە لە دروم . باشە تۆ بڵێیت .. ئەوان بەلای خۆیانەوە تا ئێستا نەگەیشتبنە هیچ سەرەنجامێك ؟ . باوەڕ ناکەم . ئەبێ گەیشتبن .

واتە ڕووبارەکە ڕژاوەتە دەریاکەوە .. باشە چ دەریایەك ؟ . ئەو دەریایەی کە تۆ مەبەستتە . باوەڕناکەم کەواتە بۆ جۆگەی راکەی خۆت تێکەڵ بە ڕووبارێك دەکەیت .. کە نەزانی دەرژێتە چ دەریایەکەوە ؟ تا .. هەرگیز من ئەمە ناکەم .. ئەبێ ئەوان بڕیاری چیان دابێت ؟ . با بڵێین . وایان بریار داوە کە خانووەکە لە مەلا بکڕن ، ئێ .. جا مەلا چۆن وا بەسانایی دەستە بەرداری خانووەکەی دەبێت ؟ . با بڵێین : دەستی تەماع سەری قیرسیچمەیی مەلای پانکردەوەو ، خانووەکەی لە دەست بووەوە . ئەوسا پارەیەکی مفتی دەکەنە دەستەوەو ،

محمد رشید فتاح



مەلا خانوو چۆڵدەکات . لەوە بەدواشەوە خەڵکی گەڕەك لە دەست ئاژاوەو شەڕو شۆڕی مەلاو مەلاژن قورتاریان دەبێتو بێ‌خەم سەردەکەنە سەر سەرین . باشە گەر مەلا دەماری کۆنی جوڵاو ، داوای کۆنە خانووەکەی کردەوەو ، جارێکی تریش وەك گیاکەڵە سەری هەڵدایەوە .

ئەو کاتە چی روو دەدات ؟ . ئەمەیە بناغەی مەسەلەکە . لەبەر ئەوەیە من لە ئێستاوە جۆگەی راکەی خۆم تێکەڵ بە ڕووباری بیرو راکانی ئەوان ناکەم من مەلا بناسم ، لەم ساتو سەوایە پەشیمان دەبێتەوەو ، ڕۆژێك دێت ، دێتەوەو ، بە خەڵکەکە دەڵێ : ـ ها ئەوە پارەکەتان .. من خانووەکەم دەوێتەوە . وا نیە .. کێ دەڵێ ، وا ئەبێ .. وا نابێ .. تازە خانووەکەمان لێ‌کڕیوەو بڕاوەتەوە . بابە .. ئەوا هاتۆتەوە . داوای خانووەکەیمان لێ دەکات . خەڵکی شاهیدن خانوو بەیعی نەهاتووە ـ چونکە بە زۆرە ملی لێتان کڕیوە . کام خەڵکە ؟ . چۆن بەیعی نەهاتووە ؟ . تازە ڕۆیشتو بڕایەوە . ئا .. ئەوە نیە چەند کەسێك لە خۆتان .. لەوانەی کە بیرو راکانتان تێکەڵ بە دەریا نامۆکە کرد ، چۆن پەشیمان بۆتەوەو ، دەڵێن : ـ ئۆباڵ بە گەردنمان مەلا لەسەر هەقەو ، ئێمە بەزۆر خانووەکەمان لێ‌کڕی ! .

دە کەواتە من وا ناکەم . جۆگەی راکەی خۆم تێکەڵ بە ڕووبارەکەی ئێوە ناکەم .

لە هەموو شتێکدا حسابی بەرامبەرەکەشی بکە ئەوجا حوکم بدە .

چونکە سەیرکردنی ئەم مەسەلەیە لەلایەکیەوەو ، بەرەڵلاکردنی لایەنەکەی تری . بێ‌سوودە . دە تۆ بچۆو . راکەت دەربڕە . بزانە ئەنجام بەچی دەگات ؟ . بۆ هەر لە ئێستەوە خەریکە هەموو شتێك هەڵدەگێڕیەوە ؟ .

دوو کۆڵانم بڕی ، لەسەری سێیەم کۆڵاندا لووتم بە لووتی ( نادر )دا تەقی‌یەوە .

**ـ ها .. ئەوەتا دەچیت ؟**

**ـ بۆ ؟ .**

**ـ دوای چی .. ئێمە هەموو شتێکمان بڕانەوە .**

**ـ چۆن .. چیتان کرد ؟ .**

**ـ خانووەکەمان لە مەلا کڕی .**

**ـ هەروا بە سانایی فرۆشتی .**

**ـ نەخێر ..**

**ـ ئەی ..**

**ـ ئاخری مێخێکی دیواری حەوشەکەی بۆخۆی هێشتەوە .**

**ـ یانی چی ؟ .**

**ـ کەوت بە قیناو .. وتی : ـ بە مەرجێك خانووەکەم دەفرۆشم .. ئەو مێخەی ناو حەوشەکەی لەگەڵدا نەبێت .**

**ـ ئەوەتان چاك نەکرد .**

**ـ بۆ ؟ .**

**ـ چونکە ئەو مێخە دەبێتە رەگـی گـولی .**

**ـ وەڵلا بابە ببێتە مارەکەی شێخە باسیش .. تازە لە دەسـت مـەلاو مەلاژن قورتارمان بوو .**

ئەو بە پێکەنینەوە لێی‌داو ، رۆیشت منیش دوابەدوا گەڕامەوە ئەوی راستی گەرەك بێ قرەو برەی مەلاو مـەلاژن بێت ئەو شەوە منیش وەك خەڵکـی چاوم چووە خەو . بەر لەوەی پەتی بە ئاگایم بۆ دواجار بپچڕێت . بەخۆم وت : ـ یاخوا هەر وا بێت ! ! .

● ● ●

بەیانی هێشتا گوڵی رووناکی لە ئینجانەی سروشـتدا شـکۆفەی نەکردبوو ، کە دەنگە دەنگ‌و هـەراو هوریایەکـی تێکچـڕاو چاوەکانـی پێ‌کردمەوە . بە پەلە لە ماڵ هاتمـە دەرەوەو ، بەرەو دەنگەکە بەرێ‌کەوتم . لەگەڵ هەموو هەنگاوێکمدا هەسـتم دەکرد . بۆنێکی پیس بەری رێگـەم لێ‌دەگرێت . تا نزیکتر دەبوومـەوە مێشکم زیاتر دەگوشرا . خەریك بـوو بەرەو دوا ببمەوە . بەڵام ئەم دەویست هەروا بە دەستی بەتاڵ بگەڕێمـەوە . ناچار دەستم گرت بەلووتمەوەو ، بەرەو پێش کەوتمە رێ . کە نزیك ماڵی مەلا بوومـــەوە . خـــەڵکێکی زۆرم بەرچاوکەوت . بەیەکا دەهـاتن‌و ، هەریەکەشیان لە ئاشـتێکی دەکرد . نەمزانی مەسـەلە چی‌یەو ؟ چـی‌ی دەڵێن ؟ . هێندەم پێکرا کـە رووی پرسیار بکەمە نزیکترین کەسێك لـەو ناوەدا . کابرایەکم بەردەست‌کەوت ، دەم‌و دەست لێم پرسی : ـ ئەوە چی‌یە ؟ ئەو بەر لەوەی دەسـت لە لووتـی بەردات ، بە منجەمنجەوە وتی : ـ

**ـ هاتـەوە ...**

**ـ یانی چی ؟ .**

**ـ ئەی ئەوە نیە ئەو لاکە توێیوەی بە مێخەکەی ناو حەوشەکەوە هەڵواسیوە**

کابرا لێی‌دا رۆیشت . یەکێکی تر بەلاما رابوورد ، بەدەم بزەیەکـی تەوساوی‌یەوە پێی وتم : ـ ئـەوە بـۆن ناکەیت ؟ .

**ـ بـا ..**

**ـ ئەی بۆ دەسـت بەلووتتـەوە ناگـریت ؟ .**

**ـ ئەی ئەوە نیە دەسـتم وا بە لووتمەوە .**

**ـ کـوا ؟ .**

ئەو راستی کرد لە بێ ئاگاییدا دەستم لە لووتم بەردابوو . بەڵام خۆشم نەمزانی ئەو دەمە بۆ بۆنە پیسەکـە مێشکی نەکرۆشتم ! .. خێرا بـە تەریقی‌یەوە پێم وت : ـ ئاخر تەنگـە نەفەس دەبم .

**ـ یانی چی ؟ .**

**ـ یانی .. مادەم مێخەکەی مـەلا هەروا بە حەواوەبێت . دەبێت لەگەڵ ئەم جۆرە بۆنانەدا خۆمان رابهێنین ! .**

ئەو بە توورە بوونەوە وتی : ـ ئەم قسانە چی‌یە .. دیارە تۆش لەوانی

**ـ لەکێ ؟ .**

**ـ لەوانەی کەوا بریاریاندا کـە ئەم مێخە ئەعلەتی‌یە .. بۆ مەلا بمێنێتەوە .**

بەر لەوەی وەڵامی بدەمەوە لای کـردەوەو ، جێی هێشـتم . شادی‌یەکی کتوپڕی‌ی ناخمی هەژاند . ئای خۆ شکور کەسانێك پـەیدابوون نەفرەت لە مێخەکە بکەن . **دەسا ئەنجا** من لە ئێستە بەدواوە جۆگەی راکـەی خۆم تێکەڵ بەو رووبارە دەکـەم کە مەبەستمەو . دەشزانـم دەرژێتە چ دەریایەکەوە ... لەولاوە نادر لەدووم هات . هەر لە دوورەوە بانگی کردم کە بـەرەو رووی بوومـەوە . وتی : ـ دانیشتوان چاوەڕێتن . لە تەکیـا رۆیشتم . گەیشتینە شوێنی مەبەست خەڵکەکە دیاربوو لە مشت‌و مڕێکـی گەرم‌و گوڕدا بوون . دوای مـاوەیەك گوێ‌گرتن . بۆم دەرکەوت بوونەتـە دوو بەشەوە ، بەشێکیان سـوورن لەسەر ئەوەی کە مێخەکە لە مـەلا بکرن . بەشەکەی تریان دەیانـەوێ مێخەکە لە بنەوە هەڵکێشن . مـن چوومە تەك ئەو بەشەیانەوە کـە دەیانەویست مێخەکە بنبڕکەن .

دوای ئەوەی من راکەی خـۆم دەربڕی . یەکێك لە بەشەکـەی‌تر وتی : ـ ئەی لە شکاتی مەلا ناترسی ؟ .

**ـ شکاتی چی ؟ .**

**ـ چۆن مەلا خەڵك‌و خوا دەناسێ‌و ، تاوانبارمان دەکات .**

**ـ جا ئێوە لە شکاتی مەلا بترسن دەبێ هەروا بۆنی لاکی توێیوو رزیو بکەن .**

**ـ نەخێر ئێمەش لەگەڵ ئەم جۆرە بۆنانەدا نین .**

**ـ ئـەی ..**

**ـ دەمانەوێ مێخەکەشی لێ‌بکرین !**

**ـ ئاخر نایفرۆشێت .**

**ـ تۆ چووزانیت ؟ .**

**ـ دەزانـم .**

لەم کەین‌و بەینەدا بووین . یەکێك بە هەڵەداوان خۆی کرد بە ژووردا‌و وتی : ـ مەلا دەڵێت بـە مەرجێـك مێخەکە دەفرۆشم . کە خانووەکـەم بەنـەوە ! !.

**٤ ـ ٣ ـ ١٩٧٨**

**بیری ئەم چیرۆکە لە حەکایەتێکی مەلای مەشهورەوە وەرگیراوە .**



# پرشنگ

حەمەکریم عارف

کە سەری هەڵبڕی ، تارمایی سێبەری کۆنە قەڵایەك ، گەمارۆیدا .. ( کار لەکار ترازاوە ، دەبێ هەر بڕۆم ، بواری گەڕانەوەم لێ تەنراوە ، دانیشتن قەدەغەیە ، وەستان کەرێتییە ، ئەڕۆم و ... وا چاکە بڕۆم .. ) هەنگاوی لەرزۆك بەکێشی کرد .. نزیك کەوتەوە ، هەناو هەڵدەچوو ، چاو دەفڕی ، زمان لە کرێژ نەکەوت ، لە یەکەم دەرگا ژێر هەردوو پێی بزمار ڕێژکرا .. خرا بەسەر کۆڵانێکی تاریك ..

**– بڕۆ**

وا دیارە ئەم کۆنە تاریکانە لە بری قیر دەبێ بە خوێن سواغ بدرێت .. دەی سارێشەو شانەیان داوەتە دەستم ، باوکم گوم خوارد ، شانەی هەر ناکەم .. سەرم بەگۆڕی هەفتا بابم .. )

بەهەر حاڵێ بوو گەیشتە شوێنێکی دی و دەرگایەکی لێ کراوە ، ژێر هەردوو پێیان دەلستەوە ... تا چۆڕ بڕ بوو ، ئەمجا بە شێنەیی بردیانە ژوورێکی گەورەوە ... لە ناوەڕاستیدا دانرا ..

« بنووسە ، باری سەرنجی خۆت دەخەیتە سەر تابلۆیەکی قەشەنگ و بە نێو چەوانی مۆزەخانەی ئەم جیهانەوە هەڵ دەواسرێت .. » وڕو کاس بوو .

**( خوایە چی دەبیستم ، نووسینی چی ، تابلۆ ! گوێی مەدەرێ ، تا بینایبت بزمار ڕێژ نەکراوە ، بڕوانە ، چونکە دڵنیابە ، بیلبیلەکانیشت دەبن بە تەختەی تابلۆ .. ئەو ماڵانەش کە لەوێدا هەڵیانداوە بار دەکرێن .. بەڵام کێ دەتوانێ باریان بکات .. )**

چاوی گێڕا ، ئەم دیمەنانە بە ڕوویەوە پێ دەکەنین .

[ کارمامزێکی نامۆ ، لەسەر هەردوو پاشوی ڕاگیرابوو ، مەیموونێکی سەربەگۆیەنگ ناولنگی خۆی دەلستەوە ، پارچە مەچەکێك کرنۆشی بۆ دەمەداسێکی سوواو دەبرد ، کۆنە قەوانێك ناڵە ناڵی بوو ، دەڵە سەگێك لە تەرەکینا بوو ، کچێکی ئەفلیج ئاوی دەزایە دەم ، ژنە لادێییەك وانەی سێکسی بە کوڕە شارییەك دەوتەوە .. ]

**( تۆ بڵێی کەسێکی دی ڕێی کەوتبێتە ئێرە ! ئەی بۆ نەکراوە بە یاداشت ! ؟ یان بە تابلۆ ، نەکراوە ، نەکراوە .. ڕەنگە ئەو ڕێبوارەی ڕێی کەوتبێتە ئێرە نەخوێنەوار بووبێ ... شاعیری نەخوێنەواریش بووە ، دەی سا بەسەلامەتی نەگەڕاوەتەوە ئاوەدانی ! )**

هەستایە سەرپێ ... قێزی لە خۆی ، لەبوون دەکردەوە ...

**( بونەوە هەیە ، بەڵام بوون و نەبوونی من ، دوو ڕووی یەك پارچە دراوە ، پێش ئەوەی بگەمە ئێرە ، دوو هەواڵ بەسەر زارانەوە بوو ..**

١ – زەلامێك خۆی کوشت و چواریش چاوی خۆیان دەرهێنا .. نەشپاڕانەوە

٢ – زەلامێك درایە بەر گوللەو دەمی بۆ دوا چۆڕەکانی ژیانی دا نەپچڕی ..

دەرگاکان هەموو کەوتنە ناو یەك ، ڕێی دەرچوون کوێر بووەوە ... هەنگاوی نا ، یەك دوو بەیازی هەڵکوڕوزاو بە ڕۆکیان گرت « بمان بە لەگەڵ خۆتا ، بەکەڵکت دێین » .

بەنا بەدڵییەوە ، هەڵی گرتن .. هەنگاوی نا ، پەرگەمای کەلاشێك ڕێی پێ گرت .

**« هەڵی بگرم .. نەگرم ... بگرم ... نەگرم »**

هەڵی نەگرت ، هەنگاوێکیتر ، کوانەیەك لێی ڕاست بووەوە ...

« ماندو نەبیت خاڵە...خاڵەگیان ، لام وایە ئەمجارە دەگەیتەوە دوورگەی ئاوەدانی ... بەزەردەشت بڵێ ... هەر چەند نازی ئەومان لێ بڕاوە ، بەڵام ئەمەکداری جارانمان زیاتر بووە نەك کەمتر »

« تەختەیەك ، چەند فلچەیەك و پاکەتێ بۆیاخ ، پێرێ لە هەڕاج‌خانەکەی ژیاندا کرنۆشیان بۆ تابلۆیەکی زامدار دەبرد ، ئافرەتێکی جوانکیلە بە دووی دڵ خوازەکەیدا وێڵ بوو ، لە بیابانێکا ئەژدیهایەکی تووش‌بوو ، دەمی خستە ناو ڕانییەوە ، ترس هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە ، مامکی تیاترۆی چاوەڕوانی خوێنی دەڵان » .

( ڕاستە ، کە من بەرێ کەوتم لەویش خوێن دەباری ، بیرتە پاسەکە ڕاوەستا ، زەلامێك دابەزی ، هەنگاوی دەنا ، نەیدەزانی ، ئەوەی لە مێشکیدایە زۆڵە ، حەرام

زادەیە ، دەبێ لەگۆمی خوێندا بسمیل بکرێت .. گۆمی خوێن لە شادیدا بوو ، کەنار رازاوە بوو ... سەماکردن ، گریان ، گۆرانی ، ژان ، خەلەتاندن ، مردن ، چاوەڕوانی بوو .. )

هەستا ، تەزوویەکی سارد ، سەرپای گەرم راهێنا .. ووردە شەپۆلەکان یەکیان راودەنا ، دەیانویست یەك بگرن ... دەگەیشتە یەکگرتن .. بەبالای تاقگەدا شۆڕ دەبوونەوە ، لێك دەترازانەوە ، یەکیان راودەنایەوە .. لە پێچێکا هەوارگەی ماچیان دەخست ، دەمیان لێك نەدەئالا ، دیسانەوە راکردن .

لەم خەیالانەدابوو ، چاوی هەلێنا ، دی ، خەونێکی سەوز بەسەر تەویلی تاشە بەردێکی پیرەوە دەیئالاند .. چووە پێشی ...

**( شەقام ، شەقامی خوێنە ، مەرگ یاساوڵە ، سەرای بوون هەنگاوی دەوێ ، هەنگاو بیری دەوێت ) .**

ئەو ژوورەی جێ هێشت .. سۆمایی داهات ، گوێ شوێنی چاوی گرتەوە .. چاوی گوێ ئەم تابلۆیەی وورد دەکردەوە ..

**[ فایلی ئەم کردارانە ، گرێ کوێرەی دەست بوون ، وا کەوتوونەتە دان ئەم هەنگاوانە ئیفلیج بوون ، کۆڕی پزیشکەکان دەستەو ئەژنۆ کرنۆشیان بۆ دەبردن ] .**

تەزوویەکی گەرم ئازاری گیانی سڕکرد ... هەر لەوێدا ئەم بڕیارەی مۆرکرد ، وێنەیەکی لێ ناردبۆ دەسگیرانە خۆشەویستەو دەولەمەندەکەی ( لەگەل چەخماخەی ژاندا ، هۆنراوە نوێیەکەمان لەبار چوو ، تەلاری ئاواتی بێ خەبەران هەرەسی هێنا . )

فەرهەنگی فرمێسکی بێ دەسەلاتی ، تابلۆیەکی نەزۆك بوو ، بە باوەشی نەرمو نیانی ئافرەتێکی ئابرو مەندەوە .

# شەونخوونی

• غفور صالح عبدالله •

ئەستێرەکان دەبوونە چەند ووردە خالێکی تیشكو بە شووشەی کاتژمێرەکەیەوە دەچریسکانەوە .. کاتژمێرەکەش بە گاڵتە پێکردنێکەوە دەکەوتە پێش برکێ لەگەل ئەودا ، درێژەکە وەکو نەخۆشێکی ئیسقادار بە بێزاریەکەوە بێ ووچان ئیستگەی ژمارەکانی دەشێلا ، .. وەڕس بوو ، هەردوو ئەژنۆی لە ئەسفەنجەکە توندکرد ، تەزوویەکی خەست زەڕەبینی گلێنە خەوالوە بێ ئارامەکانی لستەوە .. جگەرەیەکی دەرهێنا ، وەکو ملی چۆلەکەیەکی مردو هەلکێشێ فلتەرەکەی بچڕاند ، تەلێك شقاتە ، گرێك ، بە دووکەلی بارووتە سووتاوەکە گەرووی کەرخ بوو ، یەك دوو نەرمە کۆکەی تووتن زمانی تۆزاندەوە ... چەند جارێك بەلێنی دابوو خۆی لە جگەرەکێشان ببڕێتەوە ، بەلام ... هەیهوو .. بە دووکەل چاوی کردۆتەوە رۆژ لەگەل رۆژدا لە خوێنیدا دەتەرەکێن وزازوێ دەکەن ...

ئەرخەوانی گۆڕستانی دێیەکە دەبوە تارمایەكو بێدەکەنی ، لقو پۆپەکانی بۆتە دوو بەشەوە و تیلەی سەرنجەکانی دەقۆستەوە .. بە تەنافی خەیال دەیان ئافرەتی رووتی لە مێشکیدا هەلدەواسیو لیکی نەوسێکی بێ شەرمانە کاوێژی پێدەکرد .. ئارەزووی خامۆشیی لە سەرەتای شەوێکی ئاوسی ژانگرتوودا کڕنۆش دەباو بە تریفەیەك سەرزەنشتی شتە وردەکان دەکات ، .. دەیڕوانییە سەربانە بێ پەرژینەکان .. تەنها گەلای شۆڕەوەبووی درەختە چڕو رووتو زەردهەلگەڕاوەکان دەلێی کۆمەلە مرۆڤێکی لە برسا هەلتروشکاونو بوونەتە تەمێکی خۆلەمێشیی سێبەری ریزە کیوە بەرزەکە .... ئەگینا خوای ئارامی لە هەناسەی کفتو شەکەتی ماندوو زەحمەتکێشاندا فرمێسکی بەزەیی دەبارێنێ .. چاوی بڕیوەتە

پەیژەی ماڵەکەی ئەوبەریانەوە ، بزوتنی‌و خشەی جاجم‌و لێفەکان بە دەزووی جاڵجاڵۆکەی حەپەساویەکەی بەرەو ناخی هەڵێنەکێشا ، دڵی دەبووە ماسی‌یەکی سڕو بە شەپۆلی خوڕپەکان تلی دەدا ، بەسەرینەکە ئامێزی گەرم دەکردەوە ... « تەمەنی مرۆڤ سەرانسەر بڕگەیەکی چاوەڕوانی‌یە ..» ئەمە زەنگی ووتەیەك بوو نەیزانی .

بیستوویەتی یان لە کتێبە رەنگ زەردەکاندا خوێندویتیەوە ، .. دەبێت ئەنجامی ئەو خۆشەویستی‌یە گومان لێ‌کراوە بێت چەند ساڵێکە پێوەی باوێژگ دەدات کە لە ناوەوەی وەکو دڕندەیەك دەمی لێ‌دابچڕیوە ... ، بە تەوسەوە بزەیەکی بۆ هەڵبرزکاند ، میلی رادیۆ کەنەفتەکەی بەڕاست‌و چەپدا وەرچەرخاند ، .. مۆسیقا ..... زەلەو بۆلە ... خشەخش .. گورانیەکی رۆژئاوایی دایچەلەکاند .. خێرا پەنجەی تووندکردە سەر ملی دەنگەکە و بەرقێکی شپرزەوە دەمی گۆرانی بێژەکەی سەرکلۆم کرد ، ... پنتکی تیشکی بچکۆلەی چەمووش بە ئاسمانە ژەنگاویەکەوە خۆی دەگەوزاندو رەوتی ئەستێرە سستەکانی راودەنا ، لە سنووری تێ روانینە ئەستوونیەکەی گوزەری دەکرد .... ! !

✻ ئەنجامی دەسڕێژ کردنی رەگەزپەرستەکان بۆ سەر یەکێك لە کلیسەکان قوولەڕەشێك کوژراو چەندانیش برینداربوون .. (!) گۆرانی ... مۆسیقا ... دەنگ‌و باس ... هاواری سەر شانۆی ئەکتەرە چەنەبازەکان ، هیچی نەدەبیست جگە لە خشەو زەلەو بۆلەی ئیزگەکان .. میترۆکە وەستاو دەنگەکانیش کپ وون ... حەپەی گەلە سەگ نیشانەی گەمارۆدانی رێبوارێکی ماندووی شەوانی لادێ دوورەکانە ، هەستی دەگرت ، ئاگای لە رووداوە وردەکانی دەوورو پشتی خۆی نەدەما ، ..

ئەستێرەیەك ... دوو ... سێ ... دە ... بیست ... « ئۆهۆ » وەکو منالێکی گەوزو تەمەڵ تازە ماتماتیك فێر بوبێ زمانی قەمچ دەبوو ، سەر لە نوێ دەگەڕایەوە وێژەی ئەستێرە گەورەکان‌و دەیژماردن ... « پەنا بردنە بەر پەرستگای خۆرو ئەستێرەو هێزە نەبینراوەکان بووکە شووشەی دڵدانەوەی ئەو کەسانەیە بەبێ رەزامەندی خۆیان ژیانیان بۆ هەڵدەبژێرن » ... پەنجەکانی لە ژوور سەرە گێژەکەیەوە تێك دەئالان‌و دەبوونە پێوەری تریە تریەکانی ماسولکە وردەکانی ناوەوەی مێشکی ، ژماردن ، ... پێوانە کردن بوونەتە رەفتاری ئەم شەوە نەگریسەی ، .. خۆی گرمۆڵە دەکرد ، دەبووە گڕۆڵەیەکی پەتی شل‌وشاو دەکەوتە لێژی‌و خل دەبووەوە ... دەیویست ئاسمان بگرێتە کۆڵەوە بۆ دوورگەیەکی هێمن تێ‌ی تەقێنێ ، کەچی وزەیەکی موگناتیسی رایدەکێشا بەسەردەمدا .

چاوەڕوانیەکی ئاڵۆشاوی چاوی بڕیوەتە هەنێسکی زامەبەسۆکانی‌و ختووکەی رێخۆڵەکانی دەدات ... بەگریانی منالە بەرمەمکەکە راچەنی ، هەردوو پەنجەکەڵەی تەپاندە گوێکانییەوە « هەموو بچووکێك زادەی گەورەیە ،هەر بە تەنها گریانی بچووك دایکی گریانە گەورەکەیە » ... دیسانەوە سەری لە دووتۆی سەرینەکە نوقم کردەوە ، تەنگەنەفەس بوو ، وای هەست دەکرد خرچەخرچی قوومی تێ ووروکاوی پێڵوەکانی دێتە گوێ ، .. لە گوێسەوانەو خشتی دیوارەکان خێسەی دەکرد .. بەنجی لەشێکی نەرم‌و گەرم مێخی دڵ‌و دەروونی دادەکوتاو لە بڕبڕەی پشتیەوە بەزەویدا روو دەچوو ... لەوەتەی خۆی ناسیوەتەوە رێکەوت‌و ناکاوی دور مەدالیایی گەردنی ئاواتە سەر کوێرکراوەکانیەتی

**ـ هیچ رێگەیێ پێ‌ی نەگرتیت ؟ ..**

**ـ تەنها ترسی ئەم خۆشەویستی‌یە نەبێت ! !**

تەمەن ، بیرکردنەوە ، دادپەروەری ، ژیانی ئاسوودە ، هەموری کوێر دوومەڵی چڵك‌وکێم‌و لە شانەی سی‌یەکانی گیر بوون‌و هەڵدەزەبێن . شین‌و مۆر دەبنەوە ..

**ـ تەنانەت لە شار بە چاویش ناتوانین یەکتر ماچ‌کەین ! !**

**+ ئم هـ هـ هـ هـ هـ ! !**

**ـ هەر کە موچڕکەی ژانەکەم دامدەگرێ ، نازانی چ قەلەڕەشێکی لاسار بە سەر لاشەی وێژدانمەوە باڵەفرکێ دەکاو دەقیژێنێ .. ( دەستێکی بەقژە کاڵەکەیەوە هێنا ) بو جاری سەدەمین تۆ فەرامۆش دەکەم ..**

بایە تیژەکە چاوەکانی سوور هەڵگەڕاند ، بەشنەی ووشك بوونەوەی ئارەقەی لەشی دادەهێزا ، پرچەکەی گف‌و تەڵ تەڵ .. کپ دەبوەوە ... تەزووی ختووکەیەك لۆچە درشتەکانی تەوێڵی دەپێکا ...

**+ منت خۆش‌ئەوێ ... ؟**

**ـ ئەستێرەش بۆ خۆشەویستی دەسووتێ ، دڵداریش دەکەن ، بێ‌ئەوەی بزانن زەماوەند دوا قۆناغە ، کە دەبینی ئەستێرەیەك دەکشێ واتای خۆکوشتنە ، چونکو ئاسمان لەژانی ئەستێرە ناگات ، دەبی تەونی وەرزەکان هەڵوەشێتەوە ، بۆ ئەوەی جاریکی‌تر هەورە دەغەزارەکان رووبەری شینایی ئاسمانیان لێ‌نەگرێ ...**

**+ .... ( ! )**

گەرمایەکی شێدار لەشی خاوو دەکردەوە و چاوە رپۆقاویەکانی هەڵدەگلۆفت خۆرەکە لە چارەکێکی ئاسماندا یاریەکی خواهانەی سازدابوو ، ئاورێکی تەنیشتی خۆی دایەوە ، بۆشایەکی سەرشێتی دەنواند .. بە پەلە دەستێکی هێنا بەخوێدا بە پەیژەکەوە شۆڕبوەوە ...

# کەرێکی زیرەك

چیرۆکی: عەزیز نەسین
وەرگێڕانی: عبدالکریم شێخانی

**لە زەمانی کۆن ، واتە لەسەردەمی ( دقیانوس )دا کە حوشتر جارچی بوو ، و مشك سەرتاشی‌یان دەکرد ، لە ئەفەریقا ، لە شوێنێکدا کە باپیری ( موسی چۆمبی گیابیاو ) فەرمان ڕەوایی دەکردو خەلکی ئازاردەدا ، خەلك لە دەست زولمو زۆری بێزار بووبوون .**

هەرچەندە لە هەموو لایەکی ئەو وولاتەدا ، زەوی‌و ئاوی زۆر هەبوو ، خەلکێش هەر لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە لەبەر ئیش‌کردن گیانیان دەردەچوو ، کەچی کەس نەی‌دەزانی بۆچی هەموو ساڵێك قات‌و قڕی‌و نەبوونی لەو ناوچەیەدا بلاو دەبووەو ئەو خەلکەی ناڕەحەت دەکرد . لە ئەنجامدا ، دانیشتووان هاواریان لێ‌هەلسا . فەرمان ڕەوا کە نوقمی خۆشی‌و رابواردن بوو ، و تاوێك ئافرەتە رەشەبەری رووەکان‌و لێوە ئەستوورەکانیانی بیرنەدەچۆوە . بەلام لەگەل ئەو هەموو لەخۆبایی بوونەشی ترسی لێ‌نیشت‌و هەستی بە مەترسی کردو بڕیاری‌دا پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ چارێکی کارو بارەکە بکات .

ریش سپی‌و دەمڕاستەکانی دەوروبەری خۆی کۆکردەوەو هەموو ئەقل‌و مێشکیان خستەکار ، هەرچەندە خەزینەی دەولەت بەتال‌و حەتال‌بوو توانیان چارەیەکی باش بدۆزنەوە .

کۆمەلە جارچی‌یەك بەهەموو لایەکی وولاتدا بلاو بوونەوە ، لە دوورو نزیکدا فەرمانی فەرمان‌ڕەوایان بەخەلك رادەگەیاند . لە هەموو شەقام‌و کولان‌و قوژبنی وولات‌دا هاواریان دەکرد :

**ـ « خەلکینە ... دوایی نەلێن نەمان بیستووە ، هەرکەسێ خزمەتی وولاتی کردووە ، هەرکەسێك نیشتمان پەروەرە ، بە زوویی بێتە دیوانی فەرمان‌ڕەوا ، پاداشت‌و خەلاتی خۆی لە جەنابی وەرگرێ » .**

خەلکی برسێتی‌و بەدبەختی‌یان بیرچۆوە ، زۆرو ستەمیان لەیاد نەما ، قەرزاری‌یان خستە پشت گوێ‌و رایان‌کردە مالی فەرمان‌رەوا بۆ خەلات وەرگرتن . فەرمان رەوا بەپێی لێ‌هاتوویی‌و لێ‌وەشاوەیی خەلکەکە مەدالیای ئامادەکردبوو .

مەدالیای نمرە یەك ، زێڕی تەواو بوو . نمرە دوو زێڕکفت‌و نمرە سێ زیوو نمرە چوار بوڕنزو نمرە پێنج نیکل‌و نمرە شەش ئاسنی سپی‌و نمرە حەوت ئاسن‌و دوایین نمرەیان تەنەکە بوون .

هەرکەسێك کە دەهات مەدالیای وەردەگرت بەکەیف خۆشی‌و پێ‌کەنینەوە دەگەڕایەوە مالی خۆی . هەر زوو لە وولاتەکەدا ، نەك تەنیا زێڕو زیو ، بەلکە ئاسن‌و تەنەکەش بەنرخ کەوتن‌و هەموو ئەو کانزایانە دەکران بەمەدالیاو بەسەر سنگ‌و بەرۆکی خەلکەوە هەلدەواسران .

لە شەقامەکاندا کە خەلك دەڕۆیشتن خشەی مەدالیای سنگ‌و بەرۆکیان دەهات . لە هەموو شوێنێکدا . خەلك بە گشتی باسی شانازی و ژمارەی مەدالیاکانی خۆیان دەکرد .

رۆژێك مانگایەکی لاواز ـ کە لە برسانا سکی بە پشتیەوە نووسابوو ـ بەرەو کۆشکی فەرمان رەوا کەوتەڕێ ، چوو بەلای سەرۆك دەرگەوانەوەو ووتی :

ـ بە فەرمان رەوا بلێن « مانگا دەیەوێ بێتە خزمەتت .. » .. دەرگەوانەکان ویستیان مانگا دەرکەن ، بەلام ئەو دەستی کرد بە قۆڕەقۆڕو ووتی :

**ـ خۆتان ماندوو مەکەن ، تا بە خزمەت فەرمان رەوا نەگەم لێرە ناڕۆم .**

لە ئەنجامدا خەبەریان بە فەرمان رەوادا :

**ـ مانگای نۆکەرتان دەیەوێ بە خزمەتتان بگات .**

فەرمان رەوا فەرمووی :

**ـ وازی لێ‌بێنن بابێت بزانم چی دەوێ .**

رێگایان بە مانگادا کە بچێتە ژوورەوە ، کە گەیشتە خزمەتی کڕنووشی بردو بێ‌دەنگ لەبەنا دیواردا وەستا .

فەرمان رەوا پرسی :

**ـ باشە قسە بکە بزانم چیت دەوێ ؟**

**ـ گەورەم بیستوومە کە مەدالیا دەبەشنەوە . منیش هاتووم پاداشتی خۆم وەرگرم .**

فەرمان رەوا هاواری کرد :

**ـ ئەی مانگای بێ مێشك ... ئاخر پاداشتی چی بەتۆ بدەم ! بۆ تۆ چیت کردوە ؟ چ سوودێکت بە وولات گەیاندووە ؟**

مانگا وەڵامی دایەوە :

ـفەرمان ڕەوای گەورە .. کێ خزمەتی لە من پترە ؟ گۆشتەکەم دەخۆن شیرەکەم دەخۆنەوە دەیکەن بەماستو ڕۆنو پەنیرو شتی‌تر ، سوود لە پێستەکەم وەردەگرن ، تەنانەت ڕیخو شیاکەشم بەکەڵکە . بۆچی ئەم هەموو خزمەتە ئەوە ناهێنێ کە پاداشت وەرگرمو مەدالیایەکی تەنەکەم پێ ڕەوا ببینن ؟

فەرمانڕەواکە مرۆڤێکی خاوەن ویژدان بوو ، دیتی مانگا ڕاستدەکا ، فەرمانی‌دا کە مەدالیایەکی بڕۆنزی پێ بدەن .

لە خۆشی ئەو سەرکەوتنە مانگا کلکی کلافەکردو بە غاردان گەڕایەوە ماڵەوە ، لەڕێگادا تووشی ئێستر بوو ، کە ئێستر چاوی بە مەدالیاکە کەوت ، داچڵەکی‌و لە داخا وەختبوو شەق‌بەرێ ، بەڵام هەرچی چۆنێك خۆی‌گرتو ووتی :

ـ مانگای خوشکم ڕۆژباش

مانگاکە بەکەش‌و فش‌و لە خۆبایی بوونی پیاوی گەورەوە وەڵامی دایەوە :

ـ ڕۆژ باش ئێستری برام .

ـ پیرۆزباییت لێ‌دەکەم بۆ ئەو مەدالیایەی کە وەرت گرتوە ، مەسەلە چی‌یە ؟

مانگاکە زۆر بەتامو خوێ هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە ! ! بەڵام هێشتا لە قسەکەی نەبوو بۆوە کە ئێسترەکە بەبێ دوعا خوازی کەوتەڕێ یەکسەر بۆ بەردەرگای ماڵی فەرمانڕەوا . لەبەردەرگا بە سەرۆکی دەرگاوانی ووت :

ـ دەمەوێ چاوم بە فەرمان ڕەوا بکەوێ .

پێیان ووت :

ـ ناکرێ‌و نابێ . چۆن دەبێ هەر ئێسترێ لەڕێوە هات بچێتە خزمەت فەرمانڕەوا ؟ .

بەڵام ئێسترەکە کە ئێرەیی کوێری کردبوو ، بەو سەرسەختی‌یەی کە لە باپیری‌یەوە بۆی مابۆوە دەستی کرد بە جووتە هاویشتن ، لە ئەنجامدا قەرەوڵەکان ناچاربوون ئیجازەی چوونە ژوورەوەی بۆ وەرگرن ... کە ئێستر لە بەردەمی فەرمان ڕەوا وەستا کڕنووشێکی باشی بردو ووتی :

ـ داوادەکەم کە منیش بەپێ بەخشینی مەدالیا بەختەوەر بفەرموون

فەرمان ڕەوا پرسی :

ـ بۆچی ؟ تۆ چیت کردووە ؟

وەڵامی دایەوە :

ـ فەرمان ڕەوای بەڕێز .. لەم سەر زەوی‌یە گەرمەدا کێ لە من پتر خزمەتتان دەکا ؟ لە بیرتان چۆتەوە کە لە کاتی شەڕدا ، تۆپە قورسەکان من هەڵیان دەگرم ؟ ئایا لەکاتی ئاشتیشدا من بێ‌ئیش بووم ؟ سوارم دەبن بارم لێ‌دەنێن ، تەنانەت لەو هەتاوە گەرمەی ئەفەریقادا من جووتتان بۆ دەکەم ئایا ئەمانە هەموویان ئەوە ناهێنن کە مەدالیایەکیش بەمن ڕەواببینن ؟ !

فەرمان ڕەوا قسەکانی ئێستری بەدڵ بوو ، فەرمانی‌دا کە مەدالیایەکی زیوی بدرێتێ .

کە ئێستر لە خۆشیاندا بەجووتە وەشاندن دەگەڕایەوە ماڵەوە تووشی کەربوو ، بۆ ئەوەی کە باسی سەرکەوتنەکەی خۆی بۆ بکات لێ‌ی چووە پێش‌و ووتی :

ـ ڕۆژباش مامەگیان !

ـ ژیانت باش برازای خۆشەویستم !

ئێسترەکە ماوەی نەدا کە کەرەکە بپرسێ مەسەلە چی‌یە ، زوو دەستی پێ‌کرد کە چۆن بە وەرگرتنی مەدالیا شادبووە ، کە ڕەش کە خۆی لە ئێستر بەکەمتر نەدەزانی نەی‌هێشت برازاکەی قسەکەی تەواو بکات‌و لەکاتێکدا کەلەبەر قین‌و تووڕەیی دەلەرزی ، خۆی گەیاندە دەرگای ماڵی فەرمانڕەوا .

قەرەوڵەکان ویستیان ڕێگای پێ بگرن ، بەڵام نەیانتوانی‌و کاتی چاوپێ‌کەوتنی فەرمان ڕەوایان بۆ دانا .

ـ ها جاشەکەر .. تۆ چیت دەوێ ؟

ـ قوربان ئەمر بفەرموون کە بەندەش پاداشتی خۆم وەربگرم !

ئەمجارە فەرمانڕەوا تووەبووو هاواری کرد :

ـ ئاخر ئەوە ( مانگا) خزمەتمان دەکا ، شیر ، گۆشت ، پێست هەرچی هەیەتی کردوویەتی بەفیدای وولات ، ( ئێستر )یش لەسەردەمی شەڕو ئاشتی‌دا گەورەترین خزمەتی کردووین . بەڵام ئەی تۆ ! کەری نەفامی بێچارە چیت کردووە تاکو چاوەڕوانی پاداشت بیت ؟ ! ! تۆ هیچ ئیشێکت لە دەست نایەت .

کەر بە پێکەنینێکی پڕ ماناوە ووتی :

ـ ئەی فەرمان ڕەوای گەورە هەر کەرتوانیویانە خزمەتی باشت بکەن ... ئەگەر کەری وەکو من زۆر نەبوونایە تۆ چۆن دەت‌توانی سواری ئەم هەموو خەڵکە بیت ؟ ! ....

فەرمان ڕەوا تێ گەیشت کە ئەو کەرەی لەبەردەمی وەستاوە لە کەرە زیرەكو زیان بەخشەکانەو ، باشیش دەزانی کە بوونی ئەو بۆ بەردەوامی کاری فەرمان ڕەوا زۆر پێویستە . ئاشکرێت کە هەر بە مەدالیایەکی ووشك ئەو کەرە ڕازی بکات . بۆیە فەرمانڕەوا بە کەرەکەی ووت :

ـ کەری خۆشەویست .. تۆ خزمەتگوزارێکی بەرزی ئێمەی‌و ، قەدرو پیاوەتی تۆ زۆر لەوە بەرەو ژوورترە کە بە مەدالیاك پێی بزانرێت ، فەرمان دەدەم کە هەتا ماوی هەموو ڕۆژێك جۆرێك کاو جۆت بە خۆڕایی لە تەویلە بدەنێ ... بۆ خۆت هەر بخۆو بزەڕەو دوعاش بۆ هەمووان بکە ... بڕۆ خوا منداڵو نەوەت زیاد بکات .

# پاساریەکان

چیرۆك : خالد محادین

گۆڕینی : عبدالوهاب تالەبانی

بۆ ئەوەی پاساریەکە بە خۆی بسەلمێنێ کە خەوی دیوە ، چاوەکانی باش هەڵگلۆفت ، جارێکو ، دوو ، سێ قاچەکانی بە زەویدا کوتاو ، لە جێی خۆیدا باڵەکانی هەڵتەکاند ، سەریشی بەگشت لایەکدا سووڕاند ، تا بۆی ساغ بووەوە کە ئەوەی دیویەتی خەو نیە ، بەڵکو ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە .

ئێوارەش ، دارێکی گەورەی لە ناوەڕاستی باخەکەدا هەڵبژارد تا جێگای نووستنی لە نێو چڵەکانیدا بکاتەوەو ، هەر چەندە پاساریەکان عادەتیانە زوو دەنوون ، بەڵام پاساریە سەرلێ سوڕماوەکەی ڕووداوی دوێنێ ، بڕیاریدا ئەمشەو درەنگ بخەوێ بۆیە ڕۆژنامەیەکو گۆڤارێکی هەفتانەی گرتە دەستەوە یەك بەیەکی هەواڵە سیاسیو هونەریەکانی هەموو خوێندەوە .

بێ گومان ، نەیزانی پێش ئەوەی وتاری بەرگی گۆڤارەکە بخوێنێتەوە ، چاوەکانی نوقاونو سەری خستۆتە سەر گەڵایەکی ئەو چڵەی لەسەری نیشتبووەوەو خەو بردویەتیەوەو بە ئاگا نەهاتوەتەوە تاوەکو سبەینی کاتی ڕۆژهەڵاتی ، کە چاوی کردەوە ڕوانی ئەوەی ئەمشەو ڕوویدا هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ڕووداوی شەوی ڕابوردوودا نیە ، پێش ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەوەی ئەم شەویش هەر خەو بوو ، پاساریەکی مێینە کە زۆری خۆشدەویست لەلای نیشتەوەو لێی نزیك بووەو ، دەنووکی خستە سەر دەنووکیو لەشی بە لەشیەوە نوساندو ، دەستی بەگریان کرد .

ڕووی تێکردو بێ ئەوەی لە بیری بچێتەوە کە خۆی نێرینەیەو ئەوی تر مێینەیە :

**ـ تۆ دەگریت ؟**

پاساریەکە هەستایەوە :

**ـ بەڵێ ، ئەی ئەو فرمێسکانەم نابینی ؟**

پاساریە نێرەکە گوتی :

**ـ بەڵێ ، بێ گومان دەیبینم ، بەڵام بۆچی دەگری ؟**

پاساریەکەی‌تر گوتی :

**ـ پێویستە زۆر بگریم ، بەڵکو تەنیا گریانیش بەس نیە .**

**ـ گریانی بەیانیان ئازاری چاو دەدا ، من خەفەتی چاوەکانت دخۆم .**

پاساریە مێکە وەڵامی دایەوە :

**ـ تۆش پێویستە بگری .**

پاساریەکەی‌تر کە سەری لەم کەینو بەینە سووڕمابوو وتی :

**ـ ئەگەر پێم نەڵێی چی قەوماوە ، ئەوا هەڵدەفڕمەوە .. دەترسم لە کارەکەم دوابکەوم .**

پاساریەکە کڕ بووەوە و هەردوو چاوی بە باڵەکانی سڕیەوە :

**ـ دوێنێ لەسەر دارێکی زۆر خۆشەویستم نوستم ، کەچی بەیانی کە بە ئاگا هاتمەوە خۆمم لەسەر زەوی بینیەوەو ، لە جێگای دارەکە هیچم نەبینی چاڵێکی گەورە نەبێ .**

پاساریەکە بە سەرسوڕمانەوە هاواری کرد ( ئەی خوایە .. ) و پێش ئەوی هیچ شتێکی تر بڵێ تەماشایەکی دەوروپشتی خۆی کرد ، بۆ ئەوەی بە باشی لای روون بێتەوە کە ئەو دارە گەورەیەی لەسەر چڵەکانی نوستبوو نەماوەو ، لە جێگاکەیدا چاڵێك هەڵکەندراوەو ، هەمان گۆڤارو ڕۆژنامەشی تیایە کە دوێنێ دەیخوێندنەوە .

پاساریە مێکە پێی ناخۆشبوو ، کە هاوڕێکەی فەرامۆشی کردو گوێی لە سکاڵاکەی نەگرت بۆیە پێی گوت :

**ـ بۆچی تەماشای ناوەوەی ئەم چاڵە دەکەی ؟ تەماشای من بکە قسەت بۆ دەکەم .**

**ـ گوێت لێبێ ، ئەوەی لەگەڵ تۆ ڕوویداوە لە منیش ڕوویداوە ، دوێنێ شەو لەسەر دارتوویەکی گەورە گەورە نوستبووم ، ئالێرەدا بوو ، لە جێگای ئەم چاڵە ، پێشتریش لەسەر دار زەیتوونێك نوستمو بەیانی لەخەو هەستام خۆم لەناو چاڵێکدا بینیەوە نەك لەسەر چڵەکانی .**

- ئەی چیت کرد ؟

- هیچم نەکرد ، وا تێگەیشتم کە خەوم بینیوەو ، دوێنێش کە پێم نەگوتی لەوە ترسام بە شێتم تێبگەی ، بەلام ئاگاداری پاسەوانەکەم کردەوە ، کە چێ پێی گوتم : زوو برۆ دەرێ تاپەڕی هەموو لەشتم هەڵنەکێشاوە .

- باشە چی دەڵێی ، ئەگەر هەردووکمان بچینە لای و مەسەلەکەمانی بۆ بگێڕینەوە ، قسەی دووکەس وەکو هی یەك کەس نیە .

بە جووتە بەرەو لای ژووری پاسەوانەکە فڕین و ، هەر کە لە دوورەوە بینینی پەلاماری تێلایەکی ئەستووری داو هەڵسایە گیانیان .

پاساریە نێرەکە گوتی :

- شایەتێکم بۆ هێناوی کە ئەویش هەمان ڕووداوەکەی منی لێ قەوماوە ، تکات لێ دەکەم ...

پاسەوانی باخەکە چاوی لێ سوورکردنەوەو تێلاکەی لێبەرزکردنەوەو بە دەنگێکی زل کە هەر لە تەپەی تەپڵ دەچوو گوتی :

- دوێنێ پێم گوتی پەڕ بە لەشتەوە ناهێلم ، بەلام ئەمڕۆ بڕیارم داوە ، سەرت وردو خاش بکەمو بیکەمە خۆراکی پشیلەکە .

پاساریە مێکە بە ترس و لەرزەوە گوتی :

- لە وەختی خۆت یەك دەقیقە مۆڵەتمان بەرێ ، ئەی خۆت لەو ئاهەنگەدا کە بەبۆنەی کراسە شینەکەتەوە بۆت گێڕاین پێت نەگوتین ، هەموو وەختێکم هی ئێوەیە .

لە ناکاودا پاسەوانەکە دارەکەی دەستی تێ گرتن ، ئەوانیش هەر ئەوەندەیان پێ کرا بە ترس و خەفەتێکی زۆرەوە بدەن لە شەقەی باڵ و دووربکەونەوە ، پاسەوانەکەش بەرەو ژوورەکەی خۆی گەڕایەوەو پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە ئاوڕێکی لە دوو پاساریە تەریوەکە دایەوەو گوتی :

- زۆر بێشەرم و بێ مێشکن ، چۆن بەم بەیانیە زووە کە هێشتا نەنانم خواردووەو نە ڕۆژنامەکانی بەیانیم خوێندووەتەوە دێن و بەم جۆرە دەمشلەژێنن و وەڕسم دەکەن .

کە هەردوو پاساریەکە دڵنیابوون بە تەواوی لە پاسەوانەکەو بگرە لە پشیلەو کوللەش دوور کەوتوونەتەوە ، لەسەر دار بەهێ یەك نیشتنەوەو پشوویەکیان‌دا ، چەند دەقیقەیەك تێپەڕی یەك تەماشای یەکیان دەکرد ..

پاساریە نێرەکە گوتی : دەمەوێ نهێنیەکت بۆ دەرخەم .

- چیە ؟

- لێرە پێت نالێم ، وەرە بابچینە ئەو دیوی دارەکەوە ، نەوەکو با قسەکانمان بگەیەنێتە گوێی پاسەوانی باخەکە .

هەردووکیان لە دارەکە هاتنە خوارەوە ، پاش ئەوەی ئەو ناوەیان باش پشکنی و دڵنیابوون ، لەو دیوی دارەکەوە دانیشتن ، پاساریە نێرەکە گوتی :

- دەزانم تۆ خۆشت دەوێم ، منیش خۆشم دەوێی و ، ئەگەر دار تووەکە نەدزرابایە لە نێو چڵەکانیدا هێلانەیەکی خنجیلانەی ئەوتۆم بۆ دروست دەکردی ، هەموو چۆلەکەکان حەسوودیان پێت ببردایە .

پاساریەکە شەرم گرتی و ، ویستی بیشارێتەوە ، هیچی پێ‌نەکرا ئەوەندە نەبێ دەنووکی بە خۆڵەکەدا بخشێنێ و چەند هێڵێکی لەسەر دروست بکا .

- لە هێلانەکەتدا هێلکە دەکەیت و بەگەرمی لەسەریان کڕ دەبێت و تاوەکو ئەو ڕۆژەی منداڵەکانمان دێنە ئەم دونیایەوە ناهێلم ئەملاو ئەولا بکەیت ، چونکە بە خۆم ئاوو خواردمەنیت بۆ دەهێنم .

پاساریە مێکە ئەوەندە شەرم‌گرتی ، وای هەستکرد کە ڕووت بووەتەوەو پەڕ بە لەشیەوە نەماوە ، بەلام ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێ نەگرت کە لێی نزیك ببێتەوە و دەنووکی بخاتە سەر دەنووکی :

- ئیتر چی ؟

- بەلام دەبینی هەر چەند من دارێك هەڵدەبژێرم بۆ بەیانیەکەی نامێنێ ، بۆیە بڕیارم‌دا کە ئێرە بەجێ بهێلم و بچمە باخەکەی ئەودیومان ، پێم بڵێ تۆ پاسەوانەکەی دەناسی ؟

- بەڵێ ، ئامۆزای هەر ئەو پاسەوانە شوومەیە کە ئەمڕۆ خەریك بوو بە کوتەکەکەی بمانکوژێ ، ئایا دەتوانم لەگەڵتا بێم بۆ ئەوێ ؟

- نا ، پێویستە لێرە بمێنیتەوە ، بەلام هەرکە دارێك دزرا ، برۆ بە پاسەوانەکە بڵێ و ئاگاداری تێلاکەشی‌بە ، دەبێ لە دواییدا هەر بڕوات پێ بکا .

- ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە هەر خۆی بەمە نەزانێ ؟

پاسەوانەکە شارەزای یەك‌بەیەکی دارو درەختەکانی باخەکەیەتی و هەر کە زانی دارێك نەماوە ئەوا بڕوامان پێ دەکا .

پاساریە نێرەکە بە تەوسەوە گوتی :

- خۆشەویستەکەم ، تۆ زۆر دڵپاکی ، ئەم پاسەوانە تەنها شارەزای ژوورەکەی خۆیەتی .

- دەترسم بەتاقی تەنیا بچمەلای ، چونکە لەوانەیە جارێکیان پێشوازیم لێ بکاو بمباتە ژوورەکەیەو دەرگام لێ دابخاو دوایی گشت پەڕی لەشم هەڵکێشێ .

- چی دەکەی بیکە ، بەلام نەکەی بچیتە ژوورەوە بۆ لای ، چونکە ئەگەر دەستی کەویت تەنها پەڕت هەڵناکەنێ ، بەڵکو دشتکوژێ و دەرخواردی پشیلە دڕندەکانیت دەدا .

- من پێشنیار دەکەم ، هەواڵی دزینی سێ دارەکە بڵاو بکرێتەوەو هەروەها ئەگەر دارێکی تریش دزرا هەواڵەکەی بڵاوبکەینەوە .

پاساریەکە پێکەنین گرتی‌و لەتاودا خەریك بوو بە پشتدا بکەوێ‌و گوتی :

**ـ پێم نەگوتی زۆر دڵپاکی ! گوێت لێ‌بێ ، هەموو ڕۆژنامەکانی ئەم باخە داوا کاریەکەت دەدەنە دواوەو ، ئەگەر پاسەوانەکەش بەم پێشنیارەت بزانێ دوور نیە بتکوژێ ، یان لە یەکێ لە قەفەسەکانی ناو ژوورەکەیدا بەندت بکا .**

زۆریان لەگەڵ یەکدا گوت تا هەردوو برسیان بوو ، وە کاتێك کە هەڵفرین‌و لە زەمین بەرزبوونەوە ، پاساریە نێرەکە هاوڕێکەی تێگەیاند کە کاتێ دەچێتە باخەکەی ئەودیو ، تەماشا دەکا ، ئەگەر ئەویش داردزین هەبێ ئەوا دەگەڕێتەوەو ، ئەگەر نەبێ ، ئەوا نامەی بۆ دەنووسێ بۆ ئەوەی ئەویش بچێتە لای‌و پێکەوە مشووریکی پاشەڕۆژیان بخۆن .

پاساریەکە ، لەم دار بۆ ئەو دار دەفڕی‌و هەر کە لە شوورەی باخەکە نزیك دەبووەوە چڵەدارەکانی وەکو تێلایەکی ئەستور دەهاتە پێش چاو ، کە بە دەستێکی پڕ زەبرو زەنگەوە بێ وەکو دەستی پاسەوانەکە ، لە نێو درەختەکاندا بیری لە دەم‌و چاوی بە فرمێسك شۆردراوی پاساریە خۆشەویستەکەی‌و دەنوکە گەرمەکەی دەکردەوەو ، لەو دەمەیدا کە بیری لە چۆنێتی دروستکردنی هێلانەیەکی‌تر دەکردەوە لە باخەکەی ئەو دیوبیان ، خەفەتێکی گران دایگرت‌و خەریك بوو توانای فڕینی تیا نەهێڵێ ، بەڵام هەرچۆنی بوو خۆی پێ ڕاگیرا ، تا گەیشتە لای دارێك کە بە چەشنێك نووسابوە شوورەی باخەکەوە ، هەر دەتگوت باوەشیان بەیەکا کردوە ، لەسەر ئەو دارە نیشتەوەو دەستی بەگریان کرد .

دارەکە گوتی :

**ـ لێت ناپرسم لەسەر چی دەگری ؟**

پاساریەکە بە نەرمیەکەوە پێی گوت :

**ـ بۆچی ؟**

دارەکە گوتی :

**ـ چونکە دەزانم بۆچی دەگری .**

**ـ چی دەزانی ؟ من برسیمەو دەنووکم نەخۆشەو لە توانایدا نیە خواردنم بۆ هەڵگرێ .**

دارەکە گوتی :

**ـ پاساریەکان درۆ لەگەڵ دارو درەختەکاندا ناکەن .**

**پاساریەکە شەرمی کردو ترساو نەیزانی چی بە دارەکە بڵێ .**

**دارەکە گوتی :**

**ـ ئەو پاساریانەی کە لە ڕێگەی سەفەریاندا لێرەوە تێدەپەڕن ، لەسەر چڵەکانم دەنیشنەوە دیارە تۆش وکو ئەوان سەفەرت لەبەرە .**

**پاساریەکە گوتی :**

**ـ ئایا پاساریەکان پێیان گوتوی بۆچی سەفەر دکەن ؟**

**ـ نەخێر ، بەڵام من دەزانم بۆچی سەفەر دەکەن ، ئەگەر حەزدەکەی پێت دەڵێم .**

پاساریە بەترسەوە گوتی :

**ـ لەسەر خۆت قسە بکە ، با پاسەوانەکە گوێی لێت نەبێ ، چونکە تفەنگی هەیە چۆلەکەی پێ ڕاو دەکاو ، تەوری هەیە داری پێ‌دەبڕێتەوە .**

دارەکە پێ کەنی‌و گوتی :

**ـ دیواری ژوورەکەی بەرزەو لێرەوە دوورە ، دڵنیابە گوێی لە هیچ نابێ .**

**ـ با دەنگ دەگەیەنێ ، من پاساریەك دەناسم ، پاسەوانەکە کردی بە خۆراکی پشیلەکانی ، چونکە بەشەو کاتێك هەر خۆی‌و هاوسەرەکەی پێکەوە لە هێلانەکەیانا دەبن ، قسەیەکی زۆر دەربارەی پاسەوانەکە دەکەن .**

دارەکە گوتی :

**ـ من ئەو پاساریە دەناسم‌و دەزانم کە بە ژنەکەی گوتبوو ، پاسەوانەکە سەبەتەی پڕ میوەهات دەنێرێ بۆ کوللەکان .**

**ـ بەڵام ، کوللە خواردەمەنی خۆی بێ پەیدا دەکرێ .**

**ـ کوللە ناتوانێ بە دارو درەختدا هەڵگژێ ، بۆیە پاسەوانەکە میوەکانی بۆ دەکاتەوەو بۆی دەنێرێ .**

**ـ لە بیرم چوو ، لێت بپرسم کە کێ دارەکان دەدزێ ، چونکە هەر چەند ئێواران لەسەر دارێك دەخەوم ، بۆ بەیانی دەڕوانم نەماوەو ،چاڵێکی تەورە لە جێگاکەیدا هەڵکەندراوە .**

دارەکە گوتی :

ـ ئەی لە چاڵەکەدا چی دەبینی ؟

**پاساریەکە گوتی :**

**ـ هیچ نابینم .**

دارەکە گوتی :

**ـ ئەگەر بگەڕێیتەوەو خۆڵی ناو چاڵەکە بپشکنی تەماشا دەکەی شتێکی تیایە .**

بۆ ماوەیەك پاساریەکە بێ‌دەنگ بوو ، بەڵام چاوەکانی بە هەموو لایەکدا دەسووڕاندو ، هەر کە چاوی بە دارەکەو شوورەی باخەکە دەکەوت لەرزێکی ئەوتۆی لێ دەهات کە هەرگیز لە ژیانیدا لێی‌نەهاتوە ، بۆیە زیاتر خۆی بە دارەکەوە دەنوساند ، بەڵام دارەکە کپ مایەوەو چڵ‌وپۆپەکانی بوو بوون بە چاوو تەماشای پێ دەکردن‌و کە زانی پاساریەکە بێ‌دەنگە گوتی :

**ـ لەمەودوا نهێنیەکت بۆ دەردەخەم ، بەڵام نابێ بەکەسی بڵێی‌و پێویستە هەر ئێستاش بگەڕێیتەوە بۆ ناو یەکێ لە چاڵەکان‌و بە دەنووکت خۆڵی بنی بپشکنی .**

پاساریەکە گوتی : نا ، نامەوێ بگەڕێمەوە ، دەمەوێ بچمە باخەکەی ئەو دیومان ، تا بزانم ئایا ئەویش دار دەدزرێ ، خۆ ئەگەر ئەوێش هەروابوو ئەوا دەگەڕێمەوە .

دارەکە گوتی : باشە وەختێ کە هاتیتەوەو بینیت گشت دارەکان دزراون ، ئەوسا چی دەکەی ؟

پاساریەکە چاوەڕێی ئەم پرسیارەی نەدەکرد ... باخەکەی وەکو زەویەکی رەشی پڕ چاڵو چۆڵی هاتە پێش چاو ... پاسەوانەکەش تیایدا دەگەڕاو پشیلەو کوللە دەوریان لێدابوو ... بینی چڵەدارێك نیە لەسەری بنیشێتەوە ، ئارەزووی لە گریان بوو ، بەڵام نەیتوانیو ، کاتێك بیری لەوە کردەوە کە ئیتر پاساریە هاوەڵەکەی لە لاپێشوازیدا نابێ ، یان دەنووکی بووەتە پارچە دارێکی بێ گەرماییو ، هەردوو باڵی بوونەتە دوو پارچە کاغەزی پایزە رەنگی کون کون ، کاتێك کە بیری لەم هەموو شتانە کردەوە ، ئارەزووی گریانی هاتە کەڵلەو سەری خستە سەر چڵێکو دایێ پرمەی گریان .

دارەکە گوتی :

**– بۆچی وەڵامی پرسیارەکەم نادەیتەوە ؟**

پاساریەکە گوتی : نازانم ئەو کاتە چی دەکەم ، دوور نیە لە چاڵێکدا خۆم بدەم بە زەویداو ، نانو ئاو لە خۆم قەدەغەکەم ، تا وەکو پەڕم هەموو هەڵدەوەرێو گۆشتی لەشم بەسەر ئێسقانەکانمەوە وشك دەبێتەوەو ، با دەمگەیەنێتە لای پاسەوانەکە ، ئەویش تێر پێم پێدەکەنێو پشیلەکانی هاندەدا فڕێم دەنە دەرەوەی ژوورەکەی .

**دارەکە گوتی : ئەم کۆتاییە بەسەر خۆتدا مەهێنەو بگەڕێوە بۆ یەکێ لە چاڵەکانو خۆڵەکەی هەڵدەرەوەو ، بە باشی بیپشکنە تا وەکو ئەوەی تیا شاردراوەتەوە دەیدۆزیتەوە .**

**پاساریەکە گوتی : ئەگەر هیچم نەدۆزیەوە ، ئەوا ئیتر بۆ ئێرە ناگەڕێمەوەو ، لە سەر چڵەکانت نانیشمەوەو دەفڕمو دەفڕم تا دەگەمە باخەکەی نزیکمان .**

پاساریەکە هەڵوێستەیەکی کرد ، بۆ ئەوەی بزانی دارەکە چی دەڵێ ، بەڵام هیچی نەگوت ، بۆیە دای لە شەقەی باڵد گەڕایەوە لای پاساریە هاوەڵەکەی . تەماشایکرد هەر لە جێگاکەی خۆیدا لە نزیکی چاڵەکەوە وەستاوەو ، هەردوو باڵی بۆ پێشوازی کردنی کردبووەوە .

پێش ئەوەی هیچی پێبڵێ ، بە دەنووکی رۆژنامەکەی هەڵگرت ، تەماشای کرد لە توێکڵی میوەیەکی گەنیو سووکترە ، دوایی دەنووکی لە گۆفارەکە گیر کرد ، هەر کە هەڵیگرت بەوناوەدا وەکو خۆڵەمیش ، کە بۆنێکی سەیریشی لێوە دەهات ، پەخشو بڵاوبووەوە .

دەستی بە هەڵکۆڵینی زەویەکە کرد .

پاساریە مێکە گوتی : ئەمڕۆ لە سەرخۆت نیت ، تۆ بڵێی شتێکت خواردبێو نەتزانیبێ چیە ؟

پاساریە نێرەکە گوتی : لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە ، دەنووکم لە هیچ نەداوە ، زۆریشم برسیە ، بەڵام دەبێ بەردەوام بم لە کارەکەمدا .

پاساریە مێکە بەسەر سوڕمانێکەوە گوتی :

**– کاری چی ؟ تۆ بەم زەوی هەڵکەندنە خۆت ماندوو دەکەی .**

پاساریە نێرەکە گوتی : وەرە یاریدەم بدە ، دوایی قسەت بۆ دەکەم .

پاساریە مێکە خۆی هەڵدایە ناو چاڵەکەوە ، هاوەڵەکەی چیدەکرد ، ئەویش وەکو ئەوی دەکرد ، تا تەواو شەکەت بوو ، پەکی کەوت .

پاساریە نێرەکە گوتی : ماندوو بووی ؟

**– برسیمەو پێویستیم بە دڵۆپێ ئاو هەیە تینویەتیەکەمی پێ بشکێنم .**

**– شتێکی سەیرە ، کە خۆڵەکە زیاتر هەڵدەکۆڵم ، هەست بە جۆرە حەسانەوەیەکی تایبەتی دەکەم ، تۆ برۆ هەندێ خۆراك بۆ هەردووکمان پەیدا بکە .**

پێش خۆر ئاوابوون ، پاساریەکە دەنووکی لە چەند رەگێکی تەڕو گەرم کەوت ... هاواری کرد :

**– رەگی دارەکەم دۆزیەوە .. پێویستە بەردەوام بم .**

کاتێ ، جارێکیتر دەنووکی کوتا هەستی کرد کە پێویستە ئیتر راوەستێو لە چاڵەکە دەربچێ ، ویستی باڵەکانی بکاتەوە ، تەماشایکرد نووساونەتە لەشیەوە ، چاوی کردەوە ، ویستی داوای یارمەتیەك بکا ، بەڵام نەیتوانی ، لە ناکاودا ، لاربووەوەو بەسەر نزیکترین رەگدا کەوتو ، بۆ یەکجاریی لەشی لە جوولە کەوت .

پاساریەکان هاتن هەڵیگرن ، لەناو دەنووکیانا کەمی ئاو توایەوە ... بەڵام خەم وای لێنەکردن لە هەڵکۆڵینی زەویەکە پاشگەز ببنەوە ، یان دەس لە دۆزینەوەی جێگای کۆتایی هاتنی ئەم رەگو ریشە تێراوو گەرمانە هەڵگرن ، شەو باڵی بەسەر باخەکەدا کێشابوو ، ئەوەی لای پاساریەکان گرنگ بوو ، ئەوە بوو ، پێش ئەوەی پاسەوانەکە بەم کارەیان بزانێ ، کە بەبێ ئاگاداری ئەو دەستیان داوەتێ ، بگەنە ئەو سەری رەگەکان .

دەمەو بەیان بوو ، کە پاساریەکان بینیان رەگەکان بەگشت لایەکدا پەلیان کوتاوە ، بەڵام هەموو لە ژێر ژووری پاسەوانەکەدا یەکیان گرتۆتەوە ، گەرمایی ئەو رەگو ریشانە بووتە تیشكو ، تێراویشیان بوەتە ئاوی بەخوڕی گوێ رووبار ، بەرامبەر ژوورەکەش ، پاساریەکان سەریان هەڵبڕی ، سەیریان کرد ، پاسەوانەکە بێ سەرو شوێنەو پشیلەکان پێستەکانیان لێکەندراوەو دەلەرزنو ، لە دەمیانەوە هێڵی خوێنێکی رەش رێچکەی بەستوە ..

شاعیری لاو شیعرەکانی هەلگرتو سووکە هەنگاوان بەرەو شار وتە ڕێ ، لەم کێلگەوە بۆ ئەو کێلگە ماوەیەکی زۆری بڕیبوو لەگەڵ ەشدا هەستی بە ماندووبوونێك ەکرد کە پشوویەکی بۆ بدات ، بە ماڵی ریزیشەوە شیعرەکانی ەمێرەکە کرد کە لەبەر دەرگای یتەکەیەوە وەستابوو ..

**ـ : گەورەم ! ماوەیەکی زۆرم وە ، هاتووم شیعرەکانت بۆ وێنمەوە ، تکا دەکەم رای خۆتیان رباره بدەن ...**

**ـ : « چاکە » ! ! ... پەلە مەکە ، شتا رۆژێکی دوورو درێژمان یشدایە ، لێکەڕێ با جارێ . تاکو یك دانەهاتووە پیاسەیێ بکەین .. ختمان زۆرە دەتوانین خوێنینەوە .. !**

دەبێت ..

**ـ : کوا ؟ ! شاعیر بەسەر سوڕمانەوە وتی : بەلام هیچ کوێیك لێرەدا نیە ! !**

نیوەڕۆ داهات .. ئەمجارە بەناو ئەو خانووانەدا تێپەڕین کە کەڵەکەی سەر یەکتری ببوون و پەنجەرەکانیان والابوو ، مەلەیان لە گەرمای خۆردا دەکرد ..

ناکاو پیاوێکی کوێریان دی گۆچانێکی بە دەستەوە بوو بەزەحمەت بەر پێی خۆی دەدی ..

شاعیر پرسی : ئەو کابرایە بۆچی خۆی ئاوا کوێر کردوە ؟

**ـ : تا هەقیقەتی شتەکان نەبینێت .**

کابرایەکی سەیرتر دەگەیشتە هەر کەسی سلاوی لێ دەکرد ـ

**ـ : ئەوە بۆچی سلاویان لێ دەکات ، خۆ نایانناسی ؟ !**

لاوازو وشك بووەکان لێرەو لەوێ پەرش و بلاو ببوونەوە قات و قڕێ و مردنیان پێوە دیار بوو ... نزیك بوونەوە ... سەیریان کرد پیرەژنێك دەنك دەنك گەنم هەلدەگرێتەوە ..

( لە بێدەنگی ئێوارەدا لولیان خواردبوو )

**ـ : دەبینم ئاگات لە خۆ براوە ؟**

**ـ : من لە مندالدانی هۆشمدام .**

شاعیر بە گومانەوە پرسی : ئاخۆ ئەو مندالدانە لێرە هەیە ؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ پێی بڕوا ؟

**ـ : بە تەبیعەتی حاڵ .. ئا پیرم کەوتەوە ، هەیە بەلام مرۆی عاقل لێی دوور دەکەوێتەوە ، ئەوەش مەنتیقی ئەوانەیە کە هیچ باخچەیەکی یادکاریان نیە ..**

**ـ : بەلام کوا ؟ ئەی باخچەکەی تۆ کوانێ ؟**

# شاعیر

## چیرۆکی : لی لی برووست

• نەژاد عزیز سورمێ کردوویە بە کوردی •

**ـ : بەلام پیاسە لە کوێدا بکەین ؟ ! کوێ بچین ؟ ئێرە نە رۆخ رووبارێکی ی لێیە ، نە رێگایەکی قیرتاو ..**

**ـ : بۆچی ؟ بەدوای پەڵە هەورەکان کەوین ..**

رۆیشتن .. بەرەو دارستانی و سەوز ، هەور پێشەنگیان بوو .. ئەرزی لمانی وشك و کێلگەی پان و یندا تێپەڕین ، تۆوە دەریاییەکانیان سەر گەلێ دارسنەوبەرەکاندا دەدی گردۆلکەکان بە گیا شینەکەی بەهار ۆشرابوون ..

پیرەمێرد بە دلگەشیەکەوە رووی شاعیر کردو وتی : تەماشا ، چەند انە کاتێ گەلا نوقمی بەرامەی خاك

**ـ : جا چیە ، گرینگ ئەوەیە ئەم ئەوان دەناسی ..**

دوای بێدەنگیەکی دوورو درێژ ، هەر یەکێ خەریکی شتێك بوو ..

دوو گەشتوەر بە پێشیاندا تێپەڕین هەر یەکێ کۆلێکیان هەلگرتبوو هەناسەیان سوار ببوو ..

شاعیر لێیان نزیك بووەوە : لە یەکەمیانی پرسی : ئەوە چیە هەلتگرتوە ؟ وتی : رووناکیە .

**ـ : ئەی تۆ ؟**

دووەمیان وەلامی دایەوە وتی : خەم .

بە کێلگەی ترا رابردن کە شکارتەی وشك و نەهاتوو بوون .. دەنکە گەنمە

**ـ : ئەوەتانێ .. « پێرە میرد پەنجەی بۆ دوور دوور ، بەرەو ( دوایی نەهاتن ) راکێشاو وتی ئەوەتا ..**

خەریك بوون لە کەنارێکی لماوی‌دا نزیك دەبوونەوە

**ـ : سەیری ئەوەتا لەوێیە !**

شاعیر سەری سوڕما .. دوورگەیەکی سەوزی‌دی لەسەر تەپۆلکەیەکی تەماوی سەردەریادا دەبۆرژا ..

**ـ : ئەمە چ دەریایەکە ؟**

**ـ : ئەمە ( دەریای زەمانە )یە .. ( تاریکی دایگرتبوو ) ، ئای هەی ، ئەو رۆژە شوانێك دەو تاریکیە دوای**

**ئەهاتووە کەوت .. بەستەزمانە لـــە ترســانا دەلەرزی ..**

جارێکیان لە دارستانێکی بە سامدا ڕێگام ون کردبوو وام هەست دەکرد کە تەنهام .. تەنها ! ... لە ترســـــا دەلەرزیم ...

**ـ : تەنهایی ؟ ! تەنهایی چی‌یە ؟ !!**

بە شوێن ئەستێرەکاندا دەڕۆیشتن کە ئافرەتێکی رووت‌و قوتیان دی لەسەر تاشە بەردێك دانیشتبوو بە کوڵ دەگریا زنگوڵ زەنگوڵ فرمێسکی بەسەر کەزیە رەشەکاندا بڵاو دەبوونەوە ..

**ـ : کەس ناتوانێ یارمەتی بدا ،ئەوە بۆ چارەرەشی‌و بەدبەختی خــۆی دەگـری ...**

**ـ : گریان ؟ گریان چی‌یە ! ! ؟**

پیرەمیرد بێ دەنگ بوو ..

جارێکی دیکەش لە بێ دەنگیەکــی کوشندە لولیان خواردبوو کـــە ژن‌و مێردێکیان دی دەمەقاڵیانە ..

**ـ : ئەوە بۆچی ئازاری یـــەکتری دەدەن ..**

**ـ : چونکە زۆر تەبان**

**ـ : ئەی ئەو پیاوە چ دەکا ؟**

**ـ : ئەو پیاوە هەموو ئەو شتانەی دیوەو هەیە کە لە ڕێگای تۆدایە**

**ـ : دەبێ چی بۆ بمێنێتەوە ؟**

پیرەمیرد بە زەردەخەنەیەکـــەوە وەڵامی دایەوە ووتی ( رابـــواردن ) شاعر شاگەشکە ببوو ..

**ـ: پێم نالێی چ شتێك سەرنجی تۆ رادەکێشێ ؟**

**ـ : هیچ !**

لەو کاتەی‌دا مانـــدوو ببوون .. بەرەو کۆلیتەکە گەڕانەوە ..

نزیـــك بوونـــەوە ، پیرەمیرد پێشکەوتبوو شــاعیریش بەدوایـــدا (چوونە ژووری) ... پیرەمیرد مۆمێکی داگیرساند ، لەو لاشەوە گۆزەی ئاوی هێناو چینکەنانی‌رەق‌و وشك هەڵاتووی



**١ ـ لیوناردو دافینشی • پورتریتی مۆنالیزا • نزیکەی ساڵی ١٥٠٣ موزەخانەی لوفر • پاریس •**

هونەری تابلۆکێشان ، هەستەکانی مرۆڤ ، لە شیعر زیاتر دبزوێنی ، و بە شێوەیەکی راست‌گـۆتر ، لـــــە سروشت دەردەبڕێ ، چونکە دەربڕیـن کە لەلایەن مرۆڤـــەوە درووســـت لە سروشت زۆر لەوە گرانترە کـــە تەنها لە ڕێگای ئەم ووشانەوەوە بـێ ، کراوون ، ...

**ئەمەش بەم جیاوازیە دەچێ کــە لە نێوان بەرهـــەمی سروووشـــت‌و بەرهەمی مرۆڤـدا ، یاخود لە نێـوان یەزدان‌و مرۆڤـدا هەیە •**

**دەربڕین لەو شتانەی کە سروشــت درووستی کردوون ، کە بێ گومـــان نیشانەی نەژادیان هەڵگرتوون ، لەوە گرنگترە کە بە ووشە باسی رەوشت‌و خووو بەرهەمی مرۆڤ بکرێ •**

شاعیر ئەگەر بیەوێ لە ڕێگـــای ووشەوە ، باسی جوانی‌و نـــەمری‌و جیهانی بێ‌سنووری سروشت بکات ، ئەمە بەراووردی ناکرێ لەگەڵ جیهانی هەرە دەوڵەمەندو فراوانی هونەرمەند ، کە بە هۆی هونەری تابلۆکێشـــانەوە ،




شاعیر هەستی بەوەش کرد کە چەکـی دەربڕینی لاتەو هـــاواری بروەبـــەر زانستیەکان ، تاکو زیاتر بچێتە نـــاو دەروونی سروشتەوەو بە شێوەیەکـی قووڵ‌تر باسی بکات ، ئەم شتەش نابێتە ڕێگای تایبەتی خۆی ، چونکە گەلێـــك لە سرووشت دەردەبڕێ . ئەگــــەر پردی بەکارهێناوە کە لە دەســـتکاری چەند مرۆڤێکی وەکو ئەون بــــەڵام هونەرمەند ، بۆ خۆی بەتاقی تەنیـــا ، روو لە سرووشت دەکاو بەرامبــەری رادەوەستی‌و دەچێتە ناخیەوەو بـــــە فلچەی هەرە رەنگین‌و دەوڵەمەندیـی لەم سرووشتە دەردەبڕێ .

من بە چاوی خۆم چەند شتێکم دی کە بە هەموو شاعیرەکان ناکرێ .... لە تابلۆیەکـدا پۆرترێتی خاوەن سەگێك رەسم کرا بوو ، کە سەگەکەیان هێناو بەرامبەر تابلۆکەیان راگرت ، وەی‌زانی کە ئەمە خاوەنەکەی‌تی ، ئیتر دەستی کردە کلك بادان‌و نـــووزە نـــووز . جارێکی تریش چەند هونەرمەندێـــك رەسمی کۆمەڵە سەگێکیان لە تابلۆیەك کردبوو ، سەگێکی تریان هێنا بەرامبەر ئەم تابلۆیە ، یەکســـەر دەســـتی بەوەڕین کردو ئاوی دایە تابلۆکە . هەروەها مەیمونێکیان هێناو بەرامبەر وێنەی مەیمونێکی تریان دانا ، ئـــەم مەیمونە جۆرە جوولانەوەو بەزمێکـــی ئەوتۆی کردووە کە بەڕاستی جێگـــای پێکەنین بوو . من بەچاوی خۆم دیم ،

# لیۆناردۆ دافنشی

## بەراوردێك لە نێوان هونەرمەندو شاعیرا دەكات

ۆن هونەرمەنـــدان فێڵیان لـــە
ەسێلكە كردوو هەوڵی ئەوەی دەدا
ـەر پارچە ئاسنێكی رەســم كراوی
پەنجەرەیەكدا دەرهاتوو بنیشێ .
ری دەبڕێ ، ئاشكراو دەوڵەمەندنین ،
ئەو شتانەی كە شاعیر بە ووشـە
كو ئەو تابلۆ ئاشكراو رەنگینـــەی
نەرمەند درووستی دەكات . ئـــەو
انەی كە بە ووشە درووست كراون
لایەن شاعیرەوە ، تاكو دەگـــەنە
ـــك‌و دڵ‌و دەروونـــی مرۆڤ ،
ستێكیان دەمێننەوەو جێگای خـۆیان
گرن ، بەڵام بەشێكی تریان هەر لـــە
كادا دەمرن .

شاعیرو هونەرمەند ، هەردوكیان
ی ئەوەی بەرهەمەكانیان بهێننـــە
ەوە ، بەچاوی خەیاڵ وێنەیان بـۆ
وست دەكەن ، بەڵام لە ئەنجامـــدا
عیر زۆر لە دوای هونەرمەندا بەجێ
ێنی .

**بەراوردی لە نێوان (زانستی هونەر)و**
**یعر ، بەوە دەچێ ، ئەگەر یەكەم بە**
**تی مرۆڤ دابنێین دووەمیـــان بـــە**
**بیەرەكەی دەژمێردرێ .**

ئەگەر هاتوو شاعیر باسی جەنگێكی
زناوی بكات وە بە ووشـــە ، لـــە
مینەیەكی پڕ لە پاڵەوانی‌و هێرشـی
ەركەوتوەكان ، وە مەترسی‌و گریان‌و
ت‌و هاواری كـوژراو برینـــدارو
ـەڵهاتووەكان دەربڕی‌و وەصـفی
شەباو گەردەلوول‌و دوكەڵی رەشی

زەمینەكەو جۆری دەربڕینی دەموچاوو
لەش‌و ئەندام‌و گرم‌وهـۆڕی چـــەك‌و
پرمەپرمی وولاغەكان بكات ، بێ‌گومان
پێش ئەوەی بگاتە ئـــەم ئەنجامـــە ،
بەرەمووچەكەی دەستی دەشكێ‌و زمانی
ووشك دەبێ‌و برسیەتی‌و تێنیەتی كاری
خۆیانی تێ دەكەن‌و خەو دەیباتەوەو لە
رووداوەكە نـــادا .

هونەرمەند بە فلچەی رەنگینی ، و
كۆتاییشدا مـــافی راســـــتەقینەی
بە شێوەیەكی ئاشكراو بینراو دەتوانی لە
ناخ‌و ناوەروكی رووداوەكـــە دەربڕێ‌و
وا لە بینەر بكات كە هەست بكات لـــە
ناوجەرگەی جەنگەكەدایەو تەنیا ئەوەی
كەمە كە هونەرمەند لە توانای‌دا نیـــە
گیان ببەخشیتە ئەو شتانەی رەسمی
كردوون .

شیعر زانستێكە كە كارێكی تـــەواو
لە كوێرەكـــان دەكات ، هـــــونەریش
هەمان‌كار لە كەڕەكان دەكات ، بەڵام لە
ئەنجامدا هەر هونەرە كە كارێكی ئەمر
لە هەموو هەستەكانی مرۆڤ دەكات .

**٢ ـ لیۆناردۆ دافینسی . ســـكیچی‌تابلۆی جەنگی ئەنگارا ، ١٥٠٢ ـ ١٥٠٥**



# زەنجیرەی «گێلە پیاو»ی ئێستگەی کوردی

نەجمی کاکەیی

وەکو بەرهەمی شانۆیی یا تەمسیلی تەلەفزیۆنی لەلایەن رۆژنامەو گۆفارە کوردیەکانەوە بایەخیان پێ دراوە ، بەرهەمی تەمسیلی کە لە ئێستگەوە پێشکەش ئەکرێت ئەو بایەخەی پێنەدراوە ، یا ئەتوانین بڵێین هەر بە جارێ پشتگوێ خراوە . شانۆگەرییەك کە پێشکەش ئەکرێتو هەموو جارێ لەوانەیە سێ سەد کەسێك ببینێ ، یا دوو هەزار دانەیەکی لێ لە چاپ بدرێت ، ئەبێتە ویردی سەر زاری رۆژنامەو گۆڤارەکانو هەر یەکە چەند جارێك باسی ئەکات ، هەمان بابەت ئەگەر لە شێوەی تەمسیلی لە ئێستگەوە پێشکەش بکرێت هیچ بایەخێکی پێ نادرێت .

ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەکی هێندە زۆر گوێیان لێ ئەبێت کە ناتوانین دیاری بکەین . ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە باری هونەری ئەو تەمسیلیانە زۆر لاواز بێتو ئەو کەسانەی کە پێشکەشی ئەکەن ئەوەندە گوێی نەدەنێ ، چونکە وایان داناوە کە لە تاریکیدا کار ئەکەنو کەس لێیان ناکۆڵێتەوە ، هەر ئەمەش وایان لێ ئەکات کە بەرهەمێکی زۆرو بۆر پێشکەش بکەن ، چونکە تۆمار کردنی تەمسیل لە ئێستگەدا ماندوو بوونێکی ئەو تۆی تێدا نیە وەکو بەرهەمی تەلەفزیۆنی ، وە لەچاو بەرهەمی شانۆیی ئەوە ئەتوانین بڵێین هەر بە جارێ ماندوو بوونی تێدانیە .

نسبەت بە نووسەریشەوە ، نووسینی تەمسیلی بۆ ئێستگە سەربەستیەکی فراوانی پێ ئەبەخشێ بۆ دارشتنی بیرەکانی لە شێوەی دیالۆژدا ، ئەمە لە کاتێکدا کە باری رەوانی گشتی لە نووسینی شانۆگەری‌دا ئەو جۆرە سەربەستی‌یە بە نووسەر نادات ، چونکە لێرەدا دیکۆرو جلوبەرگو ماکیاجو رووناکیو گۆرینی دیمەنەکان هەموو کار ئەکەنە سەر دارشتنی بابەتەکە .

بە درێژایی مانگی رەمەزانی پیرۆز ، ئێستگەی کوردی هەموو رۆژی لە کاتژمێری ٣٫٤٠ ی پاش نیوەرۆ ، زنجیرەی « گێلە پیاو »ی « عزیز نسین» کە «عبدالله حسن زادە» لە فارسی‌یەوە کردوویە بە کوردی ، پێشکەشی ئەکرد ، کە لە نووسینی ئەم زنجیرەیە لە ئامادە کردنی «دڵشاد ایوب »و دەرهێنانی « ابراهیم سلمان » بوو . ئەوەی راستی بێ دوای ئەوەی کە توانیم دان بە خۆما بگرمو گوێم لە چەند بەشێکی بێ ، زۆر بە پێویستم زانی هەندێ تێبینی لەسەر بنووسم .

**لە لاپەرە ((٩٠))ی رۆمانەکە (( گێلە )) ئەڵێت : ـ (( هێندێك کار لە پێش چاوی پیاوی زۆر هاسانن ، بەڵام کە دەچێتە ناویانەوە دەبینێ نەخێر هێندەش هاسان نین ، هەموو کارێك رێو شوێنی خۆی هەیە .. )) .**

کاك « دڵشاد ایوب » کە دیویەتی بێ ئاسان هاتووەتە پێش چاوو




رۆمانەکە لە شێوەی دیالۆژدا نووسراوە ، دیارە ئامادەکردنەکەی هەندێك شتی لابردووەو هەندێك ووشەی وەکو « ها .. نێ .. وەڵلا .. چۆن .. توخدا .. » خستووەتە سەرو ئەمەی بە ئامادە کردن داناوە .. دیارە بەگوێی « گێلە »ی نەکردووە کە ئەبێ « هەموو کارێك رێو شوێنی خۆی هەیە » .

بێ‌گومان هەر تەمسیلەك بۆ ئێستگە بنووسرێت یا ئامادە بکرێت مۆركو خاسیەتی خۆی هەیە ، کە جیاوازە لەگەڵ تەمسیلەی

لەفزبۆنیو زۆریش جیاوازە لەگـەڵ
ەتێك بۆ شـانۆ نووسرابێ . لــە
تێكدا كە جەماوەری شـانۆ بــە
ەزووی خـۆیان ئـەچن بۆ بینینی
انۆگەریەك ، ئـەبینین زۆربـەی
ێگرەكان لە رێگای « صـدفە » وە
ێیان لــە تەمسیلی ئێستگە
یت . لێرەش پێویستی سەرشانی
وسەر یا ئامادەكەر ئـەوەیە كــە
ێگرەكان ببەستێت بە بابەتەكـەوەو
ردەم هەوڵی ئەوە بدات كە قەناعەتیان
بێنێ بۆ ئەوەی بەردەوام بن لــە
ێگرتنا ، ئەگەر وا نەبێ ئەوە هــەر
كو جەماوەر لــە سـەرەتای
انۆگەریەكدا كە تووشـی بێزاری
ی هۆڵەكە بەجێ ئەهێڵن ، گوێگریش
دیۆكە پێوە ئەدات . كەواتە نووسـەری
ستگە یا ئامادەكەر ئەبـێ ئـەوە لێك
اتەوە كە لێرەدا بینەرو كاری بینـین
گۆڕێدا نیە ، بۆ پڕكردنەوەی ئـەم
لێنەش پێویستە لەسەری دیالۆژەكان
شێوەیەك دابڕێژێت كە هەر پێنـج
ستیارەكەی پێ بزوێنێ . چونكە لە
انۆدا ووشەكان بە شێوەیەك دائەنرێن
لە دیواری پشتەوەی شانۆ دەنـگ
اتەوە ، بەڵام دیواری پشتەوەی شانۆ
تەمسیلی ئێستگـەدا پشـتەوەی
قلی گوێگرەو هـۆڵی پێشـكەش
دنیشی سەری گوێگرە . بەڵام دیارە
كی ئامادەكەر ئەم نەبوونی بینـەرەی
چاو نـەكردووە ، چونكـە لــە
توگـۆیەكدا لـە نێوان « گێلە »و
ژنامەنووسا .. « گێلە » ووتی : ــ
ویكی بە سالدا چوو لە پشت مێزێك
یشتبوو .. وا .. وا .. » . دیـارە
ەدا شێوەی دانیشتنی كابرای بــە
ژنامە نووسی پیشان ئەدا ، یا لــە
وتنێكی تر ووتی : ــ « ئاوا .. ئاوا
سەریان راست دەكردم » لێرەش
ێوەی راستەوەكردنی سەری بــە
ێگرەكانیش ئەبینن ، كەچی لــە
سلی رۆمانەكە ئەم « وا .. وا » و
ئاوا .. ئاوا »یەی تێدا نیەو لـەوێ
بەستەكە زۆر تەواوە ، بەڵام دیـارە

رۆژنامەنووس پیشان ئەدا ، وا ئەزانی هەر وەكو رۆژنامە نووس ئەیبینێ .. كاكی ئامادەكەر ویستوویەتی « شاخی بۆ بكات كەچی ... »

جـا لەبـەر ئـەوەی تەمسیلەكە لـە شێوەی زنجیرەدا بوو ، ئەبێ ئـەوەش بزانین كە خاسیەتی زنجیرە ئەبێ چی بێ . بێ گومان ئەبێ سەرەتای هــەر بەشێك لە بەشەكانی زنجیرەكە بــە رووداوێكی وا دەست پێ بكات كــە گوێگر ببەستێت بە رادیۆكەوەو بــە پەرۆشەوە بێت بۆ زانینی ئەنجامی ئەو بەشە ، لە هـەمان كاتیشـــدا بە رووداوێكی وا دەست پێ بكات رووداوێكی وا كۆتایی پێ بێت وا لــە گوێگر بكات كە چاوەڕوانی بەشـــی داهاتوو ببێت . مەبەستیش لەمە زۆر ئاشكرایە ، ئەویش ئەوەیە كە بتوانـین هەر بەشێك لە بەشەكانی زنجیرەكـە ببەستین بە بەشەكەی ترەوەو لــە ئەنجامدا وا لە گوێگر بكەین كە بەردەوام بێت لە گوێگرتنو « تعقیب » كردنـی زنجیرەكە ، چونكە ئەگەر ئەم بەیەكەوە بەستنە نەبێ زنجیرەش لە گـــۆڕێدا نابێ .. بەڵام كاك « دلشاد ایــوب » نەیتوانیوە بەشـــەكانی زنجیرەكــە ببەستێت بەیەكەوە ، لە كاتێكدا لــە زنجیـــرەی « ٢٠ »ی رۆژی ٨/٢٣ « گێلە » ئەخرێتە بەندیخانەوە ، گوێگر بە تەمای ئەوەیە كە لە زنجیرە « ٢١ »ی رۆژی ١٩٧٨/٨/٢٤ بزانێ « گێلــە » چی بەسەر دێ ، ئەبینین زنجیرەكــە ئەپسێتو كەلێنێكی زۆر گەورە دروست ئەكاتو « گێلە » وا لە شارێكـی ترەو دوو رۆژە لەوێیەو لە مـالی « مــام رەجەب » نانی خواردووەو لێبووتەوە . باشە ئەی لە بەندیخانە چی بەسـەر هات ؟ چۆن دەرچوو ؟ ئێستا لــەم شارەدا چی ئەكاتو بۆ هــاتە ئێرە ؟ هەموو ئەم پرسیارانە بـــەبێ وەڵام ئەمێننەوە ، ئیتر چۆن گوێگر بتوانـێ بەشەكانی ببـەستێت بەیەكـــەوەو زنجیرەیان لێ دروست بكات ، خـــۆ ئەگەر كاك « دلشاد » ئەڵێ : پێویست

بەم دوورو درێژیە ناكات ، ئەبوایــە یەكسـەر كە « گێلە » لەلای بازرگانەكەوە دەركرا لەلاپەڕە « ٩٦ »ی رۆمانەكــە بازی بدایە لاپەڕە « ١١١ » كە « گێلە »

بەدوای پارەی گیرفانی خۆی ئەكەوێتو ئەچێت بۆ شارێكی تر ، ئەگینا مادام « گێلە »ی خستە بەندیخانەوە ، ئەبێ پێشمان بڵێ چـــۆن لە بەندیخـــانە دەری‌هێنا . خاسیەتێكی تری زنجیرە ئەوەیە كە هەر بەشێك لە بەشەكانی زنجیرەكە ئەبێ بیرێك لە بیرەكانـــی نووسەر بدات بە دەســـتەوە .. یا خزمەتی بكات ، نەك هەموو رۆژێ پێنج شەش لاپـەڕەیەك لــە رۆمانەكــە بخوێنرێتەوە ، وەكو بڵێی بەســـەر چەند رۆژێكی دیاری كراوا دابـــەش كرابێ ، ئیتر گرنگ نیە بەشەكە لــە كوێوە دەست‌پێ‌بكاتو لە كوێ تــەواو ببێ . جـا خۆزگـــە بە تـەواویش ئەخوێنرایەوە ، ئەوەی من هەســـتم پێ‌ی‌كرد ، ئەو برادەرەی كــە دەوری « گێلە »ی وەرگرتبوو تەنانەت كوردیشی باش نەئەزانی ، ئەمەش ئەبووە هــۆی ئەوەی دیالۆژەكان بــە شـــێوەیەك بخوێنێتەوە كە خزمەتی بیری نووسەر نەكات ، چونكە دیالۆژی وا هەیە بــە دە شێوە ئەخوێنرێتـــەوەو هــــەر جارێكیش مانایەك ئەبەخشێ ، بــەڵام كامیان لە خزمەتی بیری نووســـەرە ،

ئەوەیان بەلای ئێمەوە مەستە ، خـــۆ ئەگەر هەر هیچ نەبێ ئەبێ ئەكتـــەر بچێتـــە دەروونـــی كاراكتـــەرەوە « الشخصیە » من بەش بە حالێ خۆم كە گوێم لە « گێلە » ئەبوو ، قــەت قەناعەتم نەئەكرد كە ئەم « گێلە »یــە ئەو « گێلە »یەیە كە « عزیز نســین » مەبەستی بووە ، ئەگەر باسی رۆژنامە نووسیش بكەین ، ئەوە حاڵی ئەویش زۆر لە حاڵی « گێلە » سرتر بوو ، جگە لەمەش گوێگری تووشی بێزاری ئەكرد ، چونكە مۆڵەتی نەئەداینێ گوێمان لـــە قسەكانی « گێلە » ببێتو بزانین چـی ئەڵێو چی ناڵێ .. « گێلە » هــــەر جی‌یەكی بووتایە ئەویش بەدوای ئەوا

دووبارەی ئەکردوە ، یا پەیتا پەیتا «ئێ .. ئای .. ئۆی » ی بووو دیالۆژەکانی تێکەڵ بەیەکتر ئەکرد . هەروەها ئەو هەڵانەی کە لە کاتی خوێندنەرە ئەیانکرد وای لێ‌کردم قەناعــەت بێنم کــە ئەکتەرەکان هەر یەکسەر رۆمانەکــە ئەخوێننەوەو بۆ یەکەم جارو لــــە ئستۆدیۆشا .. جا ئەگەر ئەوان خۆیان نەزانن چی ئەڵێن .. چۆن ئەتوانــن گوێگرەکان تێ بگەیەنن ؟ نموونەش بــۆ هەڵەکانیان : ــ

**لــە زنجیرەی « ٢٠ »ی رۆژی ١٠٣ »ی رۆمانەکە ئەکەوێت ، ئــەو خوشکەی دەوری ژنی وەرگرتبــوو ١٩٧٨/٨/٢٣ کە بەری لاپەڕە «٩٩ ــ ووتی : « بە چ زمانێك قسەت لەگــەڵ دەکەم » ئەمەش ماناى دیالۆژەکــە ئەسڵی‌یەکەبە پێچەوانەوە دەرئەخات ، چونکە لەوێ‌دا ئەڵێت « بە چ زمانێك قسەت لەگەڵ دەکردم » .**

هەروەها گێلە ووتی : « تۆ مەبــە هۆی ئابروو چوونی من‌و بڵێ‌ی کــە بەهەڵە چووی » دیسان ئەمەش مانای دیالۆژە ئەسڵی‌یەکە پێچەوانە ئەکاتەوە ، چونکە لە رۆمانەکەدا ئەڵێ : « تۆ مەبە هۆی ئابڕوو چوونی من‌و بڵێ کە بــە هەڵەدا چووی » .

دیسان « گێلە » وتی : « بابە ناوی من فەریدەو لێ‌ی گەڕاوە » .

ئەمەش هیچ مانایەك نابەخشێ ، ئەسڵی دیالۆژەکە بەم شێوەیەیە :

« بابە ناوی من فەریـــدەو لێــت گۆڕاوە » .

**ئەمە چەند نموونەیەك بــوو لــە هەڵەکانی تەنها بەشێکی زنجیرەکــە ، ئەی کار چۆنە لەگــەڵ زنجیرەکــە بەگشــتی ؟ .**

کەم‌و کۆڕی ئامادەکردن‌و نــواندن‌و ئەو هەموو مۆسیقا زۆرو بــێ تــام‌و مانایە ، کە جارجار بە موناسەبە لــێ ئەدراو بەبێ موناســەبە درێــژەی پێ‌ئەدرا ، وای لێ‌کردم کە نەتوانم گوێ لە هەموو بەشەکانی زنجیرەکە بگرم ، جا ئەبێ نووسەری رۆمانەکە « عزیــز نسین » تاکو چ رادەیەك بەرپرسیار بێ ، ئەگەر بێت‌و رۆمانەکەی لە تورکییەوە کرابێ بە فارسی‌و لە فارسی‌یەوە کرابێ بە کوردی‌و ئینجا کوردییەکەش تا بەم شێوە نا ئامادەکراوە .. بۆ ئێســتکە ئامادە کرابێ ؟ . لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ، کە لەگەڵ تەواوبوونی مانگــی رەمەزانی پیرۆز زنجیرەکەش کۆتایــی پێ‌هێنرا بێ ئەوەی رۆمانەکە کۆتایــی پێ‌بێت ، دیــارە مەبەســت لــە پێشکەش‌کردنی زنجیرەکە .. مانگــی رەمەزان بووە نەك زنجیرەکە خــۆی ، ئەگینا خۆ ئەم زنجیرەیە کــە بــەم شێوەیە ئامادە کرابوو بەشی ســێ مانگی ئەکرد نەك مانگێ .. ئەمــەش وامان لێ‌ئەکات کە بڵێین ، ئەگەر مانگی رەمەزان دە رۆژ بوایە ئــەوە دە بەش پێشکەش ئەکراو ئەگەر دوو مانگیش بوایە ئەوە « ٦٠ » شەســت بەش پێشکەش ئەکرا ، هەر چەندە مــن لەگەڵ ئەوەدا نیم کە زنجیــرە بــەم شێوەیە درێژە پێ بدرێ ، چونکــە زنجیرە هەرچەندە بەهێز بێ چ لەلایەن شێوەو چ لەلایەن ناوەڕۆکەوە ، ئێمــە ناتوانین گوێگری دوو مانگی بۆ مــوگەر بکەین .. کە بەردەوام بن لە گوێگرتنا .

**هەموو ئەمانەو ناوی « عبدالله حسن زادە » نەبرابوو کە رۆمانەکەی لــە فارسی‌یەوە کردووە بە کوردی ، کــە ئەمەش مافی رەوای خۆیەتی . لــە کۆتایی‌دا هیــواداریـن رۆژنامــەو گۆڤارەکانمان لەمەودوا هەموو کــون‌و قوژبنێك رووناك بکەنەوەو نەهێڵن کەس لە تاریکیدا کار بکات .**



## ئازایەتی ئــافرەت

ئافرەتی کوردەواری هەمیشــــە هاوشانی پیاوان رۆیشتون لــە ئیش‌و کاری دەرودەشتــدا ، بــە تایبــەتی ئافرەتی لادێ نشین جگــە لە ئیش‌و کاری ناو ماڵ‌و رستن‌و درومان‌و بەڕە تەنین‌و وردە پیشەدەستیەکانی‌تر لــە دەرودەشتــدا جێگایان دیاری‌یە .. لەم وێنەیەدا نموونەی ئازایەتی‌و چالاکــی ئافرەت شان بەشــانی مانــدووبونی پیاوان دەرئەکــەوێ .. ژن‌و پیــاو لەلادێ‌دا وەکو یەك ئەرکی ئیش‌و کاری کێڵگەکانیان بەڕێوەئەبەن .

له پەنـدی پێشینانیی کوردیدا ،
ـەلێ بـاس‌و بابـەتی گرنگـی
کۆمەلایـەتی ـ و ـ ئـابووری ـ و
ـسیاسی ـ و ـ سـێکس ـ و
ڕۆشنبیری ـ و ـ هـونەری ـ
دایە ، من لێرەدا تـەنیا چـاکی
نەرییەکـەیم گرتـووە . لـە
نەرییەکەشدا چمکی ـ ( گۆرانیی‌و
سیقا )م لێ هەڵبژاردووە ، لـە
وانگەی هونەرییەوە ... ئەنۆڕمە
ندەکان‌و پێوەندیم بـە ( چـۆن )و
بۆچی )و ( لەسەر چی ) ووتراون ،
بـە .

**ـ لە ( واتە )و ( مەبەسـت )و**
**ناوان )و ( بن‌کلێشە)یان ناکۆڵمەوە .**

ئەم لایەنانە لە ئەستۆی ـ پێزان ـ و
پسپۆڕ ـ و شارەزا ـ یانی ئـەو
ـەلەپوورە نەتەوایەتییەمـان .

لێرەدا تەنیا ناوی کەرەسەی خاوی
ئاواز )و ( سـاز )و ( ئـامراز )ی
مۆسیقا )م لا مەبەستە کە ناویان لە ناو
و پەندانەدا هاتوون .

بۆ نموونـە :

**ـ ( حەیران ) و ساوەر پیر نابێ ، ..**
**ل ١٨٤ پ . پ . کوردی ( خاڵ )**

یەکێك لە هەرە گرنگترین ئاوازەیی‌و
ابی ئاوازی فۆلکلۆری ئەوەیە :

**ـ کە هەر چەند ساڵ‌و ڕۆژگاریـان**
**سەردا تێپەڕێ ، هەر « سـاوان »و**
**نابـن .**

**ـ لەبەر چاوو گـوێی خەلکـی**
**ەون‌و نابێزرێن .**

**ـ ( حەیران ) یەکێکە لەو ئـاوازە**
**ازو بە سـۆزانە ، کـە پیربوون‌و**
**چوونەی بۆ نییە ، بە ( نەمریی )و**
**ایابی ) ماوەتەوە .**

**ـ حەیران ـ گۆرانیەکی فۆلکلـۆری**
**سەنی کۆنی کوردییە .**

**ـ بە ( مەقام ) ئەوترێ**

**ـ حەیران ـ لە ڕیشەدا خوردەزادی**
**قامە ( قمتی )یەکانی ( بـەیات )و**
**حسەینی )یـە**

**ـ حەیران ـ لە ئیقاع‌و تـرازووی**
**ۆسیقادا ئازادە .**



**ـ هۆنراوەکانی ـ حەیران ـ لـە**
**« کێش »دا ( فرەماوە )و ( پشـوو**
**درێژی )یان تیا هەیەو لـە بـارەی**
**( قافیە )وە لە زۆر جێدا جەمسەری**
**هۆنراوەکان بە شارەزایانە لێك‌دراون .**

**ـ حـەیران ـ شاکارێکـە زادەی**
**( ئەوین‌و ئاوات )ە**

**ـ حەیران ـ کەلەپوورێکی هونەری**
**هەموو کوردێکە ، بۆنی خۆشی ناوچەی**
**( هەولێر )ی لێدێ .**

**ـ لە مەیدانی حـەیران ووتـندا**
**هونەرمەند ( ڕەسوڵ گەردی ) گـۆی**
**هونەری بردووەتەوەو لە شێوەیەکـی**
**نوێ‌و ناسکدا ئەیڵی .**

**( حەیران )**

● حەیران ، حەیرانـە / کراست
کەتانە / فرمێسکی چـاوت کاروان
کاروانە / داخی کیژۆڵان لـە دڵـی
کوڕانە /

**کیژ دەڵێ : هاوار هاوارە ، سوار**
**سواربن ، پیادەبێن بەغارە ، دەرمانـی**
**دەردان « مـەمك گوشـینە » ،**

لەگەڵ شەو ڕاموسانە / شەوێ لە
سێبارا نیوەشەوێ دەچمـە جـێی



ژوانێ ، بۆن کەم قۆرکی گەردەنێ ، راستو چۆپی خەناوکێ ، زێدە جوان چبکەم ، دنیا دەوران دەورانە . [ ل ۷۰ کۆمەڵێك لاوكو حەیران ] محمدی مەلا کەریم .

**١ ـ [ ئەسپێ لە باخەڵیا ، ( سەوزەڵە گییانم ئەڵێ ) . ]**

ل ۲۹ پ ـ پ ـ کوردی ( خاڵ )

ـ لە گۆرانیی کوردیی‌دا بەستەی ( فرە چەشن )و ( هەواجۆێ )مان زۆر هەیە لەسەر ( سەوزە ) وەکوو ( سەوزە مەرۆ سەوزەکە ) ( سەوزەڵێ سەوزە ) ( سەوزەڵێ سەوزەڵێ ) ( سەوزەڵی خانم ) ( سەزەلێم ئالۆزە ) هەروەها ئەوەی لێرەدا شایانی لێدوانە ( سەوزەڵە گیانم )ە ، کە ناوی لەو پەندەدا هاتووە

ـ ئەم گۆرانیی‌یە ئاوازێکی کۆنی کوردیی‌یەو ( بەستە )یە ، لەسەر شێوەی گورجو ئیقاعی خێرا ئەوترێ ، لە هۆنراوەی ئەو گۆرانیی‌یە ئەم چەند دێرە بڵاوئەکەینەوە .

## « سەوزەڵەگییانم »

سەوزەڵەگیانم ، سەوزە ، سەوزەی بەری‌ماڵ
باوەشێنم کە ، سەوزە ، بەگوڵیکەی دەسماڵ
عەرزوحاڵ ئەدەم ، سەوزە ،بە حاکمەکەی رۆم
ئەو کچەم نەدەنێ ، سەوزە ، دەیبەمو دەڕۆم
سەوزەڵەگییانم ، سەوزە، سەوزەی سوخمە مۆر
من ، تۆ دەسێنم ، سەوزە ،بە خوایشت یا زۆر
بەفیای ماڵەکەی ، سەوزە ،روو لە چەمت بم
بەفیای ئەگریجە ، سەوزە ، هەم پەرچەمت بم
سەوزەڵە گییانم ، سەوزە ، سەوزەی هەڵاڵە
ماچی سەر کولمت ، سەوزە ، بۆ من حەڵاڵە

١ ـ « نە بۆ کوێر هەڵپەڕەو نە بۆ کەڕ ( گۆرانیی بڵێ ) »

ل ٢٤٩ پ.پ . کوردی ـ (خاڵ)

## گۆرانی

بریتی‌یە لە ( کۆنەغمە )یەکی دەنگیی لەسەر بناغەی پلەو پەردەی دەنگ دامەزراوە ، لە کوردیی‌دا گۆرانیی لە دووبەش پێك‌دێ لە ( مەقام ) کە چاوگەی گۆرانیی‌یەو لە ( بەستە ) کە بەشێکی گرنگو بەربڵاوی گۆرانیی‌یە .

هەموو ( مەقام )ێك لە ( حەوت نەغمەی دەنگی ) کە ئەکاتە ( شەش پلەی مۆسیقایی ) پێك دێ . گرنگ‌ترین مەقامە کوردیی‌یەکان ئەمانەن کە لە شێوەی هۆنراوەدا ناوەکانم هێناونو پێشکەشم کردووە بە ( مامۆستا عەلی مەردان )ی **مەقام زان**

## مەردانو مەقام !

لەناو کەمان و جومبوش و تاردا
لە ( ئەڵلاوەیسی ) و ( نەوا ) و ( قەتار )دا
لە نیگای جوانی‌چاوی دلبەردا
لەناو ( خورشیدی )و ( خەم )و خاوکەردا x[1]
لە ( غەمەنگێز )و ( شوور ) و ( سەبا )دا
لەگەڵ ئەو گەنجەی‌ژینی بە بادا !
لە ( ناز )و ( نیاز) و رازی دڵداردا xx[2]
لەناو ( بەیات )و ( ئورفە )و ( ئەوشار )دا
لەناو ( شوشتەر )و ( راست ) و ( رەشبەست )دا
لەناو ئاوازو هەوا و هەڵبەستدا
لەناو هونەری وولاتی کورددا
لەناو ( حیجاز )و ( بەیاتی کورددا ) xxx[3]
لەناو تویّ جوانی شیعری ـ مەولەوی ،
لە ( نەهاوەند )و ( سێگا ) و ( مەسنەوی )
لەناو گۆرانیی‌و بەستەو ئاوازدا
لە ( حیجازکار )و ( دەشت )و ( قەزاز )دا
لەناو گوڵزاری بەستەو مەقامدا
لە ( هومایۆن )و ( هۆرە )و ( هوزام )دا
لە کۆڕی بادەی مەیگوساراندا
لەناو ( حسەینی )و ( حیجاز دیوان )دا
لە گەرمی دەنگی نەرمی ، گەرمیاندا
لەناو ( ئای ئای )و و ( دەشت )و ( قەزاز )دا
[ عەلی مەردان ]ێك ، خۆی تیا ئەنوێنێ
هەستی گوێگری کورد ، ئەبزوێنێ

ـ هەرچی ئەو ووشانەی خراونەتە بەینی ئەم دوو کـەوانانەوە ( .... ) ناوی مەقامەکانی کوردی‌یەو ئـەو مەقامانەیە کە مامۆستا عەلی مـەردان تۆماری کردوون لە ئێستگەی کوردیـی عیراق ...

## بەسـتـە

یا پاشکۆی مەقامێکە ، یا سـەر بەخۆ ئەوتری . گفتێکی‌ئاوازداری‌خاوەن کێش‌و ئیقاعێکی مۆسـیقای تایبەتی‌و ترازوودارە !

لە کوردی‌دا بەستەی ( جـۆری گورج )مان هەیە ، وەکوو ( تۆزدەکا ، لۆرکێ، دەرزی‌یە ، بی‌لەنگینە ، ئەوڕۆ ، ئای شیرینەو خانم ، باوانم ئامنـەی بالابەرز ، رۆکی کـوردی ( لای‌لای کۆرپەی دایە ) . ئەی حەریرەو لـەم ئاگربارانە ، بەلەرزانەو سـەدانی‌تر )

## نموونەیەك لەو بەستانە !

١ ـ دەرزی‌یە بلێ دەرزی‌یـە
یـارم لـەناو ڕەزی‌یـە
هـەر کاتێ بانگـی دەکـەم
بـۆم دێـتە ئـەو بەرزی‌یـە

٢ باوانـم :

جـووتێ کۆتر لە ماڵەکی ـ ئـەی وەی بـاوانـم
مژن ئەمـامی ساڵەکی ـ ئـارامی گیـانـم
اچیان دەدا بـە ریاڵەکی ـ هـەر ئەمشـەو میوانم

٢ ـ ئامنـە ـ

امنـەی بالا بـەرز کـە دێ لـە ڕێـوە
ەك بـەفری کوێستـانلا زەردەی خـۆر پێـوە

٤ ـ لە بەستە ( نێوەند )ەکانمان

کە ـ ئیقاعی ـ ئاوازەکانیان لـە نێوان ( گورج )و ( خاو )دایـە وەك بەسـتـەی .

( کۆنە هەواران ) ( خۆم بـە خولامی سوخمەی ) (راستەی خەیابان) ( شەو بۆ مەنزڵەکەی نوسرەت نازانم ) ( مریم سابلاخی ) ( کاروانە ) ( ساقی دەروێشان )و گەلێك گەلێکی‌تر ... )

١ ـ کاروانـە :

کاروانە ، هـۆ کاروانـە ، کاروانـەم لـە گـەرمێنێ رەبی کاروان بـەخێر بێ جەلسـە بـۆ یـارم دێنێ هاتەخـوارێ ، سێ‌و بە دوو ، گیلاسەو ئـاڵو باڵـوو گـەردنی وەك تفەنگـی‌برنو ، کەڵەگەتەو خاڵ لە روو دوو مسـقاڵ ئیمانم بوو ، ئەویش لـە تـۆوە ، دەرچوو

٢ ـ خـۆم بە خولامی :

خۆم بەخـولامی سوخمەی کۆنـی
وەك میخەك بەند ، ئـەڕوا بـۆنی
هـاتـووم بزانـم چلـۆنـی
وێنەی شـەمامەی بە بـۆنی

٣ ـ راستەی خەیابان

ئەری راستەی خیابـان ، (( گیانەکەم )) باخچەی میللەتی ئەرێ کراسەکەی بەرت / ئەی هاوار / چیتی شـیرکەتی لای لای ئـەی کـەوێ گـەردن بەخـاڵی وای وای وای وای کـوشـتمی باوەش‌و منـداڵی

٤ ـ بەستە ( خاو )ەکانمان

ئەو بەستانەن کە خاوەنی ئیقاعێکی یەکجار هیواش‌و ساردن . لەو بەستانە ـ خاڵەی رێبوار ـ لـەیلی هـۆ لەیلی ـ غەریب مەڕۆ ( خاوەر خاوەر ) ( ئامینێم تاقانەی دایە ) ( ئامان کوردێ کورتە بالا ) ( ئەز دەناڵم ) ( ئایشێ رۆ ) ( باران باران ) ... هتد ))

١ ـ خاڵەی رێبوار

خاڵە هـۆ خاڵە ـ گیانە بە خـاڵت نابـم ×(١)
کـۆتری ئـەو کێوەم ـخاڵە ـ بـۆت مـاڵی نابـم
خـاڵە هـۆ خـاڵە ، ئـەمنیش رێبـوارم
منیش وەکـوو تـۆ ـ خاڵـە ـ دڵ برینـدارم

٢ ـ لەیلی هۆ لەیلی

لەیلی هـۆ لـەیلی باوانم لەیلـی
کوشتەی ئەم خاڵەم بۆچ وا بێ مەیلی
بەسەر گەردت بم ، سەوڵی لە ناو بـاخ
بە چـاو ئـەڕوانم بەدڵ ئەڵێم ئـاخ
لەیلی هـۆ لەیلی ، لـەیلی باوانـم
یـاخوا بەخێربێی ، نووری چاوانـم

## دەنگخۆشی

بەهرەبەکەو هەندێ کەس هەیەتی ، ووزەیەکی شاراوەیە لە خودی برێـك ئادەمیزاددا ، کەرەسەیەکی گرنگـی مۆسیقایی گیانیەیە ، کـە بە هۆی .. پەردەی سـنگو ژێکانی قورگو ( هەناسە )و ( ووتە ) لە قالبێکـی هونەرییدا ئەبێتە بەرهەمێکی رەنگینو کاریگـەر .

ـ لە رۆژگاری کۆن داو لە تەوراتدا ناوی ( داود ) هاتووە کە دەنگخۆشێکی بێوێنە بووە ، تـا ئـەمرۆش لـە کوردەواریدا کەسـێك کـە زۆر دەنگخۆش بێو مەدحی بکرێ ، ئەڵێن دەنگێکی ـ داوودی ـ هەیە .

ـ لە کۆنی کوردەواریشـدا ، ( تەیموری موورادی )ە ( خـەسرەوی فەیرۆزخان )ی کوردو لەسـەردەمی نوێشدا ( ئەحەی ناسر )و ( سـەید عەلی ئەسغەر ) ( عەلی مـەردان ) و ( مەلا کەریم )و ( شەهابە )و ( حسن زیرەك ) و ( مظهری خالقی )و ( تـایەر تۆفیق ) و ( محمد صالح دیـلان )و ( محمدی ماملێ )و ( فەتانەی وەلیدی )و ( مریەم خان )و ( عایشە شان ) لـە دەنگخۆشو گۆیندە بەهرەمەنـدەکان ئەژمێردرێـن .

---

۱ ـ بەخالت نابم = بەخالی نابم .. رێكتـرە .

۱ ـ دەنگم خۆش بوایە ، بۆ خـۆم ئەگریام .

ل ۲٤۰ پ . پ . کوردی (خاڵ)

۲ ـ بەرد ئەکا بە ئاو .

ل ۱۰۹ پ . پ . کوردی (خاڵ)

> تێبینی : ئەمە بەشی یەکەمەو لـە بەشەکانیتردا ( هـەندێ ئـامرازی مۆسیقاو شاییو شاباشو هەڵپەڕکێو سەماو چۆپی ) کە لە پەندی پێشینیاندا ناویانلا هێنراوە ، باسیان ئەکەم .

(۱) خەم ( خـەمگین ) مەقامێکـی کۆنەو مامۆستا علی مـەردان تۆماری کردووە .

(۲) ( ناز ) و ( نیاز ) دوو مەقامـی کۆنن تەنیا ناوەکانیان ماوە .

(۳) بەیاتی کورد : ئەو مەقامەیە کـە شیعری ( ئەی مانگی ) پێکەسی پێوە ووتووە ـ عەلی مەردان ـ

سەرچاوەکان

۱ ـ رۆژنامەی بـروا ، ژمارەکانـی ( ۱۳ ، ۱٤ ، ۱٥ ، ۱٦ ) سـالی ۱۹٦۰ ـ فۆلکلۆری کـوردیی ـ نوسینی عثمان شارباژێری

۲ ـ گەنجینەی گۆرانیی کـوردی ـ دەستنووسە

۳ ـ بەستەو مەقام ـ رێگادراوە بـۆ چاپکردنی

٤ ـ لێدوانێك لە مەقامو مۆسـیقای کوردی ۱۹۷۲ چاپکراوە دانانـی عثمان شارباژێری

٥ ـ پەندی پێشینان کوردی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ

٦ ـ کۆمەڵێك حەیرانو لاوك مامۆستا محمدی مەلا کەریم

## جوتیاری ئازا

ئەو شوێنانەی سەختنو مەکینـەی جوت ناتوانێ کاری تیا بکاو وەرچەرخێ تیایا .. لادێ نشینەکان تەلانی تایبەتی تیا دروست ئەکەنو هەر لەسـەر شێوەی کۆنو کشتوکاڵی سەرەتایـی بەگا جـوتو کەرەسـەی داریـنی جوتکردن تەلانەکانیان ئەکێڵنو نایەڵن بە بایەری بمێنێتەوە .. جوتیاری ژیرو ئازا نایەوێ زەویەکەی دوا بکەوێ .. لە لادێکانا هەر جوتیارێك بەرهـەمی کشتوکاڵی زۆربێ ئەوە بە ئازا نـاو ئەبرێ .. ئافەرم بۆ ئەو جوتیارەی لە ئیشکردندا نابەزێو بەزەبری نووکـە گاسن ژیانی خێزانەکەی مسـۆگەر ئـەکات .



# مەبەستی چەند نەریتێکی زەماوەند لە کوردەواریدا

نیازی ئەحمەد عزیز

نەتەوەی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی کەی سەرزەمین خاوەنی نەریت‌و دەستورێکی تایبەتی‌یە لە پێک هێنانی زەماوەندو ژن خوازی‌دا .. چەند کردارێکیش هەن کە لە زۆرترین ناوچەکانی کوردستان یاخود هەندێکیان لەسەرتاپای کوردستان جێ‌بەجێ دەکرێن کە هەموویان بە ئیشێکی پێویست دراونەتە قەلەم وە هەر کەسێ زەماوەند بکات پێویستە لەچوارچێوەی ئەم کردارانە یەك لە دوای یەك هەموو شتێ جێ‌بەجێ بکات ئەمانەش :

**● داخوازی کچ ● مارەکردن ● شەکراو خواردنەوە ● ئەلقە لە پەنجەکردن ● جل‌و بەرگ برین ● یەك لەنجەو شایی کردن ● گواستنەوەی بووك ..**

ئینجا لەناو ئەم هەموو ئیشانەدا چەند کردارێك هەن کە لەوانەیە زۆر کەس نەزانن بۆچی دەکرێن وە یان مەبەستچیە لێیان ؟ بۆ نمونە وەك ..

**ئەلقە لە پەنجە کردن :** ئەمە دوای مارەکردنی کچ‌و شەکراو خواردنەوە دوو ئەلقەی زێڕ ( یان هەر کانزایەکی گران بەهایێ ) دەکرێتە پەنجەی بووك‌و زاوا [ کە پێویستە زاواو بووك ئەم ئەلقانە بکەنە پەنجەی یەکتری ] ..

باشە ئەمە بۆچی‌و لێرە مەبەستمان چی‌یە ؟

مەبەست لەم شتە ئەوەیە کە ئەم ئەلقەیەی کە لە شێوەی بازنەدایە ئەگەر سەیری بکەین هیچ جەمسەرێکی نیە ، واتە لە سەرێکی تەواو پێك هاتوە .. کەواتە لێرەدا مەبەست لەوەیە ئەم ئەلقەیە ببێتە هەوالی دروست بوونی ژیانێکی درێژی ئاسوودەی نەبراوەو بێ کۆتایی ! وە بۆیەش لە ئالتون دروست دەکرێ چونکە ژیانیش خۆشەویست‌و بەنرخە .

لەلایەکی ترەوە ئەلقە یادگارێکی پیرۆزەو هۆیەکی لە بیرنەکردنی دەسگیرانەتی‌یە !

**یەك لەنجەو شایی کردن :** یەك لەنجە .. بریتی‌یە لە کۆبوونەوەی لاوەکانی برادەرو خزمی زاوا ، لەو شەوەی کە بۆ بەیانی بووکی تێدا دەهێنرێت .. لە مالی زاوا ئەو شەوە دەکرێت بە گۆرانی‌و بەزم‌و رەزم وە چەند « گۆرانی بێژو چاوەش » ێك بانگ دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەو هەموو دادەنیشن‌و دەست دەکرێ بەبەزم .. ئەوەی لێرەدا بەزمە ئەوەیە گەنجێك خۆی پێش‌کەش‌دەکاو پارچە قوماشێکی رەنگاو رەنگ بە دەستەوە دەگرێ‌و دەی‌کات بە سەما کردن هەرکاتێ قوماشەکەی لەسەر یەکێك لە دانیشتوان دانا دەبێ ئەویش هەستێ‌و دەست بکات بە سەماکردن . بەم جۆرە تا شەو درەنگانێك ئەمە حالە .. خۆ ئەگەر یەکێکیش لە دانیشتوان سەمای نەکرد ئەوا سوك‌و ئاسان دەبێ بچێتە دەرێ‌و خوا حافیزی دەبێت

وە رۆژی بووك هێنانیش تاکو ئێوارە لە بەردەرکی مالی زاوا رەش‌بەلەك‌و شایی دەکرێت بە زورناو دەهۆل لێدان .

باشە ئەدی ئەم بەزمە چیە ؟ خەلکی چ پەیوەندی هەیە خۆی هیلاك بکات بەم شێوەیە ؟؟ لەوانەیە بلێین بۆ ئەوەیە کە بزانرێ فلان کەس ژنی هێناوە ... بەلام نەء ، ئەم هەموو شایی‌و یەك لەنجەو هەلپەرکێ‌یە بۆ ئەوەیە کە کۆمەلگای کوردەواری بیسەلمێنێ کە لە هەموو خۆشی‌و ناخۆشی‌یەکی یەکتری‌دا بەشدارن بە تایبەتی « زەماوەند » کە شادیەکی پیرۆزو مەزنەو مژدەی دروست بوون‌و بنیات نانی کۆشکی خێزانێکی نوێیە لە کۆمەلگاکەماندا‌و بەردەوامی ژیان‌و زۆربونی ئەندامانی کۆمەل دەردەخات .

**هەرچەند ئێستا مۆدەی ئەوەیە زاوا بە دزیەوە بێ‌ئەوەی کەس بزانێ بووك رادەفرێنێ .. ئەمە بۆکوێ ؟ وەللا بۆ « شهر العسل » کە ئەمەش نارەوایە گەنجانی کوردەواری‌مان لەم بەزم‌و هەلپەرکێ‌و شایی‌یە کە سامانێکی رەوای نەتەوایەتی‌یە بێ‌بەش بکرێن ..**

**خۆ ئەگەر لەوانەی ووتمان بێ‌بەش نەبین « شهر العسل »ەکەش قەیناکات !**

# دوانێك لە ڕەسەنایەتی مۆسیقای گۆرانیی کوردیو مەقامەکانی

بەشی دووەم

أنور صالح

لە سەرەتای بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی روون ئەو تەنگو چەڵەمانەی کە بوو بوونە هۆی لەناو چونو شێواندنی زۆربەی مقامە رەسەنەکانی کورد ( مۆسیقاو گۆرانی و هەندێ روشنبیری کەلەپۆری میللیم) پێشکەش کرد . .بەلام بە داخەوە لە بیرم چوو ئەم ئاگاداریە روون کەمەوە ئەویش ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانو ئاوازدانەرانی کورد ، بەتایبەتی ئەوانەی کە مۆسیقای میللەتانی تر کارێکی وای لێ کردوون کە بووە بەهۆی دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی مقامە رەسەنەکانی کورد .

راستە : هەندێ هونەرمەند ئەمەیان بەکاریان هێناوە بەلام بەشێوەیەکی زۆرکەمو کورت .

جا بۆیە توانراوە مۆسیقای مقامو گۆرانیەکانی میللەتی کورد بگۆڕنو بیشێوێنن .

ئنجا تکا لە هەمو هونەرمەندانی مۆسیقاو گۆرانی ئەکەین لە هەمو ناوچەکانی کوردستاندا هەولێکی زۆر گرنگ بدەنو ئاوازەکانیان لەسەر ئاوازی مقامە رەسەنەکانی مۆسیقاو گۆرانی کوردی دابنێن .

ئەوا لەم ئەلقەیەدا باسی مقامی ( کوردەللی ) ئەکەم کە گۆڕیویانەو ناویان ناوە ( حجاز کار کورد ) ..

مقامی [ کوردەللی ] یەکێکە لە مقامە رەسەنەکانی مۆسیقاو گۆرانی کوردی کە گشت گۆرانیبێژێکی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستانا بە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی لە زۆر کۆنەوە گۆرانیyان پێ گوتووە .

وەکو باسمان کرد گۆڕینی ناوی ئەم مقامە زۆر بە جوانی دەری ئەخا کە چی جۆرە هەولێك دراوە بۆ شێواندنو گۆڕینی زۆربەی مقامەکانمان (مۆسیقاو گۆرانی ) . ئەو هەولانەش بەنەزانی بێت یان بۆ شێواندن بێ ، پەیوەندی هەیە بە جوانیو رەسەنایەتیو رۆژهەلاتیەتی ئەم مقامەوە ، چونکە زۆرەها ئاواز دانەرانو گۆرانی بێژانی میللەتانی رۆژهەلات گۆرانیان پێ گوتووە . ئەم گۆڕینەش دەستی هونەرمەندانی گەلانی تری تێدایە ، ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم ناوە فارس دایناوەو لە کوردەلیەوە گۆڕیویێتی بۆ حجازکار کورد گوایە مقامی کوردەللی لەسەر مقامی حجاز ئیش ئەکاتو لە حجازەوە هاتووەو لێی نزیکە .

جا ئێمەش ئەلێین : کە ئەم هەوڵەی دراوە زۆر زۆر هەڵەیەو دوورە چونکە ئەو دووریەی لە نێوان مقامی حجازو کوردەلیا هەیە زۆر بە روونی دیارەو جیاوازە .

(١)



لێرەدا هەوڵ ئەدەم بۆ دیارخستنی راستی‌ی مقامی کوردەللی‌و هەروەها جیاوازی‌و چەسپاندن‌و شی‌کردنەوەی ، تاوەکو هەموو هونەرمەندان‌و رۆشنبیرانی کورد ئاگادار بن لەم جۆرە کارانە کە کراوە .

بۆ روونکردنەوەی رەسەنێتی ئەم مقامە بە پێی ماف‌و ناوو کەلەپوورو رەگەزەوە ، ئەوا ( پێ‌پیلکەی ) ئەم مقامە لەگەڵ پێ‌پیلکەی حجاز ئەنووسم تا شارەزاییەکی تەواومان دەستگیربێ لە بارەی جیاوازی‌و گۆڕینی ناوی مقامی کوردەللی لەگەڵ شی‌کردنەوەیەك ، لە مقامی حجازو کوردەللی بە جیاجیاو دەرخستنی بڕیاری نووسەران‌و زانایان‌و هونەرمەندان لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی دەست کەوتوون ( بۆ لەناو بردنی ئەو هەڵپەو داواکاریەی کە کراوە بۆ لەناو بردنی و شێواندنی ) مقامی مۆسیقای پلەکانیش لەگەڵ مقامی کوردەللی‌دا دەرئەکەوێ :

**جیاوازی نێوان پلەکان لەگەڵ مقامی کوردەللی‌دا**

هەروەکو لە وێنەی یەکەم‌و دووەم‌دا دەرکەوت کە چ جۆرە جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئەم دوو مقامەدا .

بۆ ئەوەی جوانتر بۆمان روون بێتەوە بەشێوەیەکی باشترو بۆ لابردنی وتەی ئەم‌و ئەوو هەڵپەکانیان‌و دەرخستنی جیاوازیەکانی تری نێوان هەردوو مقامەکە تاوەکو لەپاشە رۆژا نەهێڵین ئەم جۆرە دەسکاری کردنە ببێتە هۆی تێکدانی هونەری میللی کوردیمان .

روونەو ئەزانن کە هەموو مقامێکی مۆسیقایی لە کاتی بەکارهێنانیا بۆیان هەیە هەمان مقام لە پلەیەکی ترەوە بەکار بهێنن بە پێی دەنگی گۆرانی بێژو دانانی پەردەکانی مۆسیقا . ئەوەش لەناو مۆسیقای جیهانی‌دا پێی ئەڵێن :

( ترانزپۆزێشن — **transposition**

مانای ئەوەیە ( گۆڕینی جێگای ئاواز لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی کە وەیا پێی ئەڵێن : ( تصویر المقام ) لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی‌تر بێ ئەوەی هیچ جۆرە ئەم‌وزۆریەك‌و جیاوازیەك‌و گۆڕینێك بکەوێتە نێوانی ئاوازو دەنگەکانیەوە .

وەکو دەرکەوت مقامی کوردەللی هەمان مقامە کە لە ئەڵقەی یەکەمدا لێی دواین بەڵام لە پلەیەکی ترەوە دەست پێ ئەکات .



کوردەللی ، ئەڵێن ئەم مقامە لە رەسەنی مۆسیقای کوردی نیە . جا با ئەو راستیە بدرکێنین :

١ ــ مقامی کوردەللی لە پلەی do ( دۆ ) وە راست دەست پێ ئەکات لەگەڵ بەکار هێنانی چوار ( بێمۆل ) لە سەرکەوتن‌و هاتنە خوارەوەدا . وەکو لەم وێنەیەدا دیارەو جیاوازی بەینی پلەکانیش لەگەڵ حجازدا . دەرئەکەوێ :

**پلەکانی مۆسیقای مقامی کوردەللی**

٢ ــ مقامی حجاز لە پلەی ( رێ Re دۆگا وە دەست پێ‌ئەکات لەگەڵ بەکار هێنانی دوو ( بیمۆڵ ) و ( فادێز ) لەسەرکەوتن‌و هاتنە خوارەوەدا ، وەکو لەم وێنەی‌ترا دیارەو جیاوازی نێوان

وە ئەبێ ئەوەش بزانین کە پێ‌پیلکەی مقامی کوردەللی هەمان پێ‌پیلکەیە کە لە ئەڵقەی یەکەمدا لەسەری دواین‌و باسمان کرد . ( مقامی کورد ) لە کاتی بەکارهێنانیا ئەبینین مقامی ( کوردو مقامی کوردەللی ) لە یەك رەسەن‌و یەك رەگەزو یەك ماف‌و یەك ژمارەن ، پلەکانیان هیچ جۆرە جیاوازیەکیان تیا نیە ، تەنیا ئەوە نەبێ کە مقامی کورد لە پلەی ( رێ Re )دوگاه وە دەست پێ ئەکات .

مقامی کوردەللی لە پلەی ( دۆ do )وە دەست پێ‌ئەکات . ئەوانەی لە هونەری مۆسیقاو گۆرانی شارەزان‌و سەریان لێ دەرئەچێ بۆیان

**مقامی ( حجاز ) زۆر جیاوازە لەگەڵ کوردەللی جا ئەوا لێرەدا روونتر بووەوە مەبەست تەنیا شێواندنی مۆسیقاو گۆرانی کوردی‌یە .**

جا نازانم بۆچی‌و لەبەر چی ناوی مقامی کوردەللی گۆڕاوەو ناوی کراوە بە حجازکار کورد ؟ هەرچۆن‌و هەر هۆیەك بوبێت مەبەستەکەی خراپە بووە .. ؟ ! ! بۆ لەناو بردنی هونەرو رۆشنبیری هونەری کورد تاکو رەسەنایەتی هونەرەکە لەناوبەرن .

دیسانەوە ئەڵێم رەنگە دەستی نەزانی تێدابێ ، یا خراپەیەکی ئەوتۆ بووە مەبەستی نەهێشتنی ماف‌و رەگەزی مۆسیقاو گۆرانی کوردی بووە .

بۆیە ئەم کارەساتەم خستە بەرچاو سەرنجی خوێندەواران کە بڕیاری خۆیانی لەسەربدەن .

ئێستاش دەست ئەکەم بەشی‌کردنەوەی هەردوو مقامەکە کە کوردەللی‌و حجازە بەلکو مەسەلەکە زیاتر ڕووناکتر بێت ڕەسەنایەتی‌و مافو ڕەگەزو پلەو گشت جیاوازیەکانی تری دەرکەوێت وەکو لە وێنە سێ‌و چواردا دیارە .

بەپێی بنکەکانی مۆسیقاو گۆرانی شی‌کردنەوەی مقامی کوردەللی بەکورتی : ـ

ا ـ مقامی کوردەللی لە پلەی ( دۆ do )وە دەست پێ‌ئەکات‌و لە هەمان شوێنەوەش تەواو ئەبێ ، ( ڕزگاری ) لە پلەی چوارگا ( فا Fa وەیەو دائەبەزێ تا دۆ ، لەکاتی دابەزینا چەند ووشەیەك لەلایەن گۆرانی بێژەوە بەکار دێت لەگەڵ پێ‌پیلکەی تەواوو زۆر بەخێرایی لەپاشا گشت ماوەکانی تری مقامەکە بەکاردێ تا ئەگاتەوە پلەی دۆ ، گۆرانی بێژ بۆی هەیە سەربەخۆیەك وەرگرێ لە کاتی گۆرانیدا بۆ چەند هات‌وچۆیەك لەهەمان مقام ، ئەم پیپیلکەیە لە مقامی کوردەللی‌دا ڕەسەنێتی ڕەگەزو مافو هونەری میللی کورد دەرئەخا :

## پلەکانی مۆسیقا لەسەر صول نەوای چوار پلەیی

ب ـ مقامی حجاز لە پلەی ( ڕێ Re )وە دەست پێ‌ئەکات‌و لە هەمان شوێنەوە تەواو دەبێ‌و ڕزگاری لە پلەی ( صۆل ـ Sol )وەیە تا وەکو دابەزین بۆ هەمان شوێن (ڕێ) لەگەڵ بەکارهێنانی پێ‌پیلکەی تەواوو بەخێرایی گۆرانی‌بێژ چەند ووشەیەك بەکار دەهێنێ‌و دەست ئەکا بەتەواو کردنی ماوەکانی تری مقامەکە تا ئەگاتەوە پلەی ( ڕێ ) وەکو لە وێنەی چواردا ڕەسەنێتی‌و مافی حجاز دیارە .

## پلەکانی ئاوازی حجاز لەسەر حوسینی

خوێنەری بەڕێز ئێستا بەباشی‌و بە پێی ئەم وێنە شی‌کراوانە پێك هاتن‌و ئاوازو پێ پیلکەی ڕەگەزو پلەو پەردەی سەرکەوتن‌و هاتنە خوارەوەی‌دا مەسەلەکە ڕوونتر بووەوە چەندان جیاوازی تریش هەیە لە نێوان هەمان دوو مقامدا ( کوردەللی‌و حجاز ) ئەوەش ئاشکرابووە مافو ڕەگەزی مقامی کوردەللی مقامی کوردەو ڕەسەنایەتی مۆسیقاو گۆرانی کوردی پێوەیەو ئەو جۆرە پیلان‌و هەلپانە بۆ گۆڕینی ناوو ڕەسەنی مقامەکانمان کارێکی نابەجێ‌و بێ‌سوودە چونکە باوو باپیرانمان بەم مقامە گۆرانیان گووتووەو بنچینەی دانانی لە ناخی خۆیەوە هەلقولاوە .

سەرنج

مانای کوردەللی ـ لە شێوەی ئەیلی‌دا ـ ( واتە جافەتی ) ـ یان بەشێوەی سۆرانی پێی ئەلێن ( لادێیی ) لەسەر ئەو بناغەیەو بە پێی وێنەکان دەرکەوتوە کە مقامی ( کوردەللی ) وێنەی گۆڕینی پلەی مقامی ( کورد )ە .

پێش ئەوەی بیرو باوەڕی هەندێ هونەرمەندو نووسەران‌و زانایانی مۆسیقاو گۆرانی بەرامبەر ئەم مقامە دەربڕم بەباشم زانی ئەم نۆتە مۆسیقایە کە هی گۆرانی ( دەردی دووری )یە کە لە ڕابووردوویەکی زۆر کۆنەوە میللەتی کورد ئەم گۆرانیەی گووتووەو





(٤)

زۆرەها گۆرانی تریشی لەسەر ئەم مقامە ووتووە بیخەمە پێش چاوی خوێنەران و هونەردۆستان :

**پلەکانی مۆسیقای دەردی دووری**

تا وەکو زیاتر رەسەنایەتی مقامی مۆسیقای کوردەللی بچەسپێنین کە مقامێکی مۆسیقاو گۆرانی کوردە .. ئەوا بەپێی توانا قسەو راوو سەرنجی ئەم هونەرمەندانە ئەنوسمەوە لەگەڵ نووسینی هەندێ لە مامۆستایانی مۆسیقاو گۆرانی . کە مقامی کوردەللی سەر بە مۆسیقای کوردە .

لە ١٩٧٨/١/٧دا مامۆستای گۆرانی و مەقامی عیراقی ( محمد القبانچی ) لە دوانێکی تایبەتیدا لە ( تلفزیون ) پرسیاری لێ کرا ئایا مقامی ( حجازکار کورد ) ئاوازەکەی عەرەبیە یان نەء ؟ ... وەڵامی دایەوە ( نەء )و گوتی ئەم مقامە هی میللەتێکی ترەو مقامێکی رۆژهەڵاتیەو زۆر لە ئێمەوە نزیکە بۆیە زۆر گۆرانیم پێ ووتووە ..

هەروەها لەلایەن مقامی (ابراهیمیە)وە لێیان پرسی هەمان وڵامی دایەوە .

لە بەشێکی‌ترا لە مقامی (ابراهیمیش) ئەدوێن چونکە پەیوەندی بە مۆسیقای کوردییەوە هەیە .

مامۆستا هاشم الرجب ئەڵێ : مقامی کوردەللی عەرەبی نیەو فارسیش نیەو تورکیش نیەو مقامێکی رۆژەڵاتیە کەواتە کوردیە . ( لە کتێبەکەیدا ــ المقام العراقی ) دا ئەڵێ :

( بە پێی بڕوای من کوردەللی ووشەیەکە پەیوەندی هەیە بە جەزیرەی گریتەوە لە یۆنان ) ... جا نازانم حاجی هاشم الرجب چۆن کەوتۆتە نێو ئەم هەڵەیەوەو لەسەر چ بناغەیەك ئەم بیروڕایەی خۆی دەرخستووە ؛ لە کاتێکدا ئەڵێ ئەم مقامە رۆژەڵاتیەو خۆشی ئەزانێ کە ئەم مقامە وێنەی مقامی کوردە .

تکا : بۆ رۆشنبیرانی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردو نەتەوەکانی تر ، دەستی یارمەتیم بۆ درێژکەن ئەگەر زانیاری زیاتریان هەیە لەبارەی رەسەنایەتی ئەم مقامانەوە ئەمیش بە پێی نۆتەو سەرچاوەی نووسراوو هەموو جۆرە شتێکی‌تر با بە بیرو سەرنجیان ئاگادارمان بکەنەوە تاوەکو ئێمەش لەگەڵ لێکدوانێکی تێرۆتەسەل بڵاوی بکەینەوە .



# لاوكی گوڵاڵە ئاڵەكە

■ احمد سالار عبدالواحد

**خنجیلانە شیرینەكەم بۆم باس‌كردی گوڵە گەنم گۆرانی خۆی دەڵێتەوە بە سەردەستی زبری پاڵەو جوتیاری ئازای باوكیا لە كاتێكدا ئەبێ بە پارویەك نانو گیانی برسێتی راودەكا ..**

رواندن لە خۆیدا ئاوازی گورانی‌یە ... دەگێرنەوە رەشەبایەك لە شەوێكی تۆش‌و تاردا گەڕی ئاڵاندە ژیانی دارستانێك هەموری هەڵكەند دایەبەر تەوژمی راماڵی خۆی ، لە گەروی ئەو شەوە ترسناكەدا گفەو لورەو هاژەی تورەو قینی رەشەباكە لولی دەخوارد بزەی بوونی سەوزی دەكرۆشت .... باڵندەیەكی ئێسك سووك لە رەشەبا وریاتربوو ، هێلانەكەی لەو دارستانە نەتەنی چوو زۆر فڕی ... تا توانی فڕی وای‌زانی باڵەكانی گڕیان گرتوە تومەس باڵی لە لێواری خۆر كەوتبوو .. باڵندەكە زانی گەیوەتە هەوار ئەو ساتە لە دارستانی رازاوەی بەرزو باڵای سەروی هەورا بینیەوە ... هەموو بەربەیانێك دەچوو لە كانیاوە جوانەكانی خۆر چاوی دەشۆشت ، فێری چەشنەها گۆرانی خۆش خۆش بوو ، ژیان بوو بە سروود ... بە رۆژ باڵای لە تاڵی خۆری رۆشن دەئاڵاند تا هەردو دەبوونە چەپكە تیشكی .... گەشەی كردوو گەورە بووو رۆژی لەدایك‌بوونی خۆر داهات‌و پیروزبایی لێ‌دەكرا ئەویش خەڵاتی دەدانێ ، باڵندەكەی هاورێی ئێمە ئاگەیبوە ئەو جێگایە گەلێ ماندووبوونی دیبوو لە پاداشتی ئەوەدابوو بەهرەی چاوتیژی پێ‌درا ... چاو تیژی بەهرەی چاكە وا نەبوایە ئەم لەكوێ وەكارەساتێ دارستانەكەی دەدی‌یەوە ... باڵی سەرنجی ناردە خوارێ هەوری بڕی ..چیا ..هەوراز تا گەیشتە ناو دارستان لە سەربەردێكی رووتەی رەق‌نیشتەوە ، بەڵام ئەو بەردە زۆر سەختە گوڵاڵەیەكی ئاڵی گەش بەسەریەوە چاك روابوو ... بنجی بەناو رەقی ئەوا داكوتابوو ...

**رەشەباكە بەمەی‌زانی ، پەلی ویران كردەی گرژكرد رەنگێكی هێناو سەد رەنگی‌برد ، دۆزەخی رقی وروژان ، ویستی زەبری هێز بنوێنێ بەڵام باڵندەی هۆشیار ئەو گڕەی دامركاندەوە كاتی پی‌ی ووت : هەی نەزانی گێلی گەلوژ ، لە دەستت دێ وێران‌كردن ،لە دەستت دێ چی‌تر بڵێ‌ی بەدكاریە ، بۆ نارەوانی تا بزانی ئەم گوڵە چوون لە سەر ئەم بەردە وا روا ... كێ روانی ؟! .. كێ فێری كرد تا بڕوێ ... دەزانی كێ‌ی بوو بە مامۆستاو بەوانە بو بە هۆیە بۆ گوڵاڵەی ئاڵی نازدار تا بنجی ژین لە سەختا دابكوتێ تەنها تۆ بووی .. تەنها قینی‌و تورەیی‌ی تۆبوو ... تەنها تۆبوی**

## لەبارەی شەترەنجەوە ..

- شەترنج یاری‌یەكی جیهانی‌ی ناسراوە ، بەڵام رەگەزو بنچینەی سەرهەڵدانی هێشتا بە روونی نەزانراوە ..
- بەو هونەرە فراوانەوە هەیەتی ، مێژوی پەرەسەندنی تاریكە ..
- هەندێك لە مێژوو نوسان ئەڵین : گوایە [ هاشنگ ] ی حاكمی كۆنی چین لە سالی ١٧٤ ای پیش زاینی‌دا ئەم یاریەی داهێناوە ، بۆ ئەوەی سەربازەكانی لە كاتی گەمارۆدانی درێژخایەندا پێوە خەریك بكات ، وەناوی نا [ جوك جوهانك كی ] كە مانای [ زانستی شەڕ ] ئەگرێتەوە .
- ئەم یاری‌یە شەڕێكی ئاشتیانەیە لە نێوان دو [ بیر ] دا ، گۆرەپانی جموجوڵی ئەم شەڕەش پارچە تەختەیەكی چوارگۆشەی نەخشێنراوەو سەركردەكانیشی هەردو یاریكەرەكەن ..
- بیرو وردەكاری هونەر لەم یاریەدا سەر ئەكەون ..
- كەرەسەكانی یاریەكە بریتین لە [ دوپادشا ، دو وەزیر ، دو فیل ، دو قەڵا ، دو ئەسپ ، سەرباز ] ..
- هەریەك لەمانە جۆری رویشتنی لە سەر تەختەكە تایبەتی‌یە ..

**ئیحسان خۆرشید ئەمین**

**بەدرێژی ئامادەی كردبو ، كورت كرایەوە**

# چەند بەسەربردەیەک

کەریم کابان


کەریم کابان

١ ـ لەبیرمە کە منال بووم کوڕو کالی
ڕەک کۆئەبوینەوە هەمو رابواردنی
ەومان ئەوەبو کە بە گۆرانی ووتن
گەڕاین بە کۆلانەکانی گەڕەکی خۆمانا
سلێمانی . جار جار کچان لەسەر
یسوانە نزمەکانی ماڵی خۆیانەوە
ژێر روناکی گلۆپی کۆلان کە ئەوکاتە
نیرگەیەکی سپی‌دارەوە بو وەک
ستا ئاسن نەبو رایان ئەگرتین بۆ
وەی ئاومان بدەنێ لەو گۆزە
ورانەی کە جاران لەسەربان دائەنرا
ئاو ساردکردن . ئنجا ئەو کیژۆلانە
جۆرە ئاویان ئەدایێو جار جاریش
مرو چڵ ڕێحانە رەشەیان ئەدایە
ستمان کە لە تەنەکەیەکی پڕ لە
ولا ئەیان رواند بۆ ئەوەی ماوەی
رتنمان بەو جۆرە زۆرتر بێتو وە
د تر گوێ لە گۆرانیەکانمان بگرن
سا نەمان ئەزانی گۆرانی چیەو
چی دانراوە سەرەڕای ئەوەش نەک
ژێ هەزار جار ئەڵێم خۆزگەم بەو
ژانەی کە وەک فلیمێکی پچڕپچڕ جار
تۆزێکی دێتەوە یادم .

٢ ـ هەروەها لەبیرمە هەر لەو
ژانەی منالێما جارجار بەدەم یاری
کردنەوە یەکێ لە منالەکانی هاوڕێمان
ئەچووە سەربەردێکی بەرز یان سەر
ئەو سەکۆیانەی کە لە پاڵ دەرگا کۆنەکانا
دروست کرابوون لەسەر ئەو بەرزاییە
قسەیان ئەکردو دەستو سەرو لەشیان
با ئەدا بەم لاو ئەولادا وەک تەمسیل
بکات وەها بو لەو شوێنە بەرزانە زۆر
جار گورانیم ئەووت بۆ ئەو منالانەی
گەڕەکی خۆمان ئەم ئەزانی ئەو شوێنە
بەرزانەی ئەو رۆژانە شانۆی
ئێستامانە ئای کوڕینە کە منالی خۆشە
خۆزگەم بە منالیم .

٣ ـ لە کاتێکا قوتابی بووم بیرمە
لە کاتی ریزبونی قوتابیکاندا لە
گۆرەپانی قوتابخانە پێش چونە ژوری
پۆلەکەمان بەڕیوەبەری قوتابخانە
مامۆستا ئەی‌هێنامە دەرەوە لە ریز وە
داوای لێ ئەکردم کە سرود بلێم منیش
دەستم ئەکرد بە ووتنی سرودی
( براینە لەخەو هەلسن بەیانە ) وە
قوتابیەکانی پۆلەکەم بۆیان ئەسەندمەوە
پاش تەواوبونی سرودەکە چەپلە لێ
ئەدراو مامۆستاش ئەی فەرمو
( ئافەرین ) بچۆرەوە ریز چەند
خۆش بو ئافەرین کردنی مامۆستا بۆمان
چونکی خەلاتێکی هەتا بلێیت بە نرخ بو
ئای کە ئەو ئافەرینەمان پێ‌خۆش‌بو .

٤ ـ لە سالانی ١٩٤٢ / ١٩٤٣ کە لە
ئێستگە ناوچەییەکەی سلیمانی گۆرانیم
ئەووت ئەو کاتە خەلقی سلێمانی
بۆ گوێ‌لێ‌گرتنی ئەو ئێستگەیە ئەهاتنە
بەر دەرکی سەرا لەم بەرو ئەوبەری
جادەکە دا ئەنیشتن بۆ ئەوەی گوێ
بگرن لە پرۆگرامی ئەو ئێستگەیە ئەو
کاتە تاکوتەرا ئۆتۆمۆبیل هەبو کە
پرۆگرامی ئێستگەکە تەواو ئەبو خەلقەکە
بلاوەیان لێ‌ئەکرد چونکی ئەو کاتە
رادیو نەبو تاک تاکەیەک نەبێ ئەویش
لە مالی پیاوە دەولەمەندەکانا لە بیرمە
جار جار داوایان لێ ئەکردم ئەیان ووت
تکایە سبەی شەو فلان گۆرانیمان بۆ
بلێ منیش بێ‌دلیم نەئەکردن چیان
بویستایە بووم ئەوتن لەسەر ئەو
ئێستگەیە کە برێتی‌بو لە ئەمپی فایرێک‌و
وە چەن مکبرەیەکی دەنگ کە لەسەر
نیرگەکانی بەردەرکی سەرا دابەسترابو .

٥ ـ لە کاتێکا واتە لە سالانی ١٩٤٥/
١٩٤٦ دا کە لە ئێستگەی بغداد بووم
بەشی کوردی رۆژانی هەینی کاتژمێری
٣٠ ر٥ پاش نیوەڕو ئاهەنگی گۆرانی
ئاراستەییم پێشکەش ئەکرد ئەو کاتە
مامۆستای خوالێ‌خۆش‌بو جمیل بشیرو
مامۆستا منیر بشیر لە ئێستگەبوون
جار جار لە کاتی چونما بۆ ئێستگە ئەو
کوردانەی لە بەغدا بوون‌و حەزیان لە
گۆرانیو مۆسیقا ئەکرد لەو چایخانانەی
نزیک ئێستگە دائەنیشتن چاوەڕێی
چونی ئێمەیان ئەکرد بۆ ئێستگە کە
چاویان پێمان ئەکەوت داوایان لێ
ئەکردین کە فلان گۆرانیمان بۆ بلێ بە
نسبەت خۆمەوە بێ دلیم نەئەکردن
چیان داوا بکردایە بۆم ئەووتن . جا
گۆرانی داوا کراوی ئەو کاتەش بەو
جۆرەبوو ئانی بۆ ئەو رۆژانەمان مەگەر
هەر بلێین ئەم ئانە بەو رۆنە .

# مەنەلۆجی منداڵانە

ئاواز و گوتنی : صابر عبدالرحمن

مناڵەکان ، مناڵەکان
کۆرپەکانم ، دلێبرەکانم
هەستن زووبن ئازیزەکان
چاوەنۆڕن مامۆستاکان

● ●

بانگەوازەو دەنگی وادێ
چ لە شارو چ لە لادێ
قوتابخانە دورست بکرێ
مناڵانیش ناونووس بکرێ

● ●

ئەم بڕیارە زانیارییە
خوێندن تێیدا ئیجبارییە
بڕیارێکی زۆر پیرۆزە
بۆ نیشتمان بۆ ئەم هۆزە

● ●

مناڵەکان هەستن زووکەن
بەرەو قوتابخانە رووکەن
بابە زانست خۆمان فێرکەین
نەزانینیش دەربەدەرکەین

● ●

خوێندەواری هوشیارییە
نەزانینیش هەژارییە
زووکە هەڵسە بە ئاسانی
دادت نادا ، پەشیمانی

● ●

چیرۆکێک بۆ منداڵان

# پەپوولەو گوڵ

نەجابەت رەشید عەباس

رووژئاوا بوو مریشك‌و جوجك بەرەو كولانەی خویان ئەگەڕانەوە ئاژەڵ ئەگەڕانەوە گەووڕ ، جووڵانەوەو توانا بێ‌هێزو خاموش بوو غونچە گوڵێك بە پەپوولەیەكی رەنگاو رەنگی ــ كە تازە خەریك بوو بنیشیتەوە لە سەر شانی گوڵە باغێكی ــ ووت

**دادەخان تۆ بۆ لە هەرەكەت ناكەویت‌و تا شەودادێت تۆ هەر هەڵئەفریت لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ لەم چڵ بۆ ئەو چڵ ، بزانە كەوا دنیای خاموش بۆ حەسانەوەی خوی بە پەلەیەو پیویستە هەمو گیان لەبەرێك پشوو بداتو بحەسێتەوە .**

پەپوولە رەنگاو رەنگەكە ووتی راستە خوشكە غونچە ئەبێ هەمو گیان‌لەبەرێك بحەسێتەوە بەڵام هەر یەكە كاتیكی تایبەتی هەیە بۆ حەسانەوە ، بەڵكو تۆ هەموو روژەكە ئەبەیتە سەر لەبەر تیشكی خوردا نان‌و ئاوی خوتو خیزانت پەیدا ئەكەیت‌و ئامادەی ئەكەیت‌و بەشەو دائەنیشیت ئەحەسێتەوە ، بەڵام ئەگەر بیتو من لە كاتی روژئاوادا بحەسیمەوە ناتوانم روژی ئاینده هیچ ئیشوو كارێك بكەم‌و نان پەیدا كەم بۆ خومو خیزانم ، چونكە من توانای كاركردنم نیە لە ژیر تیشكی گەرمی خوردا بەڵكو بە فینكی ئەتوانم لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ هەڵفرم .

**غونچە پێی ووت بەراستی تۆ هەفتە بەڵام ئایا تۆ ئەزانیت كە ئیشوكاری تۆش دیسان پەیوەندی هەیە بە ئیمەوە ؟ ئەگەر گوڵ بە روژ نەگەشێتەوە پەپوولەش هیچی پێ ناكرێت‌و لەكار ئەوەستێت .**

پەپوولە ووتی ... بەڵام هەندی گوڵ بە شەو ئەگەشێتەوە هەر چەندە ئەوانەی بە روژ ئەگەشێنەوە بە كەڵكی گەلێ گیان لەبەری تر دێن وەكو هەنگ كە هەنگوینی لێ پەیدا ئەكات .

غونچە گوڵ ووتی كەوابێ با ئیمەش فێڵێك بكەین ، بە روژ بنووین‌و بەشەو هەستین .

**پەپوولە ووتی ، ئەوە نابێت چونكە هەر گیان لەبەرێك ماوەیەكی تایبەتی هەیە بۆ كاركردن‌و بۆ حەسانەوە وە گۆڕینی تیپی ژیانی‌و تیك دانی ئەبێتە هوی تێك چوونی جولانەوەی چەرخی ژیان .**

**ئەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچیت كە هەموگیان لەبەرێك لەسەر زەمین ئەبێ سوودیكی هەبێ‌و كەڵكی لێ وەربگرین .**

غونچە گوڵ ووتی ئەی باشە تۆ پەپوولەی جوان سوودت چیە پەپوولە ووتی من سوودم ئەوەیە كە ئەنیشمەوە لەسەر گوڵ‌و یا لەسەر گوڵی داریكی بەردار تۆوی ئەو گوڵە هەڵئەگرم بە باڵ‌و بە لاق‌و ئەی‌بەم بۆ گوڵیكی‌تر بۆ ئەوەی ببێتە هوی پەیداكردنی گوڵی‌تر وە پەرەپێدانی بە رەچەڵەی شیوەی كە هەتا هەتایە دوای‌ی بە نەتەوەكەی نەیەت .

**ئنجا غونچە گوڵ زۆر دڵی خۆش‌بوو رووی گەشایەوەو باوەشی كردەوە بۆ پەپوولەو یەكتریان ماچ‌كرد .**

chalakmuhamad@gmail.com

# دوو چیرۆکی منداڵانە

## ... براکان
## ...چۆن خەزینەی
## ...وکیان دیتەوە ؟!

...کابرایەکی زۆر زەحمەتکێش‌و
...بێکار هەبوو . رۆژ هەتا ئێواری
...ی دەکردو قەت بێکار دانەدەنیشت .
...یشە تێروتەسەل بوو ، بەخۆشی
...یا . سێ کوڕی هەبوون . کوڕەکان
...خ‌و سەلیم‌و لاو چاکبوون . بەڵام
...یان نەدەکردو هەر بێ‌کار
...ۆلانەوە . باوکیان هەمیشە لە
...راو لە ماڵێ کاری دەکردو
...ەکانیش دەچوونە سەر چەمی
...نیستر » ماسی‌یان دەگرت‌و قسەی
...ن دەکرد .

...اسیارو دۆست‌و برادەر زۆر جار
...ورەکانیان دەپرسی :

**... بۆچی هەروا بێ کار دەخولێنەوەو**
**...ەی باوکتان نادەن ؟**

**... کارمان بۆچیە . باوکمان ئیش**
**...او ئێمەش بەخێودەکا**

...اڵ‌و مانگ تێ‌پەڕین ، باوکیان پیرو
...ك بوو ، نەیدەتوانی وەك جاران
...کا . باخەکەیان وشك بوو ، کەس
...و ئاوی بدا . زەویەکانیان بیوونەوە
...و لەبەر گژو گیا نەدەکێلران . بەم
...ەش کوڕەکان ملیان بۆ کار
...دەکێشاو هەروا بێ کار
...ولانەوە . رۆژێك باوکیان بەداخ‌و
...شەوە پرسی :

**... رۆڵە گیان ، بۆچی وا بێ کار**
**...شتوون ؟ تا ئێستا من هێزو توانام**
**...و ئیشم دەکرد ، ئێستا ئیتر**
**...ی ئێوەیە .**

شاکر کریم

**ــ هێشتا بۆ کار کردن ماوەمان هەیە**

ئەم وەڵامە باوکی پیری زۆر نارەحەت کرد . زۆری پێ ناخۆش بوو کە کوڕەکانی ئەوەندە تەمبەڵ‌و تەوەزەلن . لەداخان نەخۆش کەوت . هەرچی هەیان بوو خواردیان . فەقیرو نەداربوون . باخەکەیان وەبن بژارو گیاو گوڵ کەوت . وای لێ هات کەمی مابوو خانوەکەشیان لە نێو گژوگیادا بزربێ .

رۆژێکیان باوك کوڕەکانی بانگ‌کردو گوتی :

**ــ رۆڵەگیان من وا لە** سەرەمەرگ‌دام . **نازانم دوای من ئێوە چۆن دەژین ؟ ئیش ناکەن رۆژ هەتا ئێوار وا بێکار دەسووڕێنەوە . چی دەکەن نازانم .**

کوڕەکان دەستیان کرد بە گریان . کوڕە گەورەکەیان گوتی :

**ــ باوکە گیان لەم سەرەمەرگەدا شتێکمان پێ بڵێ‌و ئامۆژگاریەکمان بکە .**

**ــ زۆر باشە ، شتێکی نهێنی‌تان پێ دەڵێم . ئێوە دەزانن لەگەڵ دایکی رەحمەتیتان شەوو رۆژ کارمان دەکردو رانەدەوەستاین . لەم ماوەیەدا هێندی پارەو دراومان کۆکردبۆوە . کوپەیەکی زێڕو یەکی زیومان لەپەنا ماڵی لە نێو باخەکەمدا شاردەوە . راست نازانم لە کام شوێن لە عەرزمان خستوە . ئێوە بگەرێن‌و بیاندۆزنەوە ، ئیتر لە هەموو شت بێ نیازدەبن .**

ئەوەندەی پێ نەچوو باوکیان مرد . کوڕەکان باوکیان بەخاکی ئەسپاردو خەمبارو تازیەدار مانەوە .

رۆژێك برا گەورەکەیان گوتی :

**براکانم ! ئێمە تووشی رۆژێکی رەش بووین . ئێستا تەنانەت نانی وشکیش شك نابەین . لە بیرتانە باوکم لە** سەرەمەرگ‌دا **چی پێ گوتین ؟ وەرن خۆی لێ هەڵکەین‌و کوپە زێڕو زیوی باوکم بدۆزینەوە . هەرسێ برا دەستیان دا پاچ‌و پێمەڕەو هەموو زەویەکەیان شێووەردکردو کێلایان ، بەڵام هیچیان نەدیتەوە . براکەی تریان گوتی :**

**ــ ئێستا کە کوپە زێڕمان نەدیتەوە ، زەویەکەمان کێلاوە ، با دەستی لێ هەڵنەگرین‌و رەزی لێ بدەین . ئەگبیرێکی باش‌بوو . بە قسەیان کردو زەویەکەیان کرد بە رەز . ئاویان دەداو بەخێویان کردو پاش سێ ساڵ رەز وەبەر هات . بەرێکی زۆری دەگرت‌و هەمووساڵێ دەیانفرۆشت‌و بەرهەمێکی باشیان لێ وەگیر دەکەوت .**

برا گەورەکەیان گوتی : زەحمەتەکەمان بە خۆڕایی نەچوو . خەزێنەمان دیتەوە . باوکیشم لە سەرەمەرگ‌دا هەر باسی ئەو کوپە زێڕەی دەکرد .

**تێبینی : ا شاعیری بەناوبانگی فارسیش « ملك الشعراء بهار » شیعرێکی هەر بەو ماناو ناوەرۆکەوە هەیە .**

## ٢ ــ پڵنگ‌و رێوی

پڵنگێك لە نێو دارستان‌و لێرەوارێك‌دا دەخولاوەو لە نێچیرێك دەگەڕا بیخوا . لەپڕ تووشی مام رێوی بوو . خۆی لێ سازدا کە ئامبازی بێ‌و بیخوا . رێوی ، بێ ئەوەی کە خۆی

سڵ کاو بترسێ ، هیچ وەسەرخۆی نەهێناو گوتی :

**ــ هیچ خۆت بۆ ئەوە نامادە مەکە ، بم خۆی . تەمام تێمەکە . چوونکە گوشتی من لە هەموو جانەوەرێک حەرامە . ئیمپراتووری عاسمانان منی ناردۆتە سەر زەوی ، تا بەسەر حەیوانو درندەو دەعبای نێو لێرەوارو جەنگەڵدا پاشایەتی بکەم . ئەگەر بێ ئەمری ئیمپراتوری عاسمانان بکەی ، تووشی بەڵایەکی گەورە دەبیو قەت رزگارنابی .**

پڵنگ چاوێکی لە قەدوقەوارەی مام رێوی کردو گوتی :

**ــ چۆن ، تۆ بەم قەدو گیپاڵەوە هاتوی بەسەر حەیوانو درندەی ئەم جەنگەڵەدا پاشایەتی بکەی ؟**

مام رێوی گوتی :

**ــ ئەگەر بروا ناکەی ، وەدوام کەوە تا بچینە نێو لێرەوارو بەچاوی خۆت ببینە کە حەیوانو درندە ئەگەر چاویان بە من دەکەوێ چۆن رادەکەن .**

پڵنگ بەمە رازی بوو . رێوی وەپێش خۆداو رۆیشتن ، دەعباو درندە کە چاویان بە پڵنگ دەکەوت لە ترسان دەلەرزینو رایان دەکرد .

رێوی رووی کردە پڵنگو گوتی :

**ــ ئێستا بۆت دەرکەوت کە من نوێنەری ئیمپراتووری عاسمانمو ئەم حەیوانو درندانە چۆن لە ترسی من رادەکەن ؟**

پڵنگ سەری بەرداوەو لە بەرنەفامی خۆی بەشەرمدا کەوتو داوای لێبووردنی لە مام رێوی کرد .

---

**٢ چیرۆکی یەکەم چینییە ، دووەم تورکمانییە لە رووسییەوە کردووە بە کوردی .**

## دوو چیرۆکی منداڵانە



کەمال کەریم

### ــ ١ ــ

# دوو زللە

کابرایەکی زۆر فەقیرو هەژار لە کۆخێکی پچوکدا دەژیاو بێجگە لە پشیلەیەک لەماڵی دنیا هیچی تری شک نەدەبرد . لە تەواوی ژیانیدا برسیو رووتو قووت بوو . هەر ئەوەندە خۆی بەسەر پێوە راگرتبوو .

رۆژێکیان گوتی :

**ــ با بچمە لای پاشاو دەردومەرگی خۆمی بۆ باس بکەمو داوای لێ بکەم شتێکم بداتێ . پشیلەکەی خستە نێو توورەکەیەکو بەرەو کۆشکی شا وەرێ کەوت .**

دیارە زۆر دژوار و زەحمەتە کابرای هەژار بگاتە ماڵی پاشا . دەرکەوان کابرای فەقیری لەبەر دەرگا راگرتو گوتی ناتوانی بچیە ماڵی پاشا .

کابرا زۆر پاڕایەوەو تکای کرد کە رێگای بدا . دەرکەوان دڵی نەرم بوو .

**ــ باشە رێگات دەدەم ، بەڵام بەو شەرتە ، هەرچی لە پاشای وەربگری ، نیوەێکی بدەی بەمن .**

ــ زۆر باشە . هەرچی پاشا بمداتێ لەگەڵ تۆ بەشی دەکەم .

کابرا رێگای بۆ چۆڵ کردو رۆیشت تا گەیشتە ماڵی پاشا . بەر لە هەموو شت پشیلەی لە توورەکە هێنا دەرو بەرەڵای کرد . پشیلە لە برسان دەی میاواندو بەو لاولادا رای دەکرد .

پاشا گوتی :

**لە چی دەگەرێی ، ئەو پشیلەت بۆ هێناوە ؟**

**ــ برسیم ، هیچم لە ماڵیدا نییە . تەنانەت مشکەکانیش لە برسان رۆیشتوونو ماڵەکەیان بەجێ هێشتوە هاتووم ئەو پشیلەم لێوەربگریو لە جیاتیان دوو زللەم لێ بدەی .**

پاشا لەم قسانە سەری سوڕماو زۆری پێ سەیربوو . لە ژیانیدا شتی وای نەبیستبوو کە پشیلە بە زللە بگۆڕنەوە .

پاشان نەیویست دڵی کابرای فەقیر بشکێنێ . پشیلەکەی لێ وەرگرتو دوو زللەی توندی لێدا .

کابرای هەژار سوپاسی کردو لە کۆشک وەدەرکەوت .

دەرکەوان پێشی پێگرتو گوتی :

**ــ چیت لە پاشا وەرگرت ؟ بێنە نیوەی بدە بە من .**

کابرا تا هێزی تێدابوو زللەیەکی لێدا . دەرکەوان بەگژ کابرادا چوو . پێك هەڵپرژان . پاشا گوێی لەهەرا هەرایە بوو . هاتە دەری تا بزانێ ئەو هەرایە چییە کابرای فەقیر گوتی :

**ــ دەرکەوانەکەت رێگای نەدەدا بێمە لات . منیش قەرارم لەگەڵ داناو قەولم پێدا کە هەرچی تۆ بمدەیەی ، نیوێکی بدەم بەو . خۆشت دەزانی تەنیا دوو زللەم لەتۆ وەرگرتوە . منیش زللەیەکم بەشی ئەوداوە .**

پاشا زۆر پێکەنی . پاشان کابرای خەڵات کرد .

**سەرنج :**

**چیرۆکی یەکەم بولگارییە ، چیرۆکی دووەم گورجییە .. هەردوکیشیانم لە روسییەوە کردوە بە کوردی .**

**– ٢ –**

# چۆن ئاغا بووبە بارگین

لە کۆنەوە ئاغایەکی زۆر زاڵم و زۆردار هەبوو بەزەیی بەزەحمەتکێشاندا نەدەهات و شەوو رۆژ بێگاری پێ دەکردن و لێی دەدان . تەنانەت نەیدەهێشت رۆژی جێژنەش پشوو بدەن و راوەستن .

بەیانیەکی رۆژی جێژن هەموو کەس دەستی لە کار هەڵگرتبوو ، جێژنەو شایی و زەماوەندیان دەکرد . بەڵام ئاغا کرێکارەکانی کۆکردبۆوەو گەنمی پێ گێرەدەکردن . دارێکی دەستدابۆیەو هاتبوو لە سەریان راوەستابوو ، جنێوی پێدەدان و هەرەشەی لێ دەکردن و دەیگوت تا ئەو گەنمە هەموو گێرە نەکەن ، ناهێلم پشوو بدەن .

کرێکاران داوایان کرد کە بارگین و جەنجەرێکیان بداتی ، تا گەنمەکەی گێرە کەن .

خان نەڕاندی بەسەریاندا :

**– بارگینی چی ؟ . جارێکی تر باسی ئەوە بکەن زمانتان دەبڕم . هێندی جنێوی داو لێیان وە دوورکەوت ، چوونکە نەیدەویست لەشی بە تۆزبێ .**

دوای رۆیشتنی ئاغا ، کرێکاران گوێیان لە دەنگێك بوو دەیگوت :

**– راوەستە .. راوەستە . پاشان حیلەی ئەسپێك هات . دەنگی رێشمەو لغاویان بیست . تەماشایان کرد کابرایەك بارگینێکی داژوێ .**

**– دەبێ ئەو کابرایە کێ بێ ؟ لەم کاتەدا پیرە مێردێکی ریش سپی لەڕو لاواز دەرکەوت . هەوساری بارگینێکی قەڵەوو زەلامی بە دەستەوەیەو بە دوای خۆدا رایدەکێشێ .**

گەیشتە لای کرێکاران و سڵاوی کردو گوتی :

**– ئەو بارگینەم بۆ هێناون ، کاری پێ بکەن و گەنمەکەی پێ گێرە بکەن . لە لێرەوار داری پێ بکێشن . ئەگەر چەمووشی کرد لێی بدەن . بەزەییتان پێدا نەیە . تەنیا وریابن لە سەرو گوێیانی نەدەن . تفاق و لەوەڕی مەدەنێ . لە تەویلەی ، بەشەو رێشمەکەی لەبەری میچی خەن تا نەتوانی بخەوێ . پاش ئەم قسانە لەبەرچاوان وون بوو .**

بارگین دەی حیلاند . دەنگی وە دەنگی خان دەچوو . کرێکاران هەستیان بە رازێك دەکرد و دەیانگوت : بێگومان خودای هەورو بروسکە ئەو بارگینەی بۆ ناردووین . پێویستە بە گوێرەی ئامۆژگاریەکانی پیرەمێرد لەگەلی بیزوینەوە .

بارگینیان کێشا بەرکار . چەمووشی دەکرد . گازی دەگرت ، لووشکی داوێشت مانی دەگرت .

لێیان دەدا تا رام دەبووەو دەهاتەوە سەرخۆ .. لەم رۆژەوە ئیتر هەدایان بە بارگین نەدەدا . نەیاندەهێشت راوەستێ و پشووبدا . بە شەو رێشمەکەیان لەبەری بانی دەخست و نەیدەتوانی بخەوێ . لەوەڕیان نەدەدایە . لەو ماوەیەدا جارێك توانیبووی دەسکەوێنجەیەك بڕفێنی و قەپالەکایەکش بخوا .

لەم رۆژەوە کە بارگین پەیدابوو ، ئاغای زۆردار بێ سەرو شوێن چووبوو ، کەس نەیدەزانی لە کوێیە . هەرچەند بە دوایدا دەگەڕان نەدەدۆزرایەوە .

ساڵێك بە سەرچوو . بارگینی قەڵەو زل ، لەڕولاواز ببوو ، چاوی دەقووڵەوە چووبوون . لێوولیچی بەربوونەوە ، دانی گڕببوون ، کلك و یالی هەڵوەری بوون .

رۆژێکی ئاغاژن کە چاوی بە بارگین کەوت ، هەر لاکەی سەری دێ ، بە کوێخای گوت : ئەو بارگینە کەلاکە بەکاری هیچ نایە ، بەرن لە پشت ماڵان بەرەڵای کەن .

کوێخا چەند رۆژێك خۆی بوارد رۆژێکی بەیانی بارگین لە تەویلە هاتبووە دەرو چو بوە مێبەقی ماڵی ئاغا کە لەمی دەخوارد . ئاغاژن لەم حانەدا چووە مێبەق و کە چاوی بە بارگین کەوت ، تووڕە بوو ، لێی دەستدا دارێك و بە هەموو هێزی خۆی دارێکی لەسەریدا .

بارگین دەستبەجێ بۆوە بە ئینسان و هاتەوە سەر رەنگی ئاغا .

**– هاواری کرد : ژنە خۆشەویستەکەم تۆ بۆچی لێم دەدەی ؟ هەر لەسەر گەلا کەلەمێك ؟ . من ساڵێکە برسیم .**

ئاغا ژن مێردەکەی ناسیەوە . دەستی کرد بە گریان . ئاغا بە جارێك گۆڕابوو ، لەڕولاواز ، سەرو ریشی هاتبوو . نینۆکی درێژ ببوون . هەموو لەشی بریندارو شەقار شەقاربوو . تەنیا پەلك و پێست مابۆوە .

ئاغاژن بەدزیەوە دەستی گرت و بردیەوە ژووری ، تا کەس نەزانێ کە ئاغا بۆتە بارگین .

لەمەو بەدوا ئاغا هێدی و ئارام ببوو زوڵمی نەدەکرد .

پەروەردەی منداڵ

# دەرفەت بە منداڵەکەت بدە تاپشت بەخۆی ببەستێت

یەعقووب قەساب

پشت بەخۆ بەستن : ئەو دۆخە دەروونەیە کە ژیانی مرۆڤ پڕ دەکات لە گەشبینیو کارگوزاریو جمو جوڵیو سەرکەوتن ، پەیدا دەبێت لەگەڵ نەشوونمای لەشو تاقیکردنەوەی خۆیەتی مرۆڤ ، هەر وەکو پزیشک « برستون » دەڵی : « لەشی مرۆڤ نەشو نما دەکات بە هەرسو نواندنی خواردەمەنی هەر وەها دەروونیشی نەشونما دەکات بە ئەزمی تاقیکردنەوەو نواندنی . »

منداڵ هەر لەو دەمەی کە شیر دەخوات نموونەیەکی نایابە بو ( پشت بەخۆبەستن » ئەگەر لەشی ساغ بێت ، دڵنیایەو خامۆشە ئەگەر پەیڕەو بدرێت بە بەرژەوەندی ، و ساز بکرێت بە شێوەی رێك پێویستیەکانی ، منداڵ دەیەوێ سەربەخۆبێ لە جموجۆڵیو متمانە بکات بەخۆی بەڵام ئێمە ئەم سەربەخۆیە بەربەست دەکەین بە بیانگەی ئەوە کە تووشی ترسناكو مەترسی نەبێت . منداڵێك بەربەستکرا سەربەخۆییەکەی ئەم منداڵە هیچ شارەزاییو کارامەیی لە ژیانە نابێت ، کەم فێردەبێت بە رێگای تاقیکردنەوەی کەسیەتی خۆی وەباوەری بەخۆی وون دەبێتو هەردەم دوو دڵو شەرمو ترس لە رەفتاری دەبێتو ناتوانی بە تەواوی شان بداتە بەر ژیان ـ ئەوسا پێویستە سەربەستی بدریت بۆ منداڵو ماوەی بدرێتی کە متمانە بە خۆی بکات لەو کارانەی کە دەتوانێ بۆ خۆی پێهەڵبستیو متمانە نەکات بە خەڵکیتر تەنها لە کاتی پێویستی نەبێت .

منالی کە دەرفەتی هەبێ بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی جم جۆڵو چالاکی بنوێنی ئەو منالە کۆ ئەندامی نەشونما دەکات بەڵام ئەوەی ئەم منالەی شلەژاندووەو قەتری هێڤی کز کردووە ئارام نەگرتنی دایكو باوکیو پەلە کردنیان بۆ ئەوەی منالەکە مەشق بکەن لەسەر ئەم کردارانەو جموجوڵانە کە هێشتا ساز نەبووە بۆیان . بۆ نموونە منال بە لاسایی فیرێ زمان دەبێت بەڵام ئەوان فیرێ دەکەن هەندێ بێژەی رووت کە زۆر دوورە لە ئاستیو پێزانینی ئەم منالە ، ئەوسا بەراووردی دەکەن لەگەڵ منالانی تر بەم رامیارە پەروەردە چەوتەیە هەڵوەشانی خۆیەتی تووش دەبێت و گیانی پەشوكاو تەنگ دەبێتو دەروونی پڕ دەبێ لە رقو کینەو پێش بڕکی بەرامبەر بە منالانی تر باوەڕی کەم دەبێ بەخۆیو بە خەڵكو گوشە گیرو بێ نرخ دەبێ .

زۆر لە دایكو باوك هەن بەربەستی دەکەن منالیان لە یاریکردن بە تشت لە ترسی شکاندنی وەیا بە بیانگەی ئەوە کە منالەکەیان تووشی گەردارێك نەبێت وەیا سزای دەدەنو ناهێلن بە گوێرەی ئارەزووی خۆی یاری بکات ، ئەویش بێ ئارامیو ترس دای دەگرێ وە تووشی کوڵدان دەبێتو باوەڕی بەخۆی وون دەکات بە تایبەتی ئەگەر فەرمانو راوێژو پەیامی زۆر ئاراستەی بکەن کە ناگونجی لەگەڵ ئارەزووەکانی ، ئەم منالە دەست دەکات لەم سوورەیە بە هەستکردن بە مشەوەشیو خۆ نەگری لە ئەنجامە هەست ناکات بە دڵنیاییو متمانەکردن بەخەڵك . منال لە یاری کردنا فێری گەلێ شارەزاییو کارامەییو ئازایەتیو چاوقایمیو لێکۆڵینەوەو پشکنین دەبێ ئینجا پێویستە هان بدرێ بۆ یاری کردن هەروەکو روسو دەڵی : «پێویستە ماوە بدەین بۆ منال بۆ یاریکردن بۆ ئەوەی مەست بکرێت ئارەزوویو گەشە بکات توانای ، سەربەستی تەواوی بدرێتی بۆ گەڕان لەناو سروشت تاکو هەوای بەرەڵلا وەربگرێو شادبێ بەم سروشتە . »

رکێفی توندو تیژی دایكو باوك توانستی منال دەهەژێنی ، بواری نابێ گەشەبکات ، رەخنەی بەردەوام شێوازی ژیانی دەخاتە شلەژانو خاوبوونەوەی لە ئەنجامە تووشی نەخۆشی هەست بەکەم بوون دەبێ کە کوشندەترین نەخۆشی دەروونە . هەر لەبەر ئەمە فینیلون دەڵی « منال پێویستی بە

هاندان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بە دڵێکی فراوان پێشوازی ژیان بکات »

ئەگەر بەدیار کەوت لە ژیانی منالێك رووالەتەکانی « پشت بەخۆنەبەستن » پێویستە چارەی بکەین بە دوورخستنی ئەو هویانەی کە بووینە هۆی ترساندنی و وەرسیو خۆ نــەگری منالەکــە ، پشت بە منالەکە ببەستین و ستایشی ئەو رەفتارە باشانەی بکەین ، نابێ بــە هیچ جورێك بەراوردی بکەین لەگـەڵ منالانی تر ، دەرفەت بدەینە ئەم منالــە بۆخۆی تاقی بکاتەوە ئەو شـــتانەی دەیەوێ و سەربەستی فراوانی بدەینێ ، ئەتمۆسیێریکی پڕ لــە دڵنیـــایی و بێ تەسەلی بۆ منالەکە ســازبکەین و هەردەم هەست بکات کــە ( سەربە خیزانیکی گەورەیەو بەشداری دەکات لەبەر پرسیاری ، دەبێ خوشمان بۆی تا دڵنیاو هێمن بی ، ئینجــا ئەگــەر هەستی کرد بەم کردارانە بەرگی سستی دادەکەنێ و چوستو چالاك دەبــێ ، باوەڕی بەخۆی پەیدا دەکات ، لــە ئەنجامە سەردەکەوێ ، سەرکەوتــن سەرکەوتن دەکێشی لــە دوو ماهــیدا سۆزی ڕێزگرتنی خودی پەرە دەستینی واتە توانی ژیانیکی بەختەوەر مسۆگەر بکات بۆ خۆی .

کەواتە منالی پشت بەخۆی ببەستی ئەم منالە لە ژیانە تووشی گــۆسپ و گەردو کێشە نابێت و بەهاو بەهرەوی زۆر دەبێت هەر وەکو روسو دەڵێ : « متمانە کردنی منال بە خۆی لە فیر کردن دەبێتە هۆی داهێنان و دۆزینەوە ، پێویستە منال هان بدرێت کە هــەر دەم سەربەخۆی لەبیرەوەری هــەبێت نەك بەندبێ بۆ بیرو رای خەڵکی تر . »

سەرچاوەکان :


١ ـ الطفوله السعیده لیاءالدین ابــو الحب

٢ ـ اراء روسو فی التربیــه والتعلیــم محمد عطیه الابراشی




# ترسانی منداڵ

## کاکڵ حەسەن

**« کە کێشەیەك دێتە ڕێی مــرۆف تووشی بەیــەکا هاتنێکــی دەروونی سەخت دەبێت ، جا ئەگەر ئەو مرۆڤە بیروباوەڕێکی بەهێزی هەبووو لە خۆی رادیت کە دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ ، هەڵبەت سەردەکەوێ .. بەلام ئەگەر گومانی لەخۆیدا پەیدا کردو باوەڕی بە هێزو توانای خۆی نەهێنا ئەوا ترس دای دەگرێ و دەستەوپاچــە بــۆی دەوەستێ »**

منداڵیش .. کە هێشتا لە مانگەکانی سەرەتای ژیانیدایە لە دەنگی بەرزو .. بینینی خەڵکی لایدەو .. وون بوونــی یەکێکی زۆرنزیکی وەك دایك دەترسێت و ئەمەش بە شێوەی گریان لێی بــەدی دەکرێ . بەلام ئەو ترسانە لە هــەموو منداڵێكدا دەبینرێ و شتێکی سروشتیە تا ئەو کاتەی کە منداڵ تەمەنی دەگاتە دوو ـ ســی ســالان و بازنــەی هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا فرەوانتر دەبێ و ئەو زەمینەی تیایــا دەژی گەلێ ترسی جۆراو جۆری بــۆ دێنێتە کایەوە ، کە هیچ پەیوەندیەکی بە ترسە سروشتیەکەوە نیەو لێرەدا لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە ، بەپێی بارو چۆنیەتــی پــەروردەکردنەوە دەگۆڕێ .. بۆ نمونە : منــداڵ ترس دایدەگرێ لە کاتێکدا دایکی هەڕەشەی لێ دەکا بەهۆی ناو هێنانی گەلێ ناوی سەیر وەکو « ئایشــە گوێ درێژو ختەو چەغەو گەلێکی کەش » بۆ ئەوەی بتوانێ بیخــەوێنێ یــان بەســەر داواکاریەکانیدا زاڵ بێــت . یــان دەبینین کە بەتەنیا لە شوێنێکی چۆڵ دەبێ دەترسێت ئەمەش لەوانەیــە بترسێ بێ‌ئەوەی ئەو شتانە هــەبن بەهۆی خەیاڵبلاوی خۆی بێ کە شتی وا لە ئەندیشەیدا دەخــولقێنێ لێی یاخوود ئــەو دێوو گیانــەوارانەی دێنێتەوە بیر خۆی کە لە چیرۆکێکــی ئەفسانەیی و دوور لە واقیع گــوێی لێ بووە .

جگە لەمانەش .. زۆر منداڵ هەیە بەهــۆی لاســایی کردنــەوە فێری ترساندەبن ، بە تایبەتی دایك یــان دایەن بەو هۆیەی کە نزیکترین کەسن لێیەوەو زۆربەی خــوو رەوشــتو وەردەگرێ کە پەروەردەی دەکا . جــا هەڵســانو دانیشتنی لەو کەســەوە کە منداڵێکی « ٣ » سێ سالان دەبینێ دایکی لەبــەر مشــکێك رادەکات و دەزرەوکێنێ ، هەڵبەت منداڵەکەشی وا تێدەگا کە دیارە ئەو جانەوەرە ترسناکەو

بفەیە ، یا وەکوو دایکی بکات تا لێی رزگاربێ .

هەرچەندە ترس نەهێشتن لە دەروونی منداڵ گرانەو کەم دێتەدی ، بەڵام ئەو کەسانەی ئەرکی پەروەردە کردن دەگرنە ئەستۆ پێویستە ژیانێکی ئاسوودەو پڕ لە دڵنیایی بۆ ئەو منداڵە بڕەخسێنێ تا بیرو باوەڕو شەخسیەتی تیا پەرەپێبداو پێویستە ئەو شتانەی بۆ باس بکرێ کە گومانی لێدەکرێ منداڵەکە لێ‌دەترسێ‌و تێبگەیەنرێ کە لە راستیدا ترس هەر نیەو لەو شتانەش دوور نەخرێتەوە کە لێیان دەترسێ . بۆ نمونە نابێ ئەو منداڵەی لە پشیلە دەترسێ ئیتر دیتنی پشیلەی لێ قەدەغە بکەین .. بەڵکوو دەبێت بەرەبەرە پشیلەکەی لێ‌نزیك بخەینەوە تا هێدی هێدی ترسەکەی لێدەشکێ هاندان‌و یارمەتی‌دانیش دەورێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ زاڵ بوونی منداڵ بەسەر ترسەکەی‌دا یاخود دوو بارە کردنەوەی ئەو دیاردەیەی کە منداڵەکە لێی ترسا وەکوو لە کۆمەڵی خۆشماندا باوە ئەگەر لەناکاو منداڵەکەمان لەگەڵ دەنگی رادیۆ یان قیژە یان دەرگا رابچڵەکێ پێویستە سێ‌جار لێی دووبارە بکەینەوە ، بۆ ئەوەی دڵنیابێ کە لەو دەنگەی بیستی ترسی تیا نیە .. لە کوتایی‌دا دەڵێم سەد ئافەرین بۆ ئەو دایك‌وباوکەی کە ئەرکی مرۆڤایەتی خۆیان بەجێ دەگەیەنن‌و منداڵی بە جەرگو سوودبەخش بۆ سبەی کۆمەڵەکەمان پێدەگەیەنن .

### سەرچاوەکان


١ ـ سیکولوجیه الطفوله والمراهقه ـ د . مصطفی فهمی رکیتس وجماعته

٢ ـ علم النفس التربوی

٣ ـ بحث میدانی لدکتوره امیمه علی خان حول مشاکل الاطفال فی ریاض الاطفال ـ بغداد


## چەند وتەیەکی بەکەڵك

- چاو لە دەست بێت ، دەست بەستە ئەبێت ..
- هونەری جوان بەرهەمی جوانیی مێشك‌و دەست‌و دڵە ..
- زیر دەمی لە دڵیایە ، بەڵام گەوج دڵی وا لە دەمیا ..
- ئەوەی دۆستی زۆر لێکراوانبێ ، دوژمنی زۆر دارانە ..
- رێ بەرنەدان لە دوای کەوتن زاڵ بوونە ..
- پیاوی مەرد سەر ئەدۆڕێنێ ، قسە نادۆڕێنێ

**عەبدولجەبار ئەمین**

**کۆی کردۆتەوە**

## خوێندەواری

**دانیشتوانی وڵاتەکەمان بەو جۆرە بە پیری نەهێشتنی نەخوێندەواری‌یەوە ئەچن .. شوانێك ئاژەڵەکەی لە بناری چیایەکدا راگرتووەو ئەی‌لەوەڕێنێ‌و خۆیشی هەروا بە سەر پێیەکەوە کتێبێکی بە دەستەوە گرتووەو ئەوەندەی توانای هەیە ئەیخوێنێتەوە .. کتێبەکەش باسی پەروەردەکردنی ئاژەڵ‌و هەڵبژاردنی رەگەزە رەسەنەکانیەتی .. چەند خۆشە شوانەکانیشمان خوێندەوار بن‌و بەپێی ئامۆژگاری پسپۆڕەکانی ئاژەڵ بجوڵێنەوەو ئاستی سامانی ئاژەڵ لە وڵاتەکەمانا بەرزبکەنەوە ..**





فـــرۆیـد

# فرۆیدو شیکردنه‌وه‌ی ده‌روونی

## گۆڕینی ئارام

**سیموند فرۆیـــد۱۸۵٦ ـ ۱۹۳۹ کاریکی گرنگی گرته ده‌ست ، ئـه‌ویش دوزینه‌وه‌ی ریگایه‌کی تر بوو جگه لــه خــه‌وانـدنی موگناتیســی ، بــو چاره‌ســه‌رکردنی نه‌خوشــی‌یه ده‌روونی‌یه‌کان . ژیانی بۆ ئه‌م مه‌به‌سته ته‌رخان‌کرد ، له ریگه‌شیه‌وه ناوبانگیکی وای په‌یداکرد که بۆ هیچ کام له زانایانی ده‌روون نه‌ره‌خساوه . فروید پـــاش ئه‌وه‌ی شه‌هاده‌ی دوکتورای وه‌رگرت ، له ماوه‌ی ۱۸۸۵ ـ ۱۸۸٦ دا بوو بـــه قوتابی شارکۆ ۱۸۲۵ ـ ۱۸۹۳ کـــه پیش ئه‌و ساله باسی گرنگی کاره‌ساته فیزیایی‌یه‌کانی کردبوو له هه‌ندێ جۆری هیستریادا ( هیستریا نه‌خۆشی‌یه‌که ) له شێوه‌ی شه‌له‌لی ئه‌ندامه‌کانی له‌شدا ده‌رده‌که‌ویت به‌لام هۆکه‌ی ده‌روونی‌یه ) هه‌روه‌ها لای فرۆیدیش باسی کـــاری هـــۆی ته‌ناســـولی له په‌شـــیوی هیستریاییدا ، کـــرد .**

فرۆید خۆی دانی به‌وه‌دا ناوه کـــه زۆر له شارکۆوه فیربـووه ئـــه‌ویش کاتیك له ســالی ۱۸۹٥دا لیکدانه‌وه‌یه‌کی ده‌ربــاره‌ی نه‌خـــۆشی ئافره‌تیـــك بلاوکرده‌وه که لـــه‌وه‌و پیش ۱۸۸۰ ـ ۱۸۸۲ یه‌کیك بوو له نه‌خۆشـــه‌کانی برۆیر ۱۸٤۲ ـ ۱۹۲٥ .

فرۆید له ڤینا نه‌خۆشه‌کانی به‌ریگه‌ی خه‌واندن چاره‌ده‌کرد ، دوای ئـــه‌وه گه‌رایه‌وه فه‌ره‌نســا لـــه ســالی ۱۸۸۹دا به‌لام ئه‌م جاره چووه لای ناحه‌زیکـــی شارکۆی مامۆستای که ناوی برنهیم بوو ۱۸۳۷ ـ ۱۹۱۹ ، ئه‌وه‌ی لیـــوه فیربوو که نه‌خۆش له‌کاتی خه‌واندندا هه‌موو بیره‌وه‌ری‌یه‌کانی له‌بیرناچیته‌وه ، وه دوای هوشیار بوونه‌وه ده‌توانـــی چیرۆکه‌کانیان بگیرنه‌وه ئه‌گه‌ر زوریان لی‌بکریت . فرۆید که تا ئـــه‌و کاتـــه به ریگه‌ی خه‌واندن نه‌خۆشه‌کانی چـار ده‌کرد ، سوودی له‌م قسه‌یه‌ی برنهیم وه‌رگرت . هه‌روه‌هـــا کاره‌ســـاتی ناخۆشیش به ته‌واوی له‌بیر ناچیته‌وه‌و ده‌توانریت له ریگه‌ی پرسیارکردنـــی زۆره‌وه له‌بیری نه‌خۆشدا بژینریته‌وه . ئه‌م سه‌رنجه گرنگی‌یه‌کی زۆری هه‌بوو به‌نیسبه‌ت فرۆیده‌وه چونکه سه‌رنجی ئه‌وی راکیشابۆ ئه‌و « به‌رگری »ی‌یه‌ی پیویسته دوکتور به‌سه‌ریدا زال بیت تا بگات به سه‌ره‌تـــاو ســـه‌رهه‌لدانی کاره‌ساته‌که که بنچینه‌ی په‌شیوی‌یه‌کانه لیره‌وه فرۆید تیۆری‌یه سه‌ره‌تایی‌یه‌کانی له‌م کتیبانه‌یدا په‌ره‌پیدا : ( لیکدانه‌وه‌ی خه‌ون تفسـير الاحـــلام ۱۹۰۰ ) ، ( ده‌روون زانی نه‌خۆشی‌ی ژیانی رۆژانه ـ علم النفس المرضي للحياه اليوميـه ۱۹۰۱ ) ، ( سێ نامه لـــه تیـــۆری سیکسدا ـ ثلاث رسائل في نظريـــه الجنـــس ۱۹۰٥ ) وه کتیبی نوکتـــه‌و په‌یوه‌ندی به لا شـــعوره‌وه ـ النكات وعلاقتها باللاشعور ۱۹۰٥ ) . هه‌روه‌ها خۆشی له پینج موحازه‌ره‌دا که لـــه ئه‌مه‌ریکا دای له کاتیکدا میـــوانی ج . ستانلی هل بوو له ئه‌یلوولی ۱۹۰۹ دا روونی کرده‌وه . ئه‌مه‌ش یه‌که‌م بروانامه بوو به تیۆری‌یه‌کی تازه ده‌درێ .

فرۆید بیرو باوه‌ره‌کانی به‌م به‌راورده روون‌کرده‌وه ( ۱۹۰۹ ) :

**با وای دابنیین یه‌کیك لـــه گـــویگره‌کان به‌پیکـــه‌نین‌و زۆربلێ‌بی نایه‌لی لەســـەر موحازه‌ره‌که‌م برۆم . هه‌ندیك له‌وانه‌ی زۆر بـــه ئاواتـــی موحازه‌ره‌که‌وه‌ن هه‌لده‌سن‌و ده‌یکه‌نه ده‌ره‌وه‌ی هۆله‌که ، دواییش بۆ ئه‌وه‌ی نـــه‌یه‌ته‌وه ژووره‌وه ده‌رگاوانیك داده‌نین . ئا به‌م جۆره ئیمه‌ش هه‌ندیك بیر ـ فکره ـ و حمز ـ رغبه له میشکماندا گل ده‌ده‌ینه‌وه‌و له‌به‌ر هۆی ئه‌خلاقی ناتوانین قبوولی بکه‌ین .**

لیره‌وه زورانبازی سه‌ر هه‌لده‌دات ئه‌م بیره یا ئه‌م حه‌زه ده‌شاردریتـــه‌وه‌و ده‌کریته ده‌ره‌وه‌ی بیری هۆشیاریمان به‌لام له لاشـــعوردا ده‌مینیتـــه‌وه‌و نافه‌وتیت ئه‌وه‌نده هه‌یه به‌رگریـــك نایه‌لیت بیته‌وه بـــواری هـــۆشیاری ـ نطاق الوعي ـ . ئه‌م به‌رگره لـــه‌و « به‌رگری »یه ده‌چیت که نه‌خـــۆش به‌رامبه‌ر دوکتور پیشانی ده‌دات کاتیك هه‌وڵ ده‌دات بـــه پرس‌کردن بگاتـــه سه‌ره‌تاو ســـه‌رهه‌لدانی هـــۆی نه‌خۆشی‌یه‌که . ئینجا فرۆید له‌ســـه‌ر به‌راورده‌که‌ی ده‌روات‌و ده‌لیت : گویگره ده‌رکراوه‌کـــه سه‌رباقی ده‌رکردنیش له ده‌ره‌وه‌ی هۆله‌که ده‌مینیته‌وه ، لـــه ده‌رگا ده‌دات‌و هاوارده‌کات ، هـــۆڵ‌و دانیشتوه‌کانی بیزار ده‌کات زیاتر لـــه یه‌که‌م جاری ، ئینجا سه‌رۆکی زانکـــۆ دیت ده‌ستی گیره‌شیوینه‌که ده‌گریت‌و ده‌یکاته‌وه ژووره‌وه به مه‌رجێ خه‌لکه‌که بیزار نه‌کات . حالی فیکره یا حه‌زه‌که‌ش هه‌مان شته ، له لاشعوردا ده‌مینیته‌وه‌و به‌رده‌وامه له بیزارکردنی هه‌لســوکه‌وتی نه‌خۆشه‌که به ده‌رکـــه‌وته‌ی ره‌مزی‌و روپۆشراو مقنع که هه‌ر ئه‌و حالانه‌یـــه نه‌خۆش لێ‌ی ئه‌نالێنی . ئینجا ده‌لیت له‌سه‌ر دوکتور پیویسته وه‌ك زانکۆکه بزانیت چۆن رووبه‌رووی گیره‌شیوینه‌که ببیت‌و له‌و دیو بواری هه‌ســـته‌وه بهینیته ژووره‌وه‌ی . ئه‌گـــه‌ر دوای ئه‌وه‌ش په‌شیوی ئاشکراو دیار لـــا نه‌خۆشه‌که روویدات به‌هۆی دکتوره‌وه ده‌گات به کۆتایی‌یه‌کی باش : نه‌خۆشه‌که دان به‌وه‌دا ده‌نیت که به‌هه‌له‌دا چووه له‌وه‌دا حه‌زه‌که‌ی شاردۆته‌وه ـ کبتها ، وه‌ك خۆی وه‌ری‌ده‌گریته‌وه ، ئینجا بـــا

بەتەواوی بە سەریدا زاڵ دەبێت یا دەیگۆڕێت بە فیکرە یا حەزێکی بەجێو بەرزی دەکاتەوە ـ یسامیها ـ بۆ ئەوەی دوکتور بگات بە فیکرە شاراوەکە پێویستە ئەو بەرگریە بشکێنێت کە لە دەرگای هوشیاریدا هەیە . بۆ ئەمەش پەنادەباتە بەر لێکدانەوەی وتەکانی نەخۆشو داوای لێدەکات بەسەربەستی بیروباوەڕەکانی دەربڕێت ، هەروەها لێکدانەوەی خەونو ئەو هوڵسوکەوتە خۆنەویستانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەیکات وە تەنانەت دەشێت نوکتەکانیشی لێکبداتەوە .

**لە ڕاستیشدا هیچ کام لەوانە لە گاڵتەنیە ، بەڵکوو مەسەلەکە پەیوەندی بە دەرکەوتەی ڕەمزیەوە هەیە ، واتە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی نەخۆش ڕەمزینو دەلالەت لە حەزە شاردراوەکەی دەکەن ـ رغبته المكبوته ـ بۆ دوزینەوەی ئەو خەزەش دەبێ دوکتود لە هەموو هەڵسوکەوتەکانی نەخۆش بکۆڵێتەوە .**

بەو جۆرە ئەم ڕێگەیەی فرۆید جێگەی خەواندنی موگناتیسی برۆیری گرتەوە . لەم لێکۆڵینەوانە لە هەڵسوکەوتی نەخۆش بەرێکوپێکی دەروون‌شیکەرەوە ـ المحلل النفسانی ـ دەگەیەنێ بە ئەزموونی هەڵچوونیی پەیوەندیدا بە سێکسەوە لە منداڵیدا ، ئەو سێکسەی کە سەرچاوەی سەرەکی بەشێویەکانی لەوەو دوایە . واتە زۆربەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ پەیوەندی بە شاردنەوەی ـ کبت ـ مەسەلەی سێکسەوە هەیە لە ساڵانی منداڵیدا . هەر لەبەر ئەمەشە ساڵی منالی لە شیکردنەوەی دەروونیدا بایەخێکی زۆری هەیە .

**بە دەستکاریەوە لە تاریخ علم النفس ـ موریس رۆکلان وەرگێڕاوە**

❋ ● ❋

# کتێبەکەی مامۆستا جەمال بابان لە بەرازووی رەخنەدا

کەمال نوری مەعروف



جەمال بابان

لەم دواییەدا کۆڕی زانیاری کورد کتێبێکی جەمال بابانی بەناوی ( اصول أسماء المدن والمواقع العراقيه ) لە قەوارەی بەتاڵو چوارسەدو یانزە لاپەڕە بڵاوکردەوە ، مامۆستا بابان بۆ بەرهەم هێنانی ڕەنجەکەی پەنای بردوتە بەر گەلێك سەرچاوەی بەسودی کوردیو عەرەبی ، خوزگە سودی لە سەرچاوە بێگانەکانیش وەردەگرت بو تەواوکردنی کارەکەی جەمال . بابان لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ ( باسێکی گەورەو پەل هاوێژە ، تەنگو چەڵەمەی زۆرە ، ئەوەی بچێتە ناو ئەم جورە باسانەوە ئەبێت زمانە کونەکان بزانێت کە باو بووە لەو سەردەمە کۆنەدا ، شارەزایی هەبێ لە قوناغە مێژوویەکانیو شارستانیە تەجوربە جورەکانی ، باری سروشتیو جوگرافی کۆنو تازەی ڕەوان‌کردبێ ....... وە دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خاسیەتانەم تێدا نیە ، ئەوەی پاڵی پێوەنام بچمە ناو ئەم باسە دڕکاویەوە پشت ئەستووری بوو بە خۆمو حەزلێ‌کردنم بۆ ئەم جۆرە بابەتانە ) .... ( من ناڵێم هەمو شتێکم بە تەواوی داوە بە دەستەوەو ئەو بیروڕایەی هێناومە دەربارەی هەر

ناوێك تەواوەو جیٚی هێنـــانو بردن نی‌یە ، گەر وابێ هەڵدێرانەو بیروهوش ئەی هاوێژنە دەری ) . لەم وتـەیەوە دەمەوێ بچمە ناو باسـەکەوە هەنـدی تێبینی بخەمەرو دەربارەی چەپکێك ناو کە باسی هاتووە بەلای منەوە دانـەرو کەسانی کە نەیان توانیوە بچنە قوولی مەبەستەوەو بیپیکنو تەمو مژ لابەرن لە رویانو روی راستیان دەرخەن . من ناتوانم کتێبەکە لە هەمو رویەکـــەوە وەربگرمو پەسـەندی بکەم ، چونکـــە هەندێ کەلەبەری ناتەواوی تێدایەمەرجە چارەسەر بکرێتو بدرێتە بەر نەشتەری لێکۆلینەوە بەهیوای پاکژکردنی . جاری پێش هەمو شـــتێك جـەمال بابـان هەلساوە بە کۆکردنەوەی کەرەسـەی ناو کتێبەکەو ئامادەکردنی ، بەواتایەکی‌تر قسـەی خەلکی هێناوەو خستویەتی‌یە ناو کتێبەکەی ، باشتر وابو لەسـەر کتێبەکە بنوسرایە کوکردنەوە یـــان ئامادەکردنی جەمال بابان . لـــە روی بوچونو بنەرەتی ئەو ناوانەوە دانەر لە زۆر جێگادا لایەنی قسـەی کەسـانی دیکە ئەگرێت ، هەمان بنیشتی بینامی کەسانی کە ئەجوویتـەوە بی‌ئـــەوەی شتێکی تازە بدات بە دەستەوە ، یـان رایەکی هێندە ساردو سرو سادە ئەدا بە دەستەوە کە بیرو هۆش تلـــوری ئەکاتەوە بو ناو شێوەکانو هیچ نرخێکی عیلمی ناداتی شایەنی باسکردن بێـت بۆ ئەمە پەنادەباتە بەر دیوی دەرەوەی ناوەکە کە چ مانایەك دەبەخشێت ، گەر ئەم ڕێگایەمان گرتو پەسـەندمان کـرد هەڵئەدێرینو ملمان دەشکی . زۆر لەو ناوانە لەگەڵ ئەوەشدا لەم ناوە تازانەی ئەم سـەردەمە ئەچن گەرلێك بدرێتەوە ، بەلام رەگـو ریشـەکەی بـۆ زەمانـــە دێرینەکەی دەگەرێتەوەو زمانی گەلانی ترن کە پێش هەزارەها ساڵ لەم خاکەدا دانیشتوون ، راستـە هەندی لەو ناوانە بەم شیوەیە مەبەست ئەدەن بە دەستەوە بەلام بەشیوەیەکی گشتی بمانـــەوی بی‌سـەپێنین بەرەو نەزانیو هەڵە دەمان بات . تێبینی‌یەکانم بـەم خـــالانەی خوارەوە دەرگای باسـەکە دەکەنەوە .

**١ ـ جەمال‌بابان لەکتێبەکەی‌دا دەربارەی ( کور کورە ) دەدوی دەڵی ( لوتکـەی شاخێکە دەکەوێتە پشت دێی بنگـــرد سەر بەپارێزگای سلیمانی . لـە کتێبی ( کردستان والدین الاسلامی )دا هاتووە دەڵی ( ..... مقدادی کوری ئەسوەد بە سوپایەکی گەورەی ئیســلامیەوە هاتو گەیشتە ناوچەیەکی سارد کـــە تەنرابو بە دارستانو داری بەردار . لە نزیك کانی‌یەکی ئاوی رونەوە پیاوێکی پیریان دی ، مقداد لێ پرسی نـاوت چی‌یە ، چی ئەکەی لیرە ، پیرە جوابی دایەوە وتی : ناوم ( کرکر ) باخەوانی باخی فروخ شاهم ، مقداد لی پرسی فروخ شاەمان کوشت ، لی پرسی‌یەوە ئیسلام دەبیت ؟ پیرە هەناسەیەکـــی هەلکیشا ، روی کردە رۆژ وتی ، من ئەم تیشکە دەپەرستم گەر هیزو توانای گەنجم دەبو ، هەزار پیاوی وەك تـۆم لەناودەبرد لە پیناوی پاشـــادا . بەهویەوە مقداد داوای کرد پیرە بکوژن ، ئیستا ئەو شاخە بە ( کورکور ) ناوی دەرکردوە . دەڵیت وا دەرئەکەوێ ئەم رووداوە ناوبراوە بوبی بەهوی ناونانی لوتکەی شاخەکەو بەناوی ئـەم پیرەوە ناوی هاتبێ لەبەرە بەیانی ئیسلام‌دا ) .**

**بەرای من ناوەکە ( کور کورە ) بنەرەتی لە ( کور )ەوە هاتوە کە بـە زمانـــی سومەری کون بـەمانای شـاخ دیت ، دوبارەکردنەوەی ( کورکور ) صیغەی جەمع وەردەگریت ئەبیت بە شاخەکان یان ریزە شاخەکان ، لێتان ناشارمەوە سومەری‌یـەکان بـەم ناوچـەی کوردستانەیان وتووە ( کور ) Kur مەبەستی‌یان ناوچەیەکی شاخاوی بوە . باشـــتر وابـو نـاو بـراو لـەگەل رایەکدا نەبی کە دوربی لە راسـتی ، بی‌ئەوەی بەلگەی سەلمێنەر بدات بـە دەستەوە ، ئـــەم جـــۆرە روداوو راپرویوچانە هەر بو توردان باشـــە مرۆڤ گەر هیچ نەزانی باشترە بی‌دەنگی لی بکات نەك وەك بـابان دوای ئـــەو قسانە بکەوی کە هیچ بنچینەیـــەکی زانستیانەو میژووییانەیان نیە ..**

٢ ـ بابان دەربارەی بیتـــوین دەلی : ( بەپیتو بەرەکەترین دەشتە کە ئاوی دوکان دایپوشیوە لە ناوچەی رانیـــە سـەر بە پاریزگای سلیمانی ، لـــە بەر زوری بارانو ... باشــــی زەویو زارەکەیو زوری ئاو .... وە دەلێت زەویەکە هەمو سالی پارچە پارچـــە دەبیتو رووەك لەو درزانەوە دەروێنو سـەر دەهێننە دەری کـــە پیتو بەرەکەتەکەی تازە دەکاتەوە ، بـــەم شێوەیە ئەتوانین بلێین ناوەکـە لـــە ( پتر ـ رۆین )ی کوردیەوە هـاتوە ، برگەی یەکەم بەمانای زیاتر وە باشـتر دی ، دووەم بەمانـــای روان دیت .

هەروەها مامۆستا ( وەهبی )ش رایەکی جیاوازی هەیەو دەلێ بنەرەتی ناوەکە لە ( بیت ـ یونە )ی ئارامی‌یەوە هاتوە کوردەکان گوریویانە بو ( بیت وینـــە ) بوە بە ( بیت ـ وین ) یان ( بتوین ) وەکو وشـەی بیت‌کاری کـــە بە خـانوی رەعیەتی یان دێ نشین ناوئـــەبرا ، دیسان بەناوچەیەکیان ئەوت کە لـــە رۆژئاوای هەمەدانەوە بەشـیك لـــە

« بـەرگی کتێبـەکە »



ناوچەی پێشوی ( نامار )و ناوچەی خواروی ڕۆژهەڵاتی دەراوی دیالەی ئەگرتەوە .. وە یان بیت همبان کە کەوتبوە ڕوژئاوای کرماشانی ئیستاوە جەمال بابان دەڵێ مامۆستا وەهبی مانای ( وینە ) یان ( یونە ) ڕوون ناکاتەوەو مەبەست چی یە لەمە) .من لەگەڵ جەمال باباندا نیم لەم ڕوەوە وتەکەی بێ ماناوبێ ئەنجام دێتە بەر چاوم‌و لاپەڕەکانی مێژوو لوتە لایە لە وەرگرتنی بەڕای من ناوەکە پیك هاتووە لە دوو بڕگە ( بیت ) لەگەڵ ( وین ) ، یەکەم بەمانای خانو یان پەرستگادی ، دووەم لە ( آن ) an وە هاتوە بە مانای ئاسمان دیت ، بەلێکدانی هەردو بڕگەکە مانای پەرستگا یا خانوی ئاسمان ئەدا بە دەستەوە ، دور نی یە دانیشتوانی ئەم دەشتە ئاسمانیان پەرستبی لە کۆندا .

**٣ـ جەمال‌بابان چەند رایەکی جیاوازمان دەربارەی سنجار ( شەنگار ) بۆ دینی بی ئەوەی رای هەبێ لەم ڕوەوە ، لەگەڵ ریزمدا بۆ هەمو بو چونەکانی بەلای منەوە ناوەکە وەرگیراوە لە ( سور ) Sur وە ( گاڵ ) gal ، بوە بە ( سەنگاڵ ) یان سنگاڵ گوڕاوە بو سنگار یان سنجار . بڕگەی ( سور ) بە مانای دەشتیەت وە بڕگەی ( گاڵ ) بە مانای گەورە ، یان بەناوبانگ دی ، بەلێکدانی هەردو وشەکە مانای دەشتێکی گەورە یا بەناوبانگ ئەدا بە دەستەوە .**

٤ـ جەمال بابان دەڵێ : (ئولوبە) ناوی گەرەکێکە ئەکەوێتە خواروی سلیمانی ، یا دی‌یەکە لە کونەوە نەماوە ، هەروەها دی‌یەکیش هەیە لە ناوچەی بازیان سەر بە پاریزگای سلیمانی بەناوی ( ئولوبلاق ) . ئەمین‌زەکی دەڵێ : دور نی‌یە ناوی لولو لەم ناوەوە وەرگیرابی ، بەڵام دەربارەی ئولوبلاق مامۆستا وەهبی دەڵی وشەکە مەغولی یاتورکی‌یە کە ئولو بەمانای گەورە ، وە بولاق لە ( ئیلو )وە هاتوە بەمانای خوا دێ لە زمانی ئەکەدێ کۆندا ، بوە بە ئولو یا ئولوبە ، دور نی‌یە ئەو گەرەکە یان دی‌یە شوێن پەرستگای‌یەکی لە خواکان بوبێ لە زەمانی لولوییەکان‌و گوتیەکاندا .

**٥ ـ بابان دەڵێ : ( باوەڕم وایە بنەڕەتی ناوی بابان یا نازناو بابایە کە بە پیاوی ئایینی دەوتری یان شوێنیکی بەرزی هەبێ .... وە دەڵیت من لەگەڵ ئەوەدام بابان لە باباوەیە ) . بەڕای من ناوەکە پێك هاتوە لە دو بڕگە ( باب ) کە لە سومەری دا بە مانای ( Ka ) (کا) دیت ، وە ( آن ) an ، یەکەم مانای دەرگا ئەدا بە دەستەوە ، دوەم مانای ئاسمانە ، بە گشتی مانای دەرگای ئاسمان ئەدا بە دەستەوە .**

٦ ـ ( جەمال بابان گەلێ رای جۆر بە جۆرمان دەربارەی بازیان بو دێنی بێ ئەوەی خوی قایل بی پی‌یان‌و بەسەندیان بکات ) ، یان قسەیەکی کەی هەبێ . بەڵام بەپێی بوچونم وشەکە بەم شیوەیە هاتوتە خواری تا بوە بە بازیان . ( باب ـ سین ) بوە بە ( باب ـ سیان ) گوڕاوە بو ( باسیان ) یان بازیان گەر وابێ مانای بەم شێوەیە لێك ئەدەینەوە ، باب مانای دەرگایە ، ( سین ) خوای مانگە ، بەلێکدانی هەردو وشە کە مانای دەرگای خوای مانگ ئەدا بە دەستەوە . لە هەمان شوین‌دا ناوی ( بابیت یان بابیتا ) هاتوە بەڕای من مانای دەرگای ڕۆژ ئەگرێتەوە .

**٧ ـ ( بابان دەربارەی ناوی هورێن راکەی حامد جاف دەهێنێ‌و دەڵێ : ناوبراو والیکی ئەداتەوە ( هورێن ) لە ( حواریون )ەوە هاتووە . لەگەڵ ئەوەشدا دانەر قایل نابێ پی‌ی دەڵیت رایەکەی لاوازە ) من وای بۆ ئەچم هورێن بنەرەتەکەی لە حوری یا خۆری‌یەوە گورابێ بو هورێن . خوریەکان لەگەڵ هندو ـ ئەوروپیەکانی لە شاخەکانی زاگروسەوە لە سێ هەزاری پێش زاینی‌یەوە لە ریگای قەصری شیرینەوە هاتونەتە ناوچەی خانەقین ، دور نی‌یە ئەو شوینەیان ناوەدان کردبیتەوەو بە ناوی ئەوانەوە ناسرابیت بو یەکەم جار ، لەویوە بەرەو شارەزورو شوینەکانی تر بلاو بونەتەوە ، شوینەواریان لە هەمو ناوچەکانی کوردستان‌دا بەجێ‌هێشتوە ، لەوە ئەچیت ئەو گەلە خور پەرست بوبن بەوەی وشەی یەکەمی ناوەکە ( خوی ) بەخور دەست پی‌دەکات کە مانای ڕوژ ئەگرێتەوە . لەدوا وتەی باسەکەمدا ئەوەیش ئەڵێم کە ئومیدەوارم وتەکانم تەنها لەرووی خستنە رووی راستی‌یەوە سەیریان بکرێ‌و مەبەستی لاوەکی‌یان بۆ لێك‌نەدرێتەوە .**

سەرچاوەکان


- **چەند مەحازەرەیەکی کولیجی ئاداب بەشی شوێنەوار شوناسی، زمانە کۆنەکان سالی ١٩٦٧**
- **سالنامەکان دیڕی ٦٦ ـ ٦٧ نوسراوەی رەسمی سەردەمی سارگونی دووەم Ks لاپەڕە ٩٠ و ١٠٨ ، وە یان نوسراوەی HABL ، ١٦٥ کە فورر ناوی E. Forrer بردوە ... دیسان هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٥٢ـ AVIU ژمارە ٧١ لاپەڕە ٢٣٤ .**
- **نوسراوەکەی کلیاشین لە سەردەمی ( مینوئا )دا .. گ . ئا ملیکیشویلی Ukn ژمارە ١٩ لاپەڕە ٣٠٢ بەدواوە .**
- **اصول اسماء المدن والمواقع العراقیە ـ جمال بابان ـ لاپەرەکانی ٤ ، ٥ ، ٣٠٠ ، ٣٦ ، ٢٣ ، ٢٧ ، ٣٤٢ ، ٠٠**

## دیمەنێکی تر

شاعیرو شیعر دۆستەکان بەلایانەوە وایە تا ئیستا سروشت نەیتوانیوە لە گوڵ جوانتر دروست بکا بۆیە شیعرەکانی خۆیانیانی پێ ئەرازێننەوە ، بەلام منالی پاكو دڵ خاوینی کوردەواری‌و پەروەردەی ژێر سیبەری گەلای داربەڕوی دەستکردی سروشت جوانی‌و پاکی دەروون‌و روخساری لە گەلێك بواردا گوڵ‌و لەگوڵ جوانتری داوەتە دواوە .. لەم وێنەیەدا زەردەی خۆرەبەری ئیوارەیەو بەشێك یان کۆمەلێکی بچوك لە نەوەی داهاتوی لادێ نشینە رەنگینەکانمان لەسەر گویسوانەی یەکێك لە خانوە خنجیلانەکانی ئاوایی کۆمەڵیان بەستوەو چاوەروانی هاتنەوەی باوك‌و براو خوشکەکانیان ئەکەن کە ئیواران لە کیلگەکانیان ئەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ .. بۆ ئەوەی بە پیریانەوە بچن‌و بەخێرهاتنەوەیان بکەن‌و دەست بکەنە ملیان‌و ماندوێتی ئەو رۆژەیان لێ بحەسێننەوە ..

**رۆژێك ئەبێ ئەمانیش نەوەیەکی تر بەمجۆرە چاوە روانیان بکەن .**



### خەلاتگری

### گرەوی ژمارە ( ٥٠ )

**رۆژی ٤-١-١٩٧٩ کاك ئازادعەبدولکەریم ناو هاتە بارەگای گۆڤاری بەیان‌و خەلاتەکەی خەلاتگری یەکەمی گرەوی ژمارە (٥٠) کاك هوشیار ئەحمەد هادی قوتابی پۆلی دووەمی کارەبایی کەسەعاتێکی دەستی بوو وەری گرت بۆی .. ئێمەش هەروەکو پیرۆزبایی‌لی ئەکەین داوای سەرکەوتنیشی ئەکەین لە هەموو بواریکدا ..**

## وەلامی گرەوی

## ژمارە ( ٥١ )

**ئەم خوینەرە بەرێزانە وەلامی گرەوی ژمارە ( ٥١ )یان داوەتەوە :**

**زیاد کەریم خزر لە هەولێر ، یۆسف عەبدوللا عەزیز لە هەولێر ، سلیمان خۆرشید ئەحمەد ، کامل عەبدولرەحمان ئەحمەد لە سلیمانی ، سامی جەمال محەمەد لە سلیمانی ، دلشاد رەشاد کۆیی ، حەمە سەعید حەمەکەریم فەرج ، ئازاد محەمەد سەعید ، سامی جەمال محەمەد قەرداخی ، بارزان تایەر رزا ، لوقمان عومەر ئەحمەد ، دلشاد ئەحمەد قادر ، عومەر عەلی کاکۆ ، ئەنوەر وەلی حەمەد ، ئازاد محەمەد سەعید ، تەحسین عەلی مەحمود ، جەلال ژاکاو ، عوسمان ئیسماعیل یونس ، عدنان محەمەد سەعید ، محسن کاکە شین کاکو عومەر ، ئاراس عەلی محەمەد سعید جاف ، سالار ئیبراهیم نەورۆز ،**

**لە ئەنجامی بەختراکیشاندا ئەم برایانە خەلاتەکانیان پێ‌برا :**

١ ـ حمە سعید حمە کەریم فەرەج
خەلاتی یەکەم ، سەعاتێکی دەستی

٢ ـ کامل عبدالرحمان ئەحمەد
خەتی دووەم ، قەلەمێکی پاندان

٣ ـ ئەنوەر وەلی ـ ئامادەیی پیشەسازی هەولێر ـ پۆلی دووەم
خەلاتی سێیەم ، ئابونەی سالێکی گۆڤاری بەیان ..

● مام وەسمان ●



**حەمە سەعید حەمە کەریم**

# پۆستەی خوێنەران




● **کاك ئەحمەد کەریم زامدار :**

ئەمە توێژی نۆبەرە شیعریەکەتانە :

جیم مەهێڵە ..
بەم نیوەشەوە لەبەر بارانی
عیشقی پیرۆزی تۆدا وەستاووم
جێم مەهێڵە .. بێ‌تۆ ناژیم ..

● **بۆ خاوەنی [خاڵێکی بێ ئارام ..]**

چیرۆکەکەتان لە چیرۆکی نوێ ناچێ .. لە بۆتەی چیرۆکی کۆنیش‌دا ناتوێتەوە ..

لەبەر ئەوە چاوەڕوانی بەرهەمی باشترت ئەکەین ..

● **کاك فەریدون حەمە فەرەج :**

بریا زۆرتر لە باسەکەدا قوڵ ببایتەوە

● **کاك هونەر محەممەد کەریم :**

خۆمان بە هەزاران چیرۆکی لەوە دڵسۆزانەترمان هەیە ..

● **کاك دڵزار جەلال رەشید :**

نرخی مرۆڤ لە رەوشتدایە .. هیپی‌یەکان نمونەی کۆمەڵی بەختیار نین ..

● **کاك جەمال محەممەد ئیسماعیل :**

ئەم گوڵەمان لە گوڵزاری شیعرەکەت هەڵبژارد :

من لە سۆنگەی عیشقی تۆدا
بوم بەسوتوی ئاگردانی
وەرزی بەستەڵەکی نیگات ...

● **کاك عەبدولخالق حسین رەشید :**

ئەمە بەشی دوەمی شیعرەکەتانە :

کاتی عاشق
ماچی خەونێکی سەوز ئەکا
ئەبێتە پەپولەیەکو
لە کەناری چرایەکا
هەڵ ئەبڕوکێ ...

● **کاك شەریف کەریم قەرەداخی :**

ئەگەر بۆت کرا نوسینی ترمان بۆ بنێرە .. ریوی لەوە زۆرزان‌ترە — وەکو ئەڵێن —

● **کاك ئەکرەم عەبدولقادر سەعید :**

کورتە چیرۆکەکەت یەکجار نوێ‌یە !

● **کاك ئازاد حەمە رەشید ئەحمەد :**

ئەو باسە فەلسەفیەی کە بە دەسکاری‌یەوە وەرت‌گێڕاوە ، لەکاتی دەسکاری کردنەکەدا لە ناخی باسەکە دور کەوتویتەوە ..

● **کاك پلنگی :**

ئەو گۆرانیەی [ گوگوش ] کە کردوتە بە کوردی ، نەت نوسیوە لەسەر چ ئاوازێك لێ ئەدرێ ..

● **کاك عەبدولکەریم عەبدولسەلام :**

یادکردنەوەی ئەدیبێك یان شاعیرێك بەو جۆرە سەربێ‌یانە نابێت .

● **کاك حەمەوبلە :**

ئەو چیرۆکەی لەفارسیەوە کردوتانە بە کوردی بریا ناوی تەواوی خۆتان بنوسیبایە

● **کاك بەکر مامۆ لە سلیمانی :**

پارچە شیعرێکی مامە حەمەی بۆ ناردوین تیایا ئەڵێ :

**ئەی سوراحی روو ، شەرابم**
**مەرهەمی دڵەی کەبابم**
**گەر لەمە زیاتر شەیدابم**
**قەت بەیەك خەندەی تۆ نابم**

. . . . . . . . . . .

● **کاك فەرهاد حەمزە محەممەد :**

لە نوسینەکەتا نمونەی کەمت هێناوەتەوە ..

● **کاك حەمید مەجید :**

شیعرەکانت زۆر بەنرخن ، بەلام جارێ با بمێنێ ؟ !

● **کاك ئومید ئاشتی لە شیعرەکەیا ئەڵێ :**

**حەزەکانم ئەبنە پەری‌و**
**بەناو ئاسمانی بەرین‌دا**
**سەما ئەکەن ..**

● **کاك روستەم باجەلان لە شیعرەکەیا ئەڵێ :**

دەڵێم گەرێ
بەلای لایەی ئەو کچە نەبێ
خەونامگرێ ..
وەرزی سەوزم چنگ ناکەوێ ..

● **برا مصطفى سەلیم سەعید ئاكرەیی :**

كیش د هوزانا تەدا نینە ، هیڤدارین پتیر خو ماندی بكەی و بخوینی ..

● **برا فاضل دوبانی ژدهوكێ :**

بۆ ژەهرەزاین زمانێ دێ هنرین ـ پاش وی بەلاڤ كەین .

● **برا مەحفوظ مائی :**

نڤیسیناتە چ گرفتارییت كۆمەلی بجەنائینیت .

● **كاك هرادی ئەحمەد لە گەرەكی ئاشتی لە هەولێر :**

حەزمان ئەكرد نووسینەكەت بۆ بلاوكردنەوە بشیابایە تاكو بلاومان بكردایەتەوە ، دەسم دامینت بێ ، تا بۆت ئەكرێ جاری هەر بخوێنەرەوە

● **كاك سەباح تینو لە هەولێر :**

بەداخەوە دەستخەتەكەتمان بەباشی بۆ ناخوێندرێتەوە . ئیستاش تینووی خوێندنەوەی نووسراوەكەتین .

● **كاك تەحسین دلشكاو :**

دلشكاو مەبە كە شیعرەكەت بۆ بلاوكردنەوە نەشیا ..

● **كاك عاصی عەلی محەمەد :**

نەمان زانی مەبەستت چیە ؟

● **كاك تەحسین ئەحمەد :**

ئێمەش ئەو نیازەمان هەیەو بەدەستەوەیە ..

● **كاك جەلیل محەمەد حسین :**

لە هەندێك لایەنی شیعر شارەزایت ، بەلام هێشتا ماوتە ببیتە ئەو شاعیرەی بەرهەمەكەت دەس بكاتە مل گۆڤارو رۆژنامەكان ..

● **كاكە شوان لە قەلادزێ :**

نوسینەكەت راستە ، بەلام ئێمە چەن ژمارەیەك لەمەوبەر هەمان باسمان خستۆتە روو ..

● **كاك سەعد رەفیق سەعید :**

بەداخەوە ئەو ژمارەی داوات كردبو لامان نیە ..

● **كاك خالید شێخانی :**

ئەو وێنە دەسكردەی بۆت ناردووین وەكو خۆت ئەلێیت [ بەرگی گۆڤارەكەمان قەشەنگ ناكات ] ... بەلام ئێمە هەر سوپاسی ماندووبون و دلسۆزیەكەت ئەكەین ..

● **كاك عەبدولقادر ئەحمەد قادر :**

نوسینەكەت زۆر پێویستی بە دەسكاری كردن هەیە ..

● **كاك محەمەد جەلال سمایل لە هەولیر :**

ئەو رەخنەی كە لەسەر ئەستێرە گەشە نوسیوتە بەناونیشانی [ ئەستێرە گەشەم خوێندەوە ] .. بلاومان نەكردەوە ، چونكە ئەستێرەگەشە زیاتر لە قەوارەی خۆی رەخنەی لەسەر هاتوە ، جێگای بلاوكردنەوەی ئەم هەمو رەخنەیەش نابێتەوە .

● **كاك عومەر عوسمان صالح لە كەركوك :**

چیرۆكی [ هاورێیەتی ] یەكەتمان پێ نەگەیشتووە ..

● **كاك نەوزاد ئیبراهیم حەبیب :**

چیرۆكەكەت زۆری ماوە بەرگی هونەری چیرۆكی ئەم سەردەمە لەبەركات .. پێویستت بە زۆرتر خوێندنەوەی بابەتی چیرۆك هەیە ..

● **كاك سەباح عەزیز مەلا عەبدولكەریم :**

چیرۆكەكەتان چاوەروانی دەسكاری كردنێكی سەرتاپایی یە ..

● **كاك سەردار عەبدوللا :**

تۆ بلێی سەرچاوەكان وایان وتبێ ؟

● **كاك ئاوات عەبدوللا هەورامی :**

نەمانزانی مەبەستت لە نووسینەكە چیە ؟

● **كاك فازل سعدی ئیبراهیم لە دهۆك :**

پەندانە گەلەك جوانەو ئەم حەزدكەین تشتێ چاكتر بنڤیسی ..

● **كاك شەهاب فەتاح تەها لە هەولێر :**

هەندێك شیعری تازە زۆر لەوە شپرزەترن كە جەنابت باستكردوون .

● **كاك مەهدی خالید خەمبار :**

دەرگای چاوپێكەوتنمان لەگەل هونەرمەندان والایە ..

● **كاك عەبدولرەحیم سەفەر لە دهۆك :**

تە لژێر كاربونی یا نڤیسیو ناهێتە بەلاڤكرن .

● **خوشكە نیشتمان عومەر میراو لە رومادی :**

ئێستا ١٨ هەزار دانە لە گۆڤاری بەیان چاپئەكرێ .. لەگەل ئەوەشدا چاپەمەنی كوردی گیروگرفتی نەبوونی كەرەسەی تەكنیكی یەكجار زۆرە ..

● **كاك عەلی عەزیز شێخ بزەینی :**

ناوەرۆكی نوسینەكەت بە نامیلكەیی لە نامەخانەكانا هەیە ..

● **خوشكە خەبات جەمال رەفعەت :**

پێشنیارەكەت سودمەندەو سوپاست ئەكەین ..

● **كاك نورەدین سالح حسین :**

چیرۆكەكەتان بەرگی سەرگورشتەی لەبەرایە .. ئەگەر بیكەین بە چیرۆك ئەبێ ناوەرۆكەكەی بشارینەوە .

● **كاك سەلام عوسمان محەمەد :**

زۆر سوپاست ئەكەین ئەو باسە وەرزشیەت بۆ ناردوین .. بەلام بلاوكردنەوەی وێنەی ئەو وەرزشكارە بێگانانە زۆر پێویست نیە ..

● **كاك رەسول بەستەستێنی :**

قسەی ئاوی سەرئاگرەكە لە هەمو بوارێكدا نایەتەدی ..

● **کاک ئاوات عەلی محەممەد سیاگوێزی لە سلێمانی :**

ئەم گوڵەمان لە گوڵدانی ئەو شیعرەتا هەڵبژارد کە لە بانەمەڕی ساڵی ١٩٧٨ دا داتناوە :

گەردنێکی جوان بەوێنەی پەری
پەرچەمی رەشی کەوتبووە سەری

● **کاک خدر عوسمان لە کەرکوك :**

بە شیعر نوسیوتە :

چۆن بومە پیری مەیخانە ، هاوار
لە دەستی ئەم حاڵە ..
بوو ، شیعری باشترمان بۆ بنێرە ..
ئینجا برا کە لە مەیخانە رزگارت

● **خوشکە جوان عەباس لە سلێمانی :**

پارچەی یەکەمی شیعرەکەتان تا رادەیەك سودمەندو جوانە ، ئەگەر ئەمە سەرەتای ئەدەبیت بێ ، تیا سەرکەوتو ئەبی .

● **کاک عەبدولکەریم رەمەزان :**

**لە هەولێرەوە نوسیوێتی :**

لە محو الامیە ئەخوێنمو بوم بە شاعیر ..

[ تۆ بڵێی هەرچی لە محو الامیە خوێندی دوربا ببێ بە شاعیر !! ] .

● **کاک عثمان عەبدولواحید خۆشناو :**

کۆمەڵێك شیعرو رەخنەتمان پێ گەیشت ، بریا یەکێکیان بۆ بڵاوکردنەوە دەستی بدایە .

● **کاک شیروان هادی کاوانی :**

ئەوە شیعری « مفتی »یە تۆ کردوتە بە هینی خۆت

● **کاک هادی رەشید لە هەڵەبجە :**

شیعرەکەی جەنابت با بمێنێ ..

● **کاک بێبەخت عەزیز لە سلێمانی:**

شیعرەکانی تریشت وەك ئەم پارچەیە کە بۆت ناردووین ؟

● **خوشکە مەدیحە شوان لە کەرکوك :**

ئەمە پوختەی شیعرەکانتە :

کورپەی هاوین
حەزم ئەکرد .. کەبتوانم
بۆت دروست بکەم پەڕو باڵ
تا رزگار بی لە ژینی تاڵ
دوربی لە رێبازی خەیاڵ
. . . . . . . . . .

● **کاک خدر مەلا هەمزە گوڵانی لە رانیە :**

ئەمەندەمان لە شیعرەکەت کرد بە دەستە چیلە :

با شادی ئەو پەڕ جیهان دابگرێ
پەژارەو مەینەت گشتی بابمرێ .
. . . . . . .

● **کاک فارس دڵسوتاو لە دێی باغمرە لە ناوچەی قوشتەپە :**

ئەو نامە دڵداریەی کە بە شیعر بۆ خۆشەویستە لێك براوەکەت ناردوە، ئەبوا بە پۆستەدا بت ناردایە زوتر ئەگەیشت ..

● **کاک ....**

بەم سەرەتای شیعرەتا دیارە توانای شیعر وتنت هەیە :

لەسەر پەڕەی رۆژنامەیەك
لێی نوسرابوو
شەفەق [ بەیان ]دا هەڵدێ
کەچی دوای شەوی ئەم شارە
بەیان هاتو [ شەفەق ] نەبوو ..
هەزار جارە

● **کاک شەمسەدین عەزیم کاکەیی**

من لەو شوێنەدا بومایە شیعری دڵداریانەم بۆ نەئەهات !

● **کاک تایەر دوو شیوانی لە هەولێر :**

توانای شیعر وتنت زۆرە ، بەڵام لە شیعری ئەم جارەتانا هەر ئەم سەرەتایەی لێ بڵاوئەکەینەوە :

لە ئاوێنەی هۆنراوێکی خۆش و ناسك

ئەی وڵاتم
کە دەتبینم
دەتوێمەوە
لە دێرێکی خەواڵوودا، دەتخوێنمەوە
ئەیمە ژارو دەتلێمەوە ..

● **کاک ئیبراهیم عوسمان لە هەولێر دیسانەوە :**

چیرۆکو رەخنەو شیعرو لێکۆلینەوەکانت هەموویان گەیشتن بەڵام داخەکەم هیچیان بۆ بڵاوکردنەوە ناشێن

● **کاک ( م ) .**

**لە گفتوگۆو .. پێکەنینو .. روانینەکانت ..**

**تێر نایم !**

**لێت زیز نابم .. هەتا مابم**

.. .. .. ..

● **کاک عەبدولکەریم عەلی :**

ماوتە ببیت بە چیرۆك نوس ، هەر چەند بابەتی چیرۆك زۆرتر بخوێنیتەوە ئەوەندە زوتر دەست ئەکەیتە مل ئاواتە ئەدەبیەکەت ..

* ● *

● **کاك ئیبراهیم محەمەد کەریم :**

ئەو وتارەی لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردیەوە ناردوتە پێمان نەگەیشتوە .

● **کاك محەمەد ئەمین گەناوی :**

هەرچەند لە شیعرەکەتا دکتور پێی وتویت کە نەخۆشی تۆ دڵداریەو دڵداریش دەرمانی نیە ، بەڵام دەرمانی دەردی دڵداری دەست لەمل کردنە .. بزانـــە !

● **کاك محەمەد سدیق بێچارە :**

شیعر زۆر نوســین نیشـــانەی شاعیرێتی ئەوەندە دەرناخا کە مۆرکی رەسەنی بە شیعرەکانەوە بێ ..

● **کاك کەمال ئەسعەد رەزا :**

نامەکەت بە پۆستەدا بـۆ خـۆی بناردایە باشتر بوو ..

● **کاك کەمال مۆرتکەیی :**

وا بزانم بڵاوکردنەوەی ئەم کوپلەیە لە شیعرەکانت تینویتی دڵدارەکـەتی بێ ئەشـکێ :

**کچەکە گیـان**
**نازانم بۆ کەتۆ دوری**
**پێکەنین بوو بە کـۆترە کێـویٚ شاخەکان**
**تیری نیگای چاوەکانت**
**شووشەی مەبەستمی شکان ..**
**پێئەکـەنم ..**
**پێکەنینم بـەدیواری یادەکانمـــا هەڵئەواسریٚ**
**لە بیرت دیٚ .. لەناو کێڵگە ئیشمان ئـەکرد**
**گوڵی حاجیلانەی زەردم**
**چەپك چەپك**
**پێشکەش نازی چاوت ئەکرد .. ؟**

.. .. .. ..

● **کاك فەیسەڵ رەسول :**

هەردو پارچە شیعرەکەت خراپنین ، بەڵام بۆ گۆرانی دەست ئەدەن نەك بۆ رۆژنـامە ..

● **کاك جەلیل رەشید ئەحمەد لـە هەڵەبجـە :**

پارچەی دووەمی شیعری دووەمت خراپنیە ، بـەڵام لەگـەڵ بـواری رۆژنامەگەریدا ناگونجێ .. ببورە .

● **کاك بریندار دۆسـکی :**

ئەمە پوختەی شیعرەکانتە :

**ئەڤرۆ رۆژا مە هەلات**
**نەڤروز ژی جارەك دی هات**
**رابن لاوا بکەن خەبات**

.. .. .. .. ..

● **کاك سەعدی ئەحمەد :**

ئەمە بەشێکی ئەو پارچە شیعرەیە کە بۆ منداڵانت داناوە :

**نینۆك کردن زۆر چاکە**
**پیشەی قوتابی پاکە**
**ئەوەی کەپووی زۆر پیسە**
**دایم نەخۆشو سیسە**
**ئەوەی لەئیشی ئازایە**
**لە خوێندنا وریایە**
**مامۆستا خۆشی ئەویٚ**
**بێگومان سەر ئەکەویٚ**

.. .. .. .. ..

● **کاك تەها محەمەد ئـەمین لـە سلیمانی :**

بیروراکانت لەگەڵ ئەوەدا لە بواری ئەدەبدا سەرەتایین بەڵام سەرنجی پاكو دڵسۆزانەی تیایە ، داخەکەم کەمتر لە رەخنەی هونەری نزیك کەوتویتەوە ، بۆیە ناتوانین لەسەر رەخنە حیسابـی بکەین ، هیواداریـن زۆرتر بایەخ بـە ئەدەبەکە بدەیت نەك بە شتە لاوەکیەکانی بەرهەمەکە ..

● **کاك ئازاد عەبدول بەرزنجەیی :**

لە کاتێکدا لە شـارە جوانەکـەی دوربوە ئەم شیعرەی داناوە :

.. .. .. .. !

**شاری جوانی**
**شوێنی خۆشیو کامەرانی**
**مەڵبەندی هاوینە هەوار**
**خاوەن دەشتو دۆڵو چیا**
**هەرکاتێ نیگات ئەبینم**
**پێی ئەگریێتەوە دەرونم**

.. .. .. .. ..

● **کاك رێبوار ئیبراهیم :**

پارچەی یەکەمی شیعرەکەت لە روی هونەری شیعرەوە کەمو کورتی تیایە ، بەڵام پـارچەی دووەممان بەمجـۆرە لێکـرد :

**کڵپەی نەورۆز**
**لە بەرزایی چیاکانا**
**وەکـو دایـك**
**ساڵی تازەی گرتە باوەش**
**چەپکێك گوڵی دا لە یەخەی**
**منداڵی کـورد ..**

.. .. .. ..

● **کاك حیکمەت حەکیم غەفور :**

هەر ئەمەندەمان لە شیعرەکــەت هەڵبژارد :

**گۆڤارەکەم .. !**
**نازانم چیرۆکێکت پێشکەش بکەم**
**یا هۆنراوەی شەوەکانم**

.. .. .. .. ..

● **کاك رەئوف تایەر زەنگەنە :**

شیعرەکانت دڵگیرن ، بۆیە ئــەم نمونەیەمان لێ هەڵبژارد :

**هۆ ! کیژۆڵــە**
**ئەی مەلی ئارامی سەرچڵ**
**وا بەهار هات .. با ، دوبەدوو**
**تێکرا بژین بە کامی دڵ**

.. .. .. ..

● **کاك تارق رەئوف :**

ئەو باسەی بۆت ناردوین زۆر وردبینانەیە .. دەرون شوناسێك ئەتوانێ بیگەیەنێتە ئەنجام ..

● **کاك عومەر محەمەد سدیق لە کەرکوك :**

ئەم برایە بەنامەیەك گلەیی لەو باوکانە ئەکات کوڕەکانیان لە قوتابخانە دەردێنن .. ئێمەش هاودەنگی کاك عومەرین لەم باسەدا ..

● **کاك محەمەد ئەحمەد حەسەن :**

کورتە چیرۆکەکەت وەکو کورتە باسێکی ژیانی خۆت وایە ..

● **کاك کەمال قادر مەحمود :**

ئەم برایە نوسیویە ئەڵێ :

بەناونیشانی [ سنور] مامۆستا کەریم شارەزا پارچە شیعرێکی بەناوی ئەسیرییەوە لە گۆڤاری ( بەیان )ی ژمارە (١٣)دا بلاوکردۆتەوە ، هەمان شیعر بەناوی حاجی قادری کۆییەوە لە کتێبی کوردی پۆلی چوارەمی گشتی قوتابخانەدا بلاوکراوەتەوە .. ئێمە مامۆستا کەریم بە شارەزاتر ئەزانین .

● **کاك هداد عەبدوڵلا :**

بەداخەوە نامەکەت درەنگ بە دەستمان گەیشت ..

● **کاك ئیحسان خورشید ئەمین:**

باسەکەتمان پێ‌گەیشت دوایی قسەی لێ‌ئەکەین ..

● **کاك جەبار جەمال غەریب :**

ئەو رستانەی کە لە چیرۆکەکەتا بە کەلکن .. زۆر جاری تر بەکار هاتوون ..

● **کاك عەبدولرەزاق حەمەد عەبدولرەحیم :**

دەسخەتەکەت ناخوێندرێتەوە بەتایبەتی ئینگلیزیەکانی ..

● **کاك ئەمین عەلی لە هەولێر :**

ئەمە کوپلەیەکی ئەو شیعرەتانە کە بەتایبەتی بۆ پۆستەی خوێنەرانت ناردووە :

**من شاعیر نیم ، شیعر ئەڵێم**
**هەموی سۆزە ..**
**بۆ ئەو خۆزگەی ، کە دورەڵێم**

ئینجا برا بۆچی ئەڵێی شاعیرنیم !

● **کاك یاسین قادر عەبدوڵلا :**

ئەو وێنەی شاری سلیمانی کە بۆت ناردبوین پێمان گەیشت ، زۆر سوپاست ئەکەین .

● **کاك بورهان عەبدولقادر دلشکاو :**

دیارە دڵی بەرامبەرخۆشەویستەکەی شکاوە بۆیە وتویە :

وەفات نەماوە ، دلداری دێرین
رۆژی پڕ شادیت کردم بەگرین

● **کاك شەفیق مستەفا قادر :**

بریا هەمو شیعرەکەت وەك ئەم کوپلەیە وابوایە :

**خۆشەویستە بەنرخەکەم**
**تاکەی ئازاری دوری تۆ**
**لە جیاتی ئاو بخۆمەوە**
**شیرینەکەم ..**
**لە قولایی هەموودڵما**
**هەرتۆم ئەوێ ...**

● **کاك عەدنان عەلی حەسەن ئەڵێ :**

هۆ کچەکەی شیرین ئەندام
هۆ جوانەکەی دڵ پڕ لە زام

● **کاك عەبدوڵلا محەمەد ئیسماعیل :**

دیارە هونەریەکەتمان پێ‌گەیشت ، زۆر سوپاسی هونەردۆستیت ئەکەین .

**بۆ ئەم بەڕێزانە :**

ئاراز قادر فەرەج ، کامەران ئەکرەم کەریم ، کاوە تایەر مارف ، کاکەی هێور ، فاروق مستەفا ، فاتیح عیززەدین ، رەزا حەمە ، عەبدولکەریم عەبدوڵلا ، کەریم مام رەش جدیدەلەکی، رسول حسین ، زاهیر شادیار ، ئەحمەدی مەلا ، نەوزاد ئەحمەد ، چیانشین ، کامل حەمە سەعید قەرەداخی ، خەبات کاکل ، خالید عەبدولمەجید فەتحوڵا ، ئیبراهیم خەسرەو غەفور ، بەڕێز مەجید مەحمود ، ع . م ع ، نەجات حسین سەعید ، محەمەد بلباس ، رێبوار ئاوارە ، فایەق عوسمان ، بەهرە ئەنوەر قادر ، ئیسماعیل حەسەن شیروانی ، ع ، م . عەبدوڵلا ، خالید عوسمان محەمەد ، تارق غەفور ، مەنتك ، رێبوار ئیبراهیم ، کامەران مەولود سدیق ، کەریم بەرزنجەیی ، ئازاد خۆشناو ، جەمیل ئەحمەد حەسەن ، ناسك محەمەد ئەمین، عەزیز حەمە سالح گولانی ، ئەسعەد . س ، حەسەن خەمبار ، محەمەد ئەمین گەناوی ، چاڤەڕێ دۆسکی ، یاسین حەمەخان ، بازیان غەریب سەعید ، ش . خۆشناو ، غەفور محەمەد عەبدولرەحمان ، عەبدولرەحمان سادق فەرهادی ، کازم عەبدوڵلا کۆیی ، ئەحمەد عەلی ئەحمەد ، خالد فەقی محەمەد رەسول ، عەتا عومەر مستەفا ، سەلاح محەمەد تالب ، حامید قادر عەبدوڵلا ، ئاسۆ حەسەن شابان ، مەهدی خالید غەمبار ، وشیار گۆران ، قوباد بەهرەوەر ، هاورێ بێ‌بەخت ، عوسمان خەبات سەربەست ، خالید قادر خۆشناو ، عەبدوڵلا سەعید ، عەزیز دەشتی ، عومەر حەمە کەریم ، روپاك شێخ سدیق ، دلێر محەمەد رەشید ، کامل حەمە سەعید ، ساماڵ گەرمیانی ئەبوبەکر ئەحمەد پشدەری ، غازی رەشید محەمەد ، عەزیز عەلی عەزیز دێوانە ، ولی محەمەد سالح ، مەحمود غەریب سەعید ، مەهاباد مستەفا میرزا ، عوسمان سەربەست ، برایان : بیورن شیعرەکانتان هەریەکە لەبەر هۆیەك بلاو نەکرایەوە ، ناتوانین هەریەکەیان هۆی کەموکورتیەکەی باس بکەین لەبەرئەوەی کات و شوێنێکی زۆری ئەوێ ..

**براتان**

● **زمناکۆ** ●

# دلیۆنه‌ها : مۆم چه‌پکه‌ نێرگز به‌بووك

ریپۆرتاجی : محمود زامدار

## چرپه یه‌ك

به‌ش به حالی خۆم‌و به درێژایی ژیانی ئه‌ده‌بی‌و رۆژنامه‌گه‌ریم‌و تا رۆژگاری ئه‌مرۆیش ، ده‌یه‌ها ریپۆرتاج‌و دیده‌نی‌و چاوپێکه‌وتن‌و کۆڕی موناقه‌شه‌ی ئه‌ده‌بی‌و فیکری‌و هونه‌ری هه‌مه چه‌شنه‌م سازاندوه‌و بلاوکردۆته‌وه ، هه‌ندێکیان له‌لای خۆم‌و له‌لای خه‌لکیشا جێی شایانی خۆی کردۆته‌وه‌و تام‌و بێژی خۆی نه‌دۆڕاندوه‌و له مێژوی رۆژنامه‌گه‌ریشا ، له رۆژی شایسته‌ی خۆی‌دا هه‌لئه‌سه‌نگێندرێ .. به‌لام هیچ سات‌و جارێ ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌مجاره‌و ئه‌م ریپۆرتاجه فراوان‌و وێنه‌داره ، به‌که‌لکه‌له‌و ئه‌لها نه‌بووم‌و ئه‌وه‌نده‌یش خۆم هیلاك نه‌کردوه‌و ئه‌وه‌نده‌یش خۆم تامم له کاری وام نه‌چه‌شتوه ، ئه‌ی چۆن نا ، گه‌ر کاره‌که پێوه‌ندی به پاکترین به‌شی مرۆڤایه‌تی ، به‌سه‌ربه‌رترین‌و مه‌زنترین که‌رتی شارستانیه‌ت‌و مێژووه‌وه هه‌بێت ، به نه‌ته‌وه‌که‌م‌و به‌جیهانی‌یه سالی منالانی سه‌رانسه‌ری دنیاوه هه‌بێت ، به‌سالێکی پیرۆزی فریشته‌کانی سه‌ر ئه‌م زه‌مینه‌وه هه‌بێت .. ! به‌و ئاده‌میزاده روحسوك‌و شیرپاك‌و پێسوك‌و دلپاکانه‌وه هه‌بێت که هه‌زاران هه‌زار که‌له پیاوی به‌شه‌ره‌فی مێژووی فیکرو جوانی‌ی ، له‌به‌ر ده‌میانا

حەپەسابن و کرنوشی سپاس و نوازشتیان بۆ نواندبن و ژیانی خۆیان کردبێتە چلچرایەکی سەوزو لەسەر ڕێگەی شەوەزەنگی ئەوانا دایان گیرساندبێ ، چونکە ئەوەندەی پاکی و سەر ازادی و قسە ڕەوانی و بێگوناهی و دڵەمزنی لە زارۆکانەوە فێربوون و خۆیان لە نێو شەبەنگەرۆژی دنیایەکی بێخەوشا دۆزیوەتەوە ، لە هیچ فێرگەیەک و نێو کتێب و گۆڤارو ڕۆمانێکا فێری نەبوون و ئەوەندەیش بە قووڵی لە سادەیی ژیان و لە گەورەیی مرۆڤ و لە ڕازراڤی سروشت و فیکرو لە ڕازی گەردون نەگەیشتوون و ئەوەندەیش پەردەی نهێنیە سەوزەکانی هۆشیان بۆ سەرەنداز نەکراوەتەوە .. ! سەیریش نیە ، گەر کار واکەوتبێتەوە ، چونکیم ژیانی سادە ، ژیانی بێ چەوساندنەوەو بێ ژانی ڕەش ، کۆمەڵێکی بێ دەردو بێ فێڵ و تەڵەکەو داودانان ، گەردونێکی بێ پایان و پڕ لە پرسیاری پەیدەرپەی و واق و وڕمان و تێڕامان ، لە زارۆکانەوە ،لە زاقوزوقی قووڵ و لە گریانی شیرین و لە نیونازی جوان و لە خەونی سپی پات و لە گۆنای سوورو چاوی تیشکدارو لە سەرنجی وردو لە هۆشی بێ خەوش و لە لێکدانەوەی تەڕچکی زارۆکانەوە کەوتبێتەوە .. هەمدیس سەیر نیە ،گەر سەر لەبەری مرۆڤایەتی و سەرجەمی داموودەزگاو پارت و دەستەبەندەو ڕێکخراوو نەقابەو هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەمەجۆر ،خۆیان بۆ ساڵێکی ڕەبەقی زارولێ ئامادە کردبێت و هەزاران هەزار کارنامەوبەرنامەو یادنامەو منالنامەیان بۆ دیداری پیرۆزی منالان و ساڵی بەفەڕی منالان تەرخان کردبێت .. یۆنسکۆی نەتەوەکانییش ، سەرەتایەکی باشی بۆئەم بۆنە پیرۆزە هەڵخستبێت .. !

لە وڵاتی ئێمەش دا ، لە عیراقی ئازیزا ، هەمو لایەک بۆ پێشوازی ئەم بۆنە پیرۆزە کەوتونەتە خۆیان ،پەڕمووچ و خامەو کەوان و فیلم و دەنگ و ڕەنگەکان ، یەکیان گرتوەو ئامادەی ساڵە پیرۆزەکەن ... بەڵام چۆن ئامادەبوونێک .. !

هەر لەم سەرشارەوەیش ، هەرلەم چێژە سۆفیانەو لەم خەون و لەم ئەرکە مێژوویی یە خاوێنەشەوە ،ئێمەش لە گۆڤاری ( بەیان ) .. بە تایبەتی و دوای ئەوەی بڕیارێکی پەسەندو ڕەوا درا ، بۆ زۆرکردنی لاپەڕەو فراوانکردنی گۆشەو جیهان و هونەرو ئەدەبیاتی بچکۆلان لە نێو گۆڤارەکەدا ، بە پێویستمان زانی ،دەس پێشکەریەک بکەین و ئەرکێکی سەر نەرەی شان جێ بەجێ بکەین و منالانی روحپاکی کوردیش ڕاکێشینە نێو بۆنەکەو بەرپیۆرتاجێکی وا ،ڕوبەڕوی خۆیان و ساڵەکەیان بینەوە .. بۆ ئەمەیش ڕێگەی کوردستانمان گرتەبەرو هەر لە بناری شاخەکانی گۆیژەو ئاسۆس و قەندیل وهەیبە سوڵتان و پیرمەم و هەندرێن و زۆزک و بێخێرو خاتوون و سپی و مەتیناوە ، کەوتینە گەڕو ئەم ڕیپۆرتاجەمان لێ ڕسکاند ، ساتەهای ساتی بێ ڕق و کینەمان لەگەڵ منالانی کانی و بەفرو بەلالووک بەسەربرد ، بێ گوێدانە ماندووبوون و سەرماو سۆڵەی شەوی بەفرین و درێژی کوردستان و ڕێگەی پڕهەڵەت و هەڵەموت و هەڵدێر ، بەتەمای ئەوەی ئێمەش ،وەکو هەمو دەزگایەکی منالخوازی ئەم وڵاتە ، جێگەیەکی لەبار ، بۆ جگەرگۆشەکان بکەینەوەو لەگەڵ ئەوان و دنیای ڕازاوی ئەوانا ، ڕوو لەجوانترین ساڵی مێژوو بکەین و ڕەشبەڵەک و جەژنی ئازادی و دڵپاکی و مەزنی بسازێنین لەگەڵ ئەوانا یاریەکانی ( پشیلە سوورەو تیروکەوان و چاوشارکێ و تەقڵەلێدان و شەڕەبەفرو شەوبەرات و گوێ فڕکانی و هۆپ هۆپ وهەللورو بەللورو تیلی سماق و حل حللی بل بللی) بکەین و لەتەک ئیقاعە پاکەکانیانا دۆش دامێنین .

نیازخوازین بەمەیش بەشداریەکی خاکیمان کردبێت و نیشانەی مەبەستێکی پاکمان پێکابێت .. !

## مەڵبەندێکی سەرفراز

مەڵبەندی چالاکی سەرفرازی سلێمانی ، کەوتۆتە دوورەدەستێکەوە .. یەکدەستە هونەرمەندی شەیداو مامۆستاو پسپۆڕو شارەزا ، بەسەرپەرشتی ی مامۆستای دڵفراوان جلال عزیزی هونەرمەند ، نەخشەی وردو لەباریان بۆ نەوەی نوێ ، بۆ منالانی کورد ، بۆ ژن و پیاوانی دوارۆژ هێناوەتە کایەوە ، ئەمیان خەریکی دنیای ئاوازو مۆسیقای منالانە ، ئەوەی تریان خەریکی پەڕەمووچی ڕەنگینی منالانەیەو ئەمی تریان شانۆی منالانەو وەرزشی منالانەو هەندێکی تریان خەریکی پەروەردەی ڕاستەوخۆی منالانەن ... کە بەوردی لێیان وردئەبیتەوە ، شاگەشکەئەبیت و سەرمەست و بەری دڵ و دیدەت وازتر ، چونکە هەریەکێ لەوانە ، بۆ خۆی سەربازێکی ئادیاری خولقێنەری دنیاو هونەرو ئەدەبیاتی منالانەیەو شەوگار شەق ئەکەن و خۆیان بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە تەرخان کردوە ..

**لەبارەی چالاکی مەڵبەندەوە مامۆستا جلال عزیز چەند قسەیەکی بۆ بەیەو ئەڵێ :**



« ئێمە قوتابخانەکانی نێو شارمان بەسەر چوار کەرت دابەشکردوە ، هەر لە ئێستاوەیش ــ مانگی دەی ١٩٧٨ ــ

کەمەرمان بۆ میهرجانی قوتابخانەکان بەستوە ، مامۆستا هونەرمەندەکان هەمو ئامادەنو پێوەندی بەردەوامیان لەگەڵ قوتابخانەکانا هەیە ، لە پێناوی دورستکردنی چەشنەها تیپی مۆسیقاو شانۆو هونەری تەشکیلی ، سەرەڕای ئەمەیش کۆمەڵێ تێکسی شانۆییمان بۆ میهرجانی نێوشار ئامادەکردوە ، هەر لەوێشدا ئەو منالە بەهرەدارانە هەڵئەبژێرین ، تاوەکو لە میهرجانی فراوانی سەرانسەری قوتابخانەکانی عیراقو لە مانگی نیسانی ۱۹۷۹و لەشاری موسەننادا بەشداری بکەن ..
لێپرسراوانی چالاکیەکانیش ئەم هونەرمەندانەن :

لە هونەری تەشکیلی مامۆستایان ( اسماعیل خەیات ــ شێرزاد شوقی ) لە شانۆیش ، مامۆستایان ( کاوە میرزا ــ طه خلیل ــ عثمان چێوار ــ جهاد زۆراب ــ برهان مصرف ــ شەماڵ عبداللە ــ فاضل قەساب ــ قادر مصطفی ... ) لە مۆسیقایش ، مامۆستایان : ( ولیەم یۆحنا ــ خالد سەرکار ــ فرەنسیس داود ــ مۆید قسطنطین ــ فرەیدون دارتاش ــ عبدالرحمن قدری ــ مصطفی عبدالرحمن ــ محمد ڕەزا .. ) لە خەتیش ، مامۆستا ( بهاءالدین محمد ڕۆوف ) .. سەرپەرشتکەرانی مۆسیقای قوتابخانەکانی سەرانسەری شاریش ئەم مامۆستایانەن : ( صلاح ڕۆوف ــ محمد امین حسین ــ صباح محمد امین ــ شلێر ابراهیم ــ نامدار عمر ــ جمال سادان ــ عثمان شارباژێری ــ فرید عیسا .. )

## لەنێو قوتابخانەکانا

پاش ئەم وردە زانیاریانەی مامۆستا جلالی هونەرمەند ، بەهەڵێکی خۆشمان زانی ، روو لە هەندێ لەو قوتابخانانە بکەین ، کە منالە بەهرەدارەکانی گرتۆتە باوەشو تیپی جوانجوانیانی بۆ سازداوەو هەر لە





ئێستاوە خراونەتە بەر شەپۆلەژانی کانیاوی هونەری جوانەوە .. لەسەرەتادا مامۆستای هونەرمەند صلاح ڕووفمان لە قوتابخانەی پیرەمێردا بینیو لەتەك تیپە چەلەنگەکەی منالانی روحپارەی ئەو تیپە بەکمان گرتەوە .. ئەوەی شایانی سەرنجیش بێ ، سەراپای قوتابیانی ئەو تیپە هینی ئەمسالەنو تەمەنیشیان لە نێوان ( ٦ ــ ١٢ ) سالاندایەو بریتییە لەم بەهرەوەرانە :

**رازاو قسطنطین ــ فلوت**
**ئاکۆ عزیز ــ کەمان**
**شەیدا حسین ــ کەمان**
**بەختیار حەمە ڕەشید ــ کەمان**
**هوشیار حەمە ڕەشید ــ ئوکوردیۆن**
**لەنجە جمال ــ ئۆرگن**
**شلێر محمد غریب ــ ئۆرگن**
**لافە عزت ــ گیتار**
**شەوبۆ محمد غریب ــ گیتار**
**بەرهەم حسن ــ چەلۆ**
**بەختیار ابراهیم ــ ئیقاع**
**علی عبدالکریم ــ دەف**
**صدیق علی ــ بانگۆز**

ئەوەی شایانیش بێت ، ئەم تیپە نازدارەی پیرەمێرد ، تا ئێستا گەلێ پارچە مۆسیقاو سرودو گۆرانی ، وەکو ( نەسرین ــ دیمەنی کوردستان ــ چەمی ڕێزان ــ شەدەلار )ی هێناوەتە بەرهەمو لەکاری داهێنانەشدا هەر بەردەوامە ..
لەپاشا ، هەر بە هەمان تاسەو حەزەوە ، روومان لە تیپی قوتابخانەی نەورۆز کردو لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتکەری هونەرمەند عثمان محمد امینو منالە بەهرەدارەکان ، کەوتینە نێو دنیایەکی نزیك لە جیهانی پاکی منالانەوە .. ئەم تیپە تا ئێستاو بەردەوام گەلێ گۆرانی فۆلکلۆریو پارچە مۆسیقای رەسەنی وەکو : ( لەیلێ ــ بەختیاری ــ دلشاد )ی هێناوەتە بەرهەم ، کە سەتاپای لە داهێنانی مامۆستا عثمان خۆیەتی .. تیپەکە بریتییە لەم منالە بەهرەوەرو ئەم ئامرازە شیرینانە :

**صباح عبداللە ــ سەنتور**
**زانا محمود ــ کەمان**





سۆران جلال ـ ئۆكۆرديۆن
بەختيار محمد ـ ئۆكۆرديۆن
سەرمەد سلمان ـ گيتار
كاوان عمر ـ گيتار
باساك عبدالقادر ـ ئۆكۆرديۆن
گەنج رؤوف ـ كەمان
احمد جمال ـ كەمان
سامان محمد جميل ـ كەمان
احمد طه ـ ئيقاع
مەريوان عثمان ـ ئيقاع



هەر لەهەمان دەرفەتا ، لەگەڵ دیارترین ئەندامە منالەکانی تیپی مۆسیقای بێخودو مامۆستای هونەرمەند نامدار عمر قەرەداغی یەکمان گرتەوەو تارای ئارامێکی تەرچکی هونەروەرانەی تر دنیای لێ کردین بە شایلۆغان ، ئەی چۆن نا ، گەر تیپێك ، تیپێکی منالانە بکاتە ئەم پایەیەو ئەم هەمو داهێنانە دابهێنێ ، بەجۆرێکی وابش پێك‌هاتبێ ، نالێم مەگەر هەر لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی ئەم دنیایەدا مانەندی هەبێت :

دلێر عبدالله ـ كەمان
ئالان عارف ـ كەمان
بەیاد محمد امین ـ كەمان
ئاری عبدالواحد ـ كەمان
جوتیار علی ـ كەمان
بەیجور شەونم ـ كەمان
سۆران حمه شریف ـ كەمان
نیاز نوری ـ كەمان
كاروان قادر ـ كەمان
كارزان عمر ـ كەمان
ئاوات عبدالله ـ كەمان
شازاد شوقی ـ كەمان

نەوزاد محمد ـ كەمان
رزگار عبدالله ـ كەمان
شەماڵ محمود ـ كەمان
بێستون عثمان ـ كەمان
زانا فرج ـ كەمان
ئەردەلان كمال ـ گيتار
دارا عبدالله ـ گيتار
ئاری عارف ـ گيتار
پاكۆ شەونم ـ ئۆرگن
كارزان قادر ـ ئۆكۆرديۆن
ئاری ابراهيم ـ ئۆكۆرديۆن
لاوك لطيف ـ ئۆكۆرديۆن
جبار محمود ـ ماندۆلين
گۆران عثمان ـ شمشاڵ
دانا فرج ـ تەپڵ
ڕێبوار عثمان ـ بانگۆز
شێرکۆ کریم ـ زەرب
سامان حسن ـ دەف
كاروان كمال ـ دەف
دانا عبدالله ـ سێسوچە

دە ئەبێ چۆن مرۆڤ لەنێو شەپۆلی ئەم هەمو ئامرازە شیرینانەو ئەم هەمو منالە شەیدایانە ، شادمان نابێت و ناکەوێتە باڵەفڕکەو باسکەمەڵەی نێو دەریای شینی ئەندێشەو ، چۆن بڕوایەکی بتەو ، بەنەوەی داهاتووی هوشیارو زاناو کارزانی نەتەوەکەی خۆی پەیدانا کاتو رەسەنایەتیەکەی رەگداکوتاوتر نابێت .. ! ؟

## بەهەشتەکان :

چ لەوە خۆشتر هەیە ، مرۆڤ لەسەر پشتی ئەم ئەستێرە بێ ئارامەدا ، بەبەهەشتەونبوەکە شادبێت و بڕوا بە هەمو بەهایەکی پاکی مرۆڤانە بهێنێ و لەتەك فریشتەکانی یەزدانەو



گوڵەپێغەمبەرەکانا ، سەراسیمە بێت .. چوار بەهەشتی خەواڵوو ، کە بەناهەق ناوی باخچەی لێنراوە





( خۆماڵی ـ پەری ـ سلێمانی ـ دلسۆزی ـ سەرچنار ) سەدەها سەد ، فریشتەی ئێمەو خاکی ئێمەی وەکو :

**( شیلان ـ لانە ـ دیار ـ ئاڤان ـ لاڤە ـ هێڤی ـ ورشە ـ ناز ـ خونچە ـ چنوور ـ ژاڵە ـ سارا ـ دالیا ـ رازاو ـ بەناز ـ دیار ـ توانا ـ یاد ـ نێرگز ـ سیڤەر ـ گوڵاڵە ـ هەڤاڵ ـ گونا ـ رۆژ ـ گوڤار ـ ئاڤان .. )**

دەیەها خوشکی جگەرسۆز ، دەیەها نەخشەی سەوزی پەروەردەو یادکردنەوەو شیعرو سرودو جوانی ... ! کێ ئەڵێ : بەهەشت نیە ؟ کێ بێ بڕوای بەبەهەشت نەمابێ ، با سەرێ لەو بەهەشتانە بدات ، ئینجا ئەزانێ چۆن لەسەرزاری پیرەمێردی شاعیرەوە بلالێتەوەو بلێ :

**ئەڵێن گوایە ، فریشتەی ئاسمانیش سپیە وەك بەفرە**
**فریشتەی ئێمە بالایە ، بەلام چی بکەین لەگەڵ تەفرە .. !**

## لەدیداری بەهرەوەراندا :



**« ئاری علی صالح »**

**— لە کام قوتابخانەی ؟**
— مەولەوی
— تەمەنت ؟
— حەوت ساڵانەو دوساڵیشە ئۆکۆردیۆن ئەژەنم‌و لە کاکیشـــمەوە فێری مۆسیقا بووم
— مامۆستا یا ئایس کرێم ؟
— هەردوکیـــان

**« پاکــو ع ٠ شەونم »**

— چی‌ئەژەنی ؟
— ئۆکۆردیۆن
— چەند ســاڵە ؟
— دوو
— کێ رابەرت بوە ؟
— باوکـم
— کام پارچە مۆسیقا ؟
— ( چوار چرا ) کە بـــە چــوار مناڵە شەهیدەکان پێشکەشکراوە .
— لە کام قوتابخانەی ؟
— بێخـود

**« دلێر عبداللــە »**

— ئامرازەکەت ؟
— کەمـــان
— چەن ســاڵــە ؟
— ســێ
— لە کام قوتابخانەیت ؟
— سەرکەوت
— کام پارچە مۆسیقا ؟
— چوار چراو دەشتی هەورامان

**« سۆران جلال عزیز »**

— چەند ساڵە خەریکیت ؟
— سێ ســاڵە
— بەچی ؟
— بە ئۆکۆردیۆن
— کێ هاندەرت بوو ؟
— باوکی هونەرمـەندو بادینانـــی گیتارژەنی برام
— لە کام بۆنەدا بەشداریت‌کردووە ؟
— لە میهرەجـــانی عێراق‌و رۆژی مۆسیقای جیهانی لە ساڵی ٧٦ ـ ٧٧
— لە کام قوتابخانەی ؟
— زانیاری
— کام پارچە مۆسیقا ؟
— پارچەی ( ئامێدی )ی مامۆســتا دلێــر
— بەیانی ... شەو .. یا ئێواران ؟
— بەز ئەکەم سەر لە بەیانیان بژەنم‌و بژەنم و .. و ...
— ئەی ئەمساڵەی مناڵان ؟
— حەزم ئەکرد کارزان‌و هاورێکانی بمانایەو بەشداریان لە میهرەجانەکانی ئەم ساڵە پیرۆزەدا بکردایە .. بـەڵام خۆ ئێمە ماوین ! !

**« ئاکۆ عزیز »**

— کام ئامراز ؟
— کەمان
— بـۆ ؟
— چونکە کارزانی شەهید ئەیژەنی ، حەزیش ئەکەم لە پاشە رۆژا وەکو ئەو بم ..
— لە چیـا بەشدار بوویت ؟
— وەکو ئەکتەر لە موسڵ‌و بەغدا ، وەکو مۆسیقاژەنیش لە رۆژی مۆسیقای جیهانی ، لە بیریشت نەچێ هێشـتا تەمەنم یازدە ساڵەو بەس .
— قوتابخانەکەت ؟
— پیرەمێرد
— کەوو روبارو کەرویشک ؟
— کەو ... چونکە خاوەن ئاوازێکی بەســۆزە
— گوڵ‌و بەفرو ئاواز ... کامیان ؟
— ئاواز ... چونکە نیشانـــەی پێشکەوتن‌و سەرفرازیی گەلە
— ئەو دەرسەی حەزی لێ‌ئەکەیت ؟
— زانیاری و مۆسیقا
— کێ زۆر هانت ئەدا ؟
— دایکم ئینجا باوکم .. خۆ ئەگەر لە ژەنین‌و ئاهەنگـــەکان بەشـــداری نەکەم ، ئەوا دایکــم زۆر گلەییم لێ‌ئەکات ... ! !

**« رازاو قسطنطین »**

— کام ئـامراز ؟
— فلـــووت
— بـۆ ؟
— چونکە خانەوادەکەم هەمویـــان ئامرازی هەوایی ئەژەنن ، خۆشم حەزم لە فلــووتە .
— کێت زۆر خۆش ئەوێ ؟
— دایکم .. باوکم .. براکانم ..
— خواســتت ؟
خوشکەکانم .. مامۆستاو هاورێکانم ، هەمو جیهـــان ...
— قوتابخانەکەت ؟
— کوردستان .
— ئەی لایلایە ؟
— لایلایەی دایکم‌و بەس .
— حەزت لە ژەنینی کێیە ؟
— کەمانی ئاکۆ عزیزو ئۆرگنی شلێر محمد غریـب
— چی‌تر ؟
— ئەبێ لە جیهانیە ساڵەی ئێمەدا ، هەمو توانامان تەرخـــان بکـــەین بۆ پێشخستنی مۆسیقای مناڵانی کورد !
— زستان یا گوڵ یا فرمێسک ؟
— فرمێسکەکە ... !
— بـۆ ؟
— نازانم ... فرمێسک !



**« کاوان عمر »**

— تەمەن ؟
— سیانزە .
— ئامراز ؟
— گیتاری کارەبایی و ئیسپانی .
— کێ فێری کردووی ؟
— دایك و باوکم هیچیان فێرنەکردوم ، بەڵام زۆر هانیان داوم .. لەبیرمە جارێکیان لە تەلەفزیۆن دایکم بینیمی ، زۆر کەیفی هات
— کام پارچەو کامە هونەرمەند ؟
— پارچە مۆسیقای ( ئامێدی )و عمر خورشیدی گیتارژەنی میسری و الهام مدفعی عیراقی .
— چیت زۆر خۆش ئەوێ ؟
— شارەکەی خۆم ، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە هونەری مۆسیقایان تێدا لە برەو دایە ، بەتایبەتی ئیسپانیا .
— ئەی کام دەرس ؟
— ماتماتیك
— حەزت ؟
— ببم بە هونەرمەندێکی ئەندازیار !

**« کاڵێژ چێوار »**

( ئەم مناڵە بەهرەدارە بەشداری لە هیچ چالاکیەکا نەکردوە ، کەچی زۆربەی دەورە نمایشیەکانی لەبەرە تەنیا یەکجار سەیری دەمەتەقێیەکی شانۆگەرییەك بکات ، هەمووی دەوری ئەکتەرەکانیشی لەگەڵ بێ ـ لەبەر ئەکات ) .

— تەمەن ؟
— پێنج ساڵ .
— دایکت یا باوکت ؟
— دایکم پتر خۆش ئەوێ
— گوڵ و بەفرو ماچ ؟
— گوڵ و کەمانچە .
— کام پارچە شیعر ؟
— **هەرکەسێ هات ووتی من عاشقم بروا مەکە**
**گەر لەسەر گۆنای نیشانەی زاری مارانگاز نەبێ**
— خەجو سیامەندت بینی ؟
— ئا
— کامە دەورت لەبەرە ؟
— « خەجە گیان تۆ بەچاوی



بەڵەکەوە مەگری ، فرمێسکان هەڵمەوەرێنە تاکو ئەزی کوڵەواریش نەناڵم .. ! »

— کێت بە دڵە ؟
— شارلی شاپلن ... خۆیشم لاسایی ئەکەمەوە ... !

**« هاوار عبدالقادر »**

— تەمەن ؟
— پانزە
— کام نمایش ؟
— نمایشی ( هەڵەی دکتۆر )
— کام دەرهێنەر ؟
— باوکم
— بۆ ؟
— چونکە ئەو فێری خۆشویستنی شانۆی کردم .
— کام دەوری باوکت ؟
— دەوری سەرخۆش لە نمایشی گریان‌دا .. ئینجا طه بابان و صالح دڵخۆش و عثمان چێوار
— کام دەورو کام بەرنامەی تلفزیۆن ؟
— ستارتریك و دەوری کاپتن کە لە سلێمانی ( خاوەن گوێچکە درێژەکان )ی پێ ئەڵێن ...
— چ دەورێکت بینیوە ؟
— دەوری مناڵێکی هەتیو ، لە شانۆگەریەکی چالاکی قوتابخانەکان ، کە خەڵاتی دوەمیشم پێدرا ... من مناڵی هەتیوم زۆر خۆش ئەوێ
— حەزت ؟
— حەز ئەکەم لە دوا ڕۆژا ببم بە قارەمانی فیلمێکی کوردی و فرۆکەش لێخوڕم ... !

# منالی شانۆ و ئاواز و پەڕەووچ

گەر ئەم وتوویژو قسە شیرین و ئەم هەمو سەرنجە پاك و قووڵانە ، لەلای ئەو مناڵە بەهرەدارانەدا ، نهێنیەکی جوانی جیهانە سەوزەکەی مناڵان بنوێنن ، ئەبێ ئەو جیهانە لەلای مامۆستایانی پەروەردەو هونەرمەندانی سەر بە مناڵان‌دا چۆن بکەوێتەوە .. با رووی چەند پرسیارێکی خێرا ، لە هەندێ لەو براو مامۆستایانە بکەین ، تا شتێ ـ کەم تا کورت ـ لەم بارەیەوە وەدەرکەوێ و لەهەست و ئەست و سۆزو سەرنجی ئەوانیش بگەین .. چونکە پێوەندیەکی گیانی بە گیانیانە لە نێوان مناڵ و مامۆستادا هەیەو هەر هیچ نەبێ ، ئەبێ لێرەو لەم بوارەدا بەباشی لەبەرچاو بگیرێ ...

## منالی شانۆ



**لەم بارەیەوە ، طه خلیلی هونەرمەند ئەڵێ :**

« بەم پرسیارە ، وتە بەنرخەکەی دامەزرێنەری شانۆی زانستی ی ، ستانسلافسکی دێتەوە یادم کە ئەڵێ : هەرکاتێ ئەکتەر توانی ، وەك مناڵ خەیاڵ و بۆ چوون بەکار بهێنێ ، مانای وایە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو شارەزایە .. لەبەر ئەوە ، بەڕای من کە مناڵێ لە سەر شانۆ ئەبینم ، جوڵانەوەیەك ئەکاو دەورئەبینێ ، ئاسۆی بیرکردنەوەم رۆشنتر ئەکات و ئەبێتە هاندەرێك بۆ کەسانێ کە هونەری شانۆگەریان کردۆتە رێباز بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی گەل و وڵات .. »

**لە هەمان مەبەستا فاضل قەسابی هونەرمەندیش ئەڵێ :**



« بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتو ، کۆمەڵێکی وا لە ئاستی لێپرسینەوەدا بێ و بتوانێ لــە ریزی گەلانی کەی دنیادا هــەنگاو بنێ و دوانەکەوێ منالە ... شانۆیش ئـەوشوێنەیە کە هــەمو تاقیکـردنەوە مرۆڤایەتیەکانی تیا کــۆ ئەبێتــەوەوروەوشتی بەدو بیرکردنەوەی بەدکارانە ریشەکێش ئەکات ... گەر منالی کوردلەو پەرستگایەدا گەورەبێ ، ئەوا هەزار ئافەرین و سوپاس .. ! »

**عثمان چێواری هونەرمەندیش هەڵیدایــە :**



« شانۆ ، واتە : پاکی و بێگەردی ونەندێشەی بێ بنی دنیای منال ، بــۆ ئێمەش مایەی گەشبینی و زەردەخەنەی دوارۆژ ... یەکێ لە سیماکانی نواندنی منال « راستی بە » لە دەربڕینا ، چونکەخاوەن دەرونێکی پاکە ، هێشتا ژیــان نەیئالۆزاندوە ، مانــدوبوونیش لــەلە پاشکۆی ئەم پاکیەدا ســوار بوە ، دەبینی وزەیــە کی گــەورەیە ،بەخشندەیە ، ئەگەر دایك دیــاری خوابێ ، منال پێغەمبەری خوایە .. ! »

**وەڵامی مامۆستا شـــەمال عبداللەش واکەوتەوە :**



«تەختەی شانۆ ، ســەرچاوەی فێربوون و بیرکردنەوەو قالبوونە ... کاتێ منالیش لەســەر ئەو تەختــەپیرۆزەدا کەوتە جوولە ، ئەوا دیاردەی خولیابوونی کۆمەڵێکی پێشکەوتوە ..پاشەرۆژی بیرو شــارستانیەتیش : لەبوونی ئەو منالانەوە بەدی ئەکرێت ،کە لەســەر شــانۆدا ، خەڵــکێکی لەخۆیان گەورەتر ــ بەبالاو تەمــەن ــ فێری رازەکانی ژیان ئەکەن ... ! »

**مامۆستا برهان مصرفیش ، لــەوەڵامی هەمان پرسیارا ووتی :**



« کە ئەڵێن شانۆ قوتابخانــەی گەلە ، ئەبێت شانۆگەری لە منالیەوە دەس پێ بکات .. نواندنی منالانــەمایەی دوا رۆژێکی روناکە ، دوا رۆژی شانۆی کوردی ... بۆیە ئەبێ ئێمــەی هونەرمەند بایەخێکی زۆر بــە منالان بدەین و لەسەر خۆشویستنی شــانۆرایان بهێنین ... ! »

## منالی ئاواز

**لەم بارەیەوە خالد ســەرکاری هونەرمەند وتی :**



« ئاوات .. هیواو هینانەدی شۆرشێکی قــووڵی هــونەر ... سەرفرازی لە منالا بــەدی ئەکــەم ،بەتایبەتی کاتێ مۆسیقا ئەژەنێ ، بەڵام ئــەنجامی ئــەم کارە پێویســتیبە پەروەردەکردنێکــی هــونەری و زانستیــە ، ئــەمیش لەلایــەن کەسانێکەوە کە شیاوی هەڵگری ئاڵای ئەو ڕێبازەبن ، تا ســەرەنجامی وەکــوئاسۆیەکی روناك گەش بنوێنێ .. ! »

**فرەنسیس داودی هونەرمەندیش ئەڵێ :**



« مۆسیقا یەکێکە لە هۆیەکانی بەیەکگەیشتن .. بۆیە ئەبێ بایەخ بە گەشەکردنی منالّ بدەین تا روبەڕوی خەڵك بێتەوە ، بەمەیش شەخسیەتی تەواوی منالّ دورست ئەبێت و گیانی هەرەوەزی تێدا سەر هەڵئەدات و لە هەمان کاتیشا ئەبێ بەسەرچاوەیەکی خۆشی ئەو منالە ، چونکە مۆسیقا نزیکترین هونەرێکە لە منالّ ، کە لە رێی ئەوەوە ئەتوانێ بەوپەڕی سەربەستیەوە لە خۆی و سۆزی خۆی بدوێ و رەنگ بداتەوە .. ! »

**ماموستا صلاح رووفیش ، بەم شێوەیە لە سەرنجی خۆی ئەدوێ و ئەڵێ :**

« لە کاتێکا کە منالە مۆسیقاژەنە بچکۆلەکان ئەبینم ، وا ئەزانم ، لەباتی لاوکێك چەندین لاوك بەروی ئاسۆی فراوانی هونەری کوردی ئەڕون .. خۆ کاتێ هەست ئەکەم ئەوانە یەکێکن لەبەرهەمەکانی خۆم ، هەست بە شانازی و سەربەرزیەکی گەورە دەکەم و هەستی هونەروەرانەی منالە شەهیدەکانی تێدا ئەدۆزمەوە .. ! »

**لە هەمان مەبەستا ماموستا صباح محمد امین راوسۆزی خۆی دەرئەبڕێ و ئەڵێ :**



« وا دێتە بەر چاوم ، دەرونێکی پاك ، وەکو فریشتەیەکی نادیار ، لەشی منالەکەی بەجێهێشتوە و بە تەوژمێکی هێمن ، وەك بالّی بالّندە ، نەرم نەرم ئاوازی ئامێرەکەی ئەگەیەنێتە ناخی دەرونم .. وا ئەزانم هەر خۆی بە ئامێرەکەوە ، دێتە ناو دنیای دەرونم و گەشتوگوزار ئەکات و بژاری دڕك و دالّی هەست و هۆشم ئەکات و گوڵی جوانی تیا ئەڕوێنێت .. ! »



## منالّی رەنگ وپەڕە مووچ

**ماموستا شێرزاد شوقیش ئەڵێ :**



« منالّ برێتیە لە رەنگ ، رەنگێکی پاکو خاوێن .. منالّی کوردیش چونکە لە خاکێکی رەنگاورەنگا چاو هەڵئەهێنێ زاخاوی مێشکی هەر لە بوونیەوە بە جوانیی ئەو رەنگانە ئەدرێت ... پەڕەمووچی منالّ واتە : خۆشەویستی و ئاشتی و جوانی .. ! »

**لەم بارەیەوە ماموستا اسماعیل خەیات ئەڵێ :**



« زۆربەی منالەکان هونەرمەندن ، کاتێ کە یاریی بەرەنگ و پەڕەمووچ ئەکەن ، لە دەرونی پاکی خۆیان ئەدوێن .. هونەری منالانیش ، زمانی تایبەتی خۆیانە .. بۆیە ئەبێ لە کاتی نیگارکێشانا ، ئەوپەڕی ئازادی بدرێتە منالّ ، تا بەتەواوی رازەکانی خۆی دەربڕێ .. بێگومان هونەری منالان و دەستوپەنجەی ناسکی منالان ، دەیەها بەهای ئەستاتیکی بەرزی تیایە . لای گەلێ هونەرمەندانی ناوداری ئەم جیهانەیش ، گەلێ جار هونەری منالان بوەتە سەرچاوەی سروشتیان ، لەوانەیش ( پیکاسۆ و ساگال و دیفی ) .. ! »

**بۆ هەمان پرسیار ، وەڵامەکـەی مامۆستا عطا قزازیش واکەوتەوە :**



« هێزو توانا نواندن ، زۆر جار لە منالەکان‌دا بەدی‌ئەکرێ .. هەست ئەکەم خوێنم ئەجووڵێ‌و دەمارەکانـی لەشم پڕ ئەبێت .. بۆیە زۆر کـەڕەت بەوپەڕی شانازیەوە باسی منالەکانـی کوردستان ئەکەم کە خاوەن بـەهرەو سەلیقەیەکی سروشتین‌و ئەبێ هەمـو هاندانێکیان بۆ بخرێتە کار .. ! »

## ئەمڕۆ ودوێنێ‌ی‌ئەدەبی بچووکان :

**لە وەڵامی ئەم پرسـیارەدا ، مامۆستا ع . ع . شەونمی شـاعیرو هونەرمەند ئەڵێ :**



« سامانی ئەدەبی ئەمڕۆمان بـۆ منال ، لە چاو هی فۆلکلۆردا ، هـەر وەکو نەبێ وایە ، بەڵگەش ئـەوەیە ، هەتا ئەمڕۆش پەروەردەی منداڵانـی کورد هەر بەئەدەبـە فۆلکلۆریەکـە ئەکرێت ، لە هەمو رویەکی ژیانەوە .. نموونە : لە روی چیرۆکەوە ، هێشتا هیچ چیرۆکێکی تازە ، نەیتوانیوە جێ چیرۆکی ( داپیرەو ڕێوی‌و گورگەو بـزن ) .. تاد لەق بکـات ، هیـچ ئەدەبێکی یاری نەیتوانیوە جێ بـە ( هـەللور بـەللور تەکامـە ، زەردو سورو شەمامە ) لەق بکات ، هەروەهـا یاریەکانی‌تر کە بە شیعرەوە ئەکرێـن وەکو : ( هەڕەکان مەڕەکان ، بانی بانی گردەکان ) و ( هۆ ڕێوی ڕێوی هـۆ ) لێژ بکات .. هیچ شیعرێکی مەتەڵیش وەکو هی فۆلکلۆر جێگای خۆی نەگرتوە ، ئێستاش منال هەر زۆر پێ‌ی خۆشە ، بە مەتەڵێك بە شیعرەوە ئـەڵێت : ( ئەملا پەرژین ، ئەولا پەرژین ، تیایەتی کۆترێکی نەخشین ) .. شـیعری فۆلکلۆری منال ، هەمو لایەکی ژیانـی منداڵی گرتۆتەوە ، وەکـو : ( حاجـی لەقلەق مارهات ، ماری‌ژەنگوژارهات )و ( باران ئەبارێ نم‌نم ، ئەیدا لە زوڵفی شەونم ) و ( باران ئەبارێ چین‌چـین ، ئەیدا لە زوڵفی گوڵچین ) و (هەڵمەقۆ ، دەستم چەقۆ ) و ( با یاری بکـە ، با یاری‌بکە ، وەکو جۆلانە مەکـۆ ) .. کە بازیش ئەدا ئەڵێ : (تف لە شەیتان ، دور لە رەحمان ، سەرم نەشـکێنی بە گولەو دەرمان ) .. کـە شتێکیش هەڵئەبژێرێ ئەڵێ : ( پەتی سـوورم بادا کردمـەوە ، بردمەوە ، ئەمانـەو زۆر شتی تریش .. جا هەڵسـەنگاندکە لەلای ئێوەو خوێنەرانی بەڕێزدابە.. !!



**کاکەی فەلاحی منال پەروەریش لە بارەی تەجرەبەی خۆیەوە ئەڵی :**

« منداڵ ، فریشتەیەکی پـاك‌و بێگـەردی راسـتەقینەی ئـەم سەرزەمینەیە ، وەك مرۆڤێکی بچکۆلەو بەچکە مرۆڤێکی ئەم جیهانە پان‌وبەرینە ، مافی تەواوی خۆی هەیە لـەش‌ساغ‌و دڵشادو مێشك زیت‌و وریا بێت ، هەر کۆمەڵێك بایەخی تەواوی پەروەردەو زانین‌و پێگەیانـدن‌و گۆشـکردنی زانستیانە ، نەدا بە نەوەی نوێ‌و بـە گۆیکەو چرۆ ناسك‌و نازدارەکانی ، ئەوا ئەو کۆمەڵە لە کاروانی شارسـتانی‌و چەرخ دابڕاوەو دواکەوتوە .. منداڵانی کوردیش ، لە زۆر سەری ژیانـەوە نامەزرۆی شیلەی هەنگوێنی شـیرینی بەهرەو خۆشی ژیانن .. ماوەی بیست ساڵێك زیاترە ، سـەبارەت بـەو هەستەو بە هۆی گیانی پـەروەردەو پێویستی بایەخی پێگەیاندنی منـداڵ‌و نرخی رۆشنبیری‌و ئـەدەبی منداڵ ، منیش وەکو هاوڕێیانی سەر بە ئەدەبی منالدا ، ئاورێکی پێسەلماو چەسپاوم لە جیهانی منداڵ‌و ئـەدەبی منـداڵ داوەتەوە ، تا ئێستا چەند نامیلکەیەکی شیعری‌ی ، وەك ( چرۆ ) ( شـێری ساختە )و بەم دوایـەش ( جگـەر گۆشـەکان )م وەك چەپکە شیعرێکـی تایبەتی ئەم جیهانە ، پێشکەش بـەو گلێنەو جگەرگۆشانە کردوەو دەیکەم ، تا کەمێك هەست بە حەسـانەوەی ویژدان‌و دەرونی خۆم بکەم‌و چـۆن یادگارێکی بچکۆلەش بەجێ بهێڵم .. ! »





## لەژێر سایەی قەندیلدا :

سەر لەبەیانیی کەوەڕۆژێکی خۆش ، لە بناری ئاسۆس‌و قەندیلا چووینە نێو قوتابخانەی ئاسۆسی کوڕان ، لە قەلادزێ .. لەگەل مامۆستای هونەر فتاح مصطفی غفورا یەکمان گرتەوە ، ئەمیش بەحەسرەتێک‌و بەدلێکی پڕ لە ژان‌و هیواوە ئەیوت : « تا بلێی تواناو بەهرەی زۆر زۆر لە نێو ئەم شارۆچکەیەو منالانی بەهرەوەری تێدا هەیە .. بەلام .. » لە نێو گەرمەی ئەم ژانەدلانەدا ، چەند منالێکی خوێن شیرینمان دی‌و دوی چەند پرسیارێکمان لێ‌کردن ...

**« بۆتان غریب »**

— ئەمەنت ؟

— نۆ سال

— باوکت یا دایکت ؟

— باوکم ، ئینجا ئەو

— کام یاری‌ی ؟

— یاری پیس‌پیسێ‌و قەرەقەرەو تۆپ تۆپێن

— کام چیرۆک ؟

— چیرۆکی سەگ‌و شێر لە لە شەمامەدا ..

— شەڕە بەفر یا مامۆستا یا ڕێواس یا قەندیل ؟

— ڕێواس‌و مامۆستاو قەندیل .. !

**« ئاری عثمان »**

— حەزت ؟

— زۆرم حەز لە چیرۆکە ، چ ئەوانەی خۆم ئەیانخوێنمەوە ، چ ئەوانەی بەشەوان خوشکەکانم بۆمی ئەگێڕنەوە ، وەکو چیرۆکی « مام ڕێوی ، شێخ سمایل ، سێ‌سێو ، مەلای مەبزورە » ...

— چ یاریەکت بەدلە ؟

— شەڕەبەفرو یاری‌ی شەق‌و یاری‌ی باسکە

— نیازت ؟

— نیاز خوازم تیپێکی مۆسیقای منالان لە قەلادزێی ئێمەش بێتە کایەوە .. !

**« عمر سعید »**

— کام گۆرانیبێژ ؟

— حسن زیرەك و هەمو گۆرانیەکەو سرودێکی منالانەش

— چیت خوێندوەو چی ئەخوێنیتەوە ؟

— شەمامەو دل لە گۆل ناسکترە م خوێندەوە ... بەیان‌و هاوکاریش ئەخوێنمەوە .

— ناوی چەند گەڕەکی قەلادزێ ئەزانیت ؟

— جوتکانیان‌و خانەقاو مام قاسم .

— ئەی چیاکان ؟

— ئاسۆس‌و قەندیل‌و پژدەر

— حەزت ؟

— حەزم لە شانۆیە ، پار لە جەژنی مامۆستایاندا نمایشی ( حەوت‌برا ) ئامادەکرا ، من دەوری باوکم تێدا ئەدی ، کەچی بەداخەوە پێش‌کەش نەکرا ، نەمزانی بۆ ! ؟ زۆریشم حەز لە مۆسیقایە ..

— زانیوتە ، ئەمسال ، سالی منالانە ؟

— نەبەخوا .. سالی منالان یانی چی ! ! ؟



## لەبەردەم پەیکەری حاجی‌دا :

لە کۆیەی شیعرو جوانی‌و گۆرانی‌ی رەسەنا .. لە سەرەتای مانگی ئەموزی پاردا دەورەیەکی مۆسیقا ... بۆ کچان‌و کورانی بەهرەمەندو بۆ ماوەی دوو مانگ کرایەوە دوو مامۆستای هونەرمەند ( سەردار احمد ) و ( انور طاهر ) شورە سوارو خولقێنەری ئەو دەورەیە بوون .. لە پێشدا ( ۳۰ ) منالّ وەرگیرا ، ئینجا ( ۱۸ )ی تر .. ئامرازەکانیان بریتی بوو لە ( فلوت‌و کەمان‌و قانون‌و ئۆکۆردیۆن‌و نایەو ئیقاع .. ) هەموو هەفتەیەك (۱۲) دەرسی پراکتیك‌و تیۆری تێدا بوو لە ئەنجاما دەورەکە ئەم منالە بەهرەدارانەی لێ کەوتەوە :

**کامەران فەرەیدون ـ امجد**



**فتاح ـ برزۆ اسماعیل ـ بروا حوێز ـ ئازاد صابر ـ برهان اسحاق ـ هیمداد کمال ـ کوردۆ اسماعیل ـ شێرکۆ صالح ـ صباح رەزا ـ شێرکۆ کمال ـ ئەرسەلان مولود ـ ئاکۆ عزیز ـ دلێر کمال ـ سەرتیپ احمد ـ هەژار محمد علی ـ چالاك عمر ـ دەرباز جلال ـ کاروان سعید ـ بەهزاد عبداللـه ـ رەوەند سیف‌الدین ـ ئاراس اسماعیل ـ دەرباز بلال ـ ئازاد جلال ـ سروە صالح ـ نێرگز فرەیدون ـ کۆچەر جلال ـ ئەریوان انور ـ مۆژدە فاتح ـ پەخشان صالح .. )**

## سێ خونچە

**« کۆچەر جلال جۆبار »**

— تەمەن ؟
— ۱۲ سالّ
— هاندەرت ؟
— باوکی شاعیرم
— کامە گۆرانی ؟
— بولبول بەنەغمەی تیپی مۆسیقای منالانی هەولێر
— کە لەبەردەم میکروفۆنا ئەوەستیت ؟
— نە ئەترسێم و نە شەرمیش ئەکەم

**«ئازاد صابر »**

— لەباوکت ئەترسی یا دایکت ؟
— لەباوکم !
— شەقشەقەت پێخۆشە یا گۆرانی ؟
— گۆرانی ..
— کامە ؟
— لە مەیدانی بەهارای تیپی باواجی
— زستان یا بەهار ؟
— بەهار ..
— پێکەنین یا گریان ؟
— پێکەنین ، چونکە روە راستەقینەکەی ژیانە !
— ئەی دەنگی کام باڵندەو ئاژەڵ ؟
— بولبول ، کەو ، باعەباعی مەڕ ..!

**« ژۆژك حمید »**

—چەند چیا کۆیەی لە هەمێز ناوە ؟
— هەیبە سولتان و باواجی
— حاجی کێ بوو ؟
— شاعیرێکی گەورەبەو لە خۆمانە
— قەڵەم یا کەروێشك ؟
— قەڵەم
— رێواس یا سێو ؟
— سێو ؟
— ژەنینی کام منالّ ؟
— زریکەی کەمانچەی کارزانی جوانەمەرگ .. ! !

# له رەواندزی پاشای گەورەدا



له شارۆچکه شیرینەکەی پاشای گەورە ، له رەواندزی خەرەندو کەوو چیا ، سەر لەبەیانیو ئێوارانی هەمو رۆژێ ، له یەکێ له قوتابخانەکانیدا ، کۆمەلە منالێك ، بە ئاوازی بەسۆزو بە گۆرانیی رەسەن ، دڵو دەرونی ژیان ئاو ئەدەنو موژدەی جوڵانەوەیەکی سەرفرازی هونەری لەم ناوچەیەدا بلاوئەکەنەوە .. که ئەچیته نێو قوتابخانەو نێو ژورە چکۆلانەکەی سەرەوە ، دەستەیەك منالی چاوگەشو گونا سوور ، بەتەلی کەمانجەو نالەی ئۆکۆردیۆنو دەنگی تەپلەکانیان پێشوازیت لێ ئەکەن .. سلاوت بۆ وەرئەگرنەوە .. ئەم تیپە ، سەر بە قوتابخانەی پاشای گەورەیەو لە سەرەتای مانگی تەموزی سالی پێرار ، بە هەوڵو کۆششو پارەی هونەرمەندی دلسۆز مامۆستا زرار محمدو لە پێناوی پەرەپێدانی جوڵانەوەی گۆرانیو مۆسیقا لەم ناوچە شاخاویەدا ، هاتۆتە کایەوە و بریتییە لەم منالە بەهرەوەرانە :

**چەتۆ صالح نەورۆز ـ کەمان**
**شێرزاد اکرم ـ کەمان**
**سیروان عبدالله ـ کەمان**
**فاروق باپیر ـ کەمان**
**رێبوار نوری ـ کەمان**
**ئامانج غازی ـ عود**
**احمد جبار ـ ئۆکۆردیۆن**
**رزگار جودت ـ ئۆکۆردیۆن**
**بژار نوری ـ گیتار**
**نعمت باپیر ـ ئیقاع**
**نەهرۆ احمد ـ ئیقاع**

له مانگی تەموزی سالی رابردویش دەورەیەکی تر بۆ (۱۲) منالی تر کرایەوەو هەمو رۆژێ ، بەیانیو ئێواران مەشقیان پێ ئەکراو بەمەیش چەند ئەندامێکی چالاکیتر بۆ تیپەکە رەخسا .. ئەوەی شایانی سەرنجیش بێت ، (چەتۆ)ی هونەرمەندو منال تا ئێستا دو پارچە مۆسیقای ، بە پەنجە ناسکەکانیو لەژێر سەر ناوی ( شنەی بێچان )و ( سەرچاوەی جندیان ) داهێناوە .. مامۆستا زراریش سێ گۆرانیی فۆلکلۆری ( هەی نارێ ) و ( دەلالێ بوکێ )و ( هەی دۆتمامێ )ی بە شێوەیەکی جوان رازاندۆتەوە ، لەتەك سرودێکی بە نرخی ( پەپولە ) ..

هەرچەندە تا ئێستا ، ئەم تیپە جوانە ، هیچ گۆرانیەکی لە ئێزگەو تەلەفزیۆنا تۆمار نەکردوە ، بەلام بەشداریەکی زۆری لە بۆنەو ئاهەنگەکانا کردوە .. بێگومان پاشە رۆژێکی روناك ، چاوە چاوی ئەم تیپەو بەرهەمی بە پێزی ئەم منالە زیرەکانەی رەواندز ئەکاتو ئەستێرەیەکی تری تیپە جوانەکانی مۆسیقای منالان لە ئاسۆی هونەری منالانی کوردا ئەدرەوشێنەوە

## سێ خونچەی تر :

**« چەتۆ صالح »**

— جوانترین دیمەنی رەواندز ؟
— چیای هەندرێن
— کامە گۆرانی ؟
— بەهارو فەسلی زستانی تیپی مۆسیقای منالانی هەولێر
— کام هونەرمەند ؟
— انوری قەرەداغی
— قەلەم یا مۆسیقا ؟
— مۆسیقا .. !
— چەند سالە ؟
— دوو سالە خەریکی کەمانجەم

« مۆژده صالح »

— گێوژ یا ئـاواز ؟

— ئـاواز

— له قوتابخانەدا ؟

— دەسته خـوشکانم پەنجـــەی هونەرم بۆ درێژئەکەن

— چ کاتێك دەژەنی ؟

— له زەردەپەڕا

— کام تیپ ؟

— تیپی منالآنی سلێمانی

— کارزان کێ‌بو ؟

— منالێکی دلگەورەی بەهرەمەندبوو .. داخی بەدلمانەوەنـا ..

— ئـامرازت ؟

— ئۆکۆردیۆن

— نـیـازت ؟

— دەسته خوشکه منالەکان بێنه نێو تیپەکەمان .. حـــەزیش دەکـــەم لەپاشەرۆژا بیم به کچه مۆسیقاژەنێکی کـــورد .. !

« ئامانج غـازی »

— چەند ســالە ؟

— دوو ســـاله عود لێ‌ئەدەم

— کێت به دلـــە ؟

— رزگار خۆشناوی عودژەن

— چی ئەخوێنیتەوە ؟

— ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی که وێنەی منی تێدابێت !

— کامە منالی نێو تیپەکەتان ؟

— چەتۆو احمـد ..





## لەبن چیای سپی دا :

له دهۆکی شیرینی هەمێز چیـا رەقەکاندا ، چاومان بەم گولوکانـــەی یەزدانو بەم فریشـــته پاکانـــەی سـەرزەمین ، بە ( نەبەزو خـــوناڤو شانەو هاوارو رۆژو ژیانو جان ) کەوت .. لەگەل رابەرانی بەهەشتو باخچەی ســـاوایانی دهـــۆکدا ، چـــەند گفتوگۆیەکمان سازدا ... مامۆســـتا مهدیه یوسف ، له بارەی ژیانی خـۆی له نێو ئەم دنیا پاکەدا ئەلێ :

**« له نێو ئەم زارۆکانەدا ، هەست به پاکی جیهانو سروشـــتو مرۆڤ دەکەم ، وا ئەزانم له تەك ئەوانا لەدایك بووم ، له تەکیانا دێ‌وده‌چم ، دلنیایان دەکەمەوه ، هەرچیـــان بوێ بۆیـــان دەسازێنم ، هەســـت دەکـــەم منیش خۆم بەشێکم لەم جیهانه پـــاکو بێ ئەشکەنجەیە ... »**

له وەلامی هـــەمان پرسیارەوه ، خوشکه پەروین علی ئاغایش ئەلێ :

**« کاتێ که ئەم چەند کاتەی خۆم ، لەگەل ئەم جگەرگۆشانەدا ، بەســـەر دەبەم ، هەست به خولقانی نەوەیەکی دلپاکو روو لەخوا دەکەم ، چونکه ئەم خونچانه ، نەوەی دوا رۆژی ئەم خاکو نەتەوەیەن .. »**

خوشکه فاطمه محمد صالحیش ، چەند سەرنجێکی پەروەردەکارانـــەی خۆی دەرئەبڕێو ئەلێ :

**« ئێمه لێرەدا ، هەول ئەدەین ، زارۆك لەسەر خوورەوشـــتی بـــەرز رابهێنین ، فێری خۆشویســـتنی نیشتمانی بکەین ، فێری سەربەرزیو له خۆبوردنی بکەین ، فێری متمانـــــه بەخۆکردنی بکەین ، ئەرکێکی پیرۆزەو ئێمەش شانمان خستۆته بەری ... »**

## منالانی میدیا :



ئەم تیپە ، لە نێوان سالانی ٧٥ ـ ٧٦دا چاوی هەڵێناوەو برێتی یە لەم کیژە خونچە گولانە :

**( الهام طاهر ـ ئەسەل بطرس ـ امتثال حازم ـ هیفاء سمیر ـ دلیلە مۆشێ ـ امیرە عبدالغفور ـ امل جبرائیل ـ روبار حنا ـ غزالە خرێو ـ منی هورمز ـ جانێت گۆرکیس ـ ماری هورمز ـ دڵخواز یونس ـ شلێر کمال .. )**

سەرپەرشتکەری سرودووەرزشیش خوشکە ناهدە شریف لەبارەی ئەم تیپەوە ئەڵێ :

**« پێنج ساڵ ئەبێ ، ئارەزویەکی بەجۆشم هەبو ، بۆ دامەزراندنی تیپێکی ئاوا ، ئەوەبو سێ ساڵ لەمەوبەر کەوتمە خۆم و وردەوردە ، ئەو دەنگە گونجاو شیرینانەی ئەم کیژۆلە جوانانەم هەڵبژارد ، تا توانیم بەپشتیوانی لێ‌پرسراوان و هاندانی هونەرمەندان ، خەونەکەم بێنمەدی .. بەلام بەداخەوە هەندێ لەدایك و باوك و خزم و کەسی ئەو کیژانە ڕێگا لەو دەنگە رەسەنانە ئەگرن ، سەرباری نەبوونی هاندان .. بەلام من هیوام نەبڕیوەو هێشتا هەر بەردەوامم ... ! »**



## ئەی هونەرمەندان چی ئەڵێن؟

لە بارەی بەهرەو تواناو چێژو جیهانی زارۆکانەوە ، روی پرسیارمان کردە **مامۆستا ( یوسف بازی )** سەرپەرشتکاری مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی دهۆك ، چەند هەڵوێستەیەکی کردو وتی :



« کە منال لە دایك ئەبێ هەمو جۆرە بەهرەیەکی هونەری لە تەك خۆیا ئەهێنێ ، ئەم دیاردەیە لەیەکەم ساڵەی منالا زۆر ئاشکراو روونە ..

**مامۆستای هونەرمەندیش سعداللە سعید لە بارەی خەت و نیگاری منالانەوە ئەڵێ :**

« کاتێ کە منال رەسم ئەکا ، یا خەت ئەکێشێ ، ئەوا بێگومان



وێنەیەکی پاکی دنیای تایبەتی خۆیمان بۆ سەراوەڵە ئەکات .. چونکە بەراستی منال هونەرمەندێکی رەمزی یە .. هەر خەتێ بکێشێ و هەر بازنەیەك دروست ئەیەوێ بەهۆی خامەو رەنگەوە بخاتە سەر کاغەزی سپی ، هەمومان سەراسیمە ئەکات .. من خۆم بەش بە حاڵی خۆم و لە ئەنجامی کارکردنی بەردەوامم لەگەڵ زارۆکان بە تایبەتی لە باخچەی ساوایان‌دا ، گەلێ شتی وام لێ‌دیون کە بەبەهرەی پەنجە ناسکەکانیان دائەڕێژن ، بە هیچ جۆرێ گەورە ناتوانێت دایڕێژێت .. ئای چەند شادمان ئەبم کاتێ خۆم لە نێوان کۆمەڵە منالێکا ئەبینمەوە ، کە نەقش و نیگاری سادە ئەکێشن ، هەست بە قوولی بیرو سەرنجی بێ خەوشیان ئەکەم .. بۆیە ئەبێ هەمومان ـ مامۆستاو هونەرمەندان ـ بایەخێکی زۆر بەم منالانە بدەین و ڕێگایان بۆ رەهاتر بکەین ، تا لە ئەنجاما گەلێ هونەرمەندی لێهاتویان لێ بکەوێتەوە .. ئەمەش

گەر بلوێ منال لەم تەمەنەیدا ئەوەی نیازی هەمو لایەکمانە ..

## لەنێوان خاتوون و بیخێردا :

لە زاخۆی دلگیردا ، لەخۆتەوە هەست بە توانایەکی هونەری بێ‌بن ئەکەت ، هەست بە بەنگانەوەیەك ئەکەیت ، چونکە هونەرمەندانی ئێرە لە نێو کۆشی سروشتێکی یەکجار جوان‌و بەنگینا گەورە ئەبن ، لە شوێنێکی ستراتیژی‌دا دەرك بە پێوەندیە شاراوەکان ئەکەن ..

**لەم بارەیەوە مامۆستای هونەرمەند انور جەزراوی ئەڵێ :**

« دەستە هونەرمەندێکی باشی قوتابیمان هەیە ، لە نیگارو کۆلین‌و خەت‌و شانۆو مۆسیقا ، کە هەمو ساڵێ‌لەسەر ئاستی‌شاری‌دهۆکابەیەکەم دەرئەچن‌و خەلاتی جوان وەدەس ئەخەن .. بەلام بەداخەوە ، نەبوونی جێگار شوێن ، بۆتە مۆتەکەو نەگەرەیەکی زلی لەبەردەم هونەرو ئەو هونەرمەندانەدا ، بە تایبەتی بەچکە مرۆڤەکان هەلخستوە .. ئێمە تا ئێستا ، لە یەکێتی گشتی لاوانی عیراقدا تیپێکی چەلەنگی مۆسیقامان داناوە ، کە زۆربەیان منالن ، لەسەرەتای مانگی یازدەمینی ساڵی ١٩٧٧ وە دەستی بەکارکردوە ، کە بریتی‌یە لە (١٠) کیژو کوڕی بەهرەدارو بە شێوەیە :

**صباح حاجی ـ عود**
**عبدالرزاق احمد ـ کەمان**
**احمد نوح ـ کەمان**
**مدینە جبار ـ کەمان**
**صباح عزیز ـ ئۆکۆردیۆن**
**احمد حسین ـ ئۆکۆردیۆن**
**حنا یوسف ـ ئامرازی هەوایی**





**نوریە عادل ـ ئامرازی هەوایی**
**رؤوف سعید ـ نای**
**ماهر افرام ـ ئیقاع**

سەرباری ئەمانەیش ، تیپێکی موەشەحاتمان لەم منالە دەنگ‌خۆشانە پێك‌هێناوە :

**( فارس یوسف ـ نزاربرهان ـ احمد مەلا ـ نەسرین امین ـ امینە سعید ـ خالدە حنا ـ رافدە عونی ..)**

بێگومان گەربێ‌و گیروگرفتمان لەبەردەم نەمێنێ ، ئەوا چاوەنۆڕی دوا رۆژێکی روناك لەم تیپە ئەکرێت ، وەکو هەمو تیپە چەلەنگەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ... »

ئەوەی شایانی باسیش بێت ، ئەم تیپە لەگەلێ میهریجانی هونەری‌دا ، چ دهۆك‌و چ لە هەولێرا بەشداری کردوەو ئافەرین‌و سەرنجی هونەرمەندان‌و خەلکی بۆ خۆی راکێشاوە ... ئەمەو وانیە ، مەلبەندی لاوان هەر تەنیا بریتی بێ ، لە تیپی مۆسیقاو بەس ، بەلکو لەم دوایی‌یەو بەسەرپەرشتی هونەرمەندی لاو هاشم حاجی موسا ، تیپێکی شانۆیی هاتبتە کایەوە کە بریتیە لەم منالە زیتەلانە :

**« عبدالله طاهر ـ عیسی احمد ـ رؤوف محمد سعید ـ صبحی علی حسین سلیم ـ شلای کاظم ـ نوال منصور ـ قیس کامل ـ مؤید محمد ـ رائدە جۆرج ـ جبریە عبدالمسیح ـ شڤان غازی ـ خالدە جیهانگیر .. »**



بکا ، هەر ڕەنگێـک دابنێ ، ئـــەوا بێگومان ئاوەژوی ڕەنگی هونەرێکــی ڕەسەن ئەکاتەوە ، هەر بۆیەشە ئەبێ ئێمەمانان هانی منال بدەینو دەستی هاریکاری بۆ درێژبکەین ، چونکــە پەروەردە بوونی منال لەنێو چوارچێوەی وێنەو نیگارو بابەتەکانی تری هونەرا ، ئەبێتە مایەی خولقاندنی مرۆڤێکــی سەرڕاستو دەرون والاو بەهێز .. !»

**لەبارەی پەنجــەی ناسـکو هونەروەرانەی منالانیشەوە مامۆستای هونەرمەندی لێهاتوی کورد ( دلشاد محمد سعید ) ئەلێ :**



« زێو ئاوازو دەنگ ، سەرتاپای ژیانو خۆشەویستیو میهرێکــی بێ پایانە ، کاتێ منالێکی ڕوحپاک بەخۆیو ئامرازەکەیەوە ئەبینی ، دەرک بە قوولی نێوان ژیانو هونەرو جوانی ئەکەیت ، چونکە منالیش بەهۆی ئەو ئامرازەوە ، هەم لە پاکی ژیانو هەم لە پاکیی خۆی ئەدوێو لە ئەنجامیشا ئەو منالــە هونەرمەندە ، ئەبێتە خودان ڕەوشتێکی بەرزو هەستێکی پاکو مەزن .. ! »

**بۆ هەمان مەبەستیش مامۆستا ( صلاح صالح ) ئەلێ :**



« بنچینەی هەمو شتێکی ئــەم ژیانە سەرەتاکەیەتی ، سەرەتای مرۆڤایەتیش منالە ، کاتێ کە منالــی [redacted]

**فەرهاد محمد ـ ئۆکۆردیۆن**
**باسمە حاجی ـ ئۆکۆردیۆن**
**عماد صدیق ـ ئۆکۆردیۆن**
**مامون رمضان ـ هارمۆنی**
**وفاء حاجی ـ هارمۆنی**
**منال صلاح ـ هارمۆنی**
**نەسرین محمود ـ هارمۆنی**
**خولە ممدوح ـ هارمۆنی**
**خالد محمود ـ جاز**
**عمار حسن ـ فینگۆز**
**دلشاد مصطفی ـ ساکسیفۆن**

## منالێکی بەهرەدار :

**« مهدی نوری »**

— ئەکەیەوە ؟

— سالێکە خەریکی کەمانجەژەنیم

— کێ هانت ئەدا ؟

— باوکمو مامۆستام

— ژەنینی کێت بە دلە ؟

— ژەنینی مامۆستا دلشاد محمد سعید ، چونکــە بــە ڕاستی هونەرمەندێکی بلیمەتە .. نیازخوازیشم لە ڕێگای دەرگاکانی ئامۆژگای هونەرە جوانەکانەوە بچمە نێو جیهانی فراوانی هونەرەوە

— کام گۆرانیبێژ ؟

— تحسین طەو سمیر زاخــۆییم بەدلــە .. !



# لەبناری مەتینادا :





لەسەر شاخێکی ئاگرین و جوانا ، مرۆڤ لەنێو شەبۆلی ئەم جۆرە جوانیە واقوڕهێنەرەدا ، هەست بە هەمـو جۆرە مەزنیەك و سەرازادیەك ئەکا .. روبەڕوی خۆی ئەبێتەوە .. بەڵام کاتێ کە روئەکاتە مەڵبەندی لاوان ، خۆی دێتەوە یادو بیر ورووی ئە هونەرو پاکی و بەهرە ئەکات ، کاتێ کە چاوی بـە کۆمەڵە منداڵ و مێردمنداڵێك ئەکەوێ ، کە بەویەڕی لەخۆبوردنەوە ، رووبان لە ستران و داوەت و ئاوازو مۆسـیقای جیابی کردوە ..

ئەم تیپە لە کۆتایی سـالی ١٩٧٧دا سەری هەڵداوەو لەگـەڵ بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناوچەی کوردستانا بەشداری کردوە ، کـە برێتی یە لەم لاوە خونچانە :

**مجید کامل ـ کەمان**
**کریم محمد سلیم ـ کەمان**
**حقی حسین ـ کەمان**
**ئازاد طیب ـ عـود**
**صلاح عبدالله ـ ئۆکوردیۆن**
**بەیار محمد سعید ـ ئیقاع**

ئەمـەو دەسـتەی داوەت و سەمایشی برێتیە لەم بەهرەدارانە :

**« سەربەست مصطفی ـ جهاد ابراهیم ـ سەربەست طیب ـ ایوب احمد ـ محمد مصطفی ـ اسلام محمد ـ ئەشقی مصطفی ـ سەفەر محمد ـ بەیار محمد .. »**

دەستەی سرودو سترانیشی برێتی یە لەم دەنگ خۆشانە :

**« محمد ابابکر ـ سەربەست مصطفی ـ جواد احمد ـ محمد مصطفی سەربەست طیب ـ جهاد ابراهیم ـ شڤان محمد ـ ایوب احمد ـ منال صدیق ـ محمد حسن مەیان عبدالرحمن ـ فریدە کامل ـ ڤیان جمیل ـ زۆزان حسین ـ بەهزاد رشید ... »**

دیارترین سترانبێژی نێو تیپەکەیش ئەم زارۆکە روحشیرینانەن :

**« نەشمین شکری ـ بێریڤان عثمان ـ حربیە سعدالله ـ ڤیان جمیل زۆزان حسین ـ شڤان عثمان ـ مجید محمود ـ جمال ابراهیم ... »**

ئەوەی شایانی سەرنجیش بێت :

ئەم تیپە تا ئێستا لەگەڵ ئاهەنگ و بۆنەدا بەشداری کردوەو گەلێ ئۆپەرێت و ستران و پارچە مۆسیقای بەسۆزی داهێناوە .. لەوانەیش :

ئۆپەرێتی سینەم ـ ئۆپەرێتی ڤانکچاو ئەڤان کورا ـ ئۆپەرێتی باخی گوڵ ـ سترانی دەلال دەلال ـ پارچە مۆسیقای بادینان ـ سێ سەمای جۆراوجۆری بادینانی ، کە لەژێر ناوی ( جەندرمەو چو خۆو بینانی ) دایە ... دیارترین منالێکی بەهرەداری نێو تیپەکەش ( بەیار محمد سعید )ە ، کە تەمەنی لە دوانزە پتر نیەو ئیقاعگرێکی یەکجار زیرەك و بەتوانایە ..

لەپاڵ ئەم هونەرە جوانانەشدا ، تیپێکی شەنگی نمایش و شانۆ لـەم بەهرەمەندانە خولقاوە :

**« دیدار باقی ـ سەربەست مصطفی ـ محمد محمد صالح ـ وعد محمد ـ جهاد ابراهیم ـ ایوب احمد ـ رشید احمد ـ سەربەست طیب ـ محمد مصطفی ـ بەیار محمد ـ ... »**

ئەو کارەی تا ئێستاش ئەم تیپە کردبێتی ، برێتی بوە لە شانۆگەریەکی سادەی ( نەخوێندەواری دژی میللەتە ) کە لە نووسینی مامۆستا حسن حسین و دەرهێنانی محمد طاهری هونەرمەند بوو ..

## لەنێودڵی چیای نێچیرڤاندا :

کوردستان سەرانسەری بەهەشتە ، بەڵام ئەبێ چ جوانیەك لە کوردستانا بەقەد ( ئاگرێ )ی دێرینەی یادو چێژی میللەتی ئێمە جوان بێت .. لە نێو شەپۆلی ئەندیشەی شاخەکانی کە لە کەڤن و نێچیرڤاندا ، روومان کردە قوتابخانەی سەرەتایی کیژان و هەندێ وێنەی جوانی منداڵانی ئەم شارۆچکە شیرینەمان گرت و رووی پرسیارێکیشمان کردە رێبەری قوتابخانەکە ، مامۆستا نجیبە عبدالرحمن ، کە لەبارەی جیهانی پاکی منداڵانەوە بوو .. لە وەڵاما – بێ ئەوەی لێ بگەرێ وێنەیەکی بگرین – ووتی :



« من وەکو پەروەردەخوازێکی نێو ئەم قوتابخانەیە ، رۆژ دوای رۆژ خۆشەویستیم بۆ ئەم منداڵە گوڵیکانە پتر ئەبێت و لەگەڵ دەستەخوشکانم هەوڵ ئەدەین بەگەلێ شێوازی جوان بچینە نێو جیهانی پاکی ئەو زارۆکانە ، تاکو بتوانین بە جوانترین شێوە پەروەردەیان بکەین ، تاکو لە پاشەرۆژێکی زووا بین بە مۆمێکی گەورەی سەرەرێگەی نەتەوەکەیان .. »

❊❊❊

## لەژێرپێی قەڵاکۆنەدا :



کات هاوینی ساڵی ۱۹۷۷ بوو ، هەندێ لە هونەرمەندانی دڵسۆزو وەفاداری گەل و دەورەیەکی چەڵەنگ کە بریتی بوو لە ( ٥٠ ) منداڵی دڵساف و بەهرەوەرو لەبەر رۆشنایی نەخشەیەکی لەبارکرایەوە .. گەلێ دەرسی جوان و سووك وسانا لەبارەی سەرەتاکانی مۆسیقاو نۆتەنووسین و نیشکێك لە سۆلفێج و دەورەکە سەری گرت و بەهرەکان زاخدران و تیپە تازەکەش ئەم منداڵە روحسووکانەی گرتە ئامێز :

چیمەن عبدالرحمن – کەمان
پەیمان جلال – کەمان
سالار کمال – کەمان

فۆاد فایق – کەمان
رشدی مولود – کەمان
سداد فایق – کەمان
هەژار محمد – کەمان
کامەران عارف – کەمان
هەڵمەت طلعت – کەمان
چنار محمد – کەمان
عبدالقادر یونس – کەمان
سالار شوکر – کەمان
کامەران مامەند – کەمان
سۆران کریم – ئۆکۆردیۆن
کەژاڵ محمد – ئۆکۆردیۆن
سرود قادر – ئۆکۆردیۆن
رموز اسماعیل – ئۆکۆردیۆن
امیر عدنان – ئۆکۆردیۆن
کامەران شوکر – ئۆکۆردیۆن
هەندرێن اسعد – ئۆکۆردیۆن
هیوا طلعت – ئۆکۆردیۆن

فەرەیدون کریم – گیتاری ئیسپانی
بەفرین طلعت – گیتاری ئیسپانی
شوان احمد – گیتاری کارەبایی
ایمان اسماعیل – بێس گیتار
هەورۆ محمود – بێس گیتار
سیروان جمیل – بێس گیتار
سەرکەوت علی – بێس گیتار
سەرباز نجم‌الدین – گیتار
ئەڤین قاسم – کلارنێت
لوقمان جوهر – کلارنێت
شوان عبدالکریم – کلارنێت
دلشاد یاسین – جاز
پشتیوان حبیب – فینگۆز
سیروان شوکر – ئۆرگن
پەرژین انوار – ئیقاع
هونەر مەرجان – ئیقاع
نازەنین کریم – سێ سوچە
نازەنین احمد – سێ سوچە

کۆرسە فراوان و بەنرخ و دەنگ‌خۆشەکەیشی بریتییە لەم زارۆلی لێوئاڵانە :

«سیامەند صلاح ـ دڵشاد محمود
دلێر جمیل ـ مهاباد طاهر ـ سالار
عبید ـ هەڵمەت حسن ـ دڵزار یحیا ـ
سیروان حمید ـ کنعان حاتم ـ حکیم
محمد ـ خلیل عثمان ـ سیروان
محمد ـ عماد طاهر ـ علی عثمان ـ
سداد فایق ـ هناء شوکت ـ سەوسەن
سەرتیپ ـ هەژار احمد ـ محمد
احمد ـ هەڵمەت احمد ـ کابان محمد ـ
فخریە رسول ـ چنار محمد ـ ساکار
شوکر ـ ئاواز اکرم ـ پەرژین کریم
... تاد »

مەشق پێکەران و ڕابەرانی
تیپەکەیش ، ئەم برا هونەرمەندانەن :

«وریا احمد ـ شێرزاد عوزێری
ڕەنجبەر حسن ـ جلیل خلیل ـ
احمد عبدالکریم ـ شریف جردیس
جان تۆماس ـ یوسف باکوری .. »

ئەمساڵەیش دەورەیەکی
تازەترو لەبارترو ئەحشەدارتر بۆ
(۱٥۰) منالی بەهرەمەندو دەنگخۆش
کرایەوە ، لە ئەنجامی یەکلا کردنا ،
(۳۰) کەمانچەژەن و ( ۷ ) کلارنێت ژەن و
(٤) گیتار ژەن و ( ۳ ) ماندۆلین ژەن و
(۲۰) ئوکۆردیۆن ژەن و ( ۷ ) ئیقاع
لێدەری لێ کەوتەوە ، کە بێگومان
ئەمەیش ئەبێتە مایەی فراوانبوونی
تکەی تیپەکەو ڕاستەوخۆش بەخشش و
بەرهەمی ڕەسەن و قووڵی تیپەکە ..



## سێ خونچەی تر :

**« هیوا طلعت »**

— تەمەن ؟
— هەشت ساڵ
— قوتابخانە ؟
— بۆتان
— لەکەیەوە ؟
— لە پارەوە خەریکی ئوکۆردیۆنم ، ئەم ئامێرەشم لەگشت شتێ خۆشتر ئەوێ هەتا لە ئایس کرێمیش .. !
— کێت بەدڵە ؟
— باوکم مامۆستامە ، ڕابەرمە ، حەزیش ئەکەم وەکو ئەوبم ، لە منالانی تیپیش ئوکۆردیۆنی کامەران شوکرم بەدڵە ..

**« سەوسەن سەرتیپ »**

— کام قوتابخانە ؟
— قەدەم خێر
— خۆشترین گۆرانی ؟
— گۆرانی ( ئەو کاتەی مردم ) کە کاکە شوان دەیڵێ ، دەنگی رزگاری هاوڕێشم زۆر بەدڵە ، لە کچەکانیش الهام محمدو لەگۆرانیبێژە گەورەکانیش حسن زیرەک و فۆاد احمد و صابر عبدالرحمن .
— چەند خوشک و بران ؟
— حەوت خوشک و برایەکی تاقانەمان هەیە .. هەمومان دەنگمان خۆشە .. دایکیشم دەنگی زۆر



بەسۆزە .. !
— بەهار یا پایز ؟
— بەهارو نەورۆزو سەیران و گۆرانی
— تەمەنت ؟
— دوانزە بەهارم .. !

**« بەفرین طلعت »**

— تەمەن ؟
— پانزە
— قوتابخانەکەت ؟
— ئەیوبیە
— لەکەیەوە ؟
— لە ساڵی پارەوە شەیدای گیتارم
— حەز لەژەنینی کێ دەکەی ؟
— لە ژەنینی باوکم و عمر خورشید
— چی تر ؟
— کیژانی قوتابخانەکەمان زۆر حەز دەکەن بێنە ناو تیپەکەمانەوە بەڵام لەبەر ترسی خزم وکەسیان ناوێرن بێن .. !!



## منال وهونەرمەزرانی شار :

دوای ئەم گفتوگـــۆ ســـادەو شیرینە ، رومـــان لە دەســـتەیێ هونەرمەندی وا کرد ، کە هەلسۆکەوتی رۆژانەیان لەگەل منالاندایە ، هەندێ پرسیاری هەمەچەشنەمان خـــستە بەردەمیان ...

**لەوەلامی ( منال و گۆرانی )دا ، ماموستا ( جمال هدایەتی ) هونەرمەند سەرپەرشتکاری چالاکی قوتابخانەکانی شـــار وتی :**



« منال وەکو خونچە بەرەوی ژیان ئەکرێتەوە ، ئەمیش لـــە قۆناغێکـــی دیارکراوا ، کە تواناکانی دەرئەکەوێ‌و کەرەستە خاوەکانی ئەتەقنـــەوە .. ئێمە بەش بەحالی خۆمان هـــەمو شتێکمان بۆ ئاراســـتەکردنی منـــالان خستۆتەکار ، لە پێناوی خولقاندنـــی مرۆڤی لێهاتوی وا کە لـــە خزمـــەتی نیشتمانی خۆیا بێت‌و لـــە پێنـــاوی ئامانجەکانی گەلا تواناکانـــی بخـــاتە کار .. ! »

**ماموستای هونەرمەندیش ( وریا احمـــد ) لەبارەی ( منالی کەمانجـــە بە دەست )ەوە ئەلێ :**



« هەست بە شادمانیەکی قول دەکەم کاتێ کە منالێکی بـــەهرەداری کورد ئەبینم بەوپەڕی میهرەوە کەمانجە ئەگرێتە باوەش‌و دوارۆژی گەلەکـــەی لەبەرچاو گرتوە .. لە هەمان کاتـــا منالی‌ی خۆم دێتەوە یاد ، کە جارێك ماموستا ( باکوری )م لە کۆیە دی جومبش لی‌دەدا ، زۆر حەزم دەکرد ، زۆریش هەر تەنیا جارێ پەنجەیـــەك بخشێنمە سەر تەلەکانی .. ! »

**برای هونەرمەندیش ( طلعـــت عارف عوزێری ) لە بارەی هەمـــان پرسیارەوە ووتی :**

« سەیر نیە گەر منال بـــەم شێوەیە متووی موسیقا بێت ، چونکە موسیقا ، بزوتنەوەیەکی کومەلایەتی‌و مرۆڤانەی داهێنەرانەیەو سەر بـــە بزوتنەوەی کومەلە .. هەر بۆیەشـــە ئەو کومەلەی کە بزوتنەوەی موسیقای تێدا کزبێت ، کومەلێکی دواکـــەوتوەو ناتوانێ داهێنان هەلبـــەنگێنێ .. ! »



**لەبارەی ( منال‌و شـــانۆ )وەیش اکرم حسینی هونەرمەند ئەلێ :**



« منال گولێکی کراوەیەوە و لـــە سەر شانۆدا بۆن‌و گـــولاو ئەپرژێنێ‌و جیهانی شانۆ ئارایشت ئەدات .. هەر جولانەوەیەکی منال لەسەر شـــانۆدا مانەیەکی‌قول‌و تایبەتی هەیە .. هەر بۆیەشە ئەبێ بایەخێکی زۆر گرینگ بەم لایەنە بدرێت ، تا بەشـــێوەیەکی راستودروست بۆ دوا رۆژێکی روناك ئامادەی بکەین .. ! »

**لەبارەی (منال‌و پەرەمووچەوە)یش ، ماموستا حسین طە ئەلێ :**

« بەرای من پێوەندیەکی تـــەواو لە نێوان منال‌و هونەرە جـــوانەکانا هەیە ، بە تایبەتی هونەری تەشکیلی ، چونکە منال ئەتوانێ حیکایەتێك بـــە فلچەو پەرەمووچ ـ لە جیاتی قەلەم ـ بنووسێتەوە ، فلچە وەشاندنی منال ، جوولەیەکی سروشتی‌یـــەو ئـــەوەی بەخەیالی ئاسکیا بێت بەرەنگ‌و خەت ئەینوێنێ ، دەســـکرتنی منـــال‌و پێگەیاندنی بۆ ئەم هونەرە بەرزە کارێکی گەورەی مرۆڤانەیە ..! »



بۆ هەمان پرسیار مامۆستا شێرزاد سلیمان ووتی :



« کاتێ کە منال ئەبینی دەستەکانی ئەجولێنێ ، ئەوا یەکسەر لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی‌تر سەر هەلئەگرێ‌و بەرەنگ‌و چێژی پاکەوە ، لەسەر پارچە کاغەزێکی سپی‌دا لە بیرو سەرنجەکانی خۆی ئەدوێ .. هەر خەتێك لە خەتەکانی نیگارکێشان بۆ منال شتێکەو رازێك ، بۆیە ئەبێ زۆر بە زانایی لە منال‌و لەبەهرەی منال بگەین‌و بەرەو جیهانی رەنگ پەنجە بکەینە پەنجەیەوە .. ! »



## چرپەیەکی تر :

خوێنەری ئازیز :

ئەم تابلۆ رازاوەو بچکۆلانەیەی‌بچووکان ، ئەم هەمو دەنگ‌و ئاوازو رەنگ‌و جوولەو جوانی‌یە ، بەشێکە لەتابلۆ هەرە مەزنەکەی هونەری کوردی ، بەشێکە لە پەیامی پیرۆزی دادوخۆشەویستی گەلی سەرفرازی ئێمە ، کە ئەمیش خۆی لە خۆیدا ،ئەلقەیەکی زێڕینە لە زنجیرەی هونەری گەلی عەرەبی براو هەمو گەلانی مەردوسەرازادی دنیا ، کە سەرانسەریان بۆ ژیانێکی شیرینترو ئاوازێکی قووڵتروبوونێکی رەسەنترو جیهانێکی جوانترو پاکتر ، بێ سرەوتن رەنج‌ئەدەن‌وروبەروی رۆچوونو فەوتان‌و نەمان ئەبنەوە ..

پیرۆزتر بێت سالی جوانی منالان<br>
گەشتربێ جیهانی سەوزی مرۆڤایەتی





### منالی زیرەك

ئەم بازنە بۆشانە پڕ بکەرەوە ، تاکو ڕستەیەکی جوانت بۆ بدرەوشێتەوە ، لە پاشا وەڵامەکەی لە نێو ئەم کۆبۆنەی خوارەوەدا بنووسەو بۆمانی بنێرە ، تا ئێمەش لەرێی قورعەکێشانەوە ، پاداشتێکی جوان و بەنرخت پێشکەش بکەین .

ب ○ و ○ ی

ن ○ خ ○ ○ ن ○ ○ و ○ ر ○

**کوبۆن**

ناو :

ناونیشان :

وەڵام :



ملیۆنەها..

مۆم
چەپکە نێرگز
پەپوولە



رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد – ٥٦ لسنة ١٩٧٩